استشهد في معركة الثاني من نيسان الماضي الشهيد الكردي الشاب " فارس عزيز داوود " من قرية تيل شعير شيخان وهو يناهز الرابعة والعشرون من العمر لقد كان الشهيد شاباً كردياً ينتمي الى اسرة فلاحية وقد استشهد في معركة الشرف والمصير على خطوط النار لأجل اعادة الأراضي التي اغتصبتها اسرائيل . لقد امتزج دماء شابنا بدماء المناضلين من أشقائه العرب والأكراد وأثبت باستشهاده بأن الدماء التي امتزجت لا يمكن أن تذهب هدراً بل انها سوف توثق عرى الصداقة بين شعبينا . وأن هؤلاء الأكراد الذين يستشهدون في ساحات الشرف لم يكونوا إلا أحفاد البطل صلاح الدين الأيوبي الذي رسم الخطوط ++ العريضة لمفهوم الأخوة ورسمها أحفاده من بعده .


هذا ولا يسعنا إلا أن نتقدم بتعازينا الى ذوي الشهيد متمنياً الصبر والسلوان .

هيئة التحرير

==============================

على أثر العدوان الاسرائيلي الغادر على القطاع الشمالي من الجبهة في الآونة الأخيرة فقد استشهد الرفيق " بشير قاسم تلو " بعد أن أبدى بطولة خارقة يشهد لها كافة رفاقه الذين شاركوه خلال المعركة . ومن المعروف أن الشهيد كان عضواً من حزبنا البارتي الديموقراطي الكردي في سورية . ومن عائلة فلاحية يسكن في قرية "كركي لكي" في محافظة الحسكة لذا ننتهز هذه الفرصة المناسبة لننقل باعجابنا التام نحو الرفيق الراحل وتعازينا الى ذوي الشهيد راجين لهم الصبر والسلوان وفي حينه نناشد كافة رفاقنا وأبناء شعبنا الى مضاعفة نضالهم الثوري ضد قوى الامبريالية والصهيونية عدوة الشعوب . الى أن تتحقق النصر كاملا . وختاما منا ألف تحية الى كل الشهداء والمناضلين الذين سقطوا في ساحة الكفاح الثوري ضد الامبريالية والصهيونية والرجعية . والمجد والخلود للشهداء الأبرار .

اللجنة المنطقية في الجزيرة .



نشرة تصدرها اللجنة المنطقية في
محافظة حلب للبارتي
الديموقراطي الكردي
في سورية
أواخر شهر
أيار عام -١٩٧٠-
العدد -٢- الثاني .
الثمن - ١٥ - قرشا سوريا .

ياجماهير شعبنا ناضلي من أجل :
- ازالة سياسة الاضطهاد القومي بحق الشعب
الكردي في سورية ، وعدم التفريق بين المواطنين
بحسب الجنس أو العرق .
- وتمتين أواصر الأخوة التاريخية بين الشعبين
الكردي والعربي .
- المزيد من الخطوات الاشتراكية باسلوب علمي
صحيح .
- اقامة جبهة تقدمية ديموقراطية في سورية
- تأمين الحقوق السياسية والثقافية والاجتماعية
للشعب الكردي في سورية .

**ئەم لاپەڕەیە خۆی سپی بووە**

هەواڵنامەی کتێب

= ٤ =

## الغاية من وجود دوائر الاستخبارات في المناطق الكردية

قد لايخفى على المرء الدور الكبير والهام الذى تلعبه دوائر الاستخبارات على اختلاف تسمياتها سواء كانت ( شعبة ثانية أو شعبة سياسية أو مخابرات أو أمن الدولة . . .. ) .

نقول لا يخفى دور هذه الأجهزة في كشف النقاب عن شبكات التجسس والمتآمرين ضد السلطة وغيرها من الأعمال المخلقبأمن الدولة ونظمها البيلسياسيقوتتمركز عادة عناصر هذه الدوائر في الأماكن المكتظة بالسكان وفي نقاط الحدود الحساسة ، وأماكن التجمع واللهو والموانئ البرية والبحرية لمراقبة الأجانب وتحركاتهم واتصالاتهم . بالاضافة الى ذلك تراقب الدور الذى يقوم به المناوئون للحكم من الشخصيات السياسيقالمدنية والعسكرية .... عدا عن المهام الخاصة التي يكلف بها عناصر هذه الدوائر المبثوثة هنا وهناك .

هذه لمحة خاطفة عن المهام الجسام التي تناطلعادة بعناصر هذه الدوائر وأجهزتها .

لو ألقينا نظرة فاحصة الى أماكن تمركز هذه الأجهزة في بلادنا لوجدناها تحمل بعض الشيء من تقيض ذلك . فهي بالاضافة الى تمركزها في العاصمة والمحافظات وغيرها من الأماكن التي أشرنا اليها ، نراها تتمركز في مراكز الأقضية بعضها دون الأخرى .

ففي حين نرى أنها توجد في بلدة عفرين الكردية دائرتين احداها للشعبة السياسية والآخر للمخابرات ، ونجد بجانبها بلدة اعزاز ثم الباب فمنبج ،فجرابلس على الشريط الطولي للحدود السورية التركية وهي مدن تقطنها أكثرية عربية من السكان ، نجدها خالية من مثل هذه الدوائر ، ثم تأتي بلدة عين العرب وهي أيضا أكثرية سكانها كردية ، نجد فيها دائرة للشعبة السياسية ، هذا في محافظة حلب فقط .

لو ألقينا نظرة عامة على جميع مراكز الأقضية في سورية

البقية على الصفحة ( ٢ ) .

## لماذا تناقض القرارات ؟؟

افتتح في مدينقحاب مركزا للتدريب المهني تابع لمشروع الفرات لاعداد عمال فنيين في اختصاصات عديدة ، لسد حاجات مشروع بناء سد الفرات العظيم . بناءعلى ذلك انتسب عدد كبير من المثقفين الى المركز وفقا للشروط المتعاقد بينهم وبين المؤسسة العامة لمشروع الفرات .

العمال

فعلا نجح المركز المذكور في تخريج عدد من الفنيين وارسالهم الى ( الطبقة ) لمتابعة عملهم هناك .

لكن بعد وصولهم الى هناك فوجئوا بقرارات وأوامر مخالفة للشروط المتعاقد فمع المؤسسةواختصاصاتهم أيضا . على سبيل المثال اختصاص ( لحام الاوكسجين ) وجه اليهم مدير القطاع أمرا يقضي بالعمل أماكن أخرى أي ( غير اختصاصهم ) منهم من يعملون في نقل أسياخ الحديد ومنهم من يعملون في أماكن أخرى بصورة متنقلة ، والقليل منهم من يعملون في اختصاصهم — .

لكنهم حينما سألوا من مدير القطاع عن الأسباب التي أوجبت في تغيير اختصاصهم ؟ أجابهم سيادة المدير بالتهديد التالي حرفيا : إذا ما يعجبكم هالعمل بهذا الشكل اتركو العمل وارجعوا الى بيوتكم ، في الطبقة لايوجد اختصاصات ولا قيمة لها .

ففي هذا المجال يحق لنا أن نسأل سيادة المدير ان كان الحال هكذا لماذا افتتح مركز التدريب المهني بحلب ؟ ؟

لماذا تصرف تلك المبالغ الطائلة من النقود لتخريج العمال الفنيين في المركز ؟ ؟

وهل المشروع ستتم بنائها بدون عمال فنيين ومهندسين مختصين وليس للاختصاص أهمية في اتمام المشروع ؟ ؟ ؟ ؟

فاذا ثبت لديه أن المشروع ليس بحاجة الى إخصائين وعمال فنيين فما عليه الآن يأمر بالغاء مركز التدريب

= ٢ =

تتمة ما نشر على الصفحة الاولى (الغاية من وجود دوائر الاستخبارات في المناطق الكردية)

...... البالغة مراكزها تقريبا نجد ها لا تحتوي على مثل هذه الدوائر باستثناء مراكز الاقضية الكردية مثل: (عفرين ، عين العرب ، ورأس العين ، والقامشلي وديريك ، المالكية)

فهل هذا يعني أن هذه الاقضية تشكل خطرا على أمن وسلامة الدولة؟؟؟؟؟؟

أم لماذا كل ذلك؟؟؟؟؟؟

لماذا وكيف أحدثت هذه الدوائر في المناطق الكردية دون سواها؟؟؟؟؟؟

ان أجوبة تلك الاسئلة تتوضح حين نسرد الاحداث السياسية التي مرت في بلادنا.

ففي بداية فصم عرى الوحدة بين سورية ومصر ومجيء الانفصاليين الى الحكم في حينها قبل الانفصال بوسائل مختلفة، وأكتشافهم الجهنمي هذا الاكتشاف الذي عجزت منه سلطة الوحدة وأجهزتها المباحثية، ألا وهو اكتشاف تسلل أجنبي الى شمال سورية (ويقصد ونه المواطنين الأكراد) وقيام دولة اسرائيل ثانية في شمال سورية، حيث قاموا بأحداث البلاغات والمراسيم المشوبة بالعيب القانوني واللاموجبة لاجراء الاحصاءات المزيفة وحرمان مئات المواطنين الأكراد من الجنسيات السورية وانشاء مناطق حزامية عربية بنية تجريدهم من الأراضي وتعريبهم فيما بعد بأساليب مختلفة.

وفي حينها أصدروا أوامرهم الى عميلهم العميد "مطيع السمان" قائد الشرطة العام للاسراع في احداث شعب سياسية في بلد تعفرين باعتبارها منطقة كردية وعملوا كل ذلك ليوهموا الجماهير العربية بأنهم حريصون على مصالح الوطن ، ويبرروا عملية تمزيق الوحدة بتلك الأوهام وبالتالي لصرف أنظار الشعب عن الأخطار الحقيقية التي تحدق بالبلاد وتناسوا بأن وجودهم على دست الحكم وسرقتهم لقوت الشعب ولصوصيتهم المتفننة هي الخطر الحقيقي.

فأصدروا تعليماتهم الخاصة الى اولئك الذين اوكل اليهم تنفيذ أوامرهم الجديدة ، وتركوا العنان لصحافتهم المأجورة من قبل أسيادهم لتطبل وتزمر للحدث التاريخي الكبير وعن أعمالهم الوطنية وذلك بالعناوين البارزة (دولة ثانية في شمال سورية) الى ما هنالك من تزييفات دعائية ...... )

وصوت الوزير الانفصالي المدعو "برمدا" لا يزال محفوظا في ذاكرة المواطنين حينما أعلن في مؤتمره الصحفي بدمشق في مقر رئاسة مجلس الوزراء بالمرجة في مناسبة عيد الانفصال قال فيها بالحرف الواحد (اسرائيل ثانية في المثلث البترولي في شمال سورية)

كل ذلك لتبرير أهدافهم واستمرارهم في تشويه الحقائق وأيضا أصدروا مرسوما بتغيير تسمية البلاد كالآتي:

"الجمهورية العربية السورية" وفي زعمهم أن عروبة القطر تتجسد بإضافة كلمة "العربية" يا لها من نظرة صائبة؟؟ والتسمية الجديدة تعني بديلة للجمهورية العربية المتحدة ...... بذلك ليبرروا جرائمهم ليأسها الوطنية والعروبة لامادة لها الا المقود لتسطير زعمهم وفق تسميات ومصالح جديدة كذبا ورياء وبالتالي وضعوا مخطط الاضطهاد القومي والاستغلال الطبقي للبرهان بأنهم مخلصون لمصالح الجماهير والوطن ... يا لها من اخلاص ... !!

هكذا مرت الايام ... الا أن الرياح جرت بما لا تشتهي [illegible] حينما تفجرت ثورة الثامن من آذار عام ١٩٦٣ والتي كانت بمثابة ضربة قاضية من الصميم إلى أوكارهم ، حينما أقدمت حكومة الثورة على تنفيذ بعض الخطوات التقدمية والتي اعتبرت من الخطوات الايجابية للحكم من خلالها تأميم الملكيات الكبيرة الخاصة وتحويلها الى ملكيات عامة والبدء بتنفيذ المشاريع الانمائية والصناعية : كمشروع الفرات العظيم ومصنع الجرارات في حلب ، ومصنع الاسمدة ... وغيرها من مشاريع حيوية التي تعود خيرها لصالح الطبقات الكادحة التي لا يستطيع أي تقدمي نكرانها.

(البقية على الصفحة ــ ٣ ــ)

= ٣ =

في حين استبشر المواطنون بتلك الخطوات التقدمية أملا منهم أن العهد الجديد سيقضي على سلبيات الماضي البغيض من مخلفات الحكم الانفصالي الرجعي خاصة ما حدث في المناطق الكردية بشكل شاذ، الا أن آمال جماهير شعبنا قد خابت حينما كرست حكومة الثورة هي الأخرى هذه المخلفات وسارت في نفس الاتجاه التي سارت عليها حكومة الانفصال ذلك في المجال الكردي ولم تكتفي بذلك بل زادت تعقيدا وضراوة باحداثها دائرة للمخابرات بجانب دائرة الشعبة السياسية في بلد عفرين ، ثم أحدثت في بلد عين العرب دائرة للشعبة السياسية وتركت لرجالها في المناطق الكردية مطلق الصلاحيات في اعتقال وتعذيب الفلاحين والعمال والمثقفين من أبناء شعبنا الكردي وتشديد الاضطهاد القومي والاستغلال الطبقي كالقوانين الاستثنائية والاعتقالات الجماعية ومنع دخول المثقفين في الوظائف الحكومية والكليات العسكرية ..... ثم خلق العصابات الوهمية في المناطق الكردية وارسال القوات الحكومية المسلحة اليها تطبيقا لنظرية حكومة الانفصال الرجعية وتصريح " برهدا " ( اسرائيل ثانية في شمال سورية .... ووجود تمرد ... كما ادعوا في كانون الأول – ١٩٧٠ – في جبل الأكراد " عفرين " وسينشأ دولة كردية هناك وتلك الحجج التي ليس لها صلة بالحقيقة أرسلت السلطة أعدادا كثيرة من الجنود والشرطة والمخابرات الى المنطقة وبدأوا بتعذيب الفقراء والكادحين من رجال ونساء ، شيوخ وأطفال دون تمييز فيما بينهم وعذبوهم بشكل جماعي وافرادي لكن في نهاية المطاف تبين أن عدد أفراد العصابة المزعومة لا أصابع اليدين كانوا ممن يتهربون من وجه العدالة الذين اقترفوا جرائم السرقة والخطف ..

بعد كل هذا ان أبناء شعبنا الكردي يطالبون السلطة بأن تعود الى سجلات هذه الدوائر وتكشف عن حساباتها لتعرف مدى تشبعاتها ولتعلن للملأ أسماء الخونة والجواسيس الذين اكتشفتهم خلال السنوات العشر الماضية التي مرت على هذه الأجهزة .

*****************************

= ... نيسان =

يا شمس نيروز والأكوان مظلمة شقي الظلام بنار حارقة دم
وأحدثي القوافل تسري وهي دامية
لحرقة النار للانتاظر والقسم
٣ – هذا الضياء يحيي الليل مسخرة
لتضحك الروح في الأطلال والرمم
٤ – هذا الضياء ينادي اليوم موكبنا
أن بورك النصر نبراسا لذي الهمم
٥ – هذا الضياء جلال في بشائرنا
قد بارك الله موت الظلم في الظلم
٦ – هذا الضياء منار منار الحق
عبر المحيط فيشكو الليل من سقم
٧ – وزهرد الكون والأنوار ساطعة
وأنبت الروض أزهارا من الرمم
٨ – وغنت الشهب والأطيار رائعة
وحلل البشر في الأوهاد والقمم
٩ – وراحت الحرب صرعى وهي خامدة
فأشرق النور في الأفلاك والديم
١٠ – هذي البلابل في بغداد شادية
ليبسم الورد والأزهار في السلم
١١ – هذي المنابر في الأنسام ناطقة
فتنشر البشر بالأنداء والنغم
١٢ – يا روح كاوا " اليك يوم أتيتنا
بأننا الكرد أحفاد لذي الشمم
١٣ – وأننا ان حللنا بسوح ممحصة
نبارز النار والبركان ذا الحمم
١٤ – ونشعل الصخر نارا والاباء لظى
ونضرم الأخضر المعسول بالنقم
١٥ – ونلهب الكون اجلالا لمجدتنا
وندفع البأس بالأشلاء والضرم
١٦ – ونعلن الثورة الحمراء حارقة
ان جار " ضحاكنا " بالروح والقيم
١٧ – وأننا ان أمنا " صون رايتنا
من أن تذل ل بناة المجد بالقلم
١٨ – هذي الصفائح في الاسلام ناطقة
بصولة الكرد في التاريخ من قدم
١٩ – وكوننا اخوة للعرب جامعنا
نور الرسالة والتاريخ فابتسم
٢٠ – تلك الوشيجة في حطين قائدها
من نسل " شيركوه " برهان بوده ...
٢١ – أيام و" لت دعاة البغي هاربة
وجمع الشمل توكيدا لذي الرحم

ـ ٤ ـ

## كثرة الوعود تؤدي الى عدم تنفيذها

في أوائل شهر نيسان عام ـ ١٩٦٨ ـ قام وزير العمل والشؤون الاجتماعية السيد ( عبد الله الفالح ) ويرفقته عضو القيادة القومية السيد ( فايز الجاسم ) وعضو بعض منطقة عفرين ، وبعض المسؤولين في المنطقة بزيارة لقرية الباسوطة التابعة لمنطقة عفرين وذلك بمناسبة اسبوع تشجيع زراعة القطن .

قبل ذلك كان قد تقدم أهالي القرية بطلب الى دائرة انعاش الريف في عفرين خصوصها اصلاح النبع الموجود في القرية المذكورة وذلك بحفر النبع وتنظيفه ، وتمديد الدوائر الى القرية وتركيب الحنفيات لأجل شرب مياهها .

ففي حين زار المسؤولون القرية طلبا آخر اليهم شأن النبع واصلاحها ، وبعدها بمدة قصيرة تم تخصيص مبلغ ٩ ـ تسعة آلاف ليرة سورية وتسليمها الى دائرة انعاش الريف في عفرين . فالى يومنا هذا لم يحضر أحد المسؤولين من دائرة انعاش الريف أو الوزارة المذكورة القرية لاتمام وتنفيذ ما وعدوا بها وبالاضافة الى ذلك لم يعرف المواطنون ماذا حل بمصير ذلك المبلغ من النقود علما أنها مضى على الوعود أكثر من سنتان فقط . فهنا نطرح السؤال التالي :

لماذا لم يقوم المسؤولون عن ذلك بتنفيذ وعودهم المكررة ؟؟؟؟؟؟؟؟؟

أم أنها صرفت لأغراض أخرى ؟؟؟؟؟؟ .

واذا صرفت في أماكن أخرى أوليس تأمين مياه الشرب لأهالي القرية من الخدمات العامة وخاصة أهالي القرية كلهم فلاحون فقراء .

وأمام هذا الواقع تبرز احتمالين :

اما أن سيادة الوزير والمسؤولون كانوا مخطئين حينما قرروا باصلاح النبع أثناء زيارتهم للقرية .

واما هناك اعتبارات أخرى تحول دون تنفيذ الوعود ومهما يكن الاعتبارات يجب أن لا تحول دون خدمة الطبقات الكادحة .

## تنويه


ان البارتي الديموقراطي الكردي في سورية حزب شأنه شأن سائر الأحزاب الديموقراطية التقدمية المتمسكة بالروح الحزبية الديموقراطية يقيين قيادة الحزب وقواعده قد خول في نظامه الداخلي الصلاحية الى اللجان المناطقية لتقوم هي الأخرى الى جانب بقية القيادات الحزبية بدورها في استصدار النشرات والمطبوعات التي تراها ضرورية كل في حدود منطقتها وضمن خط الحزب وأيديولوجيته بغية توعية جماهير الحزب والشعب في المنطقة بالفكر والأهداف التي يناضل الحزب من أجلها .

وانطلاقا من الواقع الحزبي الديموقراطي وبعد أن توفرت الامكانيات اللازمة لدى لجنتنا المناطقية في حلب رأت أنه بات من الضروري أن تقوم بدورها في هذا المجال فأخذت على عاتقها مهمة استصدار نشرة تعالج النواحي السياسية والثقافية والاجتماعية في المحافظة تحت اسم جيا ـ الجبل ، وها نحن اليوم نضع بين يدي قرائنا الأعزاء العدد الثاني من جيا آملين أن نكون قد وفقنا بها وأن تنال اعجابهم .

وبهذه المناسبة ترجو هيئة تحرير نشرة جيا من قرائها الكرام الحزبيين وغير الحزبيين أن يرسلوا جميع ملاحظاتهم واقتراحاتهم ومطاليبهم وانتقاداتهم الى هيئة التحرير للنشرة وذلك عن طريق أعضاء الحزب .

لكن الهيئة ستنظر ان كانت الاقتراحات والانتقادات والمطاليب والآراء موافقة وغير مخالفة مع الخط الحزبي ستنشرها على صفحات النشرة وان كانت غير ملائمة سترد أجوبتها بوسائل أخرى .

وفي رأينا أن الآراء مهما تعددت جوانب اختلافها وسارت في منحى مغاير لخط الحزب الثوري ( البارتي ) ستعود الى الطريق الصحيح بعد مقارنتها بمتطلبات الجماهير اليومية وحاجياتها الملحة وبعبارة أخرى ان تفاعل الآراء من خلال النضال الثوري ستجتنب الأخطاء


نەوا
گۆڤاری منداڵانە
ژمارە (١)
ئاداری ساڵی ١٩٨٠ز
لاپەڕەی یەکەم

وتەیەک

"(دەبا هەموومان ئاشتی خوازبین لەبەر منالان)"

# ئەوا

گۆڤاری منالانە

ژمارە (١)

وتەی ژمارە

ئازیزەکانم هیوادارین ئەم ژمارەتان بە دڵ بێ و هیوادارین ژمارەی چاپی بیان بۆ لە چاپی ...

ئەورۆژ ....

ناونیشان:

هەولێر

کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی

لقی هەولێر

١٠ لاپەرەیە

بەدەستی دەری دەچوێنن

تێبینی: ... منداڵ ئەم گۆڤارە دەرئەکەن ... هەڵکورد ...

## بۆ ئاگاداری

تکا لە منالانە ئەکەین ئەوەی لە ماڵەیی خوارەوە بزانن بۆمان بنێرن ....

١- شیعری منالانە کە بە خۆیان بنوسن

٢- چیرۆک "(دووبەش)"

ئ- چیرۆکی فۆلکلۆری

ب = بەدەستی خۆیان بنوسن

٣- شتی زانستی و مێژووی و وەرزش


٤- هەواڵی هونەری

٥- شتی تر ......

لاپەرەی دووەم

هەواڵنامەی کتێب

# بەرەو یەکگرتنەوەی
# دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی کورد



◢ ئازاد عەبدولواحید

بەو ناوونیشانەی سەرەوە لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٩١، واتا دوای شەش مانگ تێپەڕین بەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان، ئەم بابەتەم وەک وتارێکی درێژ نووسی بۆ ئەوەی بەچەند بەشێک لە ڕۆژنامەی (**سەربەخۆیی**) زمانحاڵی پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (**پاسۆک**) بڵاوبکرێتەوە. لەو مانگانەی سەرەتای ڕاپەڕیندا هێشتا چاپەمەنی و بڵاوکراوە ژمارەیان زۆر کەم بوو، پێشتر هەر لەو ڕۆژنامەیەدا وتارێکم بەسێ ئەڵقە بڵاوکردەوە و تێیدا بەرپەرچی وتارێکی (**صالح القلاب**)م دابووەوە کە بەناوی (**رؤیة عربیة للقضیة الکردیة**) لەڕۆژنامەی (**الدستور**)ی ئوردنی-دا بڵاو کرابووەوە و وتارەکەم هەر بەناوی (**ئازاد**) لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە. پاشان لەسەر داوای برادەرانی سەرکردایەتی پاسۆک، بەتایبەتی لەسەر داوای خوالێخۆشبوو مولازم کەریم ناو بەناو بۆ ئەو ڕۆژنامەیە دەمنووسی، تەنانەت لەسەر داوای ئەوان چەند موحازەرەیەکیشم لە بارەی ڕاگەیاندنەوە لە خولی کادیرانی (**پاسۆک**)دا گوتەوە.

هەر ئەو کاتە لەسەر ڕاسپاردەی مولازم کەریم، بەرپرسی ئیعلامی پاسۆک بەردەوام پێوەندی پێوە دەکردم، بێجگە لەنووسین بۆ بڵاوکراوەکانیان، زۆرجار هەڵسەنگاندنی بەرهەمی هەندێ لەو نووسەرانەیان بە من دەسپارد کە بەرهەمیان بۆیان ڕەوانە دەکردن، یان پرس و بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بە زۆر بواری ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بەمن دەکرا. بۆ یەکەم جار لە قەڵاچوالان پێشنیاری دەرکردنی گۆڤارێکم خستە بەردەمی مولازم کەریم، هەر ئەو ڕۆژە بە ئوتومبیلەکەی ئەو هاتینەوە سلێمانی و لەبارەگای پاسۆک کە بەرانبەر لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لای فولکەی کاوە بوو، بە ئامادەبوونی بەڕێزان: مولازم شوان و مۆژدە تاهیر و غاندی ئەنوەر تۆفی و بەختیار شەوکەت و مامۆستا فەرهاد ئەو پێشنیارەی منی بە خۆشحاڵییەوە خستە


بەردەمی ئـەو برادەرانەوە، ئەوانیش کـە روون کردنەوە و پێشـنیارەکەیان لەمن بیست زۆریان بەلاوە پەسند بوو، پێشـنیارەکەی منیـش بریتی بوو لـە دەرکردنی گۆڤارێک بـۆ بڵاوکردنــەوەی لێکۆڵینــەوەی ســتراتیژی و قووڵ ســەبارەت بە (**مێژوو، جوگرافیــا، کەلەپوور، بەڵگەنامە، هزر، ئەدەبیات و هونەر و تاد**)، بەڵام ئەو هەر ئەو کاتە دەیویســت بزانێ گۆڤارێک ئەگەر (١٠) مەلزەمە کەمتر نەبێ بە هەموو تێچوونەکانییەوە چەندی دەوێت؟

ئەوکاتــە ئەو گۆڤارە بە کەرســتەی چاپ و تایپ کــردن و لە چاپدانەکەی نزیکەی (٤٠) هەزار دیناری دەویســت، کە ئەم پارەیەش بۆ ئەو رۆژە زۆر بوو، بۆیە چەند جارێکی دیکە سەبارەت بەو بابەتە لەگەڵ یەکتری دواین، دواجار پێشــنیارێکی منی زۆر پێ خۆش بوو کاتێک پێم راگەیاند چاپخانەیەک بکڕن و گۆڤــار و رۆژنامــە و چاپەمەنییەکانی خۆیانی پێ لەچاپ بدەن، تەنانەت ئەو چاپخانەیەی کە لە بەرانبەر سجنەکەی خوار فلکەی کاوەی ئاسنگەر بــوو کە لە بنەڕەتدا هی کەســێک بــوو لەپاش راپەڕیــن رایکردبوو، ئەوکاتە خرابووە ســەر گیروگازی فرۆشــتنەوە، من کــە بە مەم زانی پێشنیاری کڕینی ئەو چاپخانەیەم بۆ کردن، یەکسەر رەزامەنــدی نیشــاندا، ئەوەبــوو خوالێخۆشــبوو (**حەمەی ئامۆزا**) و (**مامۆستا فەرهاد**) کە ژمێریار بوو لەلایان بۆ ئەو کارە دەستنیشان کران و پێشیان باش بوو لە کاتی کڕیــن و مامەڵەکردنــی چاپخانەکە من هــاوکاری ئەو برادەرانە بکەم، ئەوەبوو لەگەڵ خاوەنەکانی چاپخانەکە پێــک هاتیــن و لێمــان کڕیــن. لەبیرمە ســەرقفڵانەی ژێــر زەمینێکــی فراوان و گــەورە کــە چاپخانەکەی لێ دانرابــوو لەگەڵ چاپخانەکە و پاشــکۆیەکانی بە چوارسەد و هەشتا هەزار دیناری سویسری کڕدرا، پاشان چاپخانەکە ناونرا چاپخانەی شەهید ئازاد، بە ناوی رەحمەتی ئازاد مستەفای سکرتێری پێشتری پاســۆک. دواتر بەناوی مامۆستا (**کامیل ژیر**)ەوە کرا تا وەک پارێزەر و یاســا ناسێک لە داهاتوودا گرفتەکانی چاپخانەکە ئەگەر گرفت هاتە پێشــێ، چارەسەر بکات.

مــن ئەوکاتــە لەگــەڵ بــرای بەڕێزمــان د. دلێر ئیســماعیل حەقی شــاوەیس بەرپرســی راگەیانــدن، لە راگەیاندنی لقــی چواری پارتی دیموکراتی کوردســتان کارم دەکرد، لەو بەشــەدا بێجگە لــەوەی مولازم کەریــم هاوڕێم بوو، ئەوانیــش بەگیانێکی


سەربەخۆیی
پەرلەمانی کوردی سارێژی زامی گەلە



صالح القلاب




نەتەوەییانە و کورد پەروەرانە هانیان دەدایـن بـۆ ئـەو کارە چاکە تـا هـاوکاری برایانمان لە پاسـۆک بکەین، لە هەمان کاتیشـدا کاتێک برایانی پاسۆک لەسەر پێشنیاری من داوایان کرد، ئەوکاتە بەڕەسمی کاک (**مەجید کەساس**) کـە کادیرێکـی کۆنی بـواری چاپخانـە بوو لەچاپخانەی خەبات-ەوە تا چاپخانەی زانکۆی سـلێمانی و چاپخانەکەی خۆی، شارەزایی و پسـپۆری لەو مەیدانەدا پەیـدا کردبوو، بۆیە راسپێردرا بۆ پڕکردنەوەی کەموکورییەکانی چاپخانەکـە و پەیداکردنـی (**پیـت**)ی نـوێ بۆی. برادەرانی (**پاسـۆک**)یش کاک ئەسـعەد قەرەداغی هونەرمەندیان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی سەروکاری چاپخانەکە بکات.

یەکەم بەرهەمی چاپکراوی ئەو چاپخانەیە نامیلکـەی (**نەتەوە و نەتەوایەتـی**) رەحمەتی ئازاد مستەفا بوو چاپ کرا، پاشان بە فەرمان و لەسـەر راسـپاردەی مـولازم کەریـم ئەو وتـارەی من کە لە بنەڕەتـەوە بۆ رۆژنامەی (**سەربەخۆیی**) نووسیبووم، بەشێوەی نامیلکە لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢ چاپ و بڵاوکرایەوە و کەوتە بەردەسـتی خوێنـەران و بەتیراژی هـەزار دانە بڵاوکرایـەوە و زنجیرەی ژمارە (٥)ی دراوەتـێ، لەبـەر ئـەوەی پێشـتر لـە دەرەوەی ئەو چاپخانەیە و بەشـێوەی رۆنیۆ لـە چاپ درابـوون، هۆی دواکەوتنیشـی لەو چەنـد مانگـەدا، هەر ئـەو پێشـنیارە بوو کە بکرێتە نامیلکەیەکی چاپکراو، هەروەها بەهۆی ئـەوەوە بـوو کە کادیـری پیـت کۆکردنەوە بەدەسـت نەدەکەوت، پاشـان کـە کادیریش

پەیدا کرا، دەبوایە بەمقاشی تایبەت لەناو قاسەکانی حەرفدا، پیت بە پیت کۆبکرێنەوەو وشە و رستەی لێ دروست بکرێ. سوور بوونی مولازم کەریم لەسەر لەچاپدانی نامیلکەکەش وەک کتێبۆکەیەکی سەربەخۆ نیشانەی بایەخدانی ئەو و سەرکردایەتی (**پاسۆک**) بوو بە گرنگی رۆڵی راگەیاندن بۆ ئەو قۆناغە ناسکەی ئەوسا و ئێستا و هەست کردنیان بوو بەگرنگی نامیلکەکە کە بەگیانێکی کوردانە و نەتەوەییانە نووسرابوو، کە ئەوەش بۆ ئەو قۆناغەی سەرەتای راپەڕین زۆر گرنگ بوو بەو نەفەسە نەتەوەییانە بنووسرێ. ئەوە بوو تا چاپخانەکە رێک خرایەوە و پیت چن پەیدا کرا ماوەیەکی خایاند، بۆیە دەرچوونی نامیلکەکە چەند مانگێکی پێچوو و کەوتە سەرەتای ساڵی ١٩٩٢.



**ملازم سەید کەریم**

هاورێ و برادەرە نزیکەکانی من، بەتایبەتی ئەوانەی لە شاری سلێمانی دادەنیشن شایەدی ئەوەم بۆ دەدەن کە من لە پێش راپەڕین و لە رۆژگارە سەختەکانیشدا، واتە ئەو کاتەی خەڵکانێک هەبوون ناوی کوردیشیان لەبیر چووبووەوە و پێیان وابوو ئێمەومانان دوای کڵاوی بابردوو کەوتووین، ئەو برادەرانە و زۆران کەسی تریش ئاگایان لەوەیە کە چۆن لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوە و دانیشتن و مەجلیسێکدا تەئکیدم لەسەر پەرەپێدان و کارکردن بۆ (**بیری نەتەوەیی**) کردووە و بانگێشتم بۆ ئەوە کردووە، هەر ئەو بیروباوەڕەش بوو لەناو ژیان و نووسین و بەرهەمەکانمدا رەنگی دەدایەوە، چونکە من هەمیشە باوەڕم وابووە کە کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوایەتییە نەک چینایەتی، بۆیە لە هەر کوێ خزمەت کردنی ئەو بیروباوەڕە نەتەوەییە هەبووبێ من لەوێ بووم. لەکوێ توانا و قەڵەمی من پێویستی کردبێ، درێغیم نەکردووە و بەبێ سڵ کردنەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆمم زانیوە ئەو ئەرکە رابپەڕێنم، بۆیە لەپێش راپەڕین کە جادەکەی وەکو ئەمڕۆکە پان و بەرین نەبوو، چەندان جار ملی خۆمان لەچەقۆ سویوە و گیانی خۆمان خستووەتە مەترسییەوەو ئامادەبووین باجی هەر ئەرکێکی لەو جۆرە بژمێرین، لەبەر ئەوەش بوو پێش راپەڕین پێوەندیم بە هەموو حزبە ناسیونالیستەکانەوە هەبوو و وەک کوردێک هاوکاری هەموویانم کردووە، چونکە من قەناعەتم وابوو بەهێزبوونی ئەو حزبانە لەشاخ، بە واتای بەهێزبوونی کوردە لە ناو شارەکاندا، بۆیە لەو کاتانەدا کە ئەوان لە

شاخ بەهێز دەبوون، دەسەڵاتی سەرکوتکاریش نەیدەوێرا بە ئارەزووی خۆی خەڵکی کوردستان لەناو شارەکاندا بچەوسێنێتەوە.

یەکێک لەو حزبانەی ناو بەرەی جود، (**پاسۆک**) بوو کە بەردەوام بڵاوکراوە و ژمارەکانی گۆڤارەکەیان (**ئاڵای سووری کوردایەتی**)م پێ دەگەیشت و دەمخوێندنەوە، هەر ئەو پێوەندییەی پێش راپەڕینیش بوو وای لە (**مولازم کەریم**)ی رەحمەتی کرد لە رۆژەکانی سەرەتای راپەڕین لەقەڵاچوالان کە بارەگای سەرکردایەتی (**پاسۆک**)ی لێ بوو دەعوەتی من و مامۆستا عەبدولڕەقیب یووسف بکات و لەوێوەش بوو هاوڕێتییەکەمان بەهێزتر و بینینە بەردەوامەکانمان روو لە زیاد بوون بکات.

ئەوکاتەی ئەو نامیلکەیە چاپ کرا، کەرستەی چاپەمەنی زۆر گران بوو، بەشی هەرە زۆری نامیلکە و بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان کە لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکانەوە دەردەچوون، بە رۆنیۆ و تابیعە چاپ دەبوون و زۆر ناڕێک و ناشیرین چاپ دەکران، لەو کاتانەدا لەبەر نەبوونی دەزگای تایبەتی چاپ کردنی کتێب و گرانی کەرستەی چاپ و سەختی گوزەران و باری ژیانی خەڵکی، نووسەران نەیاندەتوانی خۆیان لەقەرەی چاپ کردنی کتێب بدەن.

ئەمڕۆکە بێجگە لەوەی (١٦) ساڵ بەسەر لەچاپدانی ئەو نامیلکەیەدا تێدەپەڕێت و هیچ دانەیەک لەو نامیلکەیە لەبەر دەستدا نەماوە، خوێنەرانێکی زۆریش هەر لە بنەڕەتەوە ئەو نامیلکەیەیان نەدیوە، بۆیە لەپاش (١٧) ساڵ تێپەڕین بەسەر نووسینی ئەو نامیلکەیە و (١٦) ساڵ تێپەڕین بەسەر چاپ کردنەکەی، ئێستا کە دەیخوێنمەوە هەست دەکەم ئەو بیروڕاو بۆچوونانەی لەناو ئەو نامیلکەیەدا هاتوون، سەرەڕای ئەوەی هەست بەزیندوویی ئەو بیروڕایانە دەکەم کە تا ئەمڕۆکەش گرنگی خۆیان لەدەست نەداوە، لەهەمان کاتیشدا دەبینم بەشێکی زۆری ئەو بیروڕایانەم تا ئەمڕۆکەش گوێیان پێ نەدراوە و بەپێی پێویست لایان لێ نەکراوەتەوە، کە من لەو باوەڕەدام ئەگەر ئەو بیروڕاو بۆچوونانەم بایەخی شایانی باسیان پێ بدرایە، ئەوە راگەیاندنی کورد قەڵەمبازێکی گەورە و وەرچەرخانێکی بەرچاوی بەخۆیەوە دەبینی.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی پەنجە لەسەر زۆر لەو بیروڕایانە دابنێم کە لەوێدا باسیان لێوە کراوە، بیریشمان نەچێت ئەو بیروڕایانە هی مانگەکانی سەرەتای راپەڕینە کە بەدەردی عارەب دەڵێن: (**وما أشبه اليوم بالبارحة**). لەوێدا نووسیومە: **(تەنانەت ئەگەر دان بە کوردستانی بوونی کەرکوک و شارەکانی تری کوردستانیشدا بنێن، ئەوە سەرچاوە و**

**"که دەڵێم دەبوو گورجتر و توندوتۆڵتر لەبواری راگەیاندن کار بکرایە و دژە راگەیاندنمان هەبوایە، ئەوە لەماوەی ئەو (١٧) ساڵەدا دەکرا هەر هەموو توانایەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شاڵاو و هێرشە ئیعلامییە ناڕەوا و زاڵمانەیە سوودیان لێ وەربگیرێت کە لەو ماوەیەدا بەردەوام ئاشی هێرش و شاڵاوی چەواشەکاری گەڕاوە و بۆ یەک چرکەش نەوەستاوە..."**

**تەوەرەی مەترسی بۆ سەرکوتانەوەی کورد و قوتدانی خاکی کوردستان کەم نین و نابێت ئەمڕۆکە کورد پشتێنی خۆی لێ بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بەقسە پاڵپشتی دەکرێین).** ڕووداوەکانی ئەم دواییانەش سەلماندنیان هەموو بەڵێنەکان هەر قسەی ڕووت بوون، قسەش ناچێتە گیرفانەوە، بۆیە چەندی پێویست بوو لەڕووی سیاسییەوە توندوتۆڵتر و یەکلاکەرەوە بین، ئەوەندەش زیاتر دەبوو لەبواری ڕاگەیاندندا کار بکرێ و توندوتۆڵ بین، چونکە هەر لەوێدا نووسیومە: (هەر ئەمانەش جارێکی دیکە وامان لێ دەکەن بەسوور بوونێکی زیاترەوە پێ لەسەر پێویستی ڕووبەڕووبوونەوەی ئیعلامیانەی دوژمنانی کورد دابگرین بۆ سازکردن و پێکەوەنانی **(دژە ڕاگەیاندن- الإعلام المضاد)**، کە دەڵێم دەبوو گورجتر و توندوتۆڵتر لەبواری ڕاگەیاندن کار بکرایە و دژە ڕاگەیاندنمان هەبوایە، ئەوە لەماوەی ئەو (١٧) ساڵەدا دەکرا هەر هەموو توانایەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو شالاو و هێرشە ئیعلامییە نارەوا و زاڵمانەیە سوودیان لێ وەربگیرێت کە لەو ماوەیەدا بەردەوام ئاشی هێرش و شالاوی چەواشەکاری گەڕاوە و بۆ یەک چرکەش نەوەستاوە. باشترین بەڵگەی ئەو قسەیەشم ئەو شالاوە دۆگما و بەربڵاوەیە کە لەو ماوەیەدا بەچڕی لە ڕاگەیاندنەکانی ناحەزاندا بەرچاو دەکەون کە ئێمەی کورد لە ئاستیاندا بێ دەنگ و دەستە وستان و دۆش داماو وەستاوین و زۆر شەرمنانە بە لایاندا دەڕۆین و ئەوانیش چۆنیان دەوێ بەو شێوەیە ئادگاری ڕاستییەکان و بارودۆخی مێژوویی و سیاسی و جوگرافی و..تاد ئێمە دەشێوێنن، لە کاتێکدا دەبوو لەو ماوەیەدا هەر هیچ نەبێ کۆمەڵە کەسانێکی ڕۆشنبیر و بەدەموپل لە عەرەبی قسەکردن و ئاخاوتندا، هەروەها بەتورکی و فارسی و ئینگلیزی قسەکردن بۆ ڕاگەیاندنەکان ئامادەکرابان بۆ وەڵامدانەوەی ئەو چەواشەکاریانەی شەقامی عەرەب و تورک و فارسیان شڵەژاندووە و فریو داوە، ئەوە باسی چەواشەکارییەکانی ناو سایتەکان هەر ناکەم کە هەر هەموویان بەبێ وەڵام تێپەڕ دەبن، سایتەکانی خۆشمان لەبەر جنێوفرۆشی ناپەرژێنە سەریان و هیچ ئەرکێکی نەتەوەیی سەرشانیان ڕاناپەڕێنن.

لەو نامیلکەیەدا پێش (١٧) ساڵ باسی بایەخی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوە کراوە و لەوێدا پێشنیاری دروست کردنی لیژنەیەکی باڵا کراوە کە ئەرکی **(ڕەنگ ڕشتنی سیاسەتی ڕاگەیاندن و دانانی بەرنامە و کاری ڕاگەیاندنانەی هاوبەش و یەکگرتوو بگرێتە سەرشانی خۆی، هەروەها لەکاتی جێبەجێ کردنیدا سەرپەرشتی بکات).** بێ

**"بێ گومان داواکردنی لیژنەیەک، یان ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی کوردستانی باشوور داواکارییەکە تا ئەمڕۆکە جێبەجێ نەکراوە، کە ئەگەر ئەوە بەدی بهاتایە بێ گومان ڕاگەیاندن پێی دەنایە ناو قۆناغێکی دیکەوە، بەمەرجێک ئەو ئەنجوومەنەش وەک باقی شتەکانی دیکەی ئەمڕۆی کوردستانی لێ نەهاتبایە و ئەویش ببێتە میزاجییەت و خاتر و خۆتر و خزم و خزمێنە و برادەرایەتی و دەستەو تاقمێک قۆرخی بکەن..."**

هەولێر ئامەی کتێب

گومــان داواکردنی لیژنەیەک، یــان ئەنجوومەنێکی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی کوردستانی باشــوور داواکارییەکە تا ئەمڕۆکــە جێبەجێ نەکراوە، کە ئەگەر ئەوە بەدی بهاتایە بێ گومان ڕاگەیاندن پێی دەنایە ناو قۆناغێکی دیکەوە، بەمەرجێک ئەو ئەنجوومەنەش وەک باقی شــتەکانی دیکەی ئەمڕۆی کوردســتانی لێ نەهاتبایە و ئەویــش ببێتــە میزاجییــەت و خاتر و خۆتــر و خزم و خزمێنــە و برادەرایەتی و دەســتەو تاقمێک قۆرخی بکەن، چونکــە لــەو حاڵەتەدا دەبــێ زۆر ورد و دیراســەت کراو ئەو کەســانە هەڵبژێرێن، تاکــو ئومێدمان بەو ئەنجوومەنە بــەدەردی حاڵی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆکە نەچێت کە لە حاڵێکی پەرێشان دایە و کەس بەغیلی پێ نابات.

لەباســی دامەزراندنــی سســتمێکی ڕاگەیاندنــی نوێدا نووســیومە: (**لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان باســی لێوە دەکەم، بۆیە پێ لەسەر گرنگی کاری هاوبەش و هەرەوەزانــە دادەگــرم، نــەک هــەر لەســەر ئاســتی کوردســتانی خوارووداً، بەڵکو لەلایەن هەموو پارچەکانی دیکەی کوردســتانیش، تا ئەگەر کادیر و توانای ڕاگەیاندن لە هەر پارچەیەکی تری کوردســتان هەبوون، سوود بەو سســتمە بگەیەنن، ئینجا ئیش کردنی ڕاستەوخۆ بێت، یان بە ئاڵوگۆڕ کردنی شــارەزایی و پسپۆڕی بێت**)، لێرەدا بۆ چالاک کردن و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ڕاگەیاندنێکی ئاست بەرز کــە بە ئەرکــە نیشــتمانی و نەتەوەییەکانی ڕابگات، بــاس لە گرنگی ســوود وەرگرتن لەتوانــای هەر کوردێک کــراوە لەهەر پارچەیەکی کوردســتان بێــت، تا بە هەموو لایەک ســوود بەو سســتمە نوێیە بگەیەنن و شارەزایی و پســپۆرییەکان لە هەر کوێیەک بن کەڵکیان لێ وەربگیرێ، چونکــە پێم وابوو پاراســتنی ئەو ترووســکە ڕووناکییەی لێرە پەیدا بووە، تیشکی بۆ پارچەکانی دیکەش دەبێ.

لایەنێکی گرنگی دی کە لەو نامیلکەیەدا ورووژاندوومە (**فــراوان کردنی لامەرکەزیەتە**) کــە دەرچوونی ڕاگەیاندنە لەژێــر ڕکێفــی حزبایەتــی بەرتەســک و میزاجیانــە و ڕزگارکردنیەتــی لــە پرۆپاگەنــدە تــا وەک ڕاگەیاندنێکــی ســەردەمیانە لەگەڵ خێرایی ڕووداوەکان هەنگاو هەڵبگرێ و ئەوەنــدە ڕاگەیاندنێکی وابەســتە نەبێ بە (**حزبایەتی**) و میــزاج و عەقڵی تاکەکەســێکەوە، چونکــە ڕاگەیاندن دەبێ کۆمەڵــە عەقڵێک لە پشــتییەوە بن، نەک تەنیــا عەقڵێک کە بەرەو تاکڕەوی و بیروکراســیەت و دیکتاتۆریەتی دەبات، لــەو حاڵەتەشــدا (**ڕاگەیانــدن**) دەبێتــە چاوبەســتەکی و تەکتیکی ڕۆژانە، لە باشترین حاڵەتیدا بۆ مەرامی ڕاکێشان و کۆکردنەوەی جەماوەر لە دەوری دروشــمە حزبییەکان

"

**زۆرجــار هەستم کــردووە ڕاگــەیــانــدنــی ئێــمــە لە ئــاســتــی دیبلۆماسیەتی کــورد دا نــەبــووە، بگرە نەیتــوانیــوە سیاسەتی قۆناغەکەش بەباشی بۆ ڕای گشتی شرۆڤە بکات، بۆیە ئێستاش پێم وایە ڕاگــەیــانــدنــی کــوردی بە شــەپــرێــوی و هــیــلاکــی و بــەهــانــکــە هــانــک دوای دیبلۆماسیەتی کــوردی و ڕووداوەکــــان کەوتووە و نــەیــتــوانــیــوە خــۆی لە ئاستیاندا بدۆزیتەوە...**

"

کار دەکات، نەک دروشمە نەتەوەییە چارەنووسسازەکان، زەرەر و زیانی ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ ڕاگەیاندن ئەمڕۆکە بە چاوی خۆمان دەیبینین و بەروبووم و ئاکامە خراپەکانی دیارە، بۆیە کە کەشوهەوا و فەزای ئازاد بۆ ڕاگەیاندن فەراهەم کرا و لامەرکەزیەت لەناو ڕاگەیاندنێکی هاوچەرخدا توانی ئازادانە و بەرپرسانە بۆ نەتەوەکەی خۆی کار بکات (**بێ گومان سەرکەوتنی گەورە و مەزن لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا بۆ ئەو گەلە بەدەست دەهێنێت**).

لایەنێکی گرنگی دیکەی ئەم نامیلکەیە ئەوەیە کە لەو کاتانەدا بەزمانێکی رەخنەیی نووسراوە، بەمەش دەبێتە سەرەتایەک بۆ رەواجدان بە نووسین بەزمانێکی رەخنەئامێز.

لەدوا لاپەڕەکانی ئەو نامیلکەیەدا نووسیومە: (**بەکورتی و بەکوردی بەهێزیی ڕاگەیاندنی کورد لەسەر ئاستی دەرەوەدا، بەهێزیی دیبلۆماسیەتی کورد دەگەیەنێت**) بەدرێژایی تەمەنی خۆی، (**ڕاگەیاندن**) ئەو کاتانە بەهێز بووە کە بواری دیبلۆماسی ئەو میللەتە بەهێز بووبێ، زۆرجار هەستم کردووە ڕاگەیاندنی ئێمە لە ئاستی دیبلۆماسیەتی کورد دا نەبووە، بگرە نەیتوانیوە سیاسەتی قۆناغەکەش بەباشی بۆ رای گشتی شرۆڤە بکات، بۆیە ئێستاش پێم وایە ڕاگەیاندنی کوردی بە شەپرێوی و هیلاکی و بەهانکە هانک دوای دیبلۆماسیەتی کوردی و ڕووداوەکان کەوتووە و نەیتوانیوە خۆی لە ئاستیاندا بدۆزێتەوە، کە ئەمەش پێویستە ئێستێک بە سەرکردایەتی کورد بکات بۆ ئەوەی چاوێک بەو ڕاگەیاندنە سەقەت و گێڕەدا بخشێنێتەوە و تەکانێکی پێ بدات و خوێنێکی نوێ بکاتە ناو دەمار و شادەمارەکانییەوە.

* * *

زانای دەروونناسی فەرەنسی ((**گۆستا لۆبۆن**)) دەڵێت: (**هەر کەسێک بتوانێت جەماوەر چەواشە بکات، ئەوە بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە سەرکردەی، هەر کەسێکیش هەوڵ بدات بۆ هۆشیار کردنەوەی ئەوە دەبێتە قۆچی قوربانی**).

* * *

گرنگی دەوری (**ڕاگەیاندن**) لەوەوە بەدەردەکەوێت کە هۆیەکی کاریگەرە لە بەجێهێشتنی کارتێکردن بەسەر هەموو جموجووڵ و چالاکییەکی ژیان، هەروەک چۆن (**ڕاگەیاندن**) خۆشی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ژیان کاری تێدەکات. سەرەڕای ئەوەش (**ڕاگەیاندن**) بەشداری و هاوبەشیی گەورەی خۆی لە یەکخستنی (**تێڕوانین**) و دیدمان بۆ ڕووداوەکان و ڕەگاژۆکردن و جێگیرکردنی هەڵوێستەکانماندا هەیە، لەپاڵ لێکدانەوە و نیشاندانی هۆکارەکان و دەرخستنی سەرئەنجامەکان و ڕوون کردنەوەی هەموو کون و قوژبنە تاریکەکان و بەرجەستەکردنی وردەکارییەکانی (**ڕاستییەکان**) و ئەو ڕووداوانەش کە لە دەورووپشتیانەوە دەخولێنەوە و پێوەندیی پێیانەوە هەیە. هەر بۆیەشە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بایەخی زیاتر بە ڕاگەیاندن دەدرێت، تەنانەت وای لێدێ لە زۆر لە قۆناغەکانی ژیانی گەلان و وڵاتان و لە ماوەیەکی دیاریکراوی ورد و ناسکدا کە بەسەریاندا تێدەپەڕێ، ڕاگەیاندن دەبێتە گوریسێک چارەنووس و داهاتووی میللەتێکی پێوە شۆڕدەکرێتەوە، یان ئازادی گەلێکی پێوە بەند دەبێت.

(**ڕاگەیاندن**) لە هەندێ قۆناغی مێژوویی دوور و درێژدا بووەتە یەکەم زمانحاڵ و خێراترین زمان حاڵ لە دەربڕینی خواستەکانی گەل و هەڵوێستی ئەو وڵاتانەدا، کە بەهۆی دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنیانەوە (**ڕۆژنامە و گۆڤار و پۆستەر و ئێزگە و تەلەڤزیۆن. و . تاد..**) کە پێوەندیی بە حکومەت، یان بە ڕێکخراوە سیاسییەکانەوە هەیە و هەندێ جاریش بەزمانی ئەوانەوە وتەبێژێک دەدوێت، یان بە قەڵەمی لێپرساو و کادیر و ئەندامەکانیانەوە بیرورا دەردەبڕێت، ئنجا ئەو بیرورا دەبڕینانە پێوەندی بە هەڵوێستی ئەوانەوە هەبێت بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ناو وڵاتەوە، یان پێوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەبێت کە لە دەرەوەی ئەو وڵاتەدا ڕوو

دەدەن.

ئەمە ئەگەر دەوری کاریگەری (**ڕاگەیاندن**) بێت بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە بۆ ئەمڕۆکەی ئێمەی کورد، دەورەکەی بە هیچ شێوەیەک لەو هێزانەمان کەمتر نییە کە ڕووبەڕووی دوژمنان دەبنەوە، ئەگەر زۆریشی زیاتر نەبێت، بەتایبەتیش لەم بارودۆخە ناسکەدا کە دوژمن لەگەڵ لاوازبوون و بێ هێزیشیدا هێشتا لە دڕندایەتی و پیلان گێڕان و شێواندنی ڕاستی و بەند و باڵۆرەی تابووری پێنجەمی خۆی نەکەوتووە کە کەسانی ساویلکەی پێ چەواشە بکات، بۆیە گرنگی دەوری ڕاگەیاندن لەم قۆناغەدا لە کارێکی یەکگرتووانەی هاوبەشی سەرجەم پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا بە پێویست دەزانم، بەتایبەتی کە ئەم یەکگرتنەوەیە دەبێتە هۆی جێگیرکردن و پتەوکردنی پڕ بایەخی لە یەکتر گەیشتن و حاڵی بوون و چاو و مێشک کرانەوە و زانیاری دان و فێربوونی جەماوەر، هەروەک چۆن دیدگا و تێڕوانینی تێکڕای کورد بۆ هەموو کێشە و مەسەلە هاوبەشەکانی نێوانیان یەک دەخات، ئەوە بێجگە لەوەی فراوانترین هەلومەرج و زەمینە بۆ ناوەرۆکی (**یەکگرتن**) دەرەخسێنێت. لەکاتی دواندن و ڕووبەڕووبوونەوەی جەماوەری سەرانسەری کوردستان، یان یەکخستنی (**هەڵوێست**)ە لەکاتی دوان و قسەکردن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و هەموو دامو دەزگا نێو نەتەوەییەکان بە شێوەیەکی گشتی، کە ئەمڕۆکە خەریکە بایەخ بە کێشەی کورد دەدەن.

لای کەس شاراوە نییە کارکردنی بەجیاجیا و پەرشوبڵاو و یەک نەگرتوو، یان مامەڵە کردنی جوزئی لە زۆربەی کاتدا، باری سەرنج و تێڕوانینی جیاواز دەنێتەوە، کە هەندێ جار دەگاتە ڕادەی ناکۆکی و دووفاقی (**تناقض**)، لەم حاڵەتەشدا دوژمنان دەیقۆزنەوە و بۆ قازانجی خۆیان سوودی لێوەردەگرن، ئەم باری سەرنج و تێڕوانینە جیاوازانە هەندێ جار کارێکی وا دەکات هەڵوێستی دژ بەیەکتر وەربگیرێت کە لەوسەر هەر هەمووی زیان بە ئامانجی دیاریکراو و بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی گەلی کورد دەگەیەنێ، لەکاتێکدا پێویستە لەو دەرفەتە کەمەی لەبەردەمماندایە سوودی گەورەی لێ وەربگرین، چونکە بەداخەوە دەڵێم (**ڕاگەیاندن**) و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی کورد لەمڕۆکەدا ماندوو و شەکەت دیارە و زۆر لەدوای ڕووداوەکانە و بەحاڵ نەبێ فریایان ناکەوێت و پڕ بە پێستی قۆناغەکە نییە، هەوڵ و کۆشش و تەقەلالاکان پەرش و بڵاون و یەک نەخراون، جیاوازی زەق لە هەڵوێستەکاندا بەدی دەکرێت، بۆیە چ بۆ پاوان کردنی جەماوەر بێ بە کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری و چ وەک هۆیەکانی دیکەی ڕاگەیاندن هەڵوێستی (**جیاواز**)ی زۆر دەبینین، هۆیەکەش جیاوازییە لە سیاسەت و هەڵوێستی (**ڕاگەیاندن**)ی هەریەک لەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانە، کە دەبوو سەرجەمیان بۆ هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و پووچەڵ کردنەوەی نیازە گڵاوەکانی ڕژێم و پیلانەکانی تەرخان بکرانایە.

لەمڕۆکەدا میللەتەکەمان بە قۆناغێکی سەخت و ناسکدا تێدەپەڕێت کە دوژمن هەمیشە لە هەلومەرجێکی نوێ دەگەڕێت (**دەرەکی بێت، یان ناوەوە**) بۆ ئەوەی جارێکی دیکە جێ پێی خۆی لە کوردستاندا قایم بکاتەوە و دامو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی خۆی دابمەزرێنێتەوە و لەجاران خراپتر بکەوێتەوە وێزەی هاوولاتیانی کورد، باسی ئەوە ناکەم کە دەتوانێت، یان ناتوانێت، باسی ئەوە دەکەم کە هەوڵ دەدات، چونکە عەقڵیەتی ئەوانە ناگۆڕدرێت و قەتیش لە فاک و فیکی خۆیان ناکەون، تەنانەت ئەگەر دان بە کوردستانی بوونی کەرکووک و شارەکانی تری کوردستانیشدا بنێن، ئەوە سەرچاوە و تەوەرەی مەترسی بۆ سەر کوتانەوەی کورد و قوتدانی خاکی کوردستان کەم نین و نابێت ئەمڕۆکە کورد پشتێنی خۆی لێ بکاتەوە، لەبەرئەوەی ئێمە بە قسە پاڵپشتی دەکرێین، کە دەبوایە پاڵپشتی کردنەکە دوای ئەم هەموو ساڵەی ماڵ وێرانی و خوێن ڕشتنە

زۆرە لەسەر دەستی جەللادێک کە خۆرئاوا خۆیان دروستیان کردووە، ڕێرەوێکی دیکەی بەخۆوە بگرتایە و لە دەست گرتن و سۆزی ئینسانییەوە ببوایە بە پشتگیرییەکی سیاسیانەی بەرنامە بۆ دانراو، هەر ئەمانەش جارێکی دیکە وامان لێ دەکەن بە سووربوونێکی زیاترەوە پێ لەسەر پێداویستی ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشی ئیعلامیانەی دوژمنانی کورد دابگرین بۆ سازکردن و پێکەوەنانی (**دژە ڕاگەیاندن- الأعلام المضاد**)، بۆ ئەمەش بە هەموو چەکێکی ئاشکراو نهێنی بچینەوە بەگژ پیلانەکانیاندا، بۆ ئێمەی کوردیش زۆر ڕەوایە ئەو ڕێگایە بگرینەبەر، چونکە هی ئێمە چەکی داکۆکی کردنە لە بوون و قەوارەمان، بەڵام هێرشەکەی ئەوان هەڕەشە لە بوونمان دەکات و درز و کەلێن دەخەنە قەوارەکەمانەوە و هەڕەشە لە پاشەڕۆژ و چارەنووسمان دەکات. گەورەترین چەکی بڕندە و کوشندەش کە بۆ ئەو مەبەستە بەکار بێت، چەکی (**یەکگرتنە**)، یەکگرتنی هەموو ریزەکانی گەل، پاشان یەکگرتنی کاری (**ڕاگەیاندن**) کە ئەمڕۆکە لەچاو جاری جاران (**ڕاگەیاندن**)ی کورد شتی زۆری پێدەکرێت و کەرەستە و تفاقی پێشکەوتووی زۆری هەیە و لەم کاتەدا تواناو کادیر و زانیاری و ئەزموونی رابردووی زۆرمان لەبەردەستدایە کە ئەگەر هاتوو سوودمان لەو کادیر و دەزگا و ئامێر و کەرەستانەی ڕاگەیاندن وەرگرت، ئەوە دەتوانین زۆر هەنگاوی گەورە بچینە پێشەوە.

ئێمە نامانەوێت ئەوەتان بەبیر بهێنینەوە کە کورد میللەتێکە لە رووی ئازایەتی و دلێرییەوە لەهیچ مەیدانی شەڕێکدا نەبەزیوە و شکستی نەهێناوە، ناشمانەوێت هێرشەکانی دوژمنان بخەینەوە بیر کە بە درێژایی مێژوو و لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئەو ئابلۆوقەدان و تێکشکان و هێرش و جەنگە دەروونیانەی لەگەڵیدا کراوە کارێکی زۆری لەسەر دڵ و مێشک و دەروونی بەجێ هێشتووە، گەورەترین تێکشکانیش ئەوەیە مرۆڤ لەناوەوەڕا تێک بشکێت و هەست بە بەزین بکات، ئەمڕۆکە بۆ یەکگرتنی ڕاگەیاندنی سەرجەمی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێویستە بەرنامەیەک دابنێین و زۆر چاپووکانە بکەوینە خۆمان بۆ ئەوەی لەناوەوەڕا مرۆڤی کورد سەرلەنوێ دابڕێژینەوە و لەپاش چارەکە سەدەیەک پەروەردەی شێواو، پەروەردەیان بکەینەوە. لە پاش چارەکە سەدەیەک کە لە کوردستانی عێراقدا (**مێشک شووشتنەوە - غسل دەماغ**)ی بۆ دەکرێت و هەوڵ دراوە هەرچی بنەما و ڕەوشت و دابونەریتی جوانی کوردەواریمان هەیە، بە بنەما و ڕەوشتی دزێو و نامۆ و دابونەریتی نارەسەن و لامێژ جێگەیان پڕ بکەنەوە.

دوژمن هەر لەزووەوە هەوڵی داوە لە ڕێگەی مێشکی مرۆڤی کوردەوە، بچێتە ناو ژیانیان و دەسەڵاتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێ و داگیریان بکات. داگیرکردنی (**کوێت**) لەلایەن عیراقەوە چەند مانگێکی کەمی خایاند، کە هەر یەک نەتەوەش بوون، کەچی ئێستاش دوای دەرپەڕاندنی هێزەکانی عیراق خەریکن (**شوێنەواری**) دوژمنکارانەیان لەسەر مێشک و دەروونی کوێتییەکان لادەبەن و دوایی نەهاتووە! ئەی ئێمە دەبێت چ خەباتێکی بێ وچان بکەین، تاکو خڵتەی پیس و شوێنەواری چارەکە سەدەیەک لەسەر مێشک و دەروون و نەست و دابونەریتمان لاببەین؟ کە ئێمە بەدرێژایی ئەو ساڵانە کراوین بە کێڵگەی تاقیکردنەوەیان و تۆوی خەراپەکاری نەماوە تیاماندا نەیرووێنن و بەبێ وەستان ئەوان بوونەتە هۆی شێواندنی پەروەردەی چەند نەوەیەک.

ئەمڕۆکە کورد پێویستە سەرلەنوێ ڕۆڵەکانی خۆی لەسەر هەموو ئاستەکاندا پەروەردە بکاتەوە. ئەو قسەیەی خاتوو (**میتران**)م هەرگیز لەیاد ناچێت کە گوتی: (**هێزی کورد لە یەکگرتنیەتی، ئەگەر کورد یەک نەگرێت کەس گوێی لێ ناگرێت**). هیچ ڕۆژێک بەقەدەر ئەمڕۆکە پێویستمان بە دانانی بناغەیەکی پتەوی کاری سیاسیانە و سەربازیانە و ڕاگەیاندنکارانەی هاوبەش نییە. بەڵێ لەمڕۆکەدا پێویستە بابەتی ڕاگەیاندنی



مەدام میتران

**پێویستە هەماهەنگی و یەک هەڵوێستی ئیعلامێکی یەکگرتوو بۆ هەموو پارت و ڕێکخراوەکان هەبێت، هیچ نەبێت بەرامبەر بەو دوژمنانەی کە ئالوودەبوون و ئیدمانیان لەسەر دوژمنایەتیکردنی کورد کردووە و دوژمنی هەموو لایەنەکانن، نەک تەنیا هی لایەنێکیان، کە دەبێ ئەو ڕاگەیاندنە یەکگرتووە مەرکەزی بێت و بیروڕایەکەی ئاوەژوو کردنەوەی یەکگرتووانەی بیروڕای پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێت...**

کورد لە کوردستاندا چارەسەرێکی زانستیانە بکرێت و بەرنامە و پلانێکی ئیعلامیانەی تێروتەسەلی بۆ دابنرێت، کە شێوەی ئیشکردنی هەموو بوارەکانی کاری ڕاگەیاندنی یەکگرتوو بگرێتەوە و ورد و درشتی لایەنەکانی پەیامی ئەو ئیشە بگرێتە خۆی، ئەمەش بەدروست کردنی بنچینە و بنەڕەتێکی ڕاست و دروست و دەستنیشان کردنی ئەرک و پسپۆڕی هەموو لایەنەکان و پاشان دانانی ڕێگایەک بۆ پشتگیری و باربوو کردنی ئەو بەرنامانەی دادەنرێن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات جێبەجێ بکرێن و بخرێنە سەر زەمینەی واقیع، کە بەڕێوەبردنی کاری ئیعلامیانەی سەرکەوتوو پێویستی پێ هەیە.

لێرەدا ئاماژە بۆ جیاوازی بیروڕایەکان دەکەین کە لە هەڵوێستی سیاسیانەماندا هەیە بەرانبەر بە بارودۆخی ئەمڕۆکەی کورد و ئەو دوژمنانەی کە لەسەر دوژمنایەتی کردنی کورد یەکیان گرتووەتەوە، ئەو باری تێڕوانینە جیاوازانە بۆ پیلانە هاوبەشەکان کە دەرحەق بە هەموو پارچەکانی کوردستان و دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێن، بمانەوێت و نەمانەوێت کەلێن و کەلەبەر دەخەنە ناو هەڵوێستی ڕاگەیاندنمانەوە کاتێ هەریەکەیان بەشێوەیەک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، لەکاتێکدا پێویستە هەماهەنگی و یەک هەڵوێستی ئیعلامێکی یەکگرتوو بۆ هەموو پارت و ڕێکخراوەکان هەبێت، هیچ نەبێت بەرامبەر بەو دوژمنانەی کە ئالوودەبوون و ئیدمانیان لەسەر دوژمنایەتیکردنی کورد کردووە و دوژمنی هەموو لایەنەکانن، نەک تەنیا هی لایەنێکیان، کە دەبێ ئەو ڕاگەیاندنە یەکگرتووە مەرکەزی بێت و بیروڕایەکەی ئاوەژوو کردنەوەی یەکگرتووانەی بیروڕای پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بێت، ئەوسا (**ئیجتیهاد**) کردن هەبێت، یان نەبێت ئەوە دەکرێت ڕەوتی کاری ئەو ڕاگەیاندنە یەکگرتووەی پێ دەوڵەمەند بکرێت، چونکە لەوسەر هەرچی هەوڵێک بدرێت ناتوانرێ بەو شێوە ئیعلامەی کە هەیە و هەریەکە بۆ خۆی ئیش بکات، جەماوەر ڕازی بکەین.

قەناعەت پێکردنی جەماوەر لەم قۆناغ و سەردەمەدا کارێکی هەروا ئاسان نییە، بۆیە جەماوەرەکە بەیەک نەگرتنەوەی ڕاگەیاندنی کورد، یان ئەوەتە بەسەر خۆیاندا دابەش دەبن و ئەوسا یەک هەڵوێستی یەکگرتوویان بەرانبەر بە ڕووداوەکان نابێ، یان ئەوەتا هەڵوێستی گۆشەگیری هەڵدەبژێرن، تاکو نەبنە لایەنێک لە قووڵ کردنەوەی جیاوازی (**بیروڕایە چارەنووسسازەکان**) بەرانبەر بە ڕووداوێکی دیاریکراودا، ئەمەش هەڵوێستی ڕاکردنی جەماوەرە لەبەرپرسیارەتی خۆی، کە چاوەڕوانە

کات بەسەر بچێت و هەڵوێستی خۆی وەرنەگرێت، چونکە یەک هەڵوێست بەرانبەر بەو رووداوانە نابینن، تاکو بەشداری تێدا بکەن، ئەوە لە کاتێکدا لەم بارودۆخە ناسکەدا زۆر زۆر پێویستمان بە بەشداری پێکردنی جەماوەرە لە هەڵبژاردنی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر بە رووداوەکان، بۆ ئەوەی هەوڵی ئەوە بدرێ جەماوەر وەک لە راپەرینەکانی بەهاری ئەمساڵدا دیمان، هەر خۆی دروستکەری رووداوەکان بێت، تەنانەت نەک هەر بە تەنیا هەڵوێستی ئیعلامیانەی یەکگرتوو لە ئاستی رووداوەکانی ناوخۆ پێویستە یەکبخرێن، بەڵکو لەسەر ئاستی دەرەوەشدا هەوڵ بدرێت (**نووسینگەی راگەیاندنی هاوبەش و یەکگرتوو**) بکرێنەوە تا هەموو توانایەکان لە دەرەوەی وڵات یەک بخات بۆ زیاتر راکێشانی رای گشتی بەرەو لای کێشەی کورد و روونکردنەوەی هەموو لایەنێکی بۆ رای گشتی، ئەمەیش بەسەرپەرشتی ئەو (**نووسینگانەوە**) بێت کە لەلایەن هەموو پارت و رێکخراوەکان دێنە دی، بە تایبەتیش لەمرۆکەدا کە کێشەی کورد کەوتووەتە نێو کەشوهەوایەکی جیهانییەوە و خەڵکانێکی زۆر لەسەر هەموو ئاستەکاندا بۆ پشتگیری کردنی کێشەی کورد لایەنگیری خۆیان نیشان دەدەن.




* * *

لەکاتی خۆیدا و بەردەوامیش بۆ پاڵپشتی کردنی کێشەی (**فەلەستین**) زۆر کەسی ناسراوی بوارەکانی سیاسەت و رۆشنبیری و هونەر، بە پارە و خەڵات و فریودانی جۆراو جۆر دەهێنران بۆ پایتەختی ئەم وڵات و ئەم وڵاتی عەرەب، تاکو سۆز و بەزەیی رای گشتی جیهان بۆ خۆیان رابکێشن و بەهۆی بەدەست خستنی رای ئەو کەسایەتییە فیکری و فەلسەفی و رۆشنبیریانەوە کێشەکە گەورە بکەن و بیخەنە ئاستێکی جیهانییەوە، لەبیرمانە چۆن چەند ساڵێک لەمەوبەر (**رۆجیە گارۆدی**)یان هێنایە بەغدا و لە کۆنفراسێکی دژ بە زایۆنیزم ئامادەیان کرد. هەروەها ئەوەشمان لەبیرە (**ژان پۆل سارتر**) بەچاوی نابیناوە لە ساڵی ١٩٧٤، (**سیمۆن دی بۆڤوار**)ی خێزانی چۆن قۆڵی گرتبوو و بە هەردووکیان لەریزی پێشەوەی ئەو

خۆپیشانەدا ئامادە بوون کە لەپاریس بۆ پشتگیری کردنی کێشــەی کورد، ویژدانیان پاڵی پێــوە نابــوون داکۆکـی لە مافـی گەلی کورد بکــەن، کە میللەتانــی دی ئەم بەشــداربوونەیان بە ملیۆنان دینار دەکــڕی، کەچی دوای ئەوە کەســێک وەکــو کورد نەچــوو بــۆ لای (ســارتر) بیروڕای لێوەربگرێت و بە نووســین وەک دۆستێکی کــورد بــە خوێنەرەکانی بناسێنێ.





ڕۆماننووسی گەورەی ئیتاڵی (**ئەلبرتۆ مۆراڤیا**) لەگەڵ هەشتا ئەدیبی ناسراوی جیهان نارەزایی خۆی بەرانبەر بــە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کــوژی کیمیاوی لە دژی کورد دەربڕی، کێ دوای ئەو پشــتگیری کردنەی لە دۆزی کــورد، رووی لێناو پێوەنــدی پێوە کرد تاکو زیاتر هان بدرێت؟ ئەویش زیاتر سوور بوونی خۆی لە داکۆکی کردن لە مافی گەلی کورد و گەیشــتن بەمافە رەوایەکانی دووپــات بکاتــەوە، کە رای گشــتی بەهۆی بیــروڕای ئەم ئەدیبــە گەورانــەوە زۆر چــاک کاری تێدەکرێــت و زیاتر بەکــورد و کێشــەی کورد ئاشــنا دەکرێن. لــەو کاتەدا کە دوژمنانــی کورد هیــچ درێغییەکیان لە شــێواندنی وێنەی گەش و رووناکــی میللەتەکەمان نەکردووە و بەم کارەش مێژوو و خەبات و مافە رەوایەکانی بەناڕەوا شــکاوەتەوە. ئەوە نەبوو هــەر دوای ماوەیەک رژێمی بەعس دەعوەتی کرد بۆ سەردانی عیراق تاکو بیروڕای پێ بگۆڕێت!



**سیمۆن**

کەوابێت راگەیاندنی کورد ئەمڕۆ کە لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا ئەرکی زۆری لەسەر شانە جێبەجێی بکات و لە هەردوو ئاســتەکەدا پێویستییەکی حەتمییە لەمڕۆکەدا دوای یەکخســتنی راگەیاندنی هەمــوو پارتەکانی کورد بکەوینە خۆمان تاکو (**نووســینگەی راگەیاندن**) لە وڵاتاندا بکەینــەوە، بۆ ئەم مەبەســتەش کوردێکــی ئێجگار زۆری رۆشنبیر و راگەیاندنکاری ئاوارە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا هەن کە دەتوانرێت پێوەندییان پێوە بکرێت، تا وەک پسپۆڕ و شارەزا لەبواری راگەیاندندا سوودیان لێ وەربگیرێت، یان هەوڵ بدەین لە ئێســتاکەوە کادیری راگەیاندنی تایبەتمەند و کارامە لەو وڵاتانەدا دروســت بکەین، تاکو لەوێش و لە

ناوەوەشـدا سـوودیان لێ وەربگیرێت، لە لایەکی دیکەوە هـەوڵ بدرێت لیژنەیەکی هەمیشـەیی لەسـەرجەمی پارت و ڕێکخراوە کوردسـتانییەکان بـۆ ڕاگەیاندنی کورد پێک بهێنرێـت، ئەمەش بنەمایەکی کارگێڕیی لە ئیش کردندا بۆ دابنرێـت و ناو بەناو کۆببنەوە و بەرنامەی کارکردن بۆ خۆیـان دابنێن، هەر ئەو لیژنەیـە بکەوێتە لێکۆڵینەوەی پرۆژە ئیعلامییەکان و بەرنامە هاوبەشـەکانی نێوانیان، هەروەها لەو پێشـنیارانە ورد ببنەوە کە پێیان دەگات، ئەوانیـش دوای کۆبوونەوەکانیـان ڕاسـپاردەکانی خۆیان بنووسن، تاکو لە کۆبوونەوە گشتییەکانی ئەو پارت و ڕێکخراوانەدا لە ڕاسـپاردەکان بکۆڵرێتەوە، بەمەبەسـتی جێبەجـێ کردنـی ئـەو بەرنامـە و پرۆژانـەی لـە ڕێـگای نووسـینگەکانی ڕاگەیاندنی دەرەوە و نـاوەوە پێیـان دەگات، ئـەو لیژنـە هەمیشـەییەش دەتوانـێ زوو زوو کۆبوونـەوەی خۆی بکات، یان ئەوەتا لەسـەر خواست و داوای پارت و ڕێکخراوەکان لەکاتی پێویسـتیدا ڕێنموونییان پێ بدرێت، یان بە پێشـنیار کۆببنـەوە، بە مەرجێک ئەو لیژنە باڵایەی ڕاگەیاندن باڵادەستترین بەرپرسیاریی ڕاگەیاندنی لە ئەسـتۆدا بێت، کە ڕەنگ ڕشتنی سیاسـەتی ڕاگەیاندن و دانانـی بەرنامـە و کاری ڕاگەیاندنانـەی هاوبـەش و یەکگرتـوو بگرێتـە ئەسـتۆی خۆیەوە، هەروەهـا لە کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکانیدا سەرپەرشتی بکات، ئەوە بێجگە لە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو ڕاسـپاردانەی لەلایەن نووسـینگەکانیانەوە دەخرێتـە بەردەمیـان، چونکە دەبێت بڕیارەکانی ئەو لیژنە باڵایە لە کاتی جێبەجێ کردنی پلان و پرۆژە و بەرنامەکان و دانانی سیاسـەتی ڕاگەیاندن پشتی پێ ببەسـترێت، هەروەکو چۆن پێویستە ئەرکی ڕێکخستن و هەماهەنگی لە ئەستۆدا بێت، لەگەڵ کار و مومارەسە و بەرنامەکانی ڕێکخراوە پیشەییەکانی وەک: مامۆستایان و ئافرەتان و قوتابیـان و لاوان و جووتیاران و...تاد. لەگەڵ مەڵبەندەکانـی ڕاگەیاندنـی دیکە، کە مومارەسـەی کاری ڕاگەیانـدن دەکەن، ئنجا ئەو مومارەسـەیە بەشـێوەیەکی هەمەلایەن و تێکڕایی بێت، یان جوزئی لەوانەش: سەندیکای ڕۆژنامەنووسـان و هونەرمەنـدان و یەکێتی نووسـەران. هەر ئەو نووسـینگانەش کە لـە دەرەوە کاری ڕاگەیاندنی هاوبەشیان پێ دەسپێردرێت، پێویستە (**پەیامنێری**) تایبەتی دەستنیشـان بکەن بۆ ئەوەی ڕاپـۆرت و هەواڵی گەرما و گـەرم بۆ ئێزگـە و تەلەڤزیـۆن و ڕۆژنامەکانـی ناوەوە بنێـرن. لەهەمان کاتدا هەرچی دامودەزگایەکی ڕاگەیاندنی دیکەش هەیە بچنە ژێر دەسـەڵات و ڕێنوێنی گوتاری ئەو



ئەلبرتۆ مۆراڤیا

**"هـەر بـەم پێودانگە ڕاگـەیـانـدنـی کـورد لەم بـارودۆخـە نـاسـکـەدا دەتوانێت دەورێکی روون و ئـاشـکـرا بگـێـڕێت و چالاکانە و بە زیندوویی باڵ بەسەر گۆڕەپانەکەدا بکێشێت، نەک بە مردوویی و دەسـتـەوسـانی بـە دوو هـەواڵ و ڕووداوەکـان و ئەرکەکانی بکەوێت..."**

راگەیاندنــە یەکگرتووە، ئینجا بەشــێوەیەکی راســتەوخۆ، یــان ناڕاســتەوخۆ بێت، ئەوســا دەتوانرێت هــەر بەهۆی ئەو نووســینگەی راگەیاندنە بالایەوە، کێشــەی ئەدیبان و هونەرمەندان چارەسەر بکرێت و رێک بخرێت.

هەر بــەم پێودانگــە راگەیاندنی کورد لــەم بارودۆخە ناســکەدا دەتوانێــت دەورێکــی روون و ئاشــکرا بگێڕێت و چالاکانــە و بــە زیندوویــی بــاڵ بەســەر گۆڕەپانەکەدا بکێشــێت، نــەک بــە مردوویــی و دەستەوســانی بە دوو هــەواڵ و رووداوەکان و ئەرکەکانــی بکەوێــت، هەر بەو زیندوویــەش دەتوانێــت پــەل بــۆ گۆڕەپانــی دەرەوەی کوردستان بهاوێت و کارتێکردن لەسەر رای گشتی بەجێ بهێڵــێ، کــە ئەمەیش بەهــۆی چالاکییــە جۆراوجۆرەکانی خۆیەوە دەکرێ، لە ئەنجامیشــدا ئەو نووسینگانە دەکرێت ببنــە دامــودەزگای راگەیاندنــی ســەربەخۆ کــە بتوانێت ئەرکەکانی خۆی بەشــێوەیەکی تایبەتمەند و جیاواز بەدی بهێنێت، بەلام لەگەڵ گرنگی ئەو ئامانجەی خۆی کە بەسەر کاری دامودەزگاکانــی راگەیاندنی هاوبەش دەیســەپێنێت، یــان لەگەڵ ئــەوەی کــە راگەیاندنی هەندێ لــەو لایەن و رێکخراوانە تایبەتمەند و پێشــکەوتوو و بالا دەســتن، یان لەپاڵ پێویســتیی پەرەپێدانــی کاری راگەیاندنی یەکگرتوو و دەســتەبەر کردنــی تواناکانــی کــورد بــۆ راگەیاندن و پرۆپاگەندە بەیەک ئاراســتەی هاوبەشدا، کەچی جیاوازی لەهەڵوێســتە سیاســییەکاندا، یان لە چۆنیەتی بیرکردنەوە و جیــاوازی بەرنامــە و پەیــڕەو و پرۆگرامی ئەو پارت و رێکخراوانە لە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی بارودۆخەکە و مەترســییەکانی داهاتووی کوردستان و جۆراوجۆربوونی ســەرچاوەی هەڕەشە کردن لە کورد و پاکۆدانی، ئەمەش کاری کردووەتە سەر وەرنەگرتنی هەڵوێستێکی یەکگرتووی هاوبەش، بۆیە ئێستاکە لەقۆناغێک داین کە قۆناغی گەڕانە بەدوای بڕوبیانوو هێنانەوە بۆ داپۆشــین و شــاردنەوەی هۆیەکانــی دواکەوتــن و دواخســتنی پــڕۆژە و بەرنامــە هاوبەشەکانمان، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەین راشکاوانە و بە بێ رتووش بچینە ناو ئەو هۆیە راستەقینانەی دەبنە هۆی خولقاندنــی ئەو بارودۆخانە. هەر لەو ســۆنگەیەوە، کاری یەکگرتووانەی کوردانــە و یەکگرتنەوەی دامو دەزگاکانی راگەیانــدن و تواناکان لەیەک رووباردا، بە پێویســتییەکی گرنگ و ستراتیژی دەزانم.

کاری راگەیاندنــی هاوبەشــیش گرنگییەکــی گەورەی هەیە لەپاڵ کاری سیاســیانەی کوردانەی هاوبەشدا، بۆیە پێویســتە بڵێین: دەســتەبەرکردنی بنەمایەکانی ئەو شێوە و رێگایــە لە ئیــش کردندا، خولقاندن و هێنانە پێشــەوەی

**”**

**ئێستاکە لەقۆناغێک داین کە قۆناغی گەڕانە بەدوای بڕوبیانوو هێنانەوە بۆ داپۆشین و شاردنەوەی هۆیەکانی دواکەوتن و دواخستنی پڕۆژە و بەرنامە هاوبەشەکانمان، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەین راشکاوانە و بە بێ رتووش بچینە ناو ئەو هۆیە راستەقینانەی دەبنە هۆی خولقاندنی ئەو بارودۆخانە...**

**“**

دامو دەزگای هاوبەش کە لەگەڵ یەکدا کارلێک بکەن، بەسە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی ئەو جۆرە کارکردنە بەدی بهێنێ. خۆ ئەگەر لە رووی ماددییەوە پاڵپشتی و دەستگیرۆیی لەم دامو دەزگایانە نەکرێت بۆ ئەوەی بتوانێ بەرنامە و پلانەکانی خۆی جێبەجێ بکات و شوێن پێی گۆڕانکارییەکانی بوارەکانی ئیش کردنی خۆیان هەڵگرێت، ئەوە ناتوانن ئەرکی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕێنن، یان ئەگەر لە رووی پاڵپشتی کردنی بەشەری و مەعنەوییەوە پشتیان نەگیرێت و کەشوهەوایەکی ئازاد و دیموکراسی و سەربەخۆی هەبێت. هێڵی پانی ئیش کردنیش لەوەدا دێتە دی کە باوەڕی خۆشویستنی کوردستان و گۆش کردنیان بە **(کوردایەتی)** و یەکگرتنی مرۆڤی کورد و سوود وەرگرتن لەهەر نەخشە و بەرنامەیەک کە خزمەت بەو ڕێبازە دەکات بکەینە ئامانج، سەر کوتانەوەی دیاردەی دزێوی خۆبەدەستەوە دان و ورە بەردان و لەڕێ لادان و..تاد بکرێتە زەمینە و لەسەری بجووڵێینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ڕووبەڕووی هەر گێرەشوێنییەک ببینەوە کە دوژمنانمان دەیکەنە سەرمان، ئنجا ئەوە سەرچاوەکەی هەرچییەک بێت، لەگەڵ ڕەواجدان بە زۆر بیروباوەڕی نیشتمانی و نەتەوەیی و ناوخۆیی دی. تەنانەت لەسەر ئاستی دەرەوەشدا دەتوانین لەپاڵ ئەو ئەرکە نەتەوەییانە هێڵی بیروباوەڕێکی مرۆڤانە دابنێین بۆ ئەو دامودەزگایانەمان، بەو پێودانگەی کە لەسەری یەک دەگرینەوە و ڕێ دەکەوین، لەوانەش وەک ناڕەزایی دەربڕین لە بەرانبەر ڕەگەزپەرستی لەهەر کوێیەک بێت، یان ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر دەست درێژی و دوژمنکاری دەرەکی لەسەر هەر وڵاتێک، یان گەلێک، وەک لەم دواییە لە داگیرکردنی کوێتەوە لەلایەن عێراق بەرچاومان کەوت، یان وەستانەوە دژی هەموو پێشێل کردنێکی یاساو تخوویەکی نێو نەتەوەیی. لەم قۆناغەدا، کە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاشتیخوازانە و دەمی وتووێژە ئای کە پێویستمان بە کار و کۆششی ڕاگەیاندن هەیە بۆ یەکخستنی وتەی خۆمان و بەهێز کردنی ریزەکانی گەلەکەمان کە دوژمن بچووکترین **(درز)** نەک **(دەلاقە)** بەملیۆنان دەکرێت و تەنانەت لەم کاتی نەهامەتی و نابوودیەشیدا، دەیەوێ گەرا لەناو ریزەکانی گەلەکەمان دابنێت و بەناتەبا و ناکۆک بیان بینێت.

ئای کە پێویستمان بە **(برایەتی)** و **(تەبایی)** و **(یەکبوون)** و ڕێکەوتن هەیە بۆ سارێژ کردنی برینەکانی ساڵانی رابردوومان، بگرە پێویستە کۆنگرە و کۆنفرانس بۆ پتەوکردنی برایەتی نێوان کورد و کورد و بەهێز کردنی ریزەکانی گەل ببەستین، کە گەورەترین دەستکەوتی (ڕاپەڕین) ئەو دەست لەناو دەستی یەکتر نانە بوو، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنی خوێن خۆر و باوە کوشتەی هەر هەموومان، کە ئەگەر – خوا نەخواستە – دەستی بڕواتەوە جارێکی دی هیچ جیاوازییەک لەنێوان کوردێک و کوردێکی تر ناکات – بیروباوەڕیان هەرچییەک بێت – هیواشمان زۆرە کە قاچمان لەسەر ئەو زەمینەیە دانابێت و چووبێتینە سەر ئەو دوو هێڵەی کە ڕێگای ڕاست و ڕەوانی خزمەت کردنی کورد و کوردستانی لەدواوە بێت بە ڕێگایەکی ڕاستدا تا بمانگەیەنێتە ئامانج و خواستەکانمان کە هەموو لایەک لەسەری یەک بگرینەوە و کۆک بین و دەستمان بگرێت بەرەو کاری کوردانەی یەکگرتوو، بۆ ئەوەی بەشدار بین لەو دەورە کاریگەرەی ڕاگەیاندن کە پێویستییەکی هەمیشەییە لە قۆناغێکدا کە زۆر پێویستمان بە بەدی هێنانی ئەو خەونە هەیە!

### لە پێناوی دامەزراندنی دامەزراوێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆدا

ئاشکرایە کە سەدەی بیستەم، بەهۆی ئەو پێشکەوتن و دەستکەوتە گەورانەی لە بواری زانستدا هاتوونەتە دی بەسەردەمی خێرایی دادەنرێت، یەکێکیش لەو بوارانە هۆیەکانی پەیوەندی کردن و بەیەک گەیشتنە **(الإتصال)** کە لەو سەردەمەدا وای لێهاتووە زۆر بە ئاسانی زانیاری و وێنە و دەنگوباس بەهۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە، لە شوێنێکەوە بۆ

شـوێنێکی دیکە بگوێزرێتەوە. لەگەڵ دەسـت بەکارکردنی مانگە دەسـتکردەکانیش (**الأقمار الصناعیـة**) هۆیەکانـی بەیـەک گەیشـتن و پێوەندی بەیەکەوە کردن گەیشـتۆتە ترۆپکی دەسـەڵات و توانای خۆی، تـا وای لێهاتووە زانایـان ئـەو سـەردەمەمان، بەسـەردەمی تەکنیـک و کۆمپیوتـەر و گەردیلە ناو ببەن، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی شانازی بەخۆوە کردنیـان بگاتـە ئـەو رادەیـە، سـەردەمەکە بەسـەردەمی موعجیـزەکان ناودێـر بکەن و جیهان بە گوندێک بناسێنن.

((**ڕاگەیانـدن**)) یەکێکـە لـە گرنگتریـن دەسـتکەوتەکانی سـەردەمی نوێمـان، کـە توانراوە بەهۆی (**وشـە**) و (**وێنە**)وە دەورێکی گـەورە و بایەخـدار لە سـەرکەوتن بەسـەر پەیـژەی شارسـتانیەتدا بگێـڕێ، بـۆ رەنـگ رشـتنی چەندان دیاردە کە لەو جیهانە پان و بەرینەدا روو دەدەن و روویان داوە.

ئەمڕۆکە هەموو گەلانی دنیا ((**ڕاگەیاندن**)) سـەرنجیانی راکێشـاوە و بایەخـی تایبەتـی پـێ دەدەن و لەپێنـاوی پێشخسـتنی چەمکە زانسـتییە هاوچەرخەکانیـدا تێدەکۆشـن، بۆ ئەوەی گرەوی سیاسـی و شارستانی خۆیان ببەنـەوە و هەوڵـی جێگیـر کـردن و قایـم کردنی جێ پێـی هەنگاوەکانیان لە بوارەکانی بنیادنـان و گەشـەکردندا (**تنمیـة**) بدەن، هەر ئەم مەبەسـتەش بووە هـۆی ئەوەی دەوڵەتە پیشەسـازییە گـەورە و پێشـکەوتووەکان لەماوەیەکـی دوور و درێـژدا خەریکی ئەوە بن دەورێکـی خەتەرناک لە ئاراسـتە کردنی هۆیەکانـی راگەیاندنـی خۆیان بـۆ کارکردنە سـەر گەلانـی دواکەوتـووی دنیـادا بگێڕن، بەتایبەتی گەلانی ژێردەستە.

هەروەک دەزانین زۆرجار گەلانی وڵاتانی جیهانـی سـێیەم داوایان کردووە لـە بواری راگەیاندندا (**سیستمێکی نوێ**)یان بۆ پێوەندیی بەیەکەوە کردن و راگەیاندن بۆ دابنرێت، بەڵام زل هێزەکان هەمیشـە ئەو داوایانەیان دەدایە دواوە، تاکـو گەلانـی ئەو وڵاتانە بـەردەوام لەبـواری (**ڕاگەیانـدن**)دا کەموکوڕییەکانـی خۆیان پێ چارەسـەر نەکرێـت و ئەوانی باڵا

دەستیش بەهۆی پێشـکەوتنی تەکنیکییانەوە، بتوانـن هەمیشـە لـە فراوانتریـن دەرگاوە پیلانەکانـی سیاسـەتی داگیرکردنـی عەقڵ و رۆشـنبیری بەسـەر ئـەو گەلانـەدا جێبەجێ بکەن.

سیسـتمی راگەیانـدن، بـە هەمـوو هۆیە جیاوازەکانییەوە، توانا و دەسـەڵات و گرنگی دەزگاکانـی لـە بـواری کارتێکردنی بەسـەر هاوڵاتییەکانییـەوە، لـە گەلێکەوە بـۆ گەلێکی دیکە دەگۆڕێت، هۆیەکەش بۆ توانای تەکنیکی و کادیـری پسـپۆڕ و شـارەزا دەگەڕێتەوە. جیـاوازی توانـاو دەسـەڵاتی ئـەو گەلانە لە بواری راگەیاندندا زۆر روون و ئاشکرایە، بە تایبەتی ئەگەر هاتوو بەراوردێکی سـاکارمان کـرد لەنێوان ئـەوەی دەوڵەتە پیشەسـازییە گـەورە و دەوڵەمەنـدەکان هەیانـە، لەگـەڵ ئـەوەی گەلـە هـەژار و نەدارەکانـی دوو کیشوەری ئاسـیا و ئەفریقیا هەیانە. دەوڵەتە دەوڵەمەند و گەورەکان (٨٠٪)ی ئاژانسەکانی دەنگوباسیان بەدەسـتەوەیە، هەروەها (٩٠٪) ی راگەیاندنی رادیۆییان هەیە کە لەسەرپاکی جیهانـدا دەنگوباس و بەرنامە بڵاو دەکاتەوە. ئـەوە بێجگە لە هۆیەکانـی دیکەی راگەیاندن: وەک (**ڕۆژنامـە**) و (**گۆڤـار**) کـە تـەواوی دنیای تەنیوەتـەوە، ئێمەش وەکو (**کورد**) لەم سیسـتمە نوێیەی جیهان کە ئەمڕۆکە جەنگی سـارد لەنێـوان هـەردوو زل هێزەکە نەماوە و دنیـا بەرەو ئازادی و دیموکراسـی هەنگاو هەڵدەگـرێ، دەتوانین زۆر لـەوەی ئەمڕۆکە چاکتـر ئەو هەلە بقۆزینەوە تاکو رای گشـتی جیهان هـەر بەهۆیەکانـی راگەیاندنی خۆیان بەرەو لای عەدالەتی کێشەکەمان رابکێشین.

ئێمەی کورد بـە پێچەوانەی ئەو گەلانەوە کـە چەندان سـاڵە خەبـات لەپێنـاوی هێنانە دی بیرۆکـەی سیسـتمێکی جیهانیـی نـوێ بـۆ راگەیانـدن دەکەن، دەتوانیـن کار بکەینە سـەر ئـەو هۆیانـەی راگەیاندنـی جیهان و کێشـەکەمان زیاتر بەدنیا بناسێنین. لەهەمان کاتـدا بەرانبـەر بـە سیاسـەتی راگەیاندنـی دوژمنانـی میللەتەکەشـمان زۆر باخەبـەر و وریا بین و هەنگاو بە هەنگاو شوێنی بکەوین

تاکو بتوانین ئێمەش راگەیاندنی دژمان هەبێ **(الأعلام المضاد)** و نەکەوینە ژێر کارتێکردنی ئەو راگەیاندنە پڕ لە چاوبەستەک و چەواشەکارانەیەی هەوڵ دەدات راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر جەماوەر، چونکە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی ناو بەرەی کوردستانی بە تەواوی وازیان لە وەڵامدانەوەی هێرشە ئیعلامییەکانی رژێمی دەسەڵاتدار و دەوڵەتی عیراق هێناوە.! ئەمڕۆکە بۆ دروست کردنی دامەزراوەیەکی راگەیاندنی سەربەخۆ پێویستە بایەخی گەورە و توانای ماددی و وزە و توانستی زۆر بۆ بواری راگەیاندن تەرخان بکەین و لە ئێستاکەوە خەریکی سازکردنی کۆنگرەیەک، سیمینارێک بین بۆ **(ڕاگەیاندن)** و لەسەر ئاستی دەرەوە و ناوەوە مشووری بۆ بخۆین، تاکو لەم کۆنگرەیەدا کە دەتوانین کادیری بێگانەشی بۆ بانگ بکەین تێیدا بەشدار بن- بە تایبەتی ئەوانەی دۆست و لایەنگری کوردن - بۆ ئەوەی بتوانین بەشێوەیەکی نوێ و پڕ بەپێستی ئەو سەردەم و قۆناغەماندا کە میللەتەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ، هۆیەکانی راگەیاندنی خۆمان دابمەزرێنین و ئەرک و چالاکییەکانی بۆ دابڕێژین. لە ئێستاکەوە وێنەی سیاسەتی راگەیاندنی جیاوازی خۆمان لەگەڵ گەلانی سەردەستە دابنێین، بۆ پێشخستنی هۆیەکانی راگەیاندن، کە هەر بەم هۆیەوە دەتوانین گوزارشت لە ئامانجە سیاسییەکانمان بکەین و بیروڕایەکانمان بگەیێنینە ئەمسەر و ئەوسەری دنیا، ئەمەش لە کایە زانستی و رۆشنبیرییەکاندا ببێتە بەربەستێکی گەورە بە رووی داگیرکردنی رۆشنبیریدا کە چەندان ساڵە دوژمن خەریکیەتی و کاری بۆ دەکات.


سارتەر

پێویستە لەمڕۆکەوە راگەیاندنی کورد لە ئاستی کێشە رەواکەی و ئەو قوربانیانەی بێت و بە پتەوی لەسەر قاچی خۆی بوەستێ و نەبێتە وێنەیەکی بچووک کراوەی هیچ راگەیاندنێکی دیکەی دواکەوتووی گەلانی وڵاتانی جیهانی سێیەم. هەرچەندە لە چاو گرنگی کارەکە خۆی توانا کەمە، بەڵام ئەو هەلەی بۆ ئێمە هەڵکەوتووە لە سایەی **(ڕاپەڕین)**ەوە هەلێکی زێڕین و گەورەیە بۆ ئەوەی گوزارشت لەخۆمان بکەین و ناسنامەو بنچینە گرنگەکانی ئایندەی سەربەخۆمان دامەزرێنین، یان لەگەڵ ئەوەی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە زل هێزو پێشکەوتووەکان کادیری ئەو بوارەمان ژمارەیان ئێجگار کەمە کە لە بوارەکانی راگەیاندندا پسپۆڕ و لێزان بن، لەگەڵ لاوازی ئاستی ئەو ئامێرانەش کە ئێمە لەچاو ئەوان هەمانە، بەڵام وەک بناغە دانان دەتوانین بەرەو پیری ئەو رێبازە بچین کە

ئامانجەکانمان بۆ چەسپاندن و بووژاندنەوەی بنەما و ناسنامەی نەتەوایەتیمان دەهێنێتە دی، لەپاڵ ئەو ئامانج و دەسکەوتە شارستانیانەی کە خزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد دەکات، چونکە سیستمی نوێی بەیەک گەیشتنەوەکانی راگەیاندن بیرۆکەکەی لەو کاتەوە سەری هەڵداوە کە ئەنجوومەنی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی دامەزرا و لە راپۆرتە تایبەتییەکاندا سەبارەت بەتەقەللای راگەیاندن لە وڵاتانی جیهاندا ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە ناوچەی جوگرافی بەختەوەر لە رووی راگەیاندنەوە هەن، هەروەکو ناوچەی زۆر بەرینتریش هەیە کە لە بواری راگەیاندندا بەدەست کەموکوڕییەکانیانەوە دەناڵێنن.




لەو رووەوە کە باس لە دامەزراندنی سیستمێکی راگەیاندنی نوێ دەکەم بۆ گەلی کورد هەڵبەتە لەسەر ئاستی هەموو پارچەکانی کوردستان باسی لێوە دەکەم، بۆیە پێ لەسەر گرنگی کاری هاوبەش و هەرەوەزانە دادەگرم، نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستانی خواروو، بەڵکو لەلایەن هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیشدا، تا ئەگەر کادیر و توانای راگەیاندن لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان هەبوو، سوود بەو سیستمە بگەیەنن، ئینجا بە ئیشکردنی راستەوخۆ بێت، یان بە ئاڵوگۆڕ کردنی شارەزایی و پسپۆڕی بێت، پێویستە لە ئێستاکەوە کادیری بەتوانا بۆ ئەو بوارە دروست بکەین و ئەو کەسانە بنێرین بۆ دەرەوە تا لە بوارەکانی راگەیاندندا کارامە و شارەزابن، چونکە پاشەڕۆژی سیاسیانەی پارچەکانی تری کوردستانیش پێوەندییەکی پتەوی بە بارودۆخی ئەم پارچەیەی کوردستانەوە هەیە، کە ئەمڕۆکە خۆشبەختانە هەلومەرجێکی نێونەتەوەیی گونجاو و لەباری بۆ رەخساوە، ئەوساکە لە داهاتوودا دەتوانین لە کۆنگرە جیهانییەکاندا بەشدار بین و ببینە بەشێکی بەشدار بووی چالاک لە دانانی پێوەندییە جیهانییە نوێییەکە و پێوەندیی و هاوکاریمان

لەگەڵ سیستەمی راگەیاندنی نوێی جیهانیدا هەبێت، ئینجا ئەو مامەڵە و هاریکاری کردنە لە بواری راگەیاندن بێت، یان لە بواری ئاڵوگۆڕ کردنی چاپەمەنییەوە بێت، یان بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و فیلمی سینەمایی، یان سازکردنی هەفتەی رۆشنبیری کوردی بێت لە دەر، بۆ سازکردنی کۆڕی رۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و مێژوویی و فیکری و سیاسی و سازکردنی پێشانگای کتێب و وەرگێڕانی کتێبی بەکەڵک بۆ سەر زمانی بێگانە و ئیلتیزام کردن بە ستراتیژیەتێکی هاوبەش لەبواری راگەیاندندا و هەرەوەزی کردن و یارمەتیدانی هەموو لایەک بۆ برەودان بە کۆششی هاوبەشی بەرهەم هێنانی کاری پێکەوەیی و بەدەرخستنی دەوری گەورەی تەلەڤزیۆن لەبواری گەشەپێدان و ئابووریدا، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەییدا پاشان حەزەر کردن و وریایی لەسەر هێنانی زانیاری و زانیارییە ئاراستە کراوەکان (**المعلومات الموجهة**) کە لە رێگای ئاژانسی دەنگوباس و هۆیەکانی ترەوە پێمان دەگات. بۆیەش دەڵێم حەزەر کردن، چونکە هۆشیاری سیاسی سەرجەمی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەیەک ئاستدا نییە و جارێ ئەوەندە پێنەگەیشتووە تا ئەو زانیاریانە شی بکاتەوە و لەڕاستی و درۆیان بکۆڵێتەوە، بۆیە هەموویان بەڕاستی وەردەگرن و لەوانەیە کار بکاتە سەر ئامانجە سیاسییەکانمان، ئەگەر کاری کردە سەر میکانیزمی بەدی هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی ئێمە، کە ئەمەش بەجۆری دارشتنی زانیاری و هەواڵەکانەوە دەست پێدەکات.




پێویستە راگەیاندنی خۆمان کە پێ دەنێتە سەدەی داهاتوو لەسەر (**ئازادی و دیموکراسی**) رابهێنین، تاکو بەردەوام لەگەڵ داخوازییە رەوایەکانی میللەتەکەمان و چەمکی پێشکەوتنی شارستانێتی جیهان بەرێوە بڕوات و بەردەوام لەگەڵ هێزە خێرخوازەکانی دنیاو کۆمەڵە و رێکخراوە مرۆییەکاندا پاڵپشت بێت، لە ئێستاکەوە گەلەکەمان لەسەر ئەوە رابێنین کە ئازاد بێت لەوەی گوێی لێ دەبێ و دەیبیستێ و حەز بە دەنگوباسی جۆراوجۆر و سەرچاوە جیاوازەکانی بکات و بەپێی رێورەسمی سیاسەتی راگەیاندنی دنیا وەریان بگرین و لێیان ورد

ببینەوە.

(**ڕاگەیاندن**) ڕۆڵێکی کاریگەری لەبواری گەشـەکردندا هەیە کە ئەمڕۆکە گەشـەکردن و ئابووری دوو کۆڵەگەی پێویسـتن بـۆ بووژانـەوە و ئاوەدانکردنەی کوردسـتان، هـەروەک چـۆن (**ڕاگەیانـدن**) بەمانا فراوانەکـەی خۆی، خزمـەت کردنێکـی کۆمەڵایەتییـە، (**ڕاگەیانـدن**) کەلو پەل نییـە ملکەچی یاسـای (**عرض و طلب**) بێـت. ئەگەر ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسـی لـەو سـەردەمەدا وەکو ڕۆڵـی پارێزەر وا بێـت لـە داکۆکـی کـردن لەمافەکانی هاووڵاتـی، ئەوە هەمدیسان دەبێ هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە داکۆکی کردن لە دەسـکەوتەکانی گەلەکەمان و لە ڕزگاربوونی یەکجارەکی و بنیادنان و گەشەکردندا، ئەو دەورەیان پێ بسپێرین.

بایەخدان بە دروسـت کردنی لەشـکری شۆڕشـگێڕی کوردسـتان چەنـد گرنگـە، بایەخـدان بـە (**ڕاگەیانـدن**) دوو ئەوەنـدە و زیاتـر گرنگتـرە، بگرە لەو سـەردەمەدا دەوری سـەرەکی لە دروسـت کردنی (**بڕیاری سیاسـی**) و دیارکردنـی چارەنووسـی میللەتانـدا هەیـە، لەکاتێکـدا کـە خەبـات بووەتـە خەباتی سیاسـی و ڕۆشـنبیریی و ئاشـتیخوازانە، بۆیە پێویسـتە ڕۆژێ زووتر هەوڵ بدرێت تەرازووی لاسەنگ لەنێوان ڕاگەیاندنی ئێمە و ڕاگەیاندنی پێشکەوتووی وڵاتە پێشکەوتووەکان لەبەر چاو بگرین کە ئاسمان و ڕێسمانی نێوانە، بۆ ئەوەی زیاتر هیمەت بکەین، کۆڕ و سـیمیناری بۆ ببەسـتین و چەنـدان لێتوژینەوە و وتاری لەسـەر بنووسین، کتێبی لەسـەر دابنێین بۆ بەدی هێنانی دامـو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی ئەوتۆ کە لە ئاسـتی کێشـە ڕەواکەمان و قوربانییەکانی گەلە ستەمدیدەکەماندا بێت، دامو دەزگایەکی ڕاگەیاندنی پێشـکەوتوو کە کادیری کـوردی بـۆ پێ بگەیەنرێـت، هەوڵیش بـۆ بەهێز کردن و چالاک کردنی ئەڵقـەی پێوەندییەکانی نێوانی دامودەزگای ڕاگەیاندنـی ئێمەو وڵاتانـی دی هەبێ، تاکو تەقەللای دامو دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئەو دەورە پێشـکەوتوو و گرنگە لە ئامادەکردن و سـازدانی ڕەهەندە ڕۆشـنبیری و سیاسی و پەروەردەییەکان بگێـڕن و هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش ببنە قوتابخانەی گەل و کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت.

ئاشکرایە ئەم بارودۆخەی (**ڕاپەڕین**) بۆی ڕەخساندین گەلێک دەرگایان بۆمان خسـتە سەر گازەرای پشت، بەڵام کردنـەوەی ئـەم دەرگایانـە، هێندەی ڕێگا دانە بە ئیشـی حیزبایەتی، هێندە ڕێگادان نییە بە (**دیموکراسیەت**)، چونکە واتای (**دیموکراسیەت**) تەنیا کاری ئازادی حیزبەکان نییە، بەڵکو کاری ئازادی کۆمەڵێک دەزگاو ڕێکخراوی جیاجیان کە دەبێت لە ئێستاکەوە پەروەردە بکرێن و پاڵپشتییان لێ

**پـارتـە سیاسییەکان وا سەیری مەسەلەکە دەکەن کـە یـان دەبـێـت تـەواو بـەرانـبـەر بەیەکتری بێدەنگ بن، یان هێرش و پەلاماری عەسکەری و ئیعلامی لـەگـەڵ یەکتر رابگەیەنن، بەڵام وتووێژی ئازاد و ئاشکرا لەبەردەمی جـەمـاوەردا بوونی نییە، کە وتووێژی بیروباوەڕ و برایەتی بێت...**

بکرێت، چونکە دیموکراسیەتی سیاسی هەرگیز بەبێ بوونی بنەمایەکی پتەوی دیموکراسی فیکری نایەتە دی. دیموکراسیەتی فیکری بەبێ گەشەکردنی لێکۆڵینەوە و دامەزراندنی بنکەی لێکۆڵینەوەی زانستیانە و پەیمانگای تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سەبارەت بە (**پاشەڕۆژ**) نایەتە دی، کە ئەمەش لە ئاستی خۆیەوە کۆمەڵێ گیروگرفتی تری لەگەڵ خۆی هێناوە، لەوانەش نەبوونی وتووێژی فیکری کە تا ئێستا نە لەسەر ئاستی جەماوەر و نە لەسەر ئاستی پارتەکاندا بوونی نییە، چونکە پارتە سیاسییەکان وا سەیری مەسەلەکە دەکەن کە یان دەبێت تەواو بەرانبەر بەیەکتری بێدەنگ بن، یان هێرش و پەلاماری عەسکەری و ئیعلامی لەگەڵ یەکتر رابگەیەنن، بەڵام وتووێژی ئازاد و ئاشکرا لەبەردەمی جەماوەردا بوونی نییە، کە وتووێژی بیروباوەڕ و برایەتی بێت.

ئەمڕۆکەش پێویستە بەر لەهەموو شتێک (**بەرەی کوردستانی**) لەدەوری چەند دروشمێکی مەرکەزی و ستراتیژی کۆببنەوەو کار بکەن، دەنا ناتوانن لەڕووی (**ڕاگەیاندن**)ەوە سیاسەتێکی یەکگرتوویان هەبێت. هەر لەبەر نەبوونی ئەو دروشمە سەرەکییانە، (**بەرە**) نەخشەی ئایندەیی بۆ داهاتوو نییە و ناتوانێ پێشبینی لە هەنگاوە چەپەڵەکانی رژێم و ناحەزەکانی دیکە بکات، لەبەر ئەوە هەر جارە و لەبەردەم هەڵوێستەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا تووشی سەرسوڕمان و دۆش دامان دەبێ و توانجەکان دەگرنەوە یەکتر و هەڵەکان بەسەری یەکتردا دەسوون. هەر لەم دار و بارە ئازادەدا دەتوانین کەشوهەوایەکی رۆشنبیرانە بخوڵقێنین و چەند هەنگاوێک بنێین کە دەبنە رێگە خۆشکردن لە بەرهەم هێنانی دامودەزگایەکی راگەیاندنی یەکگرتوو و چالاک و سەربەخۆدا، لەوانەش:

* هەوڵ بدرێ بۆ دروست کردنی بنکەیەکی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردی، ئەو سەنتەرە کۆمەڵێک لە رۆشنبیران لەخۆ بگرێت کە خۆیان تەنیا بۆ ئیشوکاری رۆشنبیری تەرخان کردبێ.

* هەوڵ بدرێت لە دەرەوە چەند چاپخانەیەکی پێشکەوتوو بهێنرێت، چونکە ئەو چاپخانانەی ئێستاکە هەن جگە لە بەچاپ گەیاندنی نووسین و پۆستەر و بڵاوکراوەی پارتەکان هیچی دی لەچاپ نادەن.

* ئەمڕۆکە کوردستان بە تەنیا ئابڵووقەی ئابووری لەسەر دانەنراوە، بەڵکو ئابڵووقەی رۆشنبیریشی لەسەرە کە بەهۆی ئابڵووقە ئابوورییەکەوە دروست بووە، ئەمەش بەهۆی دەستگیر نەبوونی کاغەز و فیلم و پلێت و پیت و مەرەکەب و پێداویستییەکانی چاپخانەوە، بۆیە دەبێ هەر زوو مشووری ئەو کەلوپەلانە بخورێت و لەدەرەوە بهێنرێن.

* پێویستە هەر زوو لیژنەیەکی باڵا بۆ وەرگێرانی فیکری لە زمانەکانی دیکەوە دروست بکرێت، بۆ ئەو مەبەستەش کەسانی تایبەتمەند و شارەزا جیا بکرێنەوە.

* هەوڵ بدرێت لەگەڵ دەزگا ئەدەبییەکانی لای خۆمان، چەند نووسەرێکی عەرەب و جیهانی بۆ شارە ئازاد کراوەکان بانگهێشت بکرێن کە لە راستیدا هەندێکیان ئامادەیی خۆیان نیشان داوە، چونکە لەڕووی پارەوە ئەمە هیچ لەسەر (**بەرە**) ناکەوێت، بەڵام لە رووی راگەیاندنەوە ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە.

* ساڵانە چەند نووسەرێک بۆ پێشکەش کردنی چەند کۆڕێک لەسەر بارودۆخی سیاسی و رۆشنبیری، وەک وەفدی رۆشنبیری بنێردرێنە دەرەوەی وڵات.

* کردنەوەی بەرنامەی فیکری تایبەت و تەوەرەی فیکری تایبەت بۆ گفتوگۆ لە ئێزگە و تەلەڤزیۆن و رۆژنامە و گۆڤارەکاندا.

* ناردنی هەندێک لە نووسەران و نووسینی ناویان لەناو لیستەی زەمالەی پارتەکاندا، کە ئێستا بووە بە کاڵای قەد و باڵای خزم و کەسوکاری لێپرسراوەکان کە لەوسەریش ئەو نێردراوانە دەگەڕێنەوە هەر کەڕ و کوێرن و هیچ دەورێکیان نییە و نابێ.

* پارتە سیاسییەکان ئەوەندە لە نووسەران نزیک دەبنەوە، کە بیانهێننە ناو ریزی پارتەکانی خۆیانەوە، ئەوەندە مەبەستیان نییەو نووسەریان لەبەر توانای سەربەخۆیی

خـۆی و لەپێنـاوی خزمەت کردنـی دوور لە غـەرەز و لە کەسـبی سیاسـی ناوێـت، بۆیە پێویسـتە ئەو پارتانە لەو راستییە تێبگەن، کە فیکری زانستی و فیکری حیزبی دوو شتی لە یەکتر جیاوازن، بەبێ تێگەیشتن لەو حەقیقەتە، تا ماون لەم شـوێنەی ئێسـتایاندا دەمێننەوە. لەوەش کارەسـاتتر ئەوەیە زۆر لە پارتەکانی نـاو (**بـەرەی کوردسـتانی**) تا ئێسـتا رێزی سـەرەک خێڵێک و کۆنە موستەشارێک زیاتر لە رۆشـنبیرێک دەگرن. هەرگیز رۆشـنبیران (**بە ناو و قسە نەبێت**) لە ریزی رێکخراوەکاندا نـە بایەخ و نە پلـەو پایەیان نییـە، ئەوانەش کـەوا خسـتوومانەتە روو، لـە ئاسـتی ئـەو بێباکی و پشـتگوێ خسـتنەدا پێویسـتیان بە مشـوور خواردنی بە پەلـە و بەچاو بەخۆدا گێڕانـەوە و بەخۆ داچوونـەوە هەیە. دواجار پێویستە سـنوورێک بۆ لاوازی ئەو رۆژنامە سیاسـیانە دابنرێـت کـە هەمـوو لایەنـەکان بڵاویـان دەکەنـەوە، چونکـە جگـە لـەوەی هەموویان هەواڵی دووبارە دەنووسـنەوە، لە رووی فیکریشەوە سەنگینییەکیان نییە!

### سیستمی راگەیاندنی ئایندە

لەم قۆناغە ناسکەی مێژووی میللەتەکەمان، کـە گومانی تێـدا نییە کارتێکردنـی گەورەی خـۆی دەبێـت و جـێ پەنجە و شـوێنەواری لـە دەستنیشـان کردنـی مافـی چـارەی خۆنووسینمان بەجێ دەهێڵێ، چونکە قۆناغێکە سـیمای تەکان و گوڕ بەسـتنەوە و راپەڕینی پێشـکەوتووانە و دیموکراسـیانەی بەخـۆوە گرتـووە، بۆیـە لەو کاتەدا هەر دەسـەڵاتێکی سیاسـیی توانـای هەبێـت و بتوانـێ جڵەوی هۆیەکانـی راگەیاندنی بەدەسـتەوە بێ، ئەوە ئـەو هێـزە سیاسـییە کاریگەریی گـەورە و دیاری خۆی لە گۆڕانی کۆمەڵی کوردەواریدا دەبێـت، ئینجا ئـەو گۆڕانکارییە بـەرەو لای پێشـکەوتن بشـکێتەوە، یـان دواکەوتن، بەو سـیفەتەی هۆیەکانی راگەیانـدن: (**ڕۆژنامە- گۆڤار- کتێب و سیپارە- رادیۆ- تەلەڤزیۆن- شانۆ - سینەما- فیستیڤاڵ کردن- کۆڕگرتن- پڕۆپاگەنـدەی سـەر دیـوار - پۆسـتەر**) گرنگییەکـی گەورەیان لەبـواری (**ئابووری- سۆسـیۆلۆژی- ئیبسـتمۆلۆژی**)دا هەیـە، کە بۆ گۆڕینی رای گشـتی، یان کارکردنە سـەر بیـروڕای جەمـاوەر و هۆشـیارکردنەوەیان، یان چەواشەکردنیان رۆڵی کاریگەریان هەیە.

هەر بەهۆی راگەیاندنەوە (**یەکێتی ریزەکانی گـەل**) دێتە دی، هەر بەهۆی ئەویشـەوە ئەو یەکێتییـە هەڵدەوەشـێتەوە و درز و کەلێن و ناکۆکی دەکەوێتە نێو ریزەکانی گەلەوە.

ئەمڕۆکە لە هەموو رۆژێک زیاتر پێویستمان بە یەکێتـی و یەکگرتنـەوەی دامودەزگاکانی راگەیاندنی لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی هەیە، تاکو ئەو راگەیاندنە بە یەک سیاسـەت رووبەڕووی پیلانەکانی دوژمنانی گەلەکەمان ببێتـەوە. هەرگیـز پێشـکەوتنی ئابـووری بـەدی نایەت، ئەگـەر خاوەنـی راگەیاندنێکی پێشکەوتوو نەبین، راگەیاندن یەکگرتوو نەبێت هەوڵـەکان پەرش و بڵاو دەبن و رێکخسـتن و پلانەکانـی ئایندەمان نایەنە دی و جێبەجێ نابـن و ئاگامـان لـە دنیـای دەوروپشـتمان نامێنـێ. ئـەوە باسـی دامەزراندنـی دەزگای تەلەڤزیـۆن هـەر ناکەم کە دەتوانـێ رۆڵێکی خەتەرنـاک لـە دروسـت کـردن و بنیادنانی عەقڵی ئینسـانی کـورددا بگێڕێ، کە ئەمڕۆکە هەژارتریـن ئەندامـی کۆمـەڵ تەلەڤزیۆنی لە ماڵەوە هەیە و دەتوانرێت سـوودی گەورەی لێ وەربگیرێت، چونکە پێوەندیی راستەوخۆی بە هەموو کەسێکەوە هەیە.

ڕژێم هەسـتی بەگرنگی و راسـتەوخۆیی کارتێکردنـی ئـەم ئامێرە بۆ سـەر کۆمەڵانی خەڵک کردبوو، بۆیە کەوتبووە دابەش کردنی تەلەڤزیۆن بەسەر ناوچە دوورە دەستەکان و لاچەپەکەکاندا. ئەمڕۆکە سەرپاکی مرۆڤایەتی لەناو بەیەکدادانـی گۆڕانکارییەکاندا دەژین و لەناو چوارچێـوەی مرۆڤایەتیدا کار لە یەکتر دەکەن و باوەش بەیەکتریدا دەکەن، بۆیەشـە لەو قۆناغە ناسـکە خۆیـی و نێونەتەوەییەی ئێمە پێیدا تێدەپەڕین وەکو (**کورد**) پێویستمان بـە وریاکەرەوەیەکـی پێـش وەخـت هەیـە کـە پـەی بـە (**ئەگەرەکانی**) داهاتـوو ببات و پێشبینی رووداوەکان بکات و ڕێڕەوەکانی ئەو

داهاتووەمان بۆ دەست نیشان بکات، لەپێناوی زانینی ئەوەی کە داهاتوو چی لە هەگبەکەیدا بۆ هەڵگرتووین و چاوەڕێی چی لەو ئایندەیە بکەین، بێ گومان ئەو هۆیە وریاکەرەوەیە کە پێش وەخت پێشبینی لە ڕووداوەکان دەکات فەراهەم کردنی سیستەمی ڕاگەیاندنە.

گرینگترین و بنچینەییترین شت لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بەرزکردنەوەی ئاستی سیستەمی ڕاگەیاندنە، کە پێویستە بۆ ئاستی تواناو لێهاتوویی ئەو دەزگایانەی هەمانە بەرز بکرێتەوە، تاکو لە باریدا هەبێت و بتوانێت خەڵکی کوردستان لەڕووی عەقڵ و دەروونەوە ئامادە بکات، تا ئەوانیش بتوانن ڕەفتار و مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ چەمک و سیستەمە ئایندەییەکانی ژیاندا بکەن، بۆ ئەوەی بە هۆشیارییەکی زیاترەوە هەست بە ئایندە بکەن.

هەندێک لە پێشڕەوەکانی ئایندەخوازی وای دەبینن، بۆ ئەوەی بیری ئایندەخوازی بە چاکی بڵاو ببێتەوە و پێش بکەوێت، پێویستە لەسەر ئاستی سێ تەوەرەدا کاری بۆ بکرێت:

**تەوەرەی یەکەم:** پێوەندی بەمەودایەکی دیاری کراوەوە هەیە، کە ئەمەش هێور کردنەوەی خێرایی و جڵەو گرتنەوەیە، کە لەواقیعدا ئەمە هەنگاوێکی سوودبەخش و بەکەڵکە، بەڵام بە تاقی تەنیا بەس نییە و ئامانج ناهێنێتە دی.

**تەوەرەی دووەم:** لێتۆژینەوەی بەرنامەکانی (**پلان دانان**) لەمەودایەکی کورتدا، کە ئەمەش بریتییە لە: (**دابەش کردن، دەستگرۆیی کردن و پاڵپشتی ماددی، ڕێکخستن، پێوەندیی پێوە کردن**) کە ئەمەشیان هەر تەواو و کامڵ نییە.

**تەوەرەی سێیەم:** کە لە هەردوو هەنگاوەکەی دی گرنگترە، ئەم هەنگاوەیان گەیشتنە بەدیدێکی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گشتی بۆ داهاتوو، ئەمەش بەمانای دەستنیشان کردنی فەلسەفەی ئایندەیە، هەر ئەم هەنگاوەشە ئەو بوارە بۆ ئایندە دەڕەخسێنێ، تا جێگا و شوێنی دیاریکراوی خۆی لەپاڵ (**زانست**)دا بەمانا قووڵ و وردەکەی بکاتەوە.

لەڕاستیدا ئەو تێڕوانینە بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی بیری (**ئایندەخوازی**) لەگەڵ هەموو واقیعی بوون و وردبینییەکی خۆیەوە، زیاتر ڕوو دەکاتە ئەو کۆمەڵگا پێشکەوتووانەی خاوەنی داوونەریتی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوون و نموونەی وەرچەرخان و گوێزانەوەی فیکرییان تێدایە و لەئاستێکی ماددیی بەرز دان و لە ڕووی ڕێکخستنەوە بە ڕادەیەکی زۆر گەورە و بەرچاو سەربەخۆیی و ڕزگاربوونیان لەکۆت و پێوەند بەدەست هێناوە، بە تایبەتیش کە دەبینین بەسەر میرات و بنەما کۆن و دواکەوتووەکاندا زاڵ بوون، بۆیە ئەو کۆمەڵگایانە بیری گەڕان بەدوای ئایندە قەبووڵ دەکەن، هەروەکو چۆن بیری لێدوان لە پێشخستن و پەرەپێدانی ئێستایان بەرەو ئایندە قەبووڵ دەکەن و بەهیچ شێوەیەک ئەم جۆرە کارکردنانە گیروگرفتی ڕاستەقینەی ئەوان نین، بە پێچەوانەی وڵاتە تازە نەشونوماکان، کە هەمیشە ئەو گیروگرفتانەیان هەیە کاتێ بەرەوڕووی ئەو بیرۆکەیە دەبنەوە.

ئەو تەوەرە بنچینەییانەی لێتۆژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن ڕوویان تێبکەن و وەکو ڕێگە خۆشکردنێک بۆ بڵاوکردنەوەی بیری ئایندەخوازی و پاڵپشتی لێکردنیان و پاشان بەکارهێنانیان بۆ خزمەت کردنی وڵات، لەگەڵ خزمەت کردنی ئایندەی ئینسان بەگشتی، بەلامەوە ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لایەنی (**سۆسیۆلۆژی و سیاسی و سایکۆلۆژی**) دەگرێتەوە، کە ئەمانەش شادەماری گۆڕانی سەرەکی لە سیستەمەکان و بنەما و نەریتەکاندا پێکدەهێنن، بەتایبەتیش لەبواری سیستەمی فێرکردن و سیستەمی ڕاگەیاندندا. ئێمە لەم دەرفەتەدا لە سیستەمی ڕاگەیاندن دەدوێین کە یەکێکە لەو دامودەزگایانەی کە لەپێناوی ئایندەدا دەخرێتە کارەوە، چونکە (**ڕاگەیاندن**) یەکێکە لەو هۆیانەی کاری ئامادەکردنی خەڵکی لە ڕووی زیهنی و بابەتییەوە پێ دەسپێردرێ، تاکو ئەو خەڵکانە بتوانن مامەڵە لەگەڵ چەمک و سیستەمی ژیانی داهاتوودا بکەن و لەگەڵی ڕابێن. لێرەشدا پێویست ناکات بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنین کە هۆیەکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی

تازە نەشـــونومادا زۆر گرنگن، بەتایبەتی لە کوردســـتاندا، کــە گرنگییەکــەی لــە بەڕێوەبردنی کاری گەشــەکردن و پەرەپێدانــی بیری نەتەوایەتی و هەڵســوڕاندنیدا دێتە دی، هەروەهــا بۆ لەیەکتر گەیشــتن و بیــرورا ئاڵوگۆڕ کردنی نێودەوڵەتی ئەو دیو سنوورەکانیشەوە گرنگە.

لەو بوارەدا ئەوەی بەلای ئێمەوە مەبەســتە و بەگرنگی دەزانین، چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێر و هۆیەکانی راگەیاندنە لــەلای خۆمانــدا بۆ بیرۆکەی هۆشــیاری و تێگەیشــتن لە داهاتوو (**الوعي بالمســتقبل**)، یــان بە واتایەکی دیکە بڵێین: تەرخان کردنی هۆیەکانی راگەیاندن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چۆنیەتــی و ماهییەتــی گۆڕانکارییــەکان و ئــەو بەرنامە نوێیانــەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندنــی لای خۆمان و کورد بــە تێکڕایی دایان دەڕێژێ کە لە هەموو پارچەکانی تریش پێشــنیاریان دەکەن، تاکو بتوانرێ لە ئێســتاکەوە خزمەتی ئــەو هۆشــیارییە بکەین کە رووی لــە ئایندەیە، لە پێناوی ئــەوەی پەرە بەو بیرە بدرێ و بــەردەوام بیخەینە بواری کارەوە و کاری پێ بکەین. لێرەشدا بەپێی توانا هەندێک لە بــوارەکان و بەرنامــەکان دەخەینە بەرچاو تا هەوڵ بدرێ پێش بخرێن و سەرەتایان بۆ دامەزرێنرێ لەوانەش:

**یەکەم**: بەرنامەکانی هەواڵ گەیاندن. لەو جۆرە بەرنامانەدا پێویســتە رێژەیەکــی دیاریکــراو بۆ هەواڵەکانــی داهاتوو تەرخان بکرێت، لەگەڵ (ئەگەر)ی رووداوە نوێیە سیاســی و ئابوورییەکان، ئەمانەش بەشێوەیەکی ئەوتۆ بنووسرێن کە وەکو ئێستا دەیانبینین و پەیڕەویان دەکەین وابن، واتە تەنیا گێڕانەوەی رووتی رووداو و هەواڵەکانی دوێنێ، یان بەیانی زوو نەبێت.

**دووەم**: رۆژنامە و گۆڤارەکان- بەتایبەتی گۆڤاری پسپۆڕ و تایبەتمەند- پێویســتە یەکێک لە گۆشــە جێگیرەکانی بۆ داهاتــوو تەرخــان کرابێــت، بەتایبەتی داهاتــووی تایبەت بــەو بابەتــەی گۆڤارەکــە بایەخی پێــداوە، دەشــتوانرێت ئەگــەر توانا هەبوو گۆڤارێکــی تایبەتی بە (**هەواڵی ئایندە**) دەربکرێت، بەشــێوەی ئەو گۆڤــارە وەرزییەی کە لەبانقی (**تشــیز مانهاتن**)ی وڵاتە یەکگرتووەکان کە بەناوونیشانی (**إحتمالات الإقتصاد في الشــرق الأوســط**) دەردەچێ، یان بەشــێوەی ئــەو بڵاوکــراوە هەفتانەیەی کە لــە (فلۆریدا) ی وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنــاوی (**المنبە المبکر**) دەردەچێــت کــە تایبەتــە بــەو هــەواڵ و لێکۆڵینەوانــەی لەپاشەڕۆژی دارایی و بازرگانی و فێربوون و پلان دانان و هۆیەکانی پێوەندیی و لایەنەکانی دی دەدوێت.

ســێیەم: لێکۆڵینــەوەی رێــژەی رای گشــتی و پلەکانــی ئستیجابەی میللی کە دەتوانین بایەخی زۆرتری پێ بدەین

> **پێویست ناکات بە بەڵگە ئــەوە بسەلمێنین کە هۆیەکانی راگەیاندن لە وڵاتانی تازە نەشونومادا زۆر گرنگن، بەتایبەتی لــە کــوردســـتــانـــدا، کــە گـرنـگـیـیـەکـەی لە بــەڕێــوەبــردنــی کـــاری گەشەکردن و پەرەپێدانی بـیـری نـەتـەوایـەتـی و هەڵسوڕاندنیدا دێتە دی، هــەروەهــا بــۆ لەیەکتر گەیشتن و بیرورا ئاڵوگۆڕ کردنی نێودەوڵەتی ئەو دیــو سنوورەکانیشەوە گرنگە. ...**

و ئەنجامەکانی لە تێگەیشتنی نیەت و ڕێباز و توانای گونجانی جەماوەر لەگەڵ کەرەستە و سیستمە نوێیەکاندا بخەینە کارەوە.

چوارەم: هێنانە کایەوەی شێوازی شیکردنەوەی بابەت و ناوەرۆک، ئەمەش بەهۆی شوێن پێ کەوتنی ڕۆژنامەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی بێگانە، کە تاقیکردنەوە گرنگی ئەمەی بۆ هەموو لایەک سەلماندووە، ئینجا لە ڕووی چەندییەوە بێت، یان لەڕووی چۆنیەتییەوە بێت، ئەمەش بۆ بەرچاوخستنی هەندێ بیروڕا و نیەتی لایەنە بیانییەکان دەکرێ، بەمەش داهاتوویەکی ڕاگەیاندنی چالاک و کاریگەرمان دەبێ و پاشەڕۆژیشمان ڕووی لە چاکتر دەبێت.

**لەنێوان ڕاگەیاندن و پڕۆپاگەندەدا**

ئەگەر بەدوای مێژووی ڕاگەیاندندا بچین، ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاگەیاندن بۆ خۆی زانستێکی نوێیە و زۆر لەمێژ نییە هاتوتە نێو ژیانی کۆمەڵگای نێو نەتەوەییەوە، تەنانەت وەک پێداویستییەکی گرنگ خۆی بەسەر جیهانی هاوچەرخدا سەپاندووە، ئەو گرنگییەشی بەتایبەتی لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕاستەوخۆ هاتە پێشەوە و بووە هونەرێکی سەربەخۆ و تایبەت و وردە وردە بنەمایەکانی خۆی دامەزراند و ڕەنگی تایبەتمەندێتی جیاوازی بۆ خۆی ڕشت.

تێڕوانینێکی مێژووییانەی ورد بۆ ڕابردووی نزیک ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە (**ڕاگەیاندن**) دیدو تێڕوانینێکی هەر تەواو جیاوازی هەبوو لەو ناوەرۆکە زانستییەی کە ئەمڕۆکە هەیەتی، چونکە ئەوساکە هەر لە بنەڕەتەوە بە چەمکی پڕۆپاگەندەوە بەسترابووەوە.

بێ گومان لەنێوان پڕۆپاگەندەکەی دوێنێ و ڕاگەیاندنەکەی ئەمڕۆکەدا جیاوازی جەوهەری و گرنگ هەیە، چ لەڕووی شێوەوە بێت، یان لە ڕووی ناوەرۆکەوە بێت، یان لە ڕووی پێوەندی تیۆرییەکانەوە بێت بە جۆری ئیش کردنەوە، بۆیە پڕۆپاگەندە لەمڕۆکەشدا درێژەی هەیە و لەلای هەندێک دەسەڵاتدار واتای کۆکردنەوەی هەموو هۆ و دیاردە فریودەرەکان دەگەیەنێت لەپێناوی مانەوە و بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ بەرەودان بە ڕەوایی بوونی ئەو دەسەڵاتە، ئینجا بڵاوکردنەوەی ئەو دەسەڵات و بەرەو پێدانەی ڕاست بێت، یان درۆ، ئەوە خاوەن هێز و دەسەڵات پشت بەسەرکەوتنی ئەو پڕۆپاگەندانە دەبەستێت کە لە بەرژەوەندیی خۆی دان و بۆ سوود و قازانجی دەسەڵاتدارانەی بەڕێوەی دەبات، نەک بۆ سوود و قازانجی کۆمەڵانی خەڵک، هەرچەندە پڕۆپاگەندەی شۆڕشگێڕانەش هەیە کە وابەستەیە بەبیروبۆچوون و شێوەی ئیش کردنی شۆڕشگێڕانەوە. بەهەرحاڵ ڕۆڵی پڕۆپاگەندە هەرچۆنێک بێت، قەت شوێنی (**ڕاگەیاندن**)ی پێ پڕ ناکرێتەوە، چونکە ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە لەبەرچاو خستنی حەقیقەتەکان و گەیاندنیان دەگێڕێت و بەپێی بەرنامەیەکی زانستییانە و دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ دروست کردنی ڕای گشتی تا لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێونەتەوەیی کار بکات لەپێناوی تێگەیشتنێکی هۆشیارانەی لایەنە ماددی و مەعنەوییەکانی ئەو گەلەی پێشکەوتنی تێدا بەدەست دەهێنێ، هەوڵەکانی خۆی بخاتە گەڕ، ئەمەش بە بەڵگەی ڕاست و قایل کردنێکی زانستییانەوە، هەروەها دەبێت ئەو وێنەیە بەشێوەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش بەرچاو بخرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە پڕۆپاگەندە لەسەردەمی کۆلۆنیالیزمی کۆندا، زۆر کەرەستە و تفاقی گرنگی لەبەر دەستدا نەبوو، تاکو ڕۆڵی وێرانکارانە و کاریگەرانەی زیاتری خۆی لە چەواشەکردنی جەماوەردا بگێڕێت، بەتایبەتی ئەو کەرەستانەی نەوەی ئەمڕۆ هەیانە وەکو تەلەڤزیۆن و سینەمای گەڕۆک و قسەکەر و جووڵانەوەی مانگە دەستکردەکان، بەڵام ئەوان لەسەر فراوانترین ئاستدا سوودیان لە پڕۆپاگەندە وەردەگرت، ئەمەش بەهۆی شارەزایی و پێشکەوتنیانەوە بوو لە هونەری پڕۆپاگەندەدا، ئەو شارەزاییەش لەسەر دەستی

شـــارەزایانی پسپۆڕ و خاوەن تاقیکردنەوەوە بەدەست دەهات کە بە تەواوی مامۆستا بوون لە هۆنینەوە و دروست کردنی درۆ و دەلەسە و شـــێواندنی راســـتییەکان. ئـــەوان کارامـــە بـــوون لـــە دووڕوویـــی و دەســـتکاری کردن و هەڵگێڕانـــەوەی حەقیقەت و ئـــاژاوە نانەوە و قەڵاچۆکـــردن و راونانی بیـــروڕای جیاواز و نـــوێ، باشـــترین بەڵگەش بۆ ســـەرکەوتنی ئـــەو ئەزموونە شـــەڕەنگێزە لـــە قۆناغی پێش هەڵگیرســـانی شـــەڕی دووەمـــی جیهانـــی لە ســـاڵی ١٩٣٩دا، ئەزموونـــی نازییەکانـــە کـــە دکتۆر جوزێف گۆبلز، وەزیری پڕۆپاگەندەی ئەدۆلـــف هیتلـــەر ســـەروکاری دەکـــرد، ئەو ئەزموونەی توانی زۆر چاک دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ، کە ئاکامە سەرکەوتووەکانی بەپێی دیدگای خۆیان هاوشـــانی زۆر ســـەرکەوتنی ســـەربازییان بـــوو لـــە گۆڕەپانی کوشـــتار و جەنگی راستەوخۆدا. ئەوەی پێویستە بە قووڵی تێبگەین، ئەوەیە کە پڕۆپاگەندەی سیاسیانەی رووت بەپێـــی ئەزمـــوون و تاقیکردنەوەکانی واقیع مایەپـــووچ دەرچوو، چونکە بنچینەکەی وەکـــو تیۆرێکـــی زانســـتی نەیتوانـــی بەدوای پراکتیـــک کردنێکی ســـەرکەوتووانەدا بڕوات، ئەمەش لەبەر ناوەرۆکە نالەبار و ناجۆرەکەی خۆیەوە بـــوو. بە پێچەوانـــەی پڕۆپاگەندەوە، راگەیانـــدن لـــەلای خۆیـــەوە بـــووە خاوەنـــی دیدگایەکی زانستیانە و بوونی خۆی سەلماند و جێ پێی خۆی قایم کرد و لەناو بارودۆخی ئاساییدا جێی خۆی کردەوە، بەڵام پڕۆپاگەندە لەناو کەشـــوهەوایەکی گەوجانە و نەفامانەدا بڵاودەبێتەوە کە هۆشـــیاریی شۆڕشگێڕانەی رەسەنی تێدا ون بووبێت. خۆ ئەگەر پڕۆپاگەندە رێگای پێچاوپێچ و نـــاڕەوای بۆ رەواجدان و برەوپێدانـــی چەمکەکانـــی خـــۆی گرتبێتەبەر، ئەوە راگەیاندن بەشـــێوە زانستییە نوێیەکەی و بەهـــۆی ئامێـــرە جۆراوجۆرەکانـــی خـــۆی لەبەرچاوخســـتنی ناوەرۆکـــە زیندووەکـــەی، دەتوانێـــت زیاتـــر بۆ رای گشـــتی ناوچەیی و جیهانی، گوزارشت لە ئەرکە جەوهەرییەکانی خۆی بکات.

راگەیانـــدن پێویســـتی بەوەیە پێش ئەوەی دەست بە راپەڕاندنی ئەرکەکانی بکات، بەدوای ئەو کەرەســـتانەدا بگەڕێت کە لەســـەر ئاستی فیکـــر و ئیش کردندا ســـەرکەوتنی خۆی تێدا بنێتە دی. واتا پێویستی بە کەسانی شارەزای بـــواری راگەیانـــدن هەیـــە، ئـــەو کەســـانەش هەرگیـــز شـــوێنەکەیان بـــە مووچەخۆرێکـــی ئاســـایی پـــڕ نابێتـــەوە، ئەمەش قـــەت نایەتە دی، ئەگـــەر راگەیاندنکار خاوەنـــی کۆمەڵێک سیفەتی تایبەتمەند و جیاواز نەبێت، لەوانەش زیرەکـــی و زمان پـــاراوی و توانـــای مەزندە کردن لەکاتی هەڵوێست وەرگرتن و پێشبینی کـــردن و راســـت و دروســـتی بۆچوونەکانی بەرانبەر ئەگەرەکانی داهاتوو، هەروەها دەبێ حـــازر وەڵام و بـــەدەم و پل و خـــاوەن چێژ و رۆشـــنبیریی فراوان بێت، گورجوگۆڵ و بە جووڵـــە و بزوات و خاوەنـــی زیهنێکی چالاک بێت، دوور بین بێت و توانای چاکی هەبێت بۆ خۆ دەرباز کردن لـــەو گیروگرفتانەی لەکاتی ئیـــش کردنـــدا تووشـــی دێـــن، بەتایبـــەت لەو کاتانەدا کە رووبەڕووی بارودۆخی نائاسایی دەبێتـــەوە. بـــەم پێیە ئـــەو کەســـەی لەبواری راگەیاندنـــی هاوچەرخـــدا کاردەکات دەبێـــت (**دیبلۆماســـی**)یەکی کارامە بێـــت و بە هەموو مانـــای وشـــە لـــە دابونەریتـــی نێونەتەوەییدا شـــارەزا بێت، ئیش کردن و کار و کردەوەی هاوشان لەگەڵ لایەنی تیۆری تێکەڵی یەکتری بـــکات و بەڕێوە بـــڕۆن، بۆیە ســـەیر نییە کە دەبینین زۆربـــەی وڵاتان و گەلانی دنیا ئامێر و دەزگاکانـــی راگەیاندنـــی خۆیـــان لەگـــەڵ رەوایەتـــی بوونی خۆیان وەکـــو دەوڵەتێک و میللەتێکی سەربەخۆ بەیەکەوە بەڕێوە ببەن.

### ئەرکەکانی راگەیاندنی دەرەوە

هەمـــوو گەلێـــک مامەڵەکردنـــی لەگـــەڵ راگەیاندن یەکسان و هاوئاهەنگە لەگەڵ ڕێبازی ئەو نەتەوەیە بەرانبەر سیاســـەتی دەرەوەی. ئەمڕۆکە ئێمە وەک میللەتێک لە دوای ئەوەی کێشەکەمان کەوتە ســـەر ئاستێکی جیهانی و لەوە دەرچوو سەرکوتانەوە و چەوسانەوەی کورد کێشـــەیەکی ناوخۆی عێـــراق بێت، بۆیە پێوەندیمـــان لەگـــەڵ دەزگاکانـــی راگەیاندنی

دنیـا لە جـاران بەهێزترە، لـەوەش دەچێت سـەرچاوەی هەواڵەکانمان باوەڕ پێکراو بن و تا رادەیەکی باش رێز لە بۆچـوون و لێکدانەوەکانمان بگـرن، بێ گومان ئەمەش لە دنیای ئەمڕۆکەدا گرنگییەکی ئێجگار زۆر گەورەی هەیە.

بۆیە بۆ لە کیس نەدانی ئەم دەرفەتە لە بارە پێویستمان بـە هەڵبژاردنی کەسـانی نەوعـی هەیە کە پڕ بە پێسـتی ئـەو ئەرکە بـن، چونکە دابین کردنی ئامێـر و دەزگاکانی راگەیاندن، لەگەڵ مەسـەلەی دیبلۆماسیەت دوو رووبارن و لەیـەک سـەرچاوەوە هەڵدەقوڵێـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا نەبوونـی یەک سـەرچاوەی بڕیـاردان بـۆ بزووتنەوەی رزگاریخـوازی کـورد و جیـاوازی بیروبۆچـوون لەنێو بەرەی کوردسـتانی بۆ چارەسـەرکردنی هەندێ کێشەی ئەمڕۆمان، بوونەتە رێگر و کۆسپێک لەبەردەم ئەرکەکانی راگەیاندنـی دەرەوەمان کە پێویسـتە زیاتر و بەشـێوەی پێویسـت سـوود لەم بارودۆخە گونجاوەی نێو دەوڵەتی وەربگریـن و پێوەندییەکانمـان بەپێـی بەرژەوەندیـی ئێسـتا و پاشـەڕۆژی کورد لەو وڵاتانەدا جێگیر بکەین و نووسـینگەکانی راگەیاندن بەپێی بەرنامەیەکی ستراتیژی بکەونـە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشـانی خۆیان، خۆ ئەگـەر هەندێک لە ئەرکەکانـی راگەیاندنی مەرکەزی، یان ناوچەیـی لـە زۆر کات و قۆناغدا دەورێکی هاوشـێوە و چوونیەکـی لەگەڵ پڕۆپاگەندە **(بە چەمکە کۆنەکەی خۆی)** گێڕابێت، ئەوە پێویستە وێنەی راگەیاندنی لامەرکەزی زۆر نموونەیی بێت و لەسـەر ئاستی نێونەتەوەییدا رووناک و گەش خۆی بنوێنـێ، چونکە فراوان کردنی لامەرکەزییەت لە راگەیاندنی هاوچەرخدا بێ گومان سـەرکەوتنی گەورە و مەزن لەسەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا بۆ ئەو گەلە بەدەسـت دەهێنێت، هەرچـی راگەیاندنی مەرکەزییە، ئـەوە لـە قاوغی ناوچەییدا بە گیر دێت کـە هیچ ئاکام و ئەنجامێکـی ئیجابی لەسـەر ئاسـتی دەرەوەدا بەدەسـت ناهێنێ، سـەرەڕای ئەوەی گۆڕەپانی دەرەوەمان بەچۆڵی دەمێنێتەوە، ئەوسـا دوژمنان بە ئارەزووی خۆیان وێنەی ئەو میللەتە و سیاسـەت و ئامانجە رەواکانی لەبەر چاوی رای گشـتی دەشـێوێنن، خەتەریـی فەرامـۆش کردنـی راگەیاندنی دەرەوە لەم هەلۆیستەدا بەدەر دەکەوێت.

ئێمەی کـورد ئەمڕۆکە دەتوانین بەهـۆی دامەزراندنی نووسینگەی رۆشـنبیری و راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی لەجیهانـدا، دەورێکـی گـەورەی دیبلۆماسـی بگێڕیـن و ئەرکێکی زۆری سەرشانی راگەیاندنی لامەرکەزی بهێنینە دی، ئـەو نووسـینگانەش لەپایتەختـی وڵاتـە گـەورەکان دابمەزرێنیـن کە بڕیاری سیاسـیانەیان لەلایە، بە تایبەتی

> **پێویسـتە زیاتـر و بەشێوەی پێویست سوود لەم بارودۆخە گونجاوەی نێو دەوڵەتی وەربگرین و پێوەندییەکانمان بەپێی بەرژەوەنـدیـی ئێستا و پـاشـەڕۆژی کـورد لەو وڵاتانەدا جێگیر بکەین و نووسینگەکانی راگەیاندن بەپێـی بەرنامەیەکی سـتـراتـیـژی بکەونە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان...**

هەواڵنامەی کتێب

پێنج دەوڵەتەکەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا تاکو کار بکەنە سەر رای گشتی ئەو وڵاتانە و دەست بەکار و چالاک بن لە بەدی هێنانی ئەرکە نەتەوایەتییە گەورەکەی سەرشانیان. ئێستا دەبێ بپرسین: ئەو تێگەیشتن و ئەرکە زانستی و مەوزوعییە چییە کە بە راگەیاندنی دەرەوە دەسپێردرێ؟ جاران ئەرکی سەرشانی نووسینگەکانی راگەیاندن بەپێی مانا و ئەرکە دواکەوتووەکەی، وا باو بوو بایەخێکی راستەوخۆی ساویلکانە بێت بە هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی وەکو رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی تر، کە زۆر بە مردوویی و بەشێوەیەکی میکانیکیانە ساتو سەوا و مامەڵەی لە تەکدا دەکرا، بەڵام ئەمرۆکە ئەو ئەرکە لە جاران گرنگتر و ئاڵۆز تر بووە. ئەمرۆکە چەمکێکی تەواو نوێی هەیە تا لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێت، ئەم ئەرکە نوێیەش لەپاش دروست کردنی رادیۆ و تەلەڤزیۆن و ئامێرە وردەکانی سیخوڕی کە بەچاو نابینرێن و هەستیان پێ ناکرێت، هەروەها دەرکەوتنی دەوری گرنگی کۆنگرە و کۆڕ و ئاهەنگ کە ئەم لایەنانە زیاتر ئەو بوارە دەرەخسێنن بۆ قۆستنەوەی ئەو هەلانە و سوود وەرگرتن لێیان کە لێیان چاوەڕێ دەکرێت.

لە ئەرکە گرنگ و بەرچاوەکانی نووسینگەکانی راگەیاندن لە دەرەوەدا ئەو پێوەندییە راستەوخۆیەیە کە بەهۆی ئاهەنگی یەکترناسین و هاوکاری کردن و یارمەتیدانی پەیامنێر و نوێنەری رۆژنامە و گۆڤارەکانی بێگانە دێنە دی کە لەمرۆکەدا ئەم کارە زۆر باو و بڵاوە، هەروەها پێوەندیی کردن لەگەڵ نوێنەری ئاژانسەکانی دەنگ و باسی جیهان و پتەوکردنی پێوەندیی لەگەڵ رۆژنامەنووسان و دیبلۆماتکارە بێگانەکان، هەروەها شوێن پێ هەڵگرتنی جموجووڵی رۆژنامە و گۆڤار و تەلەڤزیۆن، بۆیە چاکتر وایە ئەوەی لەو نووسینگانەدا ئیش دەکات، وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی بواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی شارەزای زمانی ئەو وڵاتە بێت کە لێی دەژی. دەنا پێویستە بەلایەنی کەمەوە یەکێک لەو دوو زمانە سەرەکییە بزانێت کە لەجیهاندا باویان هەیە (ئینگلیزی)، یان (فەرەنسی)، ئەگەر نەڵێین زۆر پێویستە هەردووکیان بە تەواوی بزانێت، یان چەند زمانێک بزانێت تاکو بتوانێت وەک هەر دیبلۆماسییەکی شارەزاو خاوەن ئەزموون گەورەترین سوود بە راگەیاندنی نەتەوەکەی خۆی بگەیەنێت، چونکە ناکرێت بەهۆی وەرگێڕەوە گفتوگۆی بۆ بکرێتە کوردی،

**"ئێمەی کورد ئەمڕۆکە دەتوانین بەهۆی دامەزراندنی نووسینگەی رۆشنبیری و راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی لەجیهاندا، دەورێکی گەورەی دیبلۆماسی بگێڕین و ئەرکێکی زۆری سەرشانی راگەیاندنی لامەرکەزی بهێنینە دی، ئەو نووسینگانەش لەپایتەختی وڵاتە گەورەکان دابمەزرێنین کە بڕیاری سیاسیانەیان لەلایە، بە تایبەتی پێنج دەوڵەتەکەی ئەندامی هەمیشەیین لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا تاکو کار بکەنە سەر رای گشتی ئەو وڵاتانە و دەست بەکار و چالاک بن لە بەدی هێنانی ئەرکە نەتەوایەتییە گەورەکەی سەرشانیان.."**

کە لەوانەیە هەندێ جار لەبەر دوور و درێژی گفتوگۆیەکە زۆر لایەنی گرنگ و ناسکی لێ بقرتێ، لەبەر ئەوە (وەرگێڕ) لەهەموو کاتێکدا بەتەواوی ئەرکەکەی بەجێ ناهێنێ، چونکە ناتوانرێت بەهۆی کەسی سێیەمەوە نهێنی نوێ و زانیاری نوێ بخرێتە روو، ئەوە جگە لەوەی وەرگێڕ بەهۆی بیر فڕین و سەهوو کردن و غەفڵەتەوە، زۆر شتی گرنگ لەکیس دەدات.

ئەو ئەرکەی پێویستە راگەیاندنی شۆڕشگێڕانەی لامەرکەزی راپەڕێنێ، لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە لەسەر ئاستی دەرەوەدا دەبێ بەشداربوونێکی چالاکانەی هەبێت بۆ شارەزا کردنی رای گشتی جیهان لەحەقیقەتە گەشەکانی میللەتی کورد لە رووی مێژوو و جوگرافیا و کەلەپوور و داو و نەریت و رۆشنبیری و هونەر و (ە) شانۆ و شێوەکاری و تاد..

لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵ بدرێ راگەیاندنی ئەو دەوڵەتەی کاری تێدا دەکرێت زیاتر بەرەو لای خۆمان رابکێشین، تاکو بە ئامێر و دامودەزگاکانی خۆیان کێشەکەمان بەخۆیان بناسێنین، ئەگەر راگەیاندنی لامەرکەزی هەندێک لە وڵاتان- تا ئەمڕۆکەش- هەوڵیان دابێت بە پارە و سامان و هەموو توانایەکی خۆیان بەکرێ گیراوەکانیان بۆ مەرامەکانی خۆیان بخەنە کارەوە و بەمەبەستی کڕینی خەڵک و ویژدانیان، یان بە مەبەستی ئاژاوە نانەوە و پیلان گێڕان، ئەوە ئێمە پێویستمان بەو جۆرە مامەڵەیە نییە و نابێت. یەکێک لە کارە گرنگەکانی راگەیاندن کە پێویستە بەچالاکی تێی بگەین و لێی بکۆڵینەوە، تێگەیشتنی واقیع و ئەو عەقڵییەتەیە کە ئێمە لەگەڵیدا دەدوێین و هەواڵی خۆمانی پێدەگەیەنین و رەفتاری لەگەڵدا دەکەین، هەروەک چۆن پێویستە بەقووڵی لەناسنامەیان بکۆڵینەوە و پێش هەموو شتێک لەو هۆکارە کاریگەرانە وردبینەوە کە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا، یان شاراوە دەوریان لە جووڵاندن و ورووژان و کارکردنە سەریان هەیە، ئەم ئەرکەش بە حوکمی ئەزموون و شارەزایی ئامانج دەهێنێتە دی، هەر بۆیە پێویستە لە هەر وڵاتێک لەو وڵاتانەی نووسینگەی راگەیاندنی تێدا دادەمەزرێنین بەپێی بۆچوون و عەقڵیەتی ئەوان شێوازی ئیش کردن هەڵبژێرین، هەر لە کەرەستەکانی مامەڵەکردنمان تا ئەو ناوەرۆکەی بەرچاویانی دەخەین. ئەو ئەنجامەش کە پێی دەگەین لە ئاکامی ئەو لێکۆڵینەوە تایبەتییانەوە دەستگیرمان دەبن و وەچنگمان دەکەون کە بەرانبەر بە کەسە دیارەکان و کۆمەڵە و گرووپ و وڵاتەکەوە بە دەستمان دەکەون، ئینجا بۆ جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەکانمان لەکاتی مامەڵە کردنمان لەگەڵ راگەیاندن، رێگای تایبەتی بگرینەبەر و بەپێی شێوازێکی زانستی و هونەری و ئەزموونێکی زیندووەوە لەگەڵیدا رەفتار بکەین، نەک یەک شێواز بەکار بهێنین و بەیەک جۆرە کەرەستە و یەک ناوەرۆک راگەیاندنی ناوەوە و دەرەوە بەشێوەیەکی سەرەتایی بەڕێوە ببەین، کە لەمەشدا دەبێت جیاوازی رەگ و ریشەی شارستانیی هەر یەک لەو وڵاتانە لەبەرچاو بگرین کە رووی دەممانی لێ دەکەین، ئەمەش بە ورد بوونەوە لە بەخششە شارستانی و مەدەنییەکانی ئەمڕۆکە و بنەمای کولتووری و کەلەپووری هەر یەکێکیان، هەروەها لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئەنترۆپۆلۆژی و سایکۆلۆژی گەلان و تێکەڵ بوون بە بارودۆخی گشتی نێو نەتەوەیی و دەست هەڵگرتن و وازهێنان لە ئیشی سەرپێی و مەرحەلی و کاتی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەڵوێستی ریشەیی جێگیر و بە گیانێکی مەوزوعیانەوە پێش ئەوەی لەگۆڕەپانی ئیشکردندا، رووبەڕوو بەرەنگاری ببینەوە.

ئەرکی سەرشانی راگەیاندنی دەرەوە لەو هەستە ساتەوەختییەدا بەند نابێت کە بە تەنیا لە ئاستی ناوەوەدا گرنگی بە پاوان کردنی جەماوەر بدات، بەڵکو پەل بۆ مومارەسە

کردنێکی تێکۆشەرانەی خەبات دەهاوێت و بە کەفوکوڵێکی هۆشیارانە و هەرەوەزانە و لەسەر هەموو ئاست و تواناکاندا، بۆ راپەڕاندنی ئیشی خۆی کار دەکات، تاکو وێنەیەکی راستەقینە و بەرهەم هێنەرانەی هەبێت، ئەگینا دەبێتە جۆرێک لە دیماگۆگیەتی زیان بەخش و هەڵچوونی سەرپێی کە لەوسەر ناتوانێت بەسەر ئەنجامەکاندا زاڵ بێت و کاردانەوەی باشیشی نابێت، هەر ئەمەش ئەرکی راگەیاندنی سەرکەوتووە، چونکە زۆر مەحاڵە ناوەرۆکی راگەیاندنی ناوەوە دوو لەت بکرێت و لەیەکتر جیابکرێنەوە کاتێ بۆ دەرەوە دەگوێزرێتەوە، بۆ ئەوەش کە راگەیاندنی دژ کاری شیاوی خۆی بکات لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەیی و لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا، پێویستی بەپشت بەستنە بە رێگای زیرەکانە و بەرنامەڕێژ، بۆ ئەوەی لەناوەوەڕا رەواج بەو رۆشنبیری و بیروڕایانەی خۆمان بدەین تاکو ژیان و کاریگەریی خۆی بدەینێ.

**لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە راگەیاندنی دەرەوەمان لە ریزی نەبوونە و ئەمڕۆکە دەبێ مشوورێکی جددیانەی بۆ بخۆین تاکو لەگەڵ سیمای نوێی ژیانی ئەمڕۆکەمان و بارودۆخە جیهانییەکە بگونجێت، راگەیاندنی دەرەوەمان نەک هەر چالاک نییە، بگرە زۆر سست و کەمتەرخەمە و لەبەخشش و توانا و دەسەڵاتدا دەستی زۆر کورتە و هیچی پێ نەکراوە،** ئەمەش بۆ خۆی پێویستی بە بەخۆدا چوونەوەیەکی مەوزوعیانە هەیە بە هەموو کەرەستەکانی دەزگاکانی راگەیاندنی شۆڕشگێڕانە و ئامێرە کاریگەرەکانی، بۆ ئەوەی (**بەرەی کوردستانی**) بتوانێت بەرنامەیەکی سەرکەوتووی بۆ دابنێت، چونکە زۆر رەگەزی پێویست هەن تێکەڵی ئەو ئەرکە دەبن کە راستەوخۆ پێوەندی بە دیبلۆماسیەتی کوردییەوە هەیە، **لەو رەگەزە زۆر پێویست و گرنگانەش تەقدیر کردنی هەڵوێستەکان یەکێکە لەپێداویستییەکانی راگەیاندنی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتوو کە دەبێت لە دیبلۆماسیەتی راگەیاندنی دەرەوەدا رەنگ بداتەوە،** ئەمەش پێویستی بە ئاستێکی بەرزی سەلیقە و توانایە بۆ ئەوەی تەقدیری رەهەندە دوور و نزیکەکانی ئەرکەکە بکات و هەموو سەنگەر و هاوپەیمانی و بەرەکانی بەرانبەر هەڵسەنگێنێ.

بەو پێودانگە راگەیاندنی دەرەوە چەندی بتوانێت لە بوارە جیاجیاکانیدا ببێتە خاوەنی کەرەستەی کاریگەری خۆی، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت بە شێوەیەکی مەوزعیانە لە ئەرکەکانی خۆی تێبگات و ئەو رێگایە بگرێتە بەر کە بەشارەزایی و سەرکەوتنەوە بەرەو پیرییەوە دەچێت، ئەوساکە کاردانەوە و سەرەنجامی سوودبەخش و کاریگەرانەی لەسەر رای گشتی و جیهانی دەبێت. رەگەزی دانانی کاتی گونجاو بۆ ئەوەی هەندێک بیروڕا لە شوێنی شیاوی خۆیان دابنرێن، رۆڵێکی جەوهەری لە بەدەست هێنانی بەروبوومی راگەیاندنێکی سەرکەوتووانەدا هەیە، ئەگینا ناتوانێت بەسەر دەستنیشان کردنی سیما جەوهەرییەکانی خۆیدا زاڵ بێت.

**بەکورتی و بەکوردی بەهێزیی راگەیاندنی کورد لەسەر ئاستی دەرەوەدا، بەهێزیی دیبلۆماسیەتی کورد دەگەیەنێت،** ئەم لا لێکردنەوەیەش نیشانەی بەتەنگەوە هاتنی مەسەلە جەوهەرییەکانە، نەک خۆ خەریک کردن بە کاروباری لابەلایی.

ئەگەر راگەیاندنی گەلانی دی لەسەر ئاستی دەرەوەدا خەریکی قەڵەم کڕین و را کڕین بن، ئەوە ئێمە لەمڕۆکەدا (**ئەگەر لە خۆمانی تێک نەدەین**) خەڵکانێکی زۆر و لەسەر هەموو ئاست و پلەکاندا چ بە نووسین و چ بە بیروڕا دەربڕین پشتگیریمان لێدەکەن، کردنەوەی نووسینگەی راگەیاندنیش لە شوێنە ستراتیژییەکان کارێکی تا بڵێی پێویستە بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی کورد، بۆیە دەبێ ئەمڕۆکە هەموو لایەنە کوردستانییەکان، بەرنامەیەکی یەکگرتووی بۆ دابنێن، بۆ راپەڕاندنی

ئیشوکاری گورج و گۆڵانە و چاپووکانە و جووڵاندنی کاری ڕاگەیاندنی کوردانە و بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە بە پەلەیە جاریێ جیاوازی بیرو ڕاو بۆچوون بخرێتە ئەو لاوە، پێش ئەوەش دەست بدەینە ئەم کارە گرنگە پێویستە کاری ڕاگەیاندنی ناوخۆ ڕێک بخەین کە فاعلییەتی گەورەی خۆی لەسەر ئاستی ناوەوە دەبێت، چونکە باوەڕ ناکەم لەسەر ئاستی ناوەوە بەسەر ڕاگەیاندنماندا زاڵ نەبین، بتوانین داو و نەریت و تخووبێکی ئیش کردنی ڕاگەیاندنی ڕێک و پێک بۆ دەرەوە بگوێزینەوە، تاکو سەرجەمی توانایەکان بتوانن ڕووبەڕووی مەترسی و تەحەدایەکان ببنەوە و بەند و بالۆرە و پەردەی تەڵخ و ڕەش لەسەر حەقیقەتی میللەتەکەمان و کێشە ڕەوایەکەمان لابدەین، بەرانبەر دوژمنانێک کە هیچ ڕێگایەکی ڕەوا و ناڕەوایان نەهێشتۆتەوە نەیگرنە بەر بۆ سەر کوتانەوەمان و شێواندنی مێژووی خەبات و تێکۆشان و مافی ڕەواو قوربانی دانمان.

برایان.. خوشکان: پێویستە ڕۆژێ زووتر قۆڵی لێ هەڵماڵین و قەبارەی گەورەی کارەسات و مەینەتییەکانی کورد بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەینەوە، چونکە ئێمە میللەتێکین بووینەتە قۆچی قوربانی پیلانی ئەوان و لە سایەی جەنگی سارد و سیاسەتی ناپاکانەی ئەوسایانەوە هەر لەچارەکی یەکەمی ئەو سەدەیەوە لەت لەت کراین و ڕژانی هەر دڵۆپە خوێنێکی گەشی ئینسانێکی کورد تا بە ئەمڕۆکەش دەگات هەر لەئەستۆی ئەوان دایە..!

هەواڵنامەی کتێب

**پەراوێزەکان:**

* کاتێ ئەو وتارە نووسرا هێشتا ڕووداوەکانی ئەم دواییەی تورکیا نەبیسترابوون، کە لەمەولا کێشەی کورد لە تورکیا دەبێتە چەقی قورسایی بۆ ڕزگاربوونی هەموو کورد.
* هەر بۆ نموونە کورد نوێنەری ڕادیۆی (**مۆنتکارلۆی**) ناوناوە (**حسن کاذب**) کە (**حسن الکاشف**)ـە و ببووە بوقی ڕژێم و دەورێکی گەورەی هەبوو لە تۆقاندنی جەماوەری کورد، بەر لە ڕەوەکە هەر درۆیەکانی ئەو بوون ورەی بەخەڵکی بەردا.
* ئەگەر ئەو کوردەی لە تەلەڤیزیۆنێکی لەندەن گلەیی لە عەرەب نەکردایە، کە بەرامبەر کێشەی کورد بێ دەنگن، ئەوە (**عبدالرحمن الراشد**) ئەو وتارە جوانەی بۆ پشتگیری کردنی کێشەی ڕەوای کورد نەدەنووسی.
* ئەوەندەی فلیمێکی سینەمایی (**یەڵماز گونای**) کورد و کێشە ڕەواکەی بەجیهان ناساندووەو دەناسێنێ، هیچ شتێکی دی ئەوەندە کاریگەریی بەسەر ڕای گشتییەوە دروست نەکردووە.
* هەندێ داتاو ڕێژەو زانیاری سەبارەت بە ڕاگەیاندنی گەلانی پێشکەوتوو کە لەم باسەدا هاتووە، بۆ سەرەتای نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، دڵنیام ئێستاکە ئەو زانیاری و داتاو ڕێژانە گۆڕانکاری زۆریان بەسەردا هاتووە.

# جۆرەکانی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووس



دکتۆر سەپان/ ستۆکهۆڵم
sapanov@hotmail.com

ڕۆژنامە بەو پارچە کاغەزە چاپکراوە دەگووترێ، کە ناوەڕۆکی بە بابەتی جیا وەک هەواڵ، گوتار، ڕێپۆرتاژ.. وێنەی سەرنجراکێش پڕکراوەتەوە و هەموو جاریش لەکات و ساتی خۆی بە قەبارەی جیا و لە شوێن و چاپخانەی جیا چاپدەکرێ و بڵاودەکرێتەوە. بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی ئێستای جیهان بە قەبارەی بەتاڵ یان تابلۆید دەردەچن.

ڕۆژنامە یەک سەرنووسەر یەک جێگری سەرنووسەر یان زیاتر، یەک خاوەن ئیمتیاز هەیە و دوای ئەوانیش هەیکەلی دەستەڵات و بەرپرسێتی دێتە خوار. ڕۆژنامە گەورەکان، بۆ هەربابەتێک وەک سیاسەت، فەرهەنگ، کۆمەڵایەتی، وەرزش، ئابووری...هتد بەرپرسی خۆیان هەیە و هەر یەک لەو بابەتانەش، یان وەک پاشکۆی تایبەت دەردەچن، یانیش چەندین لاپەڕە لە ژمارەی ڕۆژ داگیر دەکەن. لە ڕۆژنامەکانی کوردستان دابەشبوونی کار و بەرپرسێتی هەندێک جیایە، چونکە ژمارەی لاپەڕەکان زۆرنین و تیراژی ڕۆژنامەکان نزمن و ڕێکلام تا ئێستا نەیتوانیوە شوێنی خۆی بکاتەوە.

بەهۆی بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆجیا، دەرکردنی ڕۆژنامە لەو سەردەمەی ئێمە، ئاسانتر بووە و زانیارییەکان ئێستا زۆر زووتر دەگەنە ڕۆژنامە، لەگەڵ ئەوەش بەرەو پێشچوونی تەکنۆلۆجیا، خۆی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی تیراژی هەندێک ڕۆژنامە و توندی و گرانی بازار پەیداکردن. هۆش بۆ ئەمە زۆرە، لە هەموویان گرنگتر، لەلایەک خوێنەر بە ڕێگای نێتەوە دەتوانێ ژمارەی ڕۆژ بخوێنێتەوە، لەلایەکی دیکەش، سەرچاوەی دیکە زۆر هەن، بۆئەوەی جەماوەر لە هەواڵ و ڕووداوە و زانیارییەکانیان بێبەش نەبێت و لەکات و ساتی خۆی پێی بگات ئەمانەش وەک: رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئینتەرنێت و شاشەی ئەلیکترۆنی سەرشەقامەکان... هتد. دەبێ بزانین، تەکنۆلۆجیا ئەگەر بووبێتە

هۆی کەمکردنەوەی تیـراژی زۆر لە ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان، بەڵام نابێتە هۆی ئـەوەی کەمکردنەوەی خوێنەر، چونکە بەهۆی نێتەوە، هەمان ڕۆژنامە دەچێتە ناو هەموو کۆمپیوتەرێـک، ئەگەر ئـەو کۆمپیوتەرە بـە ئینتەرنێتەوە بەسـترابێتەوە. ئەگــەر ئێمــە کوردســتان لەگــەڵ وڵاتانی سکەندناڤی لە دەرکردنی ڕۆژنامە و تیراژی ئەوان بەراوورد بکەین، دەبێ تیراژی ڕۆژنامە کوردییەکانی خۆمان تەنیا لە باشووری کوردستان، ژمارەیان زۆر زیاتر بێت و تیراژی ڕۆژانەش نزیک لە ژمارەی دانیشتوان بێت...

ڕۆژنامــە وەک گوتمــان بــە زۆر جــۆر قەبــارە و بەناوەڕۆک هەن و لەکات و ســاتی جیا جیاش دەردەچن. هەربۆنموونــە: ڕۆژنامــەی بەیانیان، ڕۆژنامــەی ئێواران، هەفتەنامــە، دووهەفتە جارێک، مانگانە و هەندێک ڕۆژنامە لە شــێوەی پاشکۆش دەردەچن. بۆ ئەوەی ڕۆژنامە ناوی خۆی نەزڕێنێ، دەبێ لە دەستپێکەوە تا کۆتایی بێ هەڵە و کەموکورتی بێت. بۆ نموونە: گوتار دەبێ باش نووســرابێ و پەڵەی لێنەکرابێ، دەبێ ســەردێڕی باشــی بۆ داندرابێ، ئەو فاکتانەی لەم گوتاردا هاتینە بەکارهێنان، دەبێ ڕاست و دروســت بــن، وێنەی پێویســتی بــۆ دابنــدرێ و لەژێر وێنــەش دەبێ لێدوانــی (تەعلیق) ی چاک و پێویســت و پــڕ زانیاری نووســرابێ. ئەگــەر ئەوانەی ســەرەوە هەرهەمووی تەواو بوو، نابێ یەک هەڵەی زمانەوانی تێدابــێ، جگە لەوانەی ســەرەوە، دەبێ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامە، شوێنی باش بۆ ئەوگوتــارە دیار بکــرێ و لەیەک شــوێن داندرابــێ و شــریفتێکی بــۆ دابندرێ، کە خوێندنەوەی چاو هیلاک نــەکات. ئەگــەر ئەوانەی ســەرەوە هــەرهەمــووی وەک پێویســت و پیســپۆڕانە بــوون، دەبێ لە ســەر کاغەزی باش چاپ بکرێ و ئینجا لەکاتــی چــاپ، وەک پێویســت مەرەکەبــی درابێتــێ، ئەگــەر ئەوانەی سەرەوە هەر هەمووی وەک پێویست جێبەجێ کرا، ئینجا ئەو گوتارەی تۆ نووسیوتە، دەکەوێتە بەردەستی خوێنەران و زۆربەی کاتیش چەند خەڵک زۆرتر بیخوێنێتەوە، ئەوەندە



دیارە گوتارەکە باشترە و بۆ ئەو ژمارە و رۆژە پێویستە. لەم نووسینەی سەرەوەدا دەردەکەوێ، راگەیاندن، هەڵە و کەموکورتی قبوڵ ناکات. بۆ ئەوەی رۆژنامەی باش هەبێ، دەبێ لەنووسینەوە باشبێت، تا دەگاتە نەخشەسازی و کاغەز و چاپخانە و ئینجا دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بەناو جەماوەر دا. لە وڵاتانی پێشکە و تو و دە مێکە رۆژنامەکان تەواوی لاپەڕەکانیان بەچاپی رەنگی دەردەچێ و تیراژی زۆر بەرزیان هەیە و رێکلام دەیانژیێنێ و ژمارەی لاپەڕەکانیان لە سەرووی چلە و زۆر بەجوانی و ئاسانیش بەناو جەماوەردا بڵاوی دەبنەوە. بۆ ئەوەی هەر رۆژنامەو خوێنەری خۆی لەدەست نەدات و بەباشترین و زووترین شێوە زانیارییەکان بە جەماوەر بگەن، جگە لەوەی رۆژنامەی تایبەت دەردەچن، لە رۆژێشیکدا بەلای کەم دوو جۆر رۆژنامە هەن و زۆرجاریش بە قەبارەی جیا دەردەچن.



## قەبارەی رۆژنامە:

لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ وە زۆر لە رۆژنامەکانی رۆژانەی بەیانییان لەقەبارەی گەورە Broadsheet و بەتاڵەوە بۆ تابلۆید گۆڕدران. پێش ئەوە قەبارەی تابلۆید زیاتر بە رۆژنامەی ئێواران تایبەت بوو. ئەو قەبارە گەورانەی رۆژنامە لە ئەنجامی چاکسازی باجەوە لەساڵی ١٧٠٠ پەیدابوون. لەوکاتدا باجە بەگوێرەی ژمارەی لاپەڕە لەسەر رۆژنامە داندرابوو. قەبارەی بێرلینێر (Berliner) لە سەردەمی قەیسەری ئەلمانیا پەیدابوو و پۆستەی ئەلمانیاش لەوکاتدا بڕیاری لەسەر قەبارەی رۆژنامەی وڵات دادەنا. وا لەخوارەوە قەبارەی تەواوی رۆژنامەکانی جیهان دەنووسین:

قەبارەی برۆودشیت: ئەمە بەتەواوی ڕوون نییە، کە گەورەیی لاپەڕەکانی چەندە، چونکە لە چاپخانەیەک بۆ چاپخانەیەکی دیکە دەگۆڕدرێ. لەگەڵ ئەوەش ٣٨٥ X ٥٦٠ ملم بۆ قەبارەی برۆودشیت ستاندارتە.

## قەبارەی بەتاڵ:

ئەم قەبارەیە بەگشتی ٣٨٥ – ٤١٠ X ٥٦٠ ملم و لەلایەن ڕۆژنامە گەورەکانی بەیانیان زیاتر بەکار دێت.

قەبارەی تابلۆید: قەبارەیەکی دیارکراو و ڕێک و دروست نییە و زۆر جار لە چاپخانەیەک بۆ چاپخانەیەکی دیکە جیاوازە، لەگەڵ ئەوەش قەبارەی ستاندارتی تابلۆید ٢٨٠ X ٣٨٥ ملم و ڕووبەری چاپی
٢٥٢ + ١٠ X٣٦٠ ملم.

<u>قەبارەی گۆڤارەیی بچووک</u>: نیوەی قەبارەی تابلۆیدە و لە ناوەڕاست دەنووشترێتەوە و قەبارەی گۆڤارەیی بچووکی لێدەردەچێ، ١٨٨ X ٢٦٠ ملم.

<u>تابلۆیدی گچکە</u>: ئەمە قەبارەی تابلۆیدە لە ٢٨٠ X ٣٨٥ بۆ ٢٥٠ X ٣٥٠ ملم بچووک کراوەتەوە و بڕاوە.

<u>قەبارەی بەرلینی نوێ</u>: ئەمە شەش ستوونی تابلۆیدە، کەچی بە شێوەی گشتی تابلۆید لە پێنج ستوون پێک دێت. قەبارەی گشتی ٣١٥ X ٤٧٠ – ٤٩٠ ملم.

<u>نیو بەرلینی نوێ</u>: ١٧٠ X ٢٥٠ ملم و هەندێک جار لە سوێد بە قەبارەی کالێ ئەنکەش ناوی دەبەن.

<u>قەبارەی گۆڤارەیی</u>: قەبارەیەکی تایبەتە بە بڵاوکراوەکانی سەندیکا و ڕۆژنامەی تایبەت
١٩٠ -٢٢٥ X ٢٨٠ – ٣٠٠ ملم.

ئەو قەبارانەی سەرەوە، لە تەواوی جیهاندا، پەیڕەو دەکرێن و ڕۆژنامەیان پێ دەردەچێت.

## ڕۆژنامەی ئێواران:

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە و بەیانییان زوو دەرناچێت و پێشنیوەڕۆ دەکەوێتە دەستی خوێنەران (**هەندێک جار زووتریش**). مەبەست لەم درەنگ دەرچوونە، نووسین و وەستانە لەسەر ئەو ڕووداوانەی شەو یان بەیانییان زوو ڕوودەدەن، بۆ ئەوەی لە ژمارەی ڕۆژنامەی ڕۆژ شوێنیان ببێتەوە و باسیان لێوە بکرێ. ڕۆژنامەی ئێواران بەیارمەتی تەکنەلۆجیای نوێ، دەکرێ ناوەڕۆکیان ئاسانتر بە بابەتی نوێ دەوڵەمەند بێت، ئەمەش بە پڕکردنەوەی

**- ڕۆژنامەی ئێواران بەیارمەتی تەکنەلۆجیای نوێ، دەکرێ ناوەڕۆکیان ئاسانتر بە بابەتی نوێ دەوڵەمەند بێت، ئەمەش بە پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی لە ڕووداوی شەوان یان بەیانیان زوو**

**- ڕۆژنامەی ئێواران بەناوبانگن بەوەی وشەی تایبەتی یان زمانی تایبەتی خۆیان بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی ژمارەی ڕۆژی پێبفرۆشن.**

لاپەڕەكانی لە ڕووداوی شـــەوان یان بەیانیان زوو، ئەگەر چی زۆر لە ڕۆژنامەی ئێواران، شەوان یان بەیانیان زووش چاپدەكرێــن. ڕۆژنامـــەی ئێواران، لــە ڕوودانی ڕووداوی گەورە، دەتوانن چاپی نوێی بخەنە بازاڕ و بەزانیاری تازە ژمارەی نوێ لە هەمان ڕۆژدا چاپ بكەن.

نیو ســـەدە زیاتــرە، فۆكۆســی ڕۆژنامەی ئێـواران لە هەواڵ و دەنگوباســـی سیاسی و جیددی بۆ گوتاری زەق و قەبە دەكات و (سكاندال) ڕۆیشتووە. ڕۆژنامەی ئێواران بەناوبانگن بەوەی وشەی تایبەتی یان زمانی تایبەتی خۆیان بەكار بهێنن، بۆ ئەوەی ژمارەی ڕۆژی پێبفرۆشن.

## ڕۆژنامەی ڕۆژانە:

ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەهەموو ئەو ڕۆژنامانە دەگووترێ، كــە هەفتەی بەلای كەم چار ژمـــارەی لێدەردەچێت، بەڵام بەگشـــتی و لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەفتەی شـــەش ژمارەی لێدەردەچـــێ و زۆربەی جاریش ڕۆژانی یەكشەم ڕۆژی دەرنەچوونیانە.

بەهۆی پێشكەوتنی خێرای تەكنۆلۆجی و سوودوەرگرتنی بۆ ڕاگەیانــدن، زۆربەی ڕۆژنامە بەناوبانگ و گەورەكانی جیهـــان، زیاد لە یەك جۆر دەردەچن. ئەم جۆرانەش وەك ڕۆژنامەی كلاسیك (كاغەز)، ڕۆژنامەی ئەلیكترۆنی لەگەڵ شـــێوەی ڕۆژنامـــەی دەنگ. ئەمـــەش دەكاتە ئـــەوەی، بۆ ئـــەوەی بەزووترن كات بگاتە زۆرترین كەس یان خوێنەر هەموو ژمارەیەكی ڕۆژنامە بە سێ جۆر دەردەچێ.

## ڕۆژنامەی كاغەز:

تـــا پەیدابوونـــی ئینتەرنێـــت لـــە ســـاڵی ١٩٩١ ڕۆژنامە لەشـــێوەی كلاســـیكی خـــۆی دەردەچوو. ئەمـــەش دەكاتە ئەوەی لە چاپخانە چاپدەكرا و بۆ بڵاوكردنەوەشی خەڵكی تایبـــەت هەبوو ڕۆژنامەی بەیانییانـــی بۆ كەس یان دەزگا و ئابۆنـــەدار، لە نزیكـــەی كاتژمێر پێنجـــی بەیانی دەبردە شوێنی مەبەست.

بـــە پەیدابوونـــی ئینتەرنێـــت، ڕۆژنامە جگـــە لە جۆری كاغەز، ژمارەی ئەلیكترۆنیش بۆ نێت ئامادە دەكرێ.

## ڕۆژنامەی دەنگ:

ئـــەو ڕۆژنامەیەیە، كە لەشـــێوەی دەنگ ئامادە دەكرێ. تـــەواوی نـــاوەڕۆك بەدەنـــگ دەخوێندرێتەوە. بەشـــداری

**- بـەهـۆی پێشكەوتنی خـێــرای تەكنۆلۆجی و ســوودوەرگــرتــنــی بۆ ڕاگـــەیـــانـــدن، زۆربــــەی ڕۆژنـــامـــە بـەنـاوبـانـگ و گەورەكانی جیهان، زیاد لە یەک جۆر دەردەچن.**

**- بـەشـداری لـە ئابۆنەی ڕۆژنـــامـــەی دەنـــگ، وەک ئـــابـــۆنـــەی ڕۆژنـــامـــەی چاپكراو ئاسانە و زۆربەی كات بەیەک تەلەفۆن یان نامە جێبەجێ دەكـرێ و ئـابـۆنـەداریش پێویست ناكات، پـارەی زیاتر بۆ ئـابـۆنـە، لــە ڕۆژنامەی كاغەز بدات.**

لە ئابۆنەی ڕۆژنامەی دەنگ، وەک ئابۆنەی ڕۆژنامەی چاپکراو ئاسانە و زۆربەی کات بەیەک تەلەفۆن یان نامە جێبەجێ دەکرێ و ئابۆنەداریش پێویست ناکات، پارەی زیاتر بۆ ئابۆنە، لە ڕۆژنامەی کاغەز بدات. بیسەر دەتوانێ بە ڕێگای مۆبایلەوە یانیش بە ڕێگای هێدفۆنەوە گوێ لە ڕۆژنامەکە بگرێ. ئەو مۆبایلەی بۆ گوێگرتن لە ڕۆژنامە سوودی لێوەردەگریت، لە ڕۆژنامەوە یان بەڕێگای پۆست کەسی ئابۆنەدار وەریدەگریت. لەهەردووک شێوەدا، بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنان بیت، یەکێک لە ڕۆژنامەوە دێت و فێری چۆنێتی بەکارهێنانی ئامێری مۆبایل بۆ گوێگرتن لە ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی دەکات. دەکرێ لەیەک کات ئابۆنەی ژمارەی چاپ و دەنگت هەبێ، ئەوکاتەش نرخی ١٠٪ زیاتر دەخرێتەر سەر ئابۆنەی ڕۆژنامە.

## ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی:

لاپەڕەکانی ئەمجۆرە زیاتر لەشێوەی PDF هەڵدەگیرێ و زۆربەی کات، بۆ ئەوەی لەمشێوەیە بکەیتەوە، خوێنەر دەبێ ئابۆنەی ڕۆژنامەی لە شێوەی PDF هەبێ. ئەگەر یەکێک ئابۆنەی نەبێت، دەتوانێ ماڵپەڕی ئەو ڕۆژنامە بکاتەوە و لەڕێگای ئەوەوە تەواوی بابەتەکانی ڕۆژنامە لە شێوەی گوتاری جیا جیا بخوێنێتەوە.

جگە لەو جۆرانەی سەرەوەی ڕۆژنامە، کەباسمان کرد، لەیەک ڕۆژ دوو جۆری دیکەش هەن. ئەو جۆرانەش پێیان دەگوترێ ڕۆژنامەی بەیانیان، کە بەیانیان دەردەچێ و جیاوازی لەنێوان ڕۆژنامەی ڕۆژانە و بەیانیانیش بەم شێوەی خوارەوەیە.

## ڕۆژنامەی بەیانیان:

ڕۆژنامەی ڕۆژانەیە و نیوەی شەوان چاپدەکرێ و بەیانیان زوو دەگاتە دەست ئابۆنەداران. لێرە بەیانی دەکاتە سپێدەو پێش ڕۆژهەڵاتن، ئەو کاتەی خەڵک بۆسەر کار دەڕوات. ڕوونتر کاتژمێر ٤ تا ٩ ی بەیانییە و دواتر پێیدەگوترێ پێش نیوەڕۆ. پاش ئەوەی مرۆڤ شەو دەخەوێ و دواتر لەخەو هەڵدەستێ، ڕۆژی نوێ بۆ زۆربەی خەڵک بە خۆ شووشتن و نانخواردنی بەیانیان دەسپێدەکات و لەوکاتدا خوێندنەوەی ڕۆژنامەش بۆ کەسانێکی زۆر وەک خواردنی بەیانی پێویستە.

ساغکردنەوەی زۆری ڕۆژنامەی بەیانییان زیاتر

**لە وڵاتانی گەورە و ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە سەرتاسەری وڵات ڕۆژنامەکەیان بڵاو ببێتەوە، لەیەک کات لە چەندین شوێن و چاپخانە چاپ دەکرێن.**

بە بەڕێگای ئابۆنەوەیە و ئەوان پشتیان بە زیادبوونی ئابۆنە بەستووە، بۆیە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە، دەستەی نووسەران بەرنامەی درێژەخایەنیان هەیە چ بەڕێگای نامە یان تەلەفۆن بەردەوام لەگەڵ خوێنەرانیان لە پەیوەندی بەتین دان.

لە وڵاتانی گەورە و ڕۆژنامە گەورەکانی جیهان بۆ ئەوەی بەزووترین کات لە سەرتاسەری وڵات ڕۆژنامەکەیان بڵاو ببێتەوە، لەیەک کات لە چەندین شوێن و چاپخانە چاپ دەکرێن.

## وشەکانی ڕۆژنامەی ئێواران:

زۆر جۆرە وشەی توند و ڕەق و زەق، لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی ئێواران بەکار دێت، بۆ ئەوەی خێراتر سەرنجی خوێنەر رابکێشن و ژمارەی ڕۆژی پێ ساغ بکەنەوە. لە ڕۆژنامەی ئێوارانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەو وشە توند و زەق و ڕەقانە بریتین لە: سێکس، شۆک، سکەندال، کوشتن، نامەی تێرۆر، خۆکوشتن، شەڕ، دزی.. ئەو وشانە بەگشتی زۆر گرانن و پیاو بەڕاستی و ئاسانی و دروستی زوو تێیان ناگات. ڕۆژنامەنووسانی ئێواران، لەگەڵ ئەوجۆرە وشانەی لەسەرەوە نووسیمان، زیاتر ئەو وشانەش بەکار دەهێنن، کەلەچەند پیتێک ڕەت ناکەن و کورتن، بۆ ئەوەی شوێنیان بە فۆنتی گەورە لە لاپەڕەی یەکەم یان (**لێپسێدل**) ببێتەوە.

> **ڕۆژنامەنووسانی ئێواران زیاتر ئەو وشانەش بەکار دەهێنن، کەلەچەند پیتێک ڕەت ناکەن و کورتن، بۆ ئەوەی شوێنیان بە فۆنتی گەورە لە لاپەڕەی یەکەم یان (لێپسێدل) ببێتەوە.**

## لێپسێدل:

**لێپسێدل**: لاپەڕەیەکی سەربەخۆیە و لە چاپخانە تایبەت بە ڕێکلامی ژمارەی ڕۆژی ڕۆژنامە چاپدەکرێ و زۆربەی جاریش سەردێری گرنگترین بابەتی ژمارە بە فۆنتی گەورە چاپدەکرێ و لەبەردەم دوکانی ڕۆژنامەفرۆشان دەخرێتە ناو چارچێوەی تایبەت بە ڕۆژنامەی ئێواران، بۆ ئەوەی خوێنەر لە دوورەوە لاپەڕە چاپکاوەکە ببینێت و بزانێ گوتاری گرنگی ڕۆژ دەربارەی چییە. لە ڕۆژنامە ڕۆژانەییەکانی سوێد، «**ئەفتۆنبلادێت**»، «**ئێکسپرێس**»، «SvD» .. هتد لێپسێدل هەیە و زۆربەی جاریش ڕەخنەیان لێدەگیرێ بەوەی نووسینەکان بێبنەمان و دوورن لە ڕاستی و زیاتر بۆ گەورەکردنی بابەت دەنووسرێن. لە وڵاتی فینلەنداش وەک سوێد، لێپسێدل چاپدەکرێ، بەڵام لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا لەگەڵ ئەمریکا لێپسێدل نییە

و ئـەوان هەوڵـدەدەن، ژمارەی ڕۆژیـان بەهۆی لاپەرەی یەکەم بفرۆشن.

## بڵاوکراوە – ڕۆژنامەوانی:

کاری ڕۆژنامەنـووس کۆکردنـەوە و نیشـاندان و کارکردن لەسـەر بابەتی خام و دارشـتنەوەی نووسـین و بڵاوکردنەوەیەتـی لـە بڵاوکـراوە یان لـە ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت. ئـەو ڕووداو یـان بابەتانـەی ڕۆژنامەنـووس دەینووسـێت، لـە ڕاسـتیدا ڕوویانداوە و پرسیاری پێویسـت و هەنووکەیـی، کـە شـیکردنەوەیان بـۆ جەمـاوەر پێویستە بۆ ئەوەی خەڵک باشتر لەو بابەتە بگات. ڕۆژنامەنووس بەهـۆی پیشـەی خـۆی و ئەزموونی زۆری لەو کارەدا، دەزانـێ چ بابەتێک پێویسـتە لەسـەری بنووسـرێ و هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.



## ڕۆژنامەنـــووس:

(ژورنالیسـت)، وشەیەکی فەرەنسـییە و journaliste مەبەست لە کەسێکە، کە بە پیشەی خەریکی کۆکردنەوە و ئامادەکردنـی مەتریالە بۆ مێدیاو ئەو مێدیایانەش دەکرێ: ڕۆژنامە، رادیۆ تەلەفزۆیـن یان ماڵەپەڕی ئینتەرنێت بێت. زۆر جـۆر ڕۆژنامەنـووس هـەن وەک: ڕۆژنامەنووسـی سیاسـی، وەرزش، پەیامنێـری دەرەوە، هەواڵنـووس.. زۆر ڕۆژنامەنووسـیش لەنـاو خەڵـک دیارنیـن و ناچنە دەرەوە، چونکـە کاری ئەوان پێداچوونەوەی تێکسـتەکانە و دارشتنەوەیتی.

ڕۆژنامەنووس دەکرێ لە دەزگایەکی ڕاگەیاندن کاربکات و مووچـەی دیارکراو بەرانبەر نووسـین یـان بەرهەمی وەربگـرێ، یانیش وەک رۆژنامەنووسـی سـەربەخۆ کار بکات.

## ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ:

بەو ڕۆژنامەنووسـە دەگوتـرێ، کە بـەڕادان لەلایەن دەسـتەی نووسـەرانی دەزگا یان ڕۆژنامە یان ناوەندێکی

فەرهەنگی کارێک دەکات، نووسـینێک دەنووسـێ، یان بۆ ڕادیـۆ و تەلەفزیـۆن بەرنامە ئامـادە دەکات و بەگوێرەی بابەت یان درێژی بەرنامە یان زنجیرە پاداشت وەردەگرێ، بێئەوەی بەردەوام لەو دەزگا کاری هەمیشـەی یان مووچەی بڕاوەی هەبێت.



باشـە بزانیـن، تەنیا ئەو کەسـانەی نووسـین دەنووسـن، ڕۆژنامەنووسـیان پێناگوترێ، بەڵکو ئەوانـەی بەنووسـینەکاندا دەچنەوە و باشـتری دەکەن، ئەوانیش ڕۆژنامەنووسیان پێدەگوترێ.

ڕۆژنامەنـووس دەکـرێ، لـە پەیمانـگای تەکنیکی بەشـی ڕاگەیاندنی تـەواو کردبێ یان بەشی ڕاگەیاندنی لە زانکۆ و کۆلێژەکان تەواو کردبـێ، یانیش هیچ لەوانـەی تەواو نەکردبێ و خـۆی خۆی فێری نووسـین کردبێ، بەڵام وەک ڕۆژنامەنووس لەدەزگایەکی ڕاگەیاندن بەشـێوەی بـەردەوام کار بـکات. کادری ڕۆژنامەنـووس، چەنـد زیاتـری خوێندنی بـێ، چەنـد زیاتـر بەشـداری لەخولـی ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسـان کردبێ، کاری ڕۆژنامەنووسی ئەوەندە زۆرتر بۆ ئاسان دەبێ و بۆچوونەکانی زیاتر لە ڕاسـتی نزیک دەبن و بەرنامەو نووسـینەکانی لای جەماوەر سەرنجڕاکێشتر دەبێ.

لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەسـتەواژەی ڕۆژنامەنووسی باش یان خراپ نییە، چونکە هەرهەموویان لەکاری خۆیان زۆر پسپۆرن، بەڵکو لە جیاتی باش و خراپ، زیاتر وشەی زیـرەک یان وریـا بەکار دێت. فڵانـە ڕۆژنامەنووس زۆر وریایـە یان زیرەک و بەناوبانگـە، دیارە بەناوبانگبوون و زیرەکیش لە وڵاتانی پێشـکەتوو، ئەنجامی شەونخوونی و کاری باش و خۆهیلاک کردنە.

لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، وێنەگریش ڕۆژنامەنووسـی پێدەگوترێت.

## فۆتۆگرافی ڕۆژنامەنووس:

بەهـۆی وێنـەوە هـەواڵ بـاس دەکات و زانیـاری پێویسـت بـە خوێنەر یـان بینـەر دەدات. شـوێنی کاری ڕۆژنامەنووسـی فۆتۆگـراف، لەگـەڵ ڕۆژنامەنووسـی نووسەر زۆر لەیەک جیایە. ڕۆژنامەنووسی نووسەر زۆر

دوور لە شـوێنی ڕووداو خەریکی زانیاری کۆکردنەوەیە، بەڵام ڕۆژنامەنووسـی فۆتۆگراف لە شـوێنی ڕووداوەوە وێنـە دەگـرێ و شـوێنی کاری زۆرتـری نـاو جەرگەی ڕووداوەکانە.

هەمـوو وێنەگرێـک بـە ڕۆژنامەنووسـی فۆتۆگـراف ناونابردرێ، بۆنموونە فۆتۆگرافی بووک و زاوا ناتواندرێ بـە ڕۆژنامەنـووس لەقەڵەمبـدرێ، ئەگەرچـی لەوانەیـە هەندێک وێنەی ئاهەنگی بووک گواسـتنەوەش جار بەجار لە ڕۆژنامە یان گۆڤار بڵاوبکاتەوە.

ڕۆژنامەنووسـی وێنـە ڕۆڵێکـی بەرچاویـان لـە بەرەوپێشچوونی ڕۆژنامە گێڕاوە، ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشـتی، مێـژووی وێنەگرتن بـۆ ڕۆژنامە بۆ سـەردەمی شەڕی قەرم دەگەڕێتەوە. (شەڕی قەرم

لە ٢٨ مارسی ١٨٥٣ دەستی پێکرد و تا ١٨٥٦ بەردەوام بـوو. لە نێوان ئیمپراتۆری رووسـیا لەلایـەک و بەریتانیا و فەرەنسـا و پاشایەتی سـەردینی و بەشێک لە دەوڵەتی عوسـمانی لەلایەکی دیکەوە. وڵاتانی بەشـداری شەڕ بەم شـێوەی خوارەوە بەلەشکر بەشـدارییان لە شەڕی قەرم کرد. فەرەنسا (٤٠٠) هەزار سەرباز، تورکیا (٣٠٠) هەزار، رووسـیا (٧٠٠) هەزار، بولگاریا ٤ هـەزار، بەریتانیا ٢٥٠ هەزار و سـەردینیا (١٨) هەزار کەس بەشـدار بوون. لەم شـەڕەدا (٥٢٥) هەزار کەس لەبەرەی رووس کوژران یان بریندابوون یان بەنەخۆشـی مردن و لە بەرەی دیکەشەوە (٢٥٢) هـەزار کـەس بەهەمان شـێوە کـوژرا ون بریندار بوون و بە نەخۆشی مردن).

بەرەوپێشـچوونی تەکنۆلۆجیای کامیـرا و بەتایبەتیش جۆری Leica ی ٣٥ ملیم وێنەگرتنی ئاسان کرد. زاراوەی وێنەگـری رۆژنامەوانی بەزۆری لەلایـەن (Cliff Edom ١٩٠٧ – ١٩٩١) بـەکار دەهـات. ئەو لـە University of Missouri بۆ ماوەی ٢٩ سـاڵ لە بەشی ڕۆژنامەنووسی کاری کردبوو و لەسـاڵی ١٩٤٦ یەکەم وۆرکشۆپی لەسەر وێنەگـری رۆژنامەوانـی پێشـکەش کـرد. هەندێکی دیکە Frank L. Mott ناو دەبەن، کە بۆ یەکەمجار دەستەواژەی وێنەگری رۆژنامەوانی بەکار هێنابێ.

Amerikanska National Press Photographers Association

لە ساڵی ١٩٤٦ لە ئەمریکا دامەزرا و ئێستا (١٠) هەزار ئەندامـی هەیـە، لەگەڵ زۆربـەی ڕێکخراوەکانـی دیکەی

**"بەهـۆی دروسـتکردنی مۆتـۆر بـۆ کامیـرا و دروسـتکردنی فلاشـی ئەلیکترۆنـی و فۆکوسـی ئۆتۆماتیکـی و بابەتـی باشـتر و کامیرای باشتر، کاری ڕۆژنامەنووسـانی فۆتۆگرافی ئاسانتر بووە."**

هەواڵنامەی کتێب

جیهانی، رێسای ئەخلاقی وێنەگرتنیان نووسیوە و پەیڕەوی دەکەن. هەتا پێش پازدە ساڵ یانی پێش پەیدابوونی کامیرای دیجیتال و ئینتەرنێت، ٣٠ خولەک لە گرتنەوە بۆ گەیاندنی بۆ ڕۆژنامە پێویست بوو، ئێستا بەهۆی کامیرای دیجیتال و پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لەماوەی چەند چرکەیەکدا وێنە بە چۆنایەتییەکی زۆرباش ڕەوانەی شوێنی مەبەست دەکرێ. پێش پەیدابوونی تەکنۆلۆجیای دیجیتال، لەساڵی ١٩٦٠ وە بەهۆی دروستکردنی مۆتۆر بۆ کامیرا و دروستکردنی فلاشی ئەلیکترۆنی و فۆکوسی ئۆتۆماتیکی و بابەتی باشتر و کامیرای باشتر، کاری ڕۆژنامەنووسانی فۆتۆگرافی ئاسانتر بووە.

## ڕۆژنامەنووسی بەدواداچوون:

ئەمە دەستەواژە و تایبەتە بەو ڕۆژنامەنووسانەی لەسەر بابەتێکی دیار بەشێوەیکی بەرفراوان و تێروتەسەل خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونن. ئەو پرسیار یان بابەتانەی پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە و ئاو زۆر هەڵدەگرن، دەستەی نووسەران بڕیاردەدەن، بەتێروتەسەلی کاری لەسەر بکرێ، بۆ ئەمەش ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئەزموون و تایبەت لەڕۆژنامە هەن و بۆ ئەمجۆرە کارانە پەروەردە کراون. ئەو بابەتانەی لەمشێوەیە بەرزدەکرێنەوە، بەردەوام بەلایەن جەماوەر بابەتی سەرنجڕاکێشن و زانینیان پێویستە. بۆ ئەوەی هەندێک لایەنی شاراوەی پرسیاری پێویست ئاشکرا بکەیت، زۆرجار ڕۆژنامەنووس چەند مانگێک خەریکی نووسینی تەنیا یەک بابەتە، تا کارەکەی تەواو دەبێت. لەم جۆرە نووسینیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بایەخی یەکجار زۆری پێدەدرێ، لەبەر خەرجی زۆر ئەم جۆرە پڕۆژانە دیارە تەنیا ڕۆژنامە گەورەکان لەم جۆرە کارانەیان بۆ ئەنجام دەدرێ. زۆربەی جار، دەستپێکردنی ئەم نووسینانە، بە یەک SMS یان مەیلێک یان کورتە تەلەفۆنێک لەلایەن کەسانی نادیار دەستپێدەکات و لەو نامانەش سەرەداو دەردێن و ڕۆژنامەنووسیش بۆ ئەوەی تەواوی ڕاستییەکانی دەست بکەوێ، خەریکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونە. پاش ئەوەی ڕۆژنامەنووس تەواوی نهێنییەکان یان لایەنە شاردراوە و نادیارەکان ئاشکرا دەکات، دەستەی نووسەران بەرنامە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکە دادەنێن. زۆربەی جار بەلای کەم یەک هەفتە و ڕۆژانە کەمێک ڕاستی لەسەر بابەتی

**زۆرجار ڕۆژنامەنووس چەند مانگێک خەریکی نووسینی تەنیا یەک بابەتە، تا کارەکەی تەواو دەبێت. لەم جۆرە نووسینیانە لە وڵاتانی پێشکەوتوو بایەخی یەکجار زۆری پێدەدرێ، لەبەر خەرجی زۆر ئەم جۆرە پڕۆژانە دیارە تەنیا ڕۆژنامە گەورەکان لەم جۆرە کارانەیان بۆ ئەنجام دەدرێ.**

دیارکـراو بڵاودەکەنەوە. لە ئەنجامــی ئەم جۆرە کارانەدا، دیارە ڕۆژنامە ڕێکلامی باش بۆخۆی دەکات و ئابۆنەداران لە ئابۆنەی خۆیان پەشیمان نابنەوە و ڕۆژنامەش تیراژی دانابەزێـت. هەمان بەدواداچوون، دەکرێ بۆ تەلەفزیۆنیش لەجیاتــی نووســین بــە زوومی کامیــرا نیشــانی بینەران بدرێ.

## کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی:

ڕۆژنامەنــووس بەزۆر ڕێگا هەواڵ و زانیارییەکان بۆ جەماوەر دەگوازێتەوە. یەک لەو جۆرە کاریگەرانە، گێڕانی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی و بەکوردی دەکاتە: کۆنفرێنسێکی تایبــەت بــە میدیــا و زۆربــەی جاریــش ڕاســتەوخۆ لە تەلەفزیــۆن و ڕادیــۆ پەخش دەکــرێ. ئەم کۆنفرێنســانە، بۆ کەســانی سیاسی لەکاتی دەســت لەکار کێشانەوە یان دامەزراندن یان بابەتی ڕۆژانەی گرنگ، کە دێنە پێشــەوە ئەنجــام دەدرێــن، بۆ ئــەوەی گۆڕانکارییەکان لە کەســی یەکەمەوە بەجوانی بۆ جەماوەر شــیبکرێنەوە یان باسیان لێوە بکرێ.

پرێســکۆنفرێنس لەگــەڵ کۆنفرێنــس تــەواو جیایــە، ئەگەرچی هەردووکیان ئامانجیان دەوڵەمەندکردنی بابەت یان پرسیاری بەرزکراوەیە.

## کۆنفرێنس:

لە کۆنفرێنــس خەڵکی زۆر کۆدەکرێتەوە و باش خۆی بۆئامادە دەکرێ و بە چەند مانگ بەر لە بەستنی ئاگاداری بەشــداربووان دەکرێتەو و شــوێنی گێڕانــی دیار دەکرێ. لێــرە گفتوگۆ لەســەر بابەتێکی دیار کــراو دەکرێ و ڕای بەشــداربووان، کە پسپۆڕن لەســەر پرسیاری بەرزکراوە وەردەگیــرێ.. گێڕانــی کۆنفرێنس دەبێتە هۆی ناســین و بینینی هاوپیشــە و دەوڵەمەندکردنی بابەتی بەرزکراوە و پرسیاری هەنوکەییی.

کۆنفرێنــس بــۆ جەمــاوەری بچووکتــر بەکاردێــت و زۆرجــار بە ســێمیناریش بەناوبانگە بــە ئامادەبووان یان بەشداربووان دەگوترێ نوێنەر نەک ئەندام..

**کۆنفرێنس بۆ جەماوەری بچووکتر بەکاردێت و زۆرجار بە سێمیناریش بەناوبانگە بە ئامادەبووان یان بەشداربووان دەگوترێ نوێنەر نەک ئەندام..**

**ئەو نووسینانەی بەزمانی بێلایەن دەنووسرێن، زۆر بابەتی ترن، لەوەی بێلایەن نانووسرێن. ئەمەش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی دیکە زۆر جیایە.**

## سێمینار:

یــان کۆنفرێنس، جۆرێکە لە کۆنفرێنــس، لە قوتابخانە، زانکۆ، ڕێکخراوەکان، بۆ پەروەردەکردنی مامۆستا و کادر

هەواڵنامەی کتێب

بەکار دێت. وشـەی سـێمینار semen لاتینییە بەکوردی دەکاتە: تۆ، ناوک یان کاکڵ.

## زمانی بێلایەن:

ئـەو نووسـینانەی بەزمانـی بێلایـەن دەنووسـرێن، زۆر بابەتـی تـرن، لـەوەی بێلایەن نانووسـرێن. ئەمەش لـە بابەتێکـەوە بۆ بابەتێکـی دیکە زۆر جیایـە. بۆنموونە گوتارێک لەسەر وەزیرێکی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان یـان پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەنووسـی. ئەندامانی هـەر یـەک لـەو دوو حیزبە، بەئاشـکرا و لـە ڕاگەیاندنی خۆیان، ئامادەنین بە خراپە باس لە وەزیری خۆیان بکەن، بۆیە لێرە چاکە، لەوکاتەی دەنووسـرێ وەزیر خراپە، یان دەسـتەڵاتی سیاسـی خۆی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار دێنی، ڕای چەند کەسێکی پسپۆر وەربگریت و بەفاکتە نووسـینەکە دەوڵەمەند بکەیت، جگە لەوەش نابێ هەسـت و سـۆز لەوجۆرە نووسـینانە بەکار بێن. ڕۆژنامەنووس دەبێ نووسـین بنووسـێ پاش ئـەوەی زۆر باش خۆ بۆ ئەو نووسـین ئامـادە دەکات، زۆر بێلایەنانە بابەتەکە یان پرسـیارەکە بەرز بکاتەوە. لێرە گرنگە ئەوانەی بیروڕایان وەردەگیرێ ناو و پیشـەیان بۆ خوێنەر یان بینەر ئاشکرا بکـرێ لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی خوێنەر، کە فاکتەکان لە چ سەرچاوەیەک وەرگیراون.

زۆر جـار لەکاتی نووسـین و بڵاوکردنـەوەی گوتار، پرسـیارێک بەرزدەبێتەوە: باشـترین گوتار چۆنە و چۆن نووسـراوە و بۆچیش ئەو نووسـینە باشـترین نووسینی ئەو ژمارەیەیە؟

**زۆر جار لەکاتی نووسـین و بڵاوکردنـەوەی گوتـار، پرسیارێک بەرزدەبێتەوە: باشـترین گوتـار چۆنە و چۆن نووسـراوە و بۆچیش ئـەو نووسـینە باشـترین نووسینی ئەو ژمارەیەیە؟**

**لە گوتار نووسـین باشـە زانیـاری بنەڕەتـی یـان گشـتی لەسـەرەتا بێـت و زانیـاری تایبـەت و وردەکارییەکانی پرسیاری بەرزکـراوە یـان بابـەت لەکۆتایی بێت.**

## باشترین گوتار:

باشـترین گوتـار ئەوەیە کە بـە ئاراسـتەی ڕێک یان بە نووسـینی ڕەوان بـاس لە پرسـیاری هەنووکەیی یان بابەتـی تایبـەت دەکات. دەسـتپێکردنی ئـەو نووسـینانە دەبـێ ئەوەندە سـەرنجراکێش بێت، تـا ئەوانەی لەوبوارە یـان پرسـیاری بەرزکـراوە پسـپۆریش نین، بەئاسـانی لەمەبەسـتی ڕۆژنامەنووس بگـەن و ئارەزوویان بکەوێتە سەر خوێندنەوەی بابەتەکە یان نووسینەکە، چونکە ئامانج لە ئینسـکلۆپێدیا یان نووسـین تەنیا کۆکردنەوەی زانینی مرۆڤ نییـە، بەڵکو بڵاوکردنەوەشـییەتی. ئەو گوتارانەی بە شیکردنەوە (تەحلیلی) دەسـپێدەکەن زۆرترین خوێنەر

دەیانخوێنێتەوە. بۆیە باشـە، ئەگەر رستەی یەکـەم و کۆپلـەی یەکەم سـەربەخۆ بن. لە گوتار نووسـین باشـە زانیاری بنەڕەتی یان گشـتی لەسـەرەتا بێت و زانیـاری تایبەت و وردەکارییەکانـی پرسـیاری بەرزکراوە یان بابەت لەکۆتایی بێت.

### مەسمێدیا وەک دەستەڵاتی حکومەت:

لە هەندێک وڵاتانی جیهان، مەسمێدیا بەناوی دەستەڵاتی سێی حکومەت ناودەبردرێ. یەک لەو وڵاتانەی راگەیاندنی فراوان بە دەستەڵاتی سێ لەقەڵەم دەدەن سویدە. لە سوید سەرەتا حکومـەت دواتر پەرلەمـان و دوای ئەوانیش راگەیاندنـی فراوان دێـت. لە هەندێک وڵات و یـەک لەوانیـش ئەمریکا، راگەیاندنـی فراوان وەک دەسـتەڵاتی چـارەم دێـت. لەوێنـدەر دەستەڵاتی سەرۆک، کۆنگریس و دادگای باڵا و دوای ئەوانیش مەسمێدیا دێت.

لە کوردستان، جارێ مێدیا هیچ دەستەڵاتی نییـە، چونکـە ئـەو ئازادییەی بۆ تێگەیشـتن لـە رۆلـی مێدیا پێویسـتەجارێ نییـە و جگە لـەوەش راگەیانـدن لە کوردسـتان حیزبییە. مێدیا لە کوردسـتان ناتوانێ، کار بکاتە سەر را دروسـت کردن، بەرزکردنەوەی پرسیار و گەرمکردنی، چونکە جارێ هیچ یاسـایەکیش نییە، لەژێریەوە رۆژنامەنووس یان بەرپرسی پـێ رابکێشـرێتە دادگا. مێدیا لە کوردسـتان زیاتـر رۆلی بێزارکردنی دەسـتەڵات دەبینێ، لـەوەی ببێتە هۆی دوورخسـتنەوەی وەزیر یان کەسـانی خـراپ لە حکومـەت و حیزب.. لـە کوردسـتان، تەنیا ئـەو پرسـیارانە بەرز دەکرێنەوە، کە سیاسییەکان خۆیان دەیانەوێ بـەرز بکرێنـەوە و لـە هەمـووش خراپتـر بەدواداچـوون لـە راگەیاندنـی کوردیدا نییە، کە زۆر پێویسـتە بۆ ئەوەی وەک دەستەڵاتی چوار ناوی بهێندرێ.

هەوالنامەی کتێب

# جۆری (ژانر)ی «هەواڵ» و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا

## توێژینەوەیەکی شیکارانەیە



هەژار حاتەم حەمە

### هۆکاری ئەم توێژینەوەیە

خزمەتکردن بە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، بە هەڵدانەوە و هەڵسەنگاندن و توێژینەوە لە سەر ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوانەی، کە بەشێکیان لە مێژوو و کولتووری گەلەکەمان پێکهێناوە، مەبەستی سەرەکیمە لەم توێژینەوەیەدا، بە تایبەت «پیرەمێرد»، کە داهێنەر و بەرجەستەکەری مێژوویەکی پرشنگدارە لە زۆر بواردا، بە تایبەتیش لە بواری کاری ڕۆژنامەنووسییدا، مەرجیش نییە، لە ڕێبازی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکانماندا هەر چاوەڕوانی پیاهەڵدان و ستایشدا بین، بەڵکو دەرخستنی لایەنە لاواز و کەموکورتییەکانی شاکارەکانیشیان هەر خزمەتە بە ڕوحیان، چونکە توێژینەوە و هەڵسەنگاندن لە هەر بوار و بابەتێکدا بێت، دەرخەری بوون و کاریگەرییەکەیەتی، بەدەر لەوەش، کە ئەو جۆرە هەواڵانە دواجار هەر بە خزمەت پڕۆژە نیشتمانیی و نەتەوایەتییەکەمان دەشکێتەوە، بۆیە بەشداربوونیش لەم بۆنە و یادانەدا هەر بەو مەبەست و ئاڕاستەیە دایە.

### کەرەستەی توێژینەوەکە

توێژینەوەی **«هەواڵ لە (ژیان)»**، ژمارەکانی (٣٢١-٤٠٠)ی ڕۆژنامەی **«ژیان»**ی کردووەتە کەرەسەی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنەکەی، بۆیە ئەو ماوە دیاریی کراوەش وەرگیراوە، چونکە **«پیرەمێرد»** لەو قۆناغەی **«ژیان»**ەوە دەست بە کار بووە و بەردەوام بووە لە سەر دەرکردنی ڕۆژنامەی ناوبراو، کە پێش ئەو **«ژیان»** بە سێ قۆناغی دیکەدا تێپەڕ ببوو، تا ژمارە (٣٢٠)یشی لێدەرچوو بوو، بۆیە هەتا ژمارە (٤٠٠) وەرگیراوە، چونکە لە بەر کورتیی کاتی پێشکەشکردنی توێژینەوەکان،

نەمتوانــی ژمارەکانی «ژیان»ی ســەردەمی «**پیرەمێــرد**» پەیدا بکــەم و توێژینەوەکەمی پێ دەوڵەمەندتر بکەم، بنکەی «ژین»یش، کە ئێمە کتێبی «**ڕۆژنامەی ژیان، چوارەم بەرگ، ژمارەکانی ٣٢١-٤٠٠**»مان، وەکو سەرچاوەی هەڵســەنگاندن و لێتوێژێژینــەوەی ڕۆژنامەی «**ژیان**» بە کار هێنــاوە، تەنها چوار بەرگیان لە ژمارەکانی «**ژیان**» چاپ کردووەتەوە، کە لە ژمارەکانی (٣٢١-٤٠٠)ە.

(ئەو چەند هۆکارەی لە سەرەوە ئاماژەیان بــۆ کــرا، دەتوانیــن وەکــو گیروگرفتەکانــی توێژینەوەکەش هەژماریان بکەین).

### ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکــە، ڕێباز و میتۆدێکی شــیکارانەیە بــۆ ئــەوەی بۆمــان ڕوون ببێتــەوە، کە هــەواڵ وەک ژانرێکی زیندووی ڕۆژنامەنووســیی لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا لە چ ئاستێکدا بووە.

## پێڕست

**پێشەکی** ..................................................

**لایەنی تیۆریی: بەشی یەکەم**

**١/١. هەواڵ وەک ژانرێکی ڕۆژنامەوانیی**..................................

**١/٢. پێناسەی هەواڵ**...................................................

**١/٣. بەهاکانی هەواڵ**...................................................

**١/٤. ڕەگەزەکانی هەواڵ**.................................................

**١/٥. سەرچاوەکانی هەواڵ**...............................................

**١/٦. جۆرەکانی هەواڵ**..................................................

**١/٧. زمانی هەواڵ**......................................................

**١/٨. قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ**.........................................

**لایەنی پراکتکیی: بەشی دووەم**

**٢/١. کورتە ناساندنێکی ڕۆژنامەی «ژیان»**...............................

**٢/٢. هەواڵ لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا** ..................................

**ئەنجام** ..................................................

**سەرچاوەکان** ..................................................

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

**«هەر گەل و میللەتێک رابردووی خۆی لە بیر بکات، داهاتووشی نابێت»**

لە رووی لۆژیکییەوە، پێشکەوتنی هەر گەل و میللەتێک بەستراوەتەوە بەو رۆڵ و پێگەیەی، لە رابردوودا، لە ناو هاوکێشەی ژیان و ململانێکانی رۆژگاردا، قۆناغ بە قۆناغ بۆ خۆی پچڕیووە و قوربانیی لە پێناویدا داوە، لەو رووەوە لە مێژووی گەلی کورد بە سەدان و بگرە هەزاران هەڵکەوتوو و زانا و مێژوونووس و شاعیر و ....تاد، هەڵکەوتوون و بە نووسین و شاکارەکانیان مێژووی گەلی کوردیان پرشنگدار کردووە، بە دەر لەوەی، کە رۆڵێکی سەرەکیشیان هەبووە لە ناساندنی گەلی کورددا، کە گەلێکە دەیەوێت بژی و بە زمانی زگماکیی خۆی بدوێ و بنووسێ، هەروەها هیچی کەمتر نەبێت لە گەلان و وڵاتانی دەوروبەری، لە پێناو ئەو ئامانجانەشدا رۆڵە هەڵکەوتوو و قەڵەمبەدەستەکانی گەلی کورد، ئاوارەیی و دەربەدەریی و زیندان و کوشتنیان هەڵبژاردووە، بەڵام ئامادە نەبوون دەست لەو خەباتە مەدەنییە هەڵبگرن، کە خەباتی راگەیاندن و رۆژنامەوانییە. (**رەنگە ئاوارە بوونی بنەماڵەی بەدرخانییەکان و دەرکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی «کوردستان» لە دەربەدەریی و لە «قاهیرە»ی پایتەختی وڵاتی «میسر» باشترین و جوانترین نموونە بێت**).

یەکێک لەو زانا و هەڵکەوتوو و شاعیرانە «**پیرەمێرد**»ە، کە ژیانی خۆی کردە مۆم و لە پێناو میللەتەکەیدا سووتا و توایەوە، بەرهەم و ئەنجامی ئەو هەوڵانەشی، چەندین شاکاری گرنگە، لە بوارەکانی نووسین و پەندی پێشینان و رووداوەکانی سەردەمی خۆی، کە لە هۆنراوە سادە و ئاسانەکانیدا و بەشێک لە بابەت و نووسینە رۆژنامەنووسییەکانیدا رەنگی داوەتەوە، لە نێو ئەو شاکار و داهێنراوانەی «**پیرەمێرد**»دا، لەوانەیە رۆژنامەی «**ژیان**» و «**ژین**» یەکێک بن لە مەزنترین و جوانترینی هەوڵ و شاکارەکانی، چۆن مرۆڤێک توانی لە ناوچەیەکدا، کە هیچ دەزگا و پەیمانگا و زانکۆ و سەنتەر و کەرەسەیەکی نوێی و هاوچەرخانەی تێدا نەبێت و بوونیان نەبێت، رۆژنامەکانی «**ژیان**» و «**ژین**» دەربکات و بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامیش بێت لە سەر ئەو رەوتە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، رەنگە زۆر نهێنیمان بۆ دەر بخات، بەڵام ئەوە کاری ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵکو ئێمە دەمانەوێت لەم توێژینەوەیەدا، بزانین ئایا ئەو زانیارییانەی، کە «**پیرەمێرد**» لە کارە رۆژنامەنووسییەکانیدا پێشکەشی وەرگران و خوێنەرانی هاوزەمان و هاوکاتی خۆی کردووە، تا چەند دەتوانین ناوی لێبنێین «**هەواڵ**»، بە مانایەکی دیکە، ئایا دەتوانین بڵێین «**پیرەمێرد**» بەو زانیارییانەی شتێکی پێشکەش وەرگرانی کردووە، کە لە رووی ئەکادیمێتییەوە، بە «**هەواڵ**» ناوزەدی بکەین؟

توێژینەوەی (**هەواڵ لە «ژیان»**)دا، لە دوو بەشی سەرەکیی پێکهاتووە: بەشی یەکەم لە رووی ئەکادیمییەوە، باسمان لە ژانری هەواڵ کردووە، ئەوەش پێویستی کرد، کە لە هەشت خاڵدا، لە هەواڵ وەک: (**ژانرێکی رۆژنامەوانیی، پێناسەی، بەهاکانی، رەگەزەکانی، سەرچاوەکانی، جۆرەکانی، زمانی دارشتنی و قاڵبەکانی دارشتنی**) بکۆڵینەوە.

بەشی دووەمیش، تایبەتە بە هەواڵ لە رۆژنامەی «**ژیان**»دا، سەرەتا کورتە ناساندنێکی رۆژنامەی «**ژیان**»مان کردووە، دواتر هەواڵ لە رۆژنامەی «**ژیان**»دا بووەتە کەرەستەی بەراوردکاریی لەگەڵ ئەو ناساندن و پێناسە کردنەی ژانری هەواڵ، کە لە روو پرۆفیشناڵییەکەیەوە کردوومانە.

بەو رێباز و میتۆدەش بۆمان دەرکەوێت، کە هەواڵ لە رۆژنامەی «**ژیان**»دا، لە چ ئاستێکدا بووە، هەروەها جۆرا و جۆرێتیی هەواڵەکانی، رەگەزەکانی، بەهاکانی، سەرچاوەکانی، زمان و شێوازی دارشتنیشی چۆن بووە و لە چ ئاستێکدا بووە.

هیوادارم بەو کارەم توانیبێتم زیادەیەک

و زانیارییەکـی نوێـم هەڵێنجاندبێـت، بـەوەش کەمێک لە ماندوویێتیی و شـەکەتیی روحی «**پیرەمێرد**»م ئاسـوودە کردبێت.

## لایەنی تیۆریی: بەشی یەکەم

لەم بەشـەدا، باس لە ژانری «**هـەواڵ**» دەکەین لە لایەنی تیۆریـی و ئەکادیمێتییـەوە، بەڵام گرنگە پێش ئەو باسـە، بزانیـن هـەواڵ وەک ژانرێکـی گرنگـی رۆژنامەوانیی، لە کەیـەوە هاتووەتـە نێـو دونیـای راگەیانـدن و رۆژنامەوانییـەوە، هەروەهـا لـە چەمکـی هـەواڵ، بەهاکانی، رەگەزەکانـی، جۆرەکانی، سـەرچاوەکانی، زمان و قاڵبەکانی دارشتنی باس دەکەین.



### ١|١- هەواڵ وەک ژانرێکی ڕۆژنامەوانیی

ڕەنگـە هەڵە نەکەیـن، ئەگـەر بڵێین هەر لـە سـەرەتای شـێوازە جیاوازەکانـی ڕاگەیاندنـەوە، کـە لـە کۆنـەوە مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ بەرجەسـتەی کردوون، مەبەستی سەرەکی لێیان دەستکەوتنی هەواڵ بووە.

کاتێـک سـەرچاوەکان ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن، کە مرۆڤ لـە کۆندا ئەگـەر «**هـەواڵ و دەنگوباسـێکی ببیسـتایە، بۆ گەیاندنەوەی، یاخود بڵاوکردنەوەی تەپڵی لێدەدا، یان ئاگری لە شوێنێکی بەرز دەکردەوە**»[١].

پاشان بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانیتر، شێوازی نوێتر دەهاتە کایەوە، لە هەر یەکێکیشـیاندا ئامانج و مەبەست یەک شت بووە، کە ئەویش لەپێشتر وتمان، گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسەکان بووە.

دواتـر مرۆڤایەتـی پێـش دەکەوێت و شارسـتانییەت بینا دەکرێـت، بێگومـان لەو قۆناغەشـدا، پێویسـتی خەڵک و کۆمەڵگا وایان کرد، کە ڕۆژنامە، یاخود بڵاوکراوەی شێوە ڕۆژنامە بێتە کایەوە.

مێژوونووســـان و پســـپۆڕانی بـــواری مێدیـــا دەنووســـن: **«پاپاکانـــی ســـەردەمی ئیمپراتۆرییەتـــی ڕۆمانـــی، ڕووداوەکانیـــان هەمـــووی تۆمار دەکرد و لـــە بڵاوکراوە دەورییـــەکان دان کـــە پێیان دەوتـــرا (الدوریـــات البابویە)، بڵاویان دەکردەوە و لە شوێنێکدا هەڵیاندەواسی بۆ ئەوەی خەڵکی بیانبیننو بیانخوێننەوە»**[٢].

بە سەرنجدان لەو چەند نموونەیە، کە ئاماژەمان بۆیان کرد، بۆمان دەردەکەوێت، بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباسی پادشا و پاپاکان، مەبەســتی سەرەکی بڵاوکردنەوەی ئەو دەوریات و ڕۆژنامانە بووە، ئەگەر نەڵێین هەمووشیان.

## ٢|١- پێناسەی هەواڵ

پێناســـەکردنی هەواڵ کارێکی زەحمەتە، چونکە چەمکێکی ئاڵـــۆزە و هـــەر نووســـەر و توێژەرێکی بـــواری میدیا، بە پێـــی تێڕوانینـــی خـــۆی و بەهەنـــد وەرگرتنـــی جۆرێـــک لە هەواڵ لەلای خوێنەران (وەرگران) ی دەوروبـــەری خـــۆی، یاخـــود کۆمەڵگاکەی خۆی، پێناســـەیەک بۆ چەمکی هەواڵ دەکات، بەردەوامیـــش پێناســـەکان لـــە زیادبـــوون و ئاڵۆزبوون دان.




بەڵام بە هەرحاڵ، چەند پێناسێک بۆ چەمکی «هەواڵ» دەخەینە ڕوو:

**«هەواڵ، وەسف، یاخود ڕاپۆرتێکی وردە لەبارەی ڕووداوێکەوە، بە بێ لایەنگیریی لە ڕاستییە گرنگەکاندا، کە پەیوەستن بە واقیعەوە.»** یاخود **«نامۆکانن (الغریب) بە لای خەڵکەوە»**[٣]. یان **«ڕووداوێکی ســـەیر و سەرنجڕاکێشـــە بـــە لای خوێنـــەرەوە»**. یـــان **«هـــەواڵ، چییە، جگە لەوەی کە ڕووداوێک لە واقیعدا ڕوو دەدات و ڕۆژنامەوان بە چڕیی و کورتکراوەیـــی دەیگێڕێتەوە»**[٤]. یاخـــود **«هـــەواڵ، بریتییـــە لـــە پیشـــاندانی ڕووداوە ســـەیرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بیروڕای گشتی»**[٥] یان **«هەواڵ، گێڕانەوەی**

ئەو ڕووداوانەیە کە دوێنێ نەبیستراون»[٦].

## ٣|١- بەهای هەواڵ

هەرچەنـدە، بەهای هەواڵیـش، وەکو چەمکی «هەواڵ» یاخود هــەر چەمک و دیاردەیەکی کۆمەڵایەتــی دیکە، بە پێی شــوێن و کاتەکان دەگۆڕێـت، بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتیی، بەهای هــەواڵ لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت، لەوانەیە هەواڵێـک یەکێک لەو بەهایانەی تێدا بێت، پێدەچێت زیاتر لە بەهایەکیشی تێدا بێت، بەهاکان:

**١. تازەیی، دەستبەجێی (الآنیة، الفوریة):**
واتــە هــەر لەگــەڵ ڕوودانــی ڕووداوێکــدا هەواڵەکەی بــڵاو بکرێتەوە، یاخــود لەوانەیە پێشتر ئەگەری ڕوودانی بڵاوکرابێتەوە.

**٢- نزیکایەتی (القرب):**
مەبەست ئەوەیە، کە ڕووداوەکە پەیوەندیی و نزیکایەتیی بە نیســبەت خوێنەرانەوە هەبێت، جا نزیکایەتیی بــە مانای خوێنەران نزیک بن لە شــوێنی ڕوودانی ڕووداوەکەوە، یاخود بە نیسبەت چارەنووسیانەوە.

**٣- ڕووداوە نائاساییەکان:**
ئــەو ڕووداوانــە دەگرێتەوە، کە سروشــتین، یاخود بە دەگمەن ڕوو دەدەن.

**٤- کەسایەتییە دیارەکان:**
ئــەو ســەرکردە سیاســیی و گۆرانیبێــژ و وەرزشەوان و هونەرمەندانو. هتد، دەگرێتەوە کە ناســراون لــە بوارەکەی خۆیانــدا، ئەگەر نــاوی هەر یەکێـک لەوانە لــە هەواڵێکدا بێت، ئەوا جۆرێک لە بەها بەو هەواڵە دەبەخشــێت و لەوانەیە لاپەڕەی یەکەمیش بۆ خۆی داگیر بکات.

**٥- ململانێ (الصراع):**
کاتێک هەواڵێـک دەربــارەی ململانێ، یاخود شــەڕی نێــوان حکومــەت و ئۆپۆزســیۆن بێــت، جێــگای بایەخە. لەوانەیــە زۆرجاریش ململانێیەکە بوارەکانــی کۆمەڵایەتیی، فکریی، فەرهەنگیی، ئابووریی و ...هتد، بگرێتەوە.

**٦- کات بەسەربردن (التسلیة والترفیة):**
هەمــوو ئەو هەواڵانە دەگرێتــەوە، کە وەرگر (بینەر) کاتێکی بە تاڵی پێ پڕ دەکاتەوە، یاخود چێژی لــێ وەردەگرێت، وەکــو بەرنامەکانی: **(شــەوانی جــەژن، نەورۆز، ســەری ســاڵ و گۆرانی داواکراو)**※.

## ٤|١- ڕەگەزەکانی هەواڵ

پێکهاتــەی هەواڵــی ڕۆژنامەنووســیی بــۆ ئــەوەی پێکهاتەیەکی تەواو بێت و ئاڵۆزییەک لــە تێگەیشــتنی وەرگرانــدا دروســت نەکات، پێویســتە چەند ڕەگەزێک لە هەواڵدا هەبن کە ئەمانەن:

کێ (Who)، چی (What)، لەکوێ (Where)، کــەی (When)، بۆچــی (why) و چــۆن (How).

ئێستا یەکە یەکە ئەو ژانرانە راڤە دەکەین:

**١- <u>کــێ</u>:** لــەم ژانــرەدا دەبێــت ئــەوە بخرێتە بەرچاو، ئەو ڕووداوە کە ڕوویداوە چ شتێک، یــان کەســێک بووەتە هۆی دروســت بوونی ڕووداوەکە.

**٢. <u>چی</u>:** بە زۆریی باس لەبابەتی ڕووداوەکە دەکات، دەبێــت لەناو هەواڵەکەدا بخرێتە ڕوو کەچــی ڕوویــداوە، ڕووداوی بۆردومان، یان ڕووداوی سەیارە یان . هتد.

**٣. <u>لەکــوێ</u>:** ئــەو ڕووداوەی کــە ڕوویداوە خوێنــەر، یان جەمــاوەر زۆر بەلایەوە گرنگە بزانێــت لە کوێ ڕوویــداوە، چونکــە نزیکیی هەواڵەکە بۆ شوێنێک، یان کەسێک جیاوازەو زیاتر جێگای سەرنجدانە.

**٤. <u>کــەی</u>:** ئاماژەکــردن بــە کاتــی ڕوودانی ڕووداوەکە زۆر گرنگە، چونکە بەهای هەواڵ

مكتبة الناصري

لــە تازەییدایە و هــەر هەواڵێک زۆر گرنگیش بێت، ئەگەر درەنگ بڵاوبکرێتەوە ئەو بەهایەی نامێنێ، هەروەها گرنگە لە سەرەتای نووسینی هەواڵەکــەدا ئامــاژە بــە ڕۆژی ڕووداوەکــە بدرێت.

٥. **بۆچی**: یەکێکە لە پرسـیارە قورسـەکان، زۆر بــە کەمــی لەنــاو ژانرەکانــی هەواڵێکدا وەڵام دەدرێتەوە، چونکە ســەرەتای ڕوودانی هەر هەواڵێک دیارنییــە و هەر زانیارییەکیش سەبارەت بە هۆکاری ڕوودانی ئەو ڕووداوە بخرێتــە ڕوو، دوور نییــە بە هەڵــە داچوونی تێدا بێت.

٦. **چۆن**: باس لە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە دەکات، واتە: چۆن ڕوویدا؟ یان چۆن دەستی پێکرد؟....تاد.*

## ١|٥- سەرچاوەی هەواڵ

ســەرچاوەی هــەواڵ مەبەسـت دانەپاڵی هــەر هەواڵێک بۆ ئەو ســەرچاوەیەی کە لێی وەرگیراوە[٧].

بێگومان هەموو هەواڵێک دەبێت لە ناوەند، یاخود کەســایەتیی، یان لــە داودەزگایەکەوە وەرگیرابێت، ئەو کەس، یان شوێنەش دەبێتە «سەرچاوەی هەواڵ»ەکە.

تاکــو ســەرچاوەکانی هــەواڵ بەهێــز و ناســراو بن، هەواڵەکانیــش زیاتر لای وەرگر جێی متمانە دەبن.

ئەو ســەرچاوانەی کە ڕۆژنامەوان هەواڵ و زانیاریی لێیانەوە دەست دەکەوێت، جیاواز و هەمە چەشــنەن، بەڵام بە گشتییو لەڕووی جوگرافییەوە سەرچاوەکانی هەواڵ بۆ:

**١. ســەرچاوە خودییەکان**: ئەو سەرچاوانەن، کــە ڕۆژنامە لــە وەرگرتنــی هەواڵدا پشــتی پێدەبەستێت، وەک: نوێنەری ڕۆژنامە، یاخود پەیامنێری دەرەکی ڕۆژنامەکە.

**٢. سەرچاوە دەرەکییەکان**: ئەو سەرچاوانەیە کە ڕۆژنامەکە، وەک سەرچاوەیەکی دەرەکیی دەســتەی نووســەرانی، بەکاریــان دەهێنــێ، وەک ئاژانسەکانی هەواڵو ڕێککەوتنی تایبەتی ئاژانســەکانو ڕۆژنامــەو ڕادیــۆ ناوخۆییــو دەرەکییەکان[٨].

## ١|٦- جۆرەکانی هەواڵ

چەنــد دابەشــکردنێکی جۆرەکانی هەواڵ هەیە، لەوانە:

**١. دابەشــکردنی تەقلیدیانە، کە ئەوەش بە پێی ناوەڕۆکی هەواڵەکان دابەش دەبێت بۆ:**
**(هەواڵــی سیاســی، هەواڵــی کۆمەڵایەتیــی، هەواڵــی ئابووریــی، هەواڵــی ڕووداوە سروشــتییەکان، هەواڵی وەرزشــی، هەواڵی دادگا و تاوانــەکان،. هەواڵــی دامو دەزگاکان، هەواڵی کەسایەتییەکان....تاد)**[٩].

**٢.دابەشکردنی جوگرافیانە**: ئەمیش بۆ: هەواڵی ناوخۆ و هەواڵی دەرەوە دابەش دەبێت.

**أ ـ هەواڵــی ناوخــۆ**: هەمــوو ئــەو هەواڵانــە دەگرێتــەوە، کە لە شــوێنی نیشــتەجێبوونی ڕۆژنامەوانەکە ڕوودەدات.

**ب ـ هەواڵــی دەرەوە**: ئەمیــش ئــەو هەواڵانە دەگرێتــەوە، کــە لــە دەرەوەی وڵاتــی دەزگا ڕاگەیاندنەکــە، یــان ڕۆژنامەوانەکــە ڕوو دەدات[١٠].

**٣. دابەشــکردن بە پێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دابەش دەبێتەوە بۆ:**
(هەواڵی نووسراو، هەواڵی بیستراو و هەواڵی بینین ـ بیستن)[١١].

## ١|٧- زمانی داڕشتنی هەواڵ

بە شێوەیەکی گشتیی، داڕشتن و نووسینەوەی هەمــوو ژانــرە ڕۆژنامەوانییــەکان، زمانێکی سادەیە و دوورە لە ڕازاندنەوە و پیاهەڵدان و وەسفکردنو زیادەڕۆیی (المبالغة)، جگە لەوەی

ئـەو تایبەتمەندییانەی ناومان هێنان، لە زمانی پڕوپاگەندە و بابەتە ئەدەبییەکاندا زیاتر زاڵە، هەروەها «ڕۆژنامەوانی لـە پێش هەر شـتێکدا ئامانجی ئەوەیـە کاری خوێندنەوە لای خوێنـەرە ئاسـاییەکان ئاسـان بکاتەوە و پرۆسـەی خوێندنـەوە لای خوێنەر دڵگیر بکات و وای لێ بکات ببێتە شاهیدێکی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان»(١٢).

«هەروەهـا بـە پێچەوانەی ئەدیبەکان خـۆی لە دەربڕینی ڕای تایبـەت دەپارێزێـت، زۆربـەی خوێنـەران زیاتر بە دوای هەواڵەکاندا دەگەڕێن، نەک بیروڕا تایبەتمەندییەکانی نووسەر»(١٣).

گەشـەکردن و فراوانبوونـی لقەکانـی ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەوانیـی لەمـڕۆدا، بۆتـە هـۆی کۆکردنـەوەی جەماوەرێکـی بەرفـراوان لـە دەوری خۆیـان، «ئەمەش بۆتـە هۆی پەیدابوونی جۆرێکی تر لە پەخشـان (نثر) کە (پەخشـانی ڕۆژنامەوانی)یـە، ئەویش جیـا دەکرێتەوە بە بەکارهێنانی چەمک و گوزارشتی کورت و سادەو ئاسان، هەروەهـا دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشـەی نامۆ و ڕۆچوون لە زاراوەسـازیدا، پاشـان بـە دوور گرتنیش لە زمانی گشتی (بازاڕیی) بە پێی توانا»(١٤).

کەواتـە بـە کورتیـی، زمانـی دارشـتنی هـەواڵ و ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانـی تر، دەبێت سـادە و ئاسـان بێت و بە دوور بێـت لـە ڕازاندنەوە و وشەسـازیی بێ مەبەسـت، هەروەها دارشتنی هەواڵ پێویستی بە توانایەکی هونەرییو ڕۆشنبیریی هەیە، هەرچەندە دارشتنەکە سەرکەوتوو بێت، ئەوەندە هەواڵەکە ڕێکو پێکتر دەکاتو کاریگەریی بە سـەر خەڵکەوە زیاتر دەبێت.

- زمانی دارشتنی هەواڵ و ژانرە ڕۆژنامەوانییەکانی تر، دەبێت سادە و ئاسان بێت و بە دوور بێت لە ڕازاندنەوە و وشەسازیی بێ مەبەست...
- هەواڵ پێویستی بە توانایەکی هونەرییو ڕۆشنبیریی هەیە، هەرچەندە دارشتنەکە سەرکەوتوو بێت، ئەوەندە هەواڵەکە ڕێکو پێکتر دەکاتو کاریگەریی بە سەر خەڵکەوە زیاتر دەبێت...

### ٨|١- قاڵبەکانی دارشتنی هەواڵ

هەمـوو هەواڵێـک کـە ئامـادەی دەکەیـن، دەبێـت دواتر دابیرێژینەوە، پێویسـتە ئەو دارشتنەوەیە بە جۆرێک بێت، کـە یارمەتـی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشـتن لـەو خاڵە، یان فیکرە سەرەکییەی کە لە هەواڵەکەدا هەیە(١٥).

پێش ئەوەی لەلایەن ناوەندە ئەکادیمییەکانەوە، هیچ جۆر و شێوازێک لە قاڵبەکانی هەواڵ خرابنە ڕوو، «لە سەرەتادا ڕووداوەکان چـۆن ڕوویـان دەدا تۆمار دەکـران، واتە بە



هەواڵنامەی کتێب

**پێی بە دوایەکدا هاتنی زەمەنی ڕووداوەکان»**[١٦].

پسپۆڕانی بواری میدیا چەندین جۆری قاڵبی داڕشتنی هەواڵیان باس کردووە، بەڵام ڕەنگە گرنگترینیان ئەمانە بن:

**١. قاڵبی هەڕەمی هەڵگەڕاوە:** یەکێکە لە دیارترین قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ، لە هەواڵە گەرماو گەرمەکاندا بە کاردێت[١٧]، هەروەها لەو هەواڵانەی، کە ئاژانسەکانی دەنگوباس پەخشی دەکەن[١٨].

لەم قاڵبەدا گرنگترین ڕەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵەکە لە سەرەتاوەو بە پێی ڕیزبەندیان لە گرنگەوە بۆ گرنگتر دەنووسرێنەوە و لە هەواڵەکەدا دادەنرێن، واتە دەبێت زانیاریی لە سەرەوەی لوتکەی هەڕەمەکەدا بێت، هەروەها بە شێوەیەکی پلە پلە هەواڵەکە فراوان بکرێت، ئەوەی لە سەرەوەیە زۆر گرنگ، پاشان کەمتر گرنگ، ئینجا کەمتر گرنگ، بەو شێوازە، تاکو شێوە هەڕەمییەکە دروست دەبێت، لە لوتکەوە بەرەوە بنکەی هەواڵەکە[١٩].


ژیان
(زانستی)
ژیان

**٢. قاڵبی وتەی گواستراوە (حدیث المنقول):**
ئەم قاڵبە بەکاردێت بۆ وتەی سەرکردەیەک، یان بەیانێکی فەرمیی دەزگاو لایەنێک، یان بۆ یاداشتێک....تاد.

وتەکە لە دەقی هەواڵەکەوە وەردەگیرێت و بە شێوەی مانشێتێک دادەڕێژرێتەوە، واتە: وتەی سەرکردەکە، یان گرنگترین خاڵی بەیانەکە بە شێوەی مانشێت دادەنرێتەوە.

لەکاتی داڕشتنەوەی هەواڵەکەدا دوو کار گرنگن، یەکەمیان قرتاندنی ئەو زانیارییانەی زیادن، بەڵام گرنگە لە یادمان نەچێت کە نابێت بە شێوەی بڕین بەجێیان بهێڵین، بەڵکو دەبێت ڕێکیان بخەینەوە، دووەمیان چڕکردنەوەی زانیارییو فرێزەکان[٢٠].

**٣. قاڵبی بە دوایەکی زەمەنیی:** ئەم قاڵبە بە دێرینترین قاڵبی داڕشتنی هەواڵەکان ناسراوە، هەرچی ڕوویداوە

دەیگێڕینەوە بەو شێوەیەی کە روویان داوە.

شێوەیەکی چیرۆکئامێزیی هەیە، لە کۆتایدا ئەگەر سەرنجی بدەین، دەبینین، وەکو چیرۆکێکی لێهاتووە، بەڵام کارامەیی رۆژنامەوان لە داڕشتنو کردنی بە چیرۆک رۆڵی خۆی هەیە.

کەواتە **«ئەو هەواڵەی لە چوار چێوەی ئەم قاڵبەدا دادەڕێژرێت، ئەم شێوەیە وەردەگرێت: سەرەتایەکی کورت، گواستنەوەیەکی شیاو بۆ گێڕانەوەو رێکو پێک کردنو زانیاری زیادە»**[21].

**٤. قاڵبی خشتە، لیست، یان کۆکردنەوە:**

ئەم قاڵبە بۆ کۆکردنەوەی چەند هەواڵێک لە ناو هەواڵێکدا دەبێت، سەرەتا بە کورتکراوەیی چەند هەواڵێک دەخرێنە روو، پاشان پشتگیریی کردن لە کورتە هەواڵەکان بە خستنەڕووی درێژەی هەواڵەکان دەست پێدەکات.

لەم شێوازەدا رەگەزی هەواڵ لە هەر رووداوێکیاندا، بە شێوەی کورتکراوەیی و بە خاڵێکی گەورە، یان نیشانەیەکی رێزمانی جیا دەکرێنەوە.

## بەشی دووەم: لایەنی پراکتیکیی

### ١|٢. کورتە ناساندنێکی رۆژنامەی «ژیان»

**«ژیان»** ئەو رۆژنامەیەیە، کە ژمارە یەکەمی لە شاری سلێمانی، لە **«رۆژی پێنج شەممە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٢٦دا»**[22] دەرچووە، بە چوار قۆناغدا تێپەڕ بووە و لە هەر قۆناغێکیشیاندا کەسێک وەکو سەرنووسەر کاری تێدا کردووە، دەتوانین بڵێین سیاسەتی و ستراتیژیی بەڕێوەبردنی رۆژنامەکە، لە هەر قۆناغێکدا جیاواز بووە، قۆناغەکان ئەمانەن:

**قۆناغی یەکەم:**

لە ژمارەی (١-٨١) سەردەمی موحەممەد ئەدیب عەزیز و جەمیل سائیب، روو لە ئینگلیز و پشت لە شێخ مەحمودی حەفید **«مەلیک مەحمود»** و دژایەتیی کردنی.

**قۆناغی دووەم:**

لە ژمارە (٨٢- ٢٥٩) عەلی عیرفان سەرپەرشتیی دەکات و بەڕێوەیدەبات، سەردەمی پەرەسەندن و گرگرتنی شۆڕش بوو، «کە لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا گەیشتە ترۆپک»[23].

**قۆناغی سێیەم:**

لە ژمارە (٢٦٠-٣٢٠) سەردەمی حسێن نازم، دوای کوشتارەکەی بەردەرکی سەرا و تێکشکاندن و لێدانی شۆڕش و راپەڕینی کورد.

**قۆناغی چوارەم:**

لە ژمارە (٣٢١-٥٥٣) **«پیرەمێرد»** بەڕێوەیدەبات و لەو رەوتەی، کە حکومەت بۆی دیاریی کردبوو، لا دەدات، بۆیە ناو بە ناو کێشە و گرفتی بۆ دروست دەکەن.

شێوەی رۆژنامەکەش وا بووە، کە ناوی رۆژنامەکە (ژیان) لە ناوەڕاستی رۆژنامەکەدا بووە و هەردوو لای راست و چەپی بە زانیاریی لە بارەی نرخەکەی و ئامانجی و نرخی ریکلامکردن تیایدا پڕکراوەتەوە، لە خوار ناو و لۆگۆی **«ژیان»**ەکەشەوە، شریتێک دانراوە، کە رۆژ و مانگ و ساڵی دەرچوون بە کۆچیی و زایینیی دەبینرێت، لە لای چەپی هەمان شریتیش بە زمانی عەرەبیی ئاماژە بە مێژووی زایینیی دراوە.

قەبارەکەشی (٢١×٣٤سم) بووە. هەروەها هەموو ژمارەکانی بە چوار لاپەڕە دەرچووە، تەنها ژمارە (٣٩٥) نەبێت، کە لە بەر زۆری رێنمایی تەندروستیی کراوەتە شەش لاپەڕە، لاپەڕکانی (٣-٤) وەک پاشکۆیەک ناوبراوە.

هەروەها لە چاپخانەی **(بەلەدییەی**

**سلێمانی)** ژمارەکانی چاپکراوە. ڕۆژی دەرچوونیشی (**پێنجشەممە و دووشەممە**)مان بووە، جگە لە چەند ژمارەیەکی، کە لە ڕۆژی (**سێشەممە**)دا دەرچوون.

## ٢|٢. هەواڵ لە ڕۆژنامەی «ژیان»دا

لە ژمارەکانی «**ژیان**»دا، چەندین هەواڵی جۆراوجۆر دەبینین، هەر لە سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی، زانستیی و...تاد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتیی ڕۆژنامەی «**ژیان**» شیعر و بابەتیی ئەدەبیی زاڵە تیایدا، تەنانەت لە هەموو جۆرەکانی هەواڵدا، زمانێکی ئەدەبیی زاڵ، کە سیخناخە بە وروژاندنی سۆز و عاتیفە.

چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو و دواتر زیاتر لە بارەیانەوە دەدوێین:

١. **هەواڵی سیاسیی:** هەر چەندە دەستبەکاربوونی «**پیرەمێرد**» لەم قۆناغەی «**ژیان**»دا، ڕۆژنامەکەی بەرەو ڕۆژنامەیەکی ئەدەبیی، ڕۆشنبیریی بردووە، چونکە هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵە سیاسییەکان سانسۆری حکومەتیان لە سەر بووە، هەروەها «**پیرەمێرد**» خۆیشی، پێچەوانەی سێ قۆناغەکەی پێشووی «**ژیان**»، ستراتیژێکی دژایەتیی و ئۆپۆزیسیۆنی لە «**ژیان**»دا پێڕەو کردووە، بە دەر لەوەش «**پیرەمێرد**» و بگرە دەتوانین بڵێین هەموو نووسەرانی چوار خولەکەی دیکەی «**ژیان**»یش، لایەنی ئەدەبیی زاڵ بووە بە سەریاندا، کە ئەوەش تەنانەت لە هەموو هەواڵ و نووسینێکیاندا ئەو لایەنە دەردەکەوێت، بەڵام ناو بە ناو جۆرێک لە هەواڵی سیاسییش، کە حکومەت ترسی لێی نەبووە و بێگومان پێویستیش نەبووە سانسۆری بخرێتە سەر، بڵاوبووەتەوە. بۆ نموونە: «**حکومەت تەکلیفی وەزیری موفەوەزی عێراق لە تەهران فەخامەتی تۆفیق بەگی سویدی کرد کە موراجەعەت بە حکومەتی ئێران بکات بۆ ئەمەی وەخت و شوێن نیشان بدات بۆ داخل بون بە موفاوەزەی نهائی بۆ ئەو ئیتیفاقیاتە کە لە هەر دوو لاوە بەستنی قەرارگیر بووە ئیتیفاقیەکان ئەمانەیە: ئیتیفاقیەی دۆستایەتی و ئیتیفاقیەی ڕەدکردنەوەی موجرمین و ئیتیفاقیەی تیجاری لەگەل ئیتیفاقیەی هاتوچۆی عەشایری کۆچەری بۆ لەوەر لەسەر حدود**».

(ژ ٣٢٥، ل ٣-٤).

٢. **هەواڵی کۆمەڵایەتی:** «**پیرەمێرد**» لە هەواڵە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر خەڵکی هانداوە، بە تایبەت زۆر مەبەستی بووە گەنج و لاوانی کورد، بە تایبەتریش کچان و ژنانی کورد هۆشیار بکاتەوە و بخوێنن و بێنە مەیدانەوە، بۆ نموونە: لە ژێر سەر باسی «**دەنگی فریشتەی سەمای عێراقی**»دا دەنووسێت: «**لە بەغدادا، دەمێکە پیاوان خەریکن نادییەک بۆ خۆیان ڕێک بخەن هێشتا بۆیان نەچۆتە سەر لە ناکاوا خوندەوارانی جنسی لگیفی عاصیمە نادییەکیان بە ناوی موعەلیماتەوە کردەوە...**». تا دەگاتە ئەو شوێنەی، کە نووسینەکەی دەبێتە هاندان:

«**تا سەوییەی کچانمان بەرز نەبێ لە ئیدراکا ئەولادی چاک پێ ناگاو وەگهن تەرەقی ناکا.....نەمامێ کە باغەوانێکی موتەفەنین بیهێنێتە بەرهەم و ئەولادێ کە فاچیلاتی میللەت بە خێوی بکا بە بەر و بە هونەر دەبن**». (ژ ٣٢٤، ل ١-٢).

٣. هەواڵی ئابووریی: لە ڕۆژنامەی «**ژیان**»دا، هەموو جۆرەکانی هەواڵ بە گشتیی، بە تایبەتیش هەواڵی ئابووریی زۆر کەم بەر چاو دەکەوێت، ڕەنگە ئەوەش چەند هۆکارێکی هەبێت، لەوانە: ئەو سەردەمە پێشکەوتنە

ئابووریـی و تەکنەلۆژییـەکان بـە شـێوەیەکی بەرفراوان بـە جیهانـی سـێیەمدا بڵاونەبـوو بوونەوە، سـلێمانی و دەوروبەریشـی، سامانێکی سروشـتیی وایان نەبووە، کە کارگـە و کۆمپانیـا جیهانییـەکان کەمەندکێش بـکات و بێنە شـارەکانی کوردسـتانەوە، هەر چەنـدە لە سـاڵی (١٩٢٧)ەوە، نـەوت لە بیرە نەوتەکانی باباگوڕگـوڕ لە کەرکووک دۆزرا بـووەوە و دەرهێنرا بوو، بەڵام پرۆژەیەکی ساوا بوو.


ژیان
سال ٨ ژماره – ٣٥٨
٢٧ ذوالقعده ١٣٥١ ٢٣ مارت ١٩٣٣ [پنجشنبه]

لەگەڵ ئەوەشدا، چەند هەواڵێکی ئابووریی لـە «ژیـان»دا دەبینیـن، بۆ نموونـە: لە ژێـر ناونیشـانی: «نەوتـی کەرکوک»دا دەنووسـێت: «وەکـو لەمەوپێـش نوسـیبومان ئەمـە سـاڵێکە قۆمپانیای نەوتی کەرکوک داوو تەدبیریانە دوا بە دوای نـەوت رێ بگەیێننە حەیفا گاهێ دێنە سـەر ئەمە رێی شـەمەندۆفێری بـۆ بکەن، گاهـێ دەڵێـن ئوتوموبیل باشە وا دیارە شـەمەندۆفیرەکەیان لا باشـترە چونکـە ئیسـتیفادەی زۆرتـری لـێ دەکـەن. خـوا بـکا شەمەندۆفیر بێ ئەوسایە رێی ئاڵ و گۆری سەوادی بەغـدا بۆ بەحری سـپی نزیکتـر ئەبێ و شـارەکەی ئێمە حەوت نەوع دەرامەدی وای هەیە بە بێ رەنج و کۆشـش دەسـتمان ئەکەوێت و لە پیاسـەی ئەوروپادا برەو بسێنێ پێی دەبین بە ملیۆنێر.» (ژ ٣٩٢، ل ٣-٤).

٤. هەواڵـی زانسـتی: لـە «ژیـان»دا نـاو بە نـاو هەواڵی زانسـتییش بەرچـاو دەکەوێت، بۆ نموونە: «ئەمشـەو کە موصادیفـی ٣٣\٤\١٢٨ ئەکات هەر دوو طاقمە تیاترۆکە بۆ مەنفەعەتی طەڵەبە نەخوێندەوارەکانی زانست یاری ئەکەن. لە سـەر هەمـوو صاحێب حەمییەتێک لازمە بۆ ئەمشـەو ئیشـتیراک و موعاوەنەت بکا!». (ژ ٣٦٢، ل٣). (ئەم هەواڵە لە هەمانکاتدا هەواڵێکی وەرزشـییە، لە رووی کاتیشـەوە، هەواڵێکی چاوەڕوانکراویشە).

هەواڵەکانـی «ژیـان»: لەو چەند نموونەیەی لە سـەرەوە

ئاماژەمان بۆیان کرد، دەردەکەوێت: گەر نەتوانین بە هەر یەکێک لەو دەقی زانیارییانە بڵێین هەواڵ، چونکە بەشێکی زۆر لە هەواڵەکانی «ژیان»، هەرچەندە زانیارییان بە گوێرەی ڕۆژگاری خۆیان بە وەرگران و خوێنەرانیان بەخشیوە و وەکو ڕاپۆرتێکیش، کە لە بارەی ڕووداوێکەوە نووسرا بن، بەڵام بۆچوونی شەخسیی و ڕستە و بڕگەی زۆر زیادیان تێدایە، هەروەها بە شیعر و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ڕازێنراونەتەوە، کە هەموویان زیادەن و پێویست ناکات لە هەواڵدا بوونیان هەبێت، لەبەر ئەوەیە، کە ناتوانین بڵێین هەموو ئەو تێکستە زانیارییانەی، کە لە «ژیان»دا بڵاوبوونەتەوە، هەواڵن.

**بەهای هەواڵیی لە هەواڵەکانیدا:** گەر بە وردیی سەرنجی هەواڵەکان بدەین، نموونە هەواڵییەکان پێمان دەڵێت: کە بەهای هەواڵ لە هەر یەکێکیاندا بوونی هەیە، لە هەر چوار هەواڵەکەدا ڕەگەزی **«نزیکایەتیی»** هەیە، ڕەگەزی **«ململانێ»**ش لە هەواڵەکەی عێراق - ئێراندا بوونی هەیە. هەروەها بۆ ئەوانی تریش.



ژیان

**جۆراو جۆریی هەواڵەکانی:** سەبارەت بە جۆراوجۆری هەواڵەکانیشی، هێنانەوەی ئەو چەند نموونەی سەرەوە، خۆی ئاماژەیەکی تەواوە، کە ڕۆژنامەی **«ژیان»** هەموو جۆرە هەواڵێکی بڵاوکردووەتەوە.

**سەرچاوەی هەواڵەکانی:** بە نیسبەت سەرچاوەی هەواڵەکانیشییەوە، هەواڵە ناوخۆییەکان، ئەوانەن، کە **«پیرەمێرد»** خۆی بە دوایدا چووە و پەیدای کردوون، بۆ نموونە: **«سەعادەتی موتەسەڕیف ڕۆژی ١٩٣٢١٦١٤ سەفەری کرد بۆ بەغدا و موحەریری ژیان جەنابی پیرەمێردیش لە ڕەفاقەتیانایە خوایان لەگەڵ بێ»**. (ژ ٣٢٥، ل٤). یاخود **«... وەکوو موشاهەدە کراوە و لە مەعرەزی مەکتەبی کچاندا چاومان بە سەنعەتەکەیان کەوتووە...»**. (ژ ٣٣٢، ل٣).

هەروەها ئەو هەواڵانەش، کە لە سەرچاوەی دیکەوە وەریگرتوون، هەندێک جار ئاماژەی بە سەرچاوەکەیان کردووە، نموونە: «**لە غەزەتەی العالم العربی دا نوسراوە..**». (ژ ٣٢٧، ل٣).

**رەگەزی هەواڵەکانی:** بە نیسبەت رەگەزەکانی هەواڵیشەوە، لەو دەقە هەواڵیانەدا، کە «**ژیان**» بڵاوی کردوونەتەوە، لە هەواڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، هەیانە لە شەش رەگەزەکەی هەواڵ پێنجیانی تێدا هاتووە، بەڵام هەشیانە دوو-سێ رەگەز ئاماژەی بۆ نەکراوە، لە سەرجەم رەگەزەکانیش گرنگتر، کە لە زۆرێک لە هەواڵەکاندا ئاماژەی بۆ نەکراوە رەگەزی «**بۆچی**»یە، کە گرنگترین رەگەزە و پرسیار لە رووداوی رووداوەکان دەکات، (**ئێستاشی لەگەڵدا بێت، رۆژنامەوانیی کوردیی زۆر کات ئاماژە بە رەگەزی ناوبراو ناکات**)، ئەوەش بێگومان لە بەرئەوەیە، کە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە «**بۆچی**» ئەو رووداوە، کارەسات، رێککەوتننامە، گرێبەست، سەردان و ....تاد، رووبدا قورس و گرانە.

بۆ نموونە: «**سەعادەتی موتەسەریف رۆژی ١٩٣٢\٦\١٤ سەفەری کرد بۆ بەغدا و موحەریری ژیان جەنابی پیرەمێردیش لە رەفاقەتیانایە خوایان لەگەڵ بێ**». (ژ ٣٢٥، ل٤).

ئەو هەواڵە، کە «**پیرەمێرد**» خۆی وەکو رۆژنامەوان و پەیامنێریکیش لەگەڵ «**موتەسەتەریف**»دا بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا رەگەزەکانی: (**بۆچی و چۆن**)ی تێدا نییە و ئاماژەی بۆ نەکراوە.

## زمان و شێوازی دارشتنی هەواڵەکانی:

پێشتر لە باسکردنی هەواڵەکانی رۆژنامەی «**ژیان**»دا، تاڕادەیەک ئاماژەمان بۆ ئەو شێواز و زمانە کرد، کە دەقی هەواڵەکانی پێداڕێژراوە، وتمان زمانێک بووە، کە رازاندنەوەی ئەدەبیی و هەندێک جار وشەسازیی تێدا کراوە، هەروەها قسە و برگەی زیادی زۆر تێدا بووە، بە شێوازێک گەر لایان بەریت، هیچ لە تێکستی زانیاریی و هەواڵەکان کەم ناکات، بۆ نموونە لە هەواڵەکەی سەرەوە برگەی «**خوایان لەگەڵ بێ**» زیادەیە و تەنها وەکو داب و نەریتێک، کە مەبەست لێی تەتەشریفاتیی بووە، نووسراوە. هەروەها لە هەواڵە ئابوورییەکەدا، ئەم چەند رستەیە زیادەن: «**خوا بکا شەمەندۆفیر بێ ئەوسایە رێی ئاڵ و گۆری سەوادی بەغدا بۆ بەحری سپی نزیکتر ئەبێ و شارەکەی ئێمە حەوت نەوع دەرامەدی وای هەیە بە بێ رەنج و کۆشش دەستمان ئەکەوێت و لە پیاسەی ئەوروپادا برەو بسێنێ پێی دەبین بە ملیۆنێر**».

تەنانەت هەندێک هەواڵ سەرەتاکەی بە شیعر دەست پێدەکات، بۆ نموونە: لە سەفەر کردنی مەلیکدا بۆ ئەوروپا هاتووە:

**«رۆژی یەک شەمو دەی مانگی صەفەر**
**مەلیک سەفەری خێری هاتە بەر»**
(ژ٣٦٦، ل٢)

ئەو حاڵەتە بۆ رۆژگاری ئێستا قورسە، بەڵام بێگومان دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، واقیعی ئەو کاتە وا بووە و خەڵکیش سادە و ساکار بوون، تێکەڵکردنی شیعر و بیر و بۆچوونی شەخسیی بە هەواڵەکان، بۆ ئەوە بووە، کە سەرنجی خوێنەر رابکێشێت و چێژیش لە خوێندنەوەکەی وەربگرن، هەروەها شارەزا نەبوون لە سروشتی راگەیاندن و رۆژنامەوانییش هۆکارێکی دیکە بووە.

کاتێک زانیمان ئەوە زمان و شێوازی

دارشــتنی هەواڵەکانی «ژیان» بــوو، کەواتە بۆشــمان دەردەکەوێت، کە قاڵبێکی دیاریکراو نەبــووە و دەتوانیــن بڵێیــن زانیاریشــیان لە بــارەوە نەبووە، بەڵکو هــەر وەکو ئاماژەمان بۆ کرد، کە شــێوازێکی چیرۆکئامێز بە ســەر هەواڵ و شێوازی دارشتەنەوەیدا زاڵ بووە.

**ئەنجام**

لەئەنجانــی توێژینەوەکــەدا، دەگەینــە چەنــد خاڵێک:

١ـ مرۆڤ و شارستانێتیی مرۆڤایەتیی لە هەر قۆناغێکی ژیاندا بوو بێت، پێڕەویی لە شێوازێکی ڕاگەیانــدن کردووە، مەبەســتی ســەرەکیش لە ســەرجەمیاندا دەســتکەوتنی هــەواڵ، یان پەخشــکردنەوەی بووە، تاکــو بەرامبەرەکەی لە پەیامەکەی خۆی تێبگەیەنێت.

٢. پێناســەی هەواڵمــان کــرد، هەرچەنــدە جیاڕایی لە ســەر بوو، وتمــان: ئەو ڕووداوە لای خوێنــەر دەبێتە هــەواڵ، کــە: نامۆ بێت، ســەیر و سەرنجڕاکێش بێت، نەبیستراو بێت، لــە گێڕانەوەیدا بێلایەنیــی ڕەچاو کرا بێت، بە چڕیی و کورتکراوەیی پێشکەش بە وەرگران بکرێت.

٣. بەهای هەواڵ لە چەند خاڵێکدا دەردەکەوێت: (**تازەیــی، نزیکایەتیــی، ململانێ، کەســایەتیی دیار، ڕووداوی نائاســایی، کاتبەسەر بردن**). هەروەها دەشــێت هەواڵێک زیاد لە بەهایەکی تێــدا بێــت، گرنگیشــیان لــە شــوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێت.

٤. ڕەگەزەکانی هەواڵیش بریتی بوون لە: (**کێ، کەی، لە کوێ، بۆچی، چی، چۆن**). هەواڵی تەواو ئەوەیە، کە وەڵامی ئەو شەش پرسیارەی تێدا بێت، لە سەرجەمیشــیان گرنگتر «**بۆچی**»یە، کە بوونی لە هەواڵدا، بەهێز و سەرنجڕاکێشی دەکات و نەبوونیشی کەموکورتییە.

٥. ســەرچاوەی هەواڵیش ئەو ناوەند، شوێن، کەســایەتیی...تاد، کــە زانیارییەکانــی نێــو هەواڵەکــەی دەدرێتــە پاڵ، دابەشــیش دەبێت بــۆ دوو ســەرچاوە: خودییــەکان، ئەوەیــە کــە ڕۆژنامە لــە وەرگرتنــی هەواڵدا پشــتی پێدەبەستێت، وەک نوێنەری، یاخود پەیامنێری دەرەکیی ڕۆژنامەکە.

هەروەهــا ســەرچاوانە دەرەکییــەکان، ئەوانەن کە ڕۆژنامەکە، وەک سەرچاوەیەکی دەرەکیی بەکاریان دەهێنێ، وەک ئاژانسەکانی هەواڵ.

٦ـ جۆرەکانــی هــەواڵ بــە پێی دابەشــکردنی تەقلیدیانــە دابــەش دەبێــت بــۆ: (**سیاســیی، کۆمەڵایەتیــی، ئابووریــی، وەرزشــیی، دادگا و تاوانــەکان و ...تــاد**)، بــەڵام لــە ڕوانگەی جوگرافییــەوە بۆ: (**هەواڵــی ناوخۆ و هەواڵی دەرەوە**) دابــەش دەبێت. بە پێــی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیــش دابــەش دەبێــت بــۆ: (**هەواڵی نووســراو، هەواڵی بیســتراو و هەواڵی بینین ـ بیستن**).

٧. لە بارەی زمانی داڕشتنی هەواڵەوە، وتمان بە شــێوەیەکی گشتیی، داڕشــتن و نووسینی هەمــوو ژانــرە ڕۆژنامەوانییــەکان، زمانێکی سادەیە و دوورە لە ڕازاندنەوە و پیاهەڵدان و وەسفکردن و زیادەڕۆیی، هەروەها داڕشتنی هــەواڵ پێویســتی بــە توانایەکــی هونەرییو ڕۆشــنبیریی هەیــە، هەرچەنــدە داڕشــتنەکە ســەرکەوتوو بێت، ئەوەندە زیاتــر هەواڵەکە کاریگەریی بە سەر خەڵکەوە زیاتر دەبێت.

٨. ســەبارەت بە قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵیش وتمان: ئەو هەواڵەی ئامادەی دەکەین، دەبێت دواتــر دایبڕێژینــەوە، ئــەو داڕشــتنەوەیەش دەبێت بەشــێوازێک بێت، کە یارمەتی خوێنەر بدات بۆ تێگەیشــتن لەو فیکرە سەرەکییەی لە

هەواڵەکەدا هەیە.

بۆ ئەو مەبەستەش چەندین قاڵبی دارشتنەوەی هەواڵ هەیە، کە گرنگترینیان **«قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە»** ئەویش ئەوەیە، کە رەگەزە سەرەکییەکانی هەواڵەکە لە سەرەتاوە و بە پێی ریزبەندییان لە گرنگەوە بۆ گرنگتر دەنووسینەوە. هەروەها قاڵبەکانی: **(وتەی گواستراوە، بە دوایەکی زەمەنیی، لیست، یان کۆکردنەوە و....تاد)** لە دارشتنەوەی هەواڵدا دەتوانرێت سوودیان لێوەربگیرێت، بەڵام گرنگترینیان لە رۆژنامەوانیی بیانیی و کوردییشدا «قاڵبی هەرەمی هەڵگەڕاوە»یە، ئەوەش لە بەرئەوەی زانیارییەکان بە ئاسانیی و لە **(لیدی هەواڵ)**ەکەدا پێشکەشی خوێنەر دەکرێت.

٩. لە ناساندنی رۆژنامەی «**ژیان**»دا وتمان: لە سلێمانی بە چوار لاپەڕە دەرچووە، **(تەنها ژ٣٩٥، شەش لاپەڕە بووە)**. لە چاپخانەی **(بەلەدییەی سلێمانی)** چاپکراوە، بە قۆناغدا تێپەڕ بووە، لە قۆناغێکیشدا سیاسەتێکی جیاوازی پێڕەو کردووە.

١٠. لە رۆژنامەی «**ژیان**»دا «**پیرەمێرد**» گرنگی بە هەواڵ داوە و لەو رووەشەوە چەندین هەواڵ دەبینرێت، هەرچەندە بیروبۆچوونی شەخسیی و شیعریشی تێکەڵ بە تێکستە هەواڵییەکانیش کردووە.

١١. بەهای «**تازەیی، دەستبەجێی**» لێدەرچێت، دەتوانین بڵێین بەهاکانی دیکەی هەواڵ لە هەواڵەکانی رۆژنامەی «**ژیان**»دا بوونیان هەیە.

١٢. لە «**ژیان**»دا جۆراو جۆریی هەواڵەکانیش دەبینرێت، هەر لە هەواڵی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، وەرزشیی و...تاد.

١٣. بە نیسبەت سەرچاوەی هەواڵەکانیشییەوە، «**پیرەمێرد**» خۆی بە دوای هەواڵە ناوخۆییەکاندا چووە و ئامادەی کردوون. ئەو هەواڵانەش، کە لە سەرچاوەی دیکەوە وەریگرتوون، هەندێک جار ئاماژەی بە سەرچاوەکەیان کردووە.

١٤. رەگەزەکانی هەواڵ، لە دەقە هەواڵییەکانی «**ژیان**»دا بوونیان هەیە، بەڵام لە هەواڵێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، هەیانە لە شەش رەگەز پێنجیانی تێدا هاتووە، بەڵام هەواڵیش دەبینرێت، کە دوو سێ رەگەزی تێدا نییە.

١٥. زمان و شێوازی دارشتنی هەواڵەکانی رۆژنامەی «**ژیان**» زمانێکە، کە شاعیرانەیە و رازاندنەوەی ئەدەبیی بە سەریدا زاڵە، هەندێک هەواڵ بە شیعر دەست پێدەکات، یاخود تێکەڵاوە بە پەندی پێشینان، هەروەها برگەی زیادە لە دەقە هەواڵییەکاندا بە دیدەکرێت، بە شێوازێک گەر لا ببرێن، هیچ لە تێکستی هەواڵەکان ناگۆڕێت.

هەروەها شێوازی دارشتنی هەواڵەکانی «**ژیان**»، بە شێوازی گێڕانەوە و چیرۆکییانەیە، بەو مانایەی، کە قاڵبێکی دیاریی کراو لە دارشتنەوەی هەواڵەکاندا پێڕەویی لێ نەکراوە و نەبووە.

عبدالله‌ی کتێب

## بیوگرافیای توێژەر:

* هەژار حاتەم حەمە
- ساڵی ١٩٧٩ لە سورداش - سلێمانی لە دایکبووە.
- بەکالۆریۆس لە راگەیاندن، ساڵی ٢٠٠٥، زانکۆی سلێمانی.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کۆمەڵ).
- ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.
- ناوونیشان: سلێمانی/ مەجید بەگ.
- تەلەفون: ٠٧٧٠١٤٥٢٤٦٩ – ٠٧٣٠١١٥١٨٨٥
- ئیمەیڵ: hazharhatam@yahoo.com

## پەراوێزەکان:

١. حامد محمد علي: حول الاعلام والاعلام الاسلامي, الطبعة الاولى, اربيل، ١٩٩٨, ص١١.
٢. اميل بواڤان: تأريخ الصحافة, ترجمة: محمد أسماعيل محمد, الدار المصرية للطباعة والنشر، (بەبێ ساڵی چاپ)، ص١٢.
٣. الدكتور عبدالوهاب كحيل: الأسس العلمية و التطبيقية للاعلام الاسلامي, الطبعة الاولى، بيروت, ١٩٨٥، ص١٠٨.
٤. وائل العاني: آراء في الكتابة والعمل الصحفي، دار الجاحظ للنشر، الطبعة الأولى, بغداد ١٩٨٧، ص ١١.
٥. دکتۆر کازمی موعتەمەد نەژاد: ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕانی: مەجید صاڵح، چاپخانەی تیشک، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠١، ل١٨.
٦. کاروان عەلی: هونەری ڕۆژنامەنووســـی، خەندان بۆ پەخش و وەشـــاندن، زنجیرەی بەرهەمی ڕۆژنامەوانی، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٤، ل١٤.
* بڕوانە: –كارول ريتش: كتابة الاخبار والتقارير الصحفية، ترجمة: الدكتور عبدالستار جواد, جامعة بغداد (بدون السنة الطبع)، ص٥٩–٦٨.
– دکتۆر کازمی موعتەمەد نەژاد: سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١–٤٤.
– ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی: هەواڵ و فۆتۆ جۆرنالیزم، گۆڤاری رایەن، ژ٢١، بەهاری ٢٠٠٤، ل ٥٢–٥٣.
* بڕوانە: – ڕەزای حاجی ئابادی: هەواڵ (چەمک و ژانر و بەهاکانی) وەرگێڕانی: کارزان موحەممەد، گۆڤاری رایەن، ژ٢١ی زستانی ٢٠٠٤.
– شێرکۆ مەنگوڕیی: موحازەرەکانی وانەی ژانری ڕۆژنامە، ٢٠٠٤– ٢٠٠٥.
٧. وائل العاني: آراء في الكتابة والعمل الصحفي، دار الجاحظ للنشر، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٧، ص٢١.
٨. فاروق ئەبو زەید: هەواڵ، ڕەگەز و جۆرەکانی، وەرگێڕانی: کەمال موحەممەد سەرگەڵوویی، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە (٩ و١٠)ی هاوینء پایزی ٢٠٠٤، ل٦٢.
٩. الدكتور محمد الدروبي: الصحافة والصحفي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، ١٩٩٦، ص ١٣٤.
١٠. کاروان عەلی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦.
١١. الدكتور محمد الدروبي: نفس المصدر السابق, ص١٣٥.
١٢. ئومێدی مەسعودی: بنەماکانی داڕشتن لە مێدیاکاندا، وەرگێڕانی: مەجید ساڵح، چاپی یەکەم، سلێمانی-٢٠٠٢، ل١٠.
١٣. ئومێدی مەسعودی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.
١٤. الدكتور عبدالستار جواد: اللغة الأعلامية، من منشورات دار الهلال للترجمة، الطبعة الأولى، الأردن، ١٩٩٨، ص١٠.
١٥. کارول ریتش: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٨.
١٦. سەرکەوت پێنجوێنی: قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٥)ی ٢٠٠١، ل١٩٣.
١٧. کارول ریتش: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢٩.
١٨. سەرکەوت پێنجوێنی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.
١٩. الدكتور محمد الدروبي: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.
٢٠. هەڤاڵ ئەبوبەکر: قاڵبە هونەرییەکانی داڕشتنی هەواڵ، موحازەرەی پێشکەشکراو بە بەشی راگەیاندن، ساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤.
٢١. سەرکەوت پێنجوێنی: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.
٢٢. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین: چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە «ژیان و ژین»دا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٢٤١.
٢٣. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین: سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.

## سەرچاوەکان:

### یەکەم:/ بە زمانی کوردی

١. ئومێد مەسعودی: بنەماکانی داڕشتن لەمیدیاکاندا، وەرگێڕانی مەجید ساڵح، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢.
٢. ئۆراڵ ئەبوبەکر: مافی ڕۆژنامەنووس لە بەدەستهێنانی هەواڵ و زانیارییدا، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە (٩ ــ١٠) هاوین و پایزی ٢٠٠٣.
٣. ئەنستیتۆی ڕۆژنامەوانی جەنگ و ئاشتی: هەواڵ و فۆتۆ جۆرناڵیزم، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە (١٢)ی بەهاری ٢٠٠٤.
٤. هەڤاڵ ئەبوبەکر: چەند هەنگاوێک بەرەو: ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەنووسی، پڕوپاگەندە و ڕای گشتی، چاپی دووەم، سلێمانی، ١٩٩٧.
٥. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسەین: چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە «ژیان و ژین»دا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٦. کازمی موعتەمەد نەژاد (دکتۆر): ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕانی مەجید ساڵح، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٧. کاروان عەلی: هونەری ڕۆژنامەنووسی، خەندان بۆ پەخشو وەشاندن، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.
٨. سەرکەوت پێنجوێنی: قاڵبەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لە ساڵی ٢٠٠٠دا، گۆڤاری ڕۆژنامەڤانی، ژمارە (٥)ی ٢٠٠١.
٩. فارووق ئەبو زەید: هەواڵ، ڕەگەز و جۆرەکانی، وەرگێڕانی: کەماڵ موحەممەد سەرگەڵوویی، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە (٩و١٠)ی هاوین و پایزی ٢٠٠٤.
١٠. ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح: ڕۆژنامەی ژیان/٣٢١ــ٤٠٠، چوارەم بەرگ/ بەشی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
١١. ڕەزا حاجی ئابادی: هەواڵ (چەمک و ژانر و بەهاکانی)، وەرگێڕانی کارزان موحەممەد، گۆڤاری ڕایەن، ژمارە (١١)ی زستانی، ٢٠٠٤.
١٢. شێرکۆ مەنگوڕیی: هەواڵی ڕۆژنامەنووسی و پێگەی لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا، گرفت و چارەسەر، گۆڤاری پەیڤین، ژمارە (٢)، ١٩٩٧ (سلێمانی).

### دووەم:/ بە زمانی عەرەبی

١٣ــأميل بواڤان: تأريخ الصحافة، ترجمة: محمد اسماعيل محمد, الدار المصرية للطباعة والنشر (بەبێ ساڵی چاپ).
١٤ــ وائل العاني: آراء في الكتابة و العمل الصحفي، دار الجاحظ للنشر، الطبعة الأولى، بغداد، ١٩٨٧.
١٥ــ حامد محمد على: حول الاعلام والاعلام الاسلامي, الطبعة الاولى، اربيل، ١٩٩٨.
١٦ــ كارول ريتش: كتابة الأخبار والتقارير الصحفية، عرض شامل لفنون الصحافة المتخصصة، ترجمة: الدكتور عبدالستار جواد، جامعة بغداد، (بەبێ ساڵی چاپ و وەرگێڕان).
١٧ــ محمد الدروبي (د.): الصحافة و الصحفي المعاصر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٩٦.
١٨ــ عبدالستار جواد (د.): اللغة الأعلامية، دار الهلال للترجمة، الطبعة الأولى، الأردن، ١٩٩٨.
١٩ــ عبدالوهاب كحيل (د.): الأسس العلمية و التطبيقية للأعلام الأسلامي، الطبعة الأولى، بيروت، ١٩٨٥.

هەواڵنامەی کتێب

# ڕۆژنامەوانیی ئەلیکترۆنی

نووسینی: د. نەعیم بەدیعی
وەرگێڕانی: کارزان محەمەد

* **پێشەکی**

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە نوێیەکانی پرۆسەی پەیوەندی کە تائێستا توانای دەستڕاگەیشتنی بە تۆڕەکانی زانیاریی بۆ پتر لە نیو ملیارد کەس لە جیهان هێناوەتەئارا، ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی جیهانی خستۆتە ژێر کاریگەرییەوە.

لە مەیدانی ڕۆژنامەوانیدا، پەیدابوونی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی (electronic newspapers) و هەروەها وێبسایتی هەواڵ (news websites) بۆتەمایەی وەرچەرخانێکی قووڵ لە شێوازی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان و ڕۆڵی نەریتیانەی (**کێشکچی**)دا.

توێژینەوەیەکی کورتی ئەم ڕۆژنامە و وێبسایتانە نیشانی دەدات کە ئەو شێوازە بەرجەستەسازییەی کە لە ڕۆژنامە نەریتییەکاندا لە مانشێتەکان، لیدەکان و ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیدا دەبینرێت، لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا شێوازێکیتری هەیە.

لەم ڕۆژنامانەی دوایی، کێشکچی ڕاستەقینە خودی خوێنەران (**بەکارهێنەران**)ن کە بەسەردانکردنی وێبسایتە جێمەبەستەکانیان و بە نۆڕینە پێڕستە پێشکەش کراوەکە، بابەتەکان هەڵدەبژێرن. بەم شێوەیە، ڕۆڵی ڕێنماکەرو فۆرمەڵەکردنی ڕای گشتی لەلایەن میدیا نەریتییەکانەوە لەساتی گۆڕاندایە. لەبەر ئەم هۆیەیە کە هاوشانی بەرفراوانبوونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکانی هەواڵ، سانسۆری بابەتەکانیان لەلایەن دەوڵەتانیشەوە زیادی کردووە.

ڕای گشتی ئەمەیە کە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و وێبسایتەکان هەڕەشەیەکی کۆنتڕۆڵ نەکراون بۆ حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان. لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان لەم بوارەدا نیشانی دەدات کە وانییە. حکومەتە دەسەڵاتخوازەکان کە بەدرێژایی ژیانی خۆیان چاودێریی و کۆنتڕۆڵی چاپەمەنی، ڕادیۆو تەلەفزیۆنیان لەبەردەستدابووە، ڕێگاکانی بەگژداچوونەوەی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتیشیان (internet) لەبەردەستدایەو چاودێریی کۆنتڕۆڵکرجیهانن بەدەستەوەگرتووە. ئەگەرچی کاریگەرییە درێژخایەنە سیاسی، کۆمەلایەتی و کلتورییەکانی ئینتەرنێت هێشتا بەشێوەی پرسیار لەئارادایە، لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەرییە درێژخایەنەکانیشی لە زۆرینەی وڵاتاندا دەبینرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** پەیدابوونی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان.

**بەشی دووەم:** کێشکچی لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا.

**بەشی سێیەم:** وەرگرانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان.

**بەشی چوارەم:** سانسۆرو ئازادی دەربڕین لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتە هەواڵی و ناهەواڵییەکان.

پوختە و دەرەنجام.

## بەشی یەکەم:
## پەیدابوونی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

### ١- پەیدابوونی ئینتەرنێت

ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی تۆڕی جیهانی ئینتەرنێت دەناسرێت، مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٩٦٩) دەگەڕێتەوە کە هەردوو زانکۆی ستانفۆرد (Stanford) و زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس (UCLA) بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە سەربازییەکان بەیەکترەوە بەسترانەوە[١].

شیاوی وەبیرهێنانەوەیە کە لەوسەردەمەدا کۆمپیوتەرە تاکەکەسییەکان (personal computers-PC) هێشتا دانەهێنرابوون و مینی کۆمپیوتەرە یەکەمینەکان لەدوادوای دەیەی (١٩٧٠) لە زانکۆکان و ناوەندە فێرکارییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەکارهێنران.

ئاژانسی پرۆژەی توێژینەوە پێشکەوتووەکان (Advanced Research Project Agency) کە بەکورتی بە (ARPA) ناودەبرا، لە وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا ئەنجامدانی ئەم کارەی لەئەستۆدا بوو. لەم ڕووەوە یەکەمین تۆڕی زانیاریی بەناوی (ئەرپا نێت Arpanet) ناوزەد کرا[٢].

ئەرپانێت لەپێناو ئەم مەبەستەدا داهێنرا کە بتوانێ ئەو کۆمپیوتەرانەی لەلایەن سوپا، بەڵێندەران و زانکۆکانەوە بەیەکترەوە ببەستێتەوە کە توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکایان بەئەنجام دەگەیاند.

ئەگەرچی ئەمڕۆ ئەرپانێت نەماوە، بەڵام ئەمە دەستپێکێک بوو بۆ دروستکردنی تۆڕی سایتی بازرگانی و نابازرگانی کە ئەمڕۆ پتر لە نیو ملیارد کەس لە دانیشتوانی جیهان سوودی لێوەردەگرن. ئەمڕۆ خەڵک دەتوانن کۆمەڵە زانیارییەکی جێمەبەستی خۆیان لەسەرتاسەری جیهاندا دەستەبەر بکەن. لەم ڕووەوە ئەمڕۆ ئینتەرنێت دیاردە و میدیایەکی نوێی پرۆسەی پەیوەندییە مرۆییە جیهانییەکانە.

لە مانگی ئاداری (١٩٨٩) **(تایم بیرنێرس لی** Tim Berners Lee) کە خەڵکی بەریتانیا بوو و لە سویسرا کاری دەکرد، کۆمەڵە دەرفەتێکی هێنایەئارا کە خەڵک بتوانن بابەت و وێنە بۆ یەکتر بنێرن[٣].

بەمشێوەیە لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٩٠) ئینتەرنێت چالاکییەکانی خۆی بەشێوەی تۆڕێکی جیهانی (World Wide Web) دەستپێکرد کە نموونەیەکە لە شارێی زانیارییەکان بۆ چوونە نێو (کۆمەڵگەی زانیاری Information Society).

لە ساڵی (١٩٩٥)دا نزیکەی (٩) نۆ ملیۆن کەس و لە ساڵی (٢٠٠٠)دا پتر لە (١٢٢) ملیۆن کەس بە تۆڕە جیهانییەکانەوە پەیوەست بوون، کە ئەم ژمارەیەش ڕۆژانە لەزیادبووندایە[٤].

بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی نیلسۆن (Nielsen)، لە مانگی نیسانی (٢٠٠٣)دا پتر لە (٤٠٨) ملیۆن کەس واتا (٤٠٨,٧١٥,٨٧١) کەس مانگانە ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە کە گەشەکردنەکەی بەرانبەر بە (١,٦١٪)بووە بەبەراورد لەگەڵ مانگی نیسانی (٢٠٠٣)دا[٥].

بەپێی ئامارەکانی ئەم دامەزراوەیە، هەر بەکارهێنەرێک لەماوەی مانگێکدا (٢١)جار سەردانی سایتەکانی کردووە و (٥٤)جار سەردانی دۆمێنس (domains)ی کردووە.
لە مانگی نیسانی (٢٠٠٣)دا هەر بەکارهێنەرێک سەیری (٨٦٥) لاپەڕەی کردووە و هەرجارەی (٤١) لاپەڕەی کردۆتەوە. ئەو ماوەیەی کە هەر بەکارهێنەرێک لەم مانگەدا بۆ ئینتەرنێتی تەرخان کردووە (١١) کاتژمێر و (٢٢) خولەکە و هەمووجارێکیش پتر لە (٣٢) خولەک کاتی بۆ تەرخان کردووە.

ئەم ڕاپۆرتە نیشانی دەدات کە لە مانگی نیسانی (٢٠٠٣)، ئەو ماوەیەی هەر بەکارهێنەرێک بۆ بینینی لاپەڕەیەک تەرخانی کردووە بەرانبەر بە (٤٧) چرکە بووە.

لەمانگی نیسانی (٢٠٠٣)دا، لەناو مۆتۆڕەکانی گەڕاندا (search engines) سایتی یاهوو (Yahoo) پتر لە (١٢٠) ملیۆن

کـەس واتا (١٢٠،٤٩٣،٥١٤)کەس سـەردانیان کـردووە کـە لەنـاو سـایتەکاندا لەپلـەی یەکەمدایە[٦].

بۆ بینینی ئاماری سەرجەم سایتەکان بڕوانە: http://www.nielsennetratings.com/news.jsp?section=dat_ji

ئەمڕۆ خەڵک لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا، دەرفەتـی دەستڕاگەیشتنی بـە دەریـای زانیارییەکانـەوە هەیە. لەماڵەوە، لە شـوێنی کارو تەنانەت بە کۆمپیوتەری پۆرتەبڵ دەتوانێ لەسەرشـەقام و پارکەکانیشـدا پەیامەکانـی خۆیان بۆ سەرجەم شوێنەکانی جیهان بنێرن و ئاگاداری ڕووداوەکانی جیهان ببن.

ئەمـڕۆ زۆربـەی خەڵـک دەتوانـن بەپەیوەسـتبوون بەم تـۆڕە جیهانییەوە، هەر جۆرە زانیارییەکی سەرەتایی بەدەست بهێنن کە حەزی لێدەکەن.

ڕاسـتییەکەش ئەمەیە کە لە تۆڕی جیهانی سـایتەکاندا، سـنوورە جیۆگرافییەکانی نێوان وڵاتان لابراوە[٧].

دەرفەتـی نـاردن و وەرگرتنـی نامـەی ئەلیکترۆنی (e-mail) لەڕێگەی سایتەکانەوە، بەدەسـتهێنانی هـەواڵ و زانیـاری، یانەکانی گفتوگـۆ و ژوورەکانـی گفتوگـۆ (chat rooms) و بازرگانی ئەلیکترۆنی تەنیا بەشێکە لـەو دەرفەتـە بەرفراوانـەی کـە سـایتەکان هێناویانەتەئارا.

بـەم پێیە گومـان لەوەدا نییـە کە مرۆڤ هەنگاوی بـەرەو چەرخێکی نوێی پرۆسـەی پەیوەندییەکان هەڵێناوە کە بە (**سایبر سپەیس** cyber space) ناودەبرێت.

لەم فـەزای بێ سـنوورە جیۆگرافیاییەدا، هەرکەسـە و لەهـەر کوێیەکـی جیهـان بێت، بەچاوپۆشـی لە ڕەگەز، نەژاد، ڕەنگ، نەتەوە، ئایدۆلۆژیـاو بیروبـاوەڕ دەتوانـێ بەبـێ ئـەوەی ماڵەکەی خـۆی جێبهێڵێت هەنگاو بۆ ئـەم (**سـایبر سـپەیس** cyber space)ەی پرۆسـەی پەیوەنـدی جیهانی بنێت و ئەمەش یەکەمین ڕێگەی ئەم تەکنەلۆژیانەیە. پێشبینی دەکـرێ کە لە ئایندەیەکی نزیکدا، سـەرەڕای بەکارهێنانی هەسـتەکانی بیسـتن و بینین کە ئەمـڕۆ بەکارهێنەران سـوودی لێوەردەگرن، سوودوەرگرتن لە هەستی بەرکەوتنی خەیاڵی بۆ جیاکردنەوەی نەرمی و زبری شـتەکان و هەسـتی بۆنکردنی خەیاڵی بۆ جیاکردنەوەی بۆنـی بۆندارەکان (**بۆن، گوڵەکان، ئەدۆکلن و ...**) فەراهەم بکرێت[٨].

ئیمەیڵـی ئەلیکترۆنـی دەرفەتـی نـاردن و وەرگرتنـی نامـە و پەیامەکانـی بۆ خەڵکی سەرتاسەری جیهان فەراهەم کردووە. ئەمڕۆ دەتوانرێ لەیـەک کاتدا بەبێ سـەردانکردنی پۆسـتەخانە دەقی نامەیەک بـۆ دەیان کەس لەسەرتاسـەری جیهاندا بنێردرێت. بەپێی ئەو ئامرازە نوێیانەی هەن، دەتوانرێ لەیەک کاتدا هـەم پەیام بنێردرێت و هەم دەنگ و وێنە بۆ سەرتاسەری جیهان بنێردرێت.

سایتە هەواڵییەکان ڕۆژانە ملیۆنەها وشەی هـەواڵ، ڕاپـۆرت و وێنە لەسـەر ڕووپەڕی خۆیـان دەخەنـەڕوو و سـەدان ملیۆن کەس بەسـەردانکردنی ئـەم سـایتانە، سـوود لـە هەواڵەکان و ڕووداوەکانی جیهان وەردەگرن. چالاکـی سـایتە هەواڵـی و تایبەتییـەکان بەچەشنێک بەرفراوان بووە کە کەس ناتوانێ تەنانەت لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا سـەردانی ڕێژەیەکـی کەمیـان بـکات و بابەتەکانیـان بخوێنێتەوە.

هەموو ڕۆژێک ملیۆنان کەس لە گۆشـەو کەنارەکانـی جیهانـەوە دەربارەی مەسـەلە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ یەکتردا باسـوخواس و گفتوگۆ دەکـەن. بەم پێیە دەتوانرێ بوترێ کـە ناوەرۆکـی ئەو شـتانەی لە سـایتەکاندا ئاڵوگـۆڕ دەکرێت، وابەسـتە بـە بەرفراوانی بیرو هزری مرۆڤەوە.

باشـترین کۆمپانیـای پەیوەنـدی لـە ئینتەرنێتدا، تۆڕی جیهانی سـایتەکانە (World Wide Web) واتـا ((WWW کـە هەم دەرفەتی بەدواداگـەڕان و ئەنبـاری زانیارییـەکان و هـەم دەرفەتی ناردنی پەیـام و فیدباکی[٩] بۆ بەکارهێنەران فەراهەم کردووە.

بەزمانێکـی سـادەتر، هەمـوو سـایتێک ژمارەیەکـی زۆر بەڵگەنامـە و دیکۆمێنتـی لەخۆیدا ئەنبار کردووە. ئەدرێسـی سایتەکان

وەک ژمارەی تەلەفۆنی کەسەکان، دیاریکراو و جێگیرە و هەموو کەسێک بەسەردانکردنی ئەدرێسەکان دەتوانێ ئەو سایتانەی جێگەی مەبەستی خۆیەتی بە سایتەکانیترەوە گرێبدات وات لینک (link) بکات، لەویشدا سەرلەنوێ پەیوەندی بە سایتەکانیترەوە بکات. بەم پێیە ئەم تۆڕە سایتییە جاڵجاڵۆکەییە ئەلیکترۆنییە کە لەسەرتاسەری جیهاندا بڵاوبۆتەوە، دەرفەتی دەستڕاگەیشتنی دانیشتوانی جیهانی دەربارەی هەرشتێ کە بیانەوێ بەدەستی بهێنن، فەراهەم کردووە.

دەبێ ئەم خاڵەش لەبەرچاو بگیردرێت کە هیچ دامەزراوەیەک، کۆنترۆڵی ئەندامێتی لە تۆڕی جیهانی سایتەکاندا لەئەستۆدا نییە و هیچ دامەزراوەیەکی ئۆرگانیزەکراوی جیهانی بۆ داخستنی سایتەکان بوونی نییە.

خشتەی ژمارە (١) ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕی جیهانی سایتەکان لە ساڵی (٢٠٠٢)دا نیشان دەدات[١٠]. بەهەمانشێوە کە ئەم خشتەیە نیشانی دەدات، ڕێژەی دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئینتەرنێت لەسەرتاسەری جیهاندا پتر لە (٦٠٥) ملیۆن کەسە.

لەئێرانیش، دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئینتەرنێت و خزمەتگوزارییەکانی وەک پۆستەی ئەلیکترۆنی لە ساڵی (١٩٩٥) لەڕێگەی تۆڕی (**نەدای کۆمپیوتەر**)ی سەربە شارەوانی تاران و هەندێ لە تۆڕەکانیترەوە دەستی پێکرد.

بەپێی لێدوانەکانی بەڕێوەبەری کاروباری داتای کۆمپانیای پۆستەوگەیاندنی ئێران لە ساڵی (٢٠٠٣)دا، مانگانە لەنێوان (١,٧ ملیۆن کەس تا ٢ ملیۆن کەس) لە ئێراندا ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە[١١].

### ب) پەیدابوونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

لە (١٧ی ئایاری ١٩٩١) دامەزراوەیەکی لێکۆڵینەوەیی لە جنێڤ بەناوی (CERN) پێوەرەکان یاخود ستانداردەکانی تۆڕی جیهانی سایتەکانی بڵاوکردەوە[١٢].

لە مانگی ئایاری (١٩٩٢)دا واتا یەک ساڵ دواتر، ڕۆژنامەی (**شیکاگۆ تریبیۆن**) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکەمین کۆپی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەناوی (شیکاگۆ ئۆنلاین Chicago Online) لەڕێگەی مۆنیتەری کۆمپیوتەرەکانەوە نارد[١٣].

لەسەربنەمای بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی، پەخشکار و نووسەرەکان (editor & publisher) تا مانگی نیسانی (٢٠٠١)، پتر لە (١٢) هەزار واتا (١٢,٨٧٨) میدیای هەواڵی ئەلیکترۆنیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هێنایەئارا[١٤].

لەدەیەی یەکەمی ڕۆژنامەئەلیکترۆنییەکاندا، نەک تەنیا هەزاران میدیای هەواڵ سایتەکانی خۆیان دامەزراند، بەڵکو ملیۆنەها بەکاربەر و گروپە کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوریی، ئابورییەکان و...هتد سایتەکانی خۆیان خستەناو تۆڕی جیهانی سایتەکانەوە.

### ج) جۆرەکانی بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان (چاپەمەنی، ڕۆژنامە، گۆڤار)

بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانرێ لەڕووی ئەو دەرفەتەی کە بۆ بەکارهێنەرانی فەراهەم دەکەن، بۆ سێ دەستەی سەرەکی دابەش بکرێت:

**١. ڕۆژنامەی چاپکراو بەشێوەی وێنەیی** (Portable Document Format – PDF):

لەم شێوەیەدا، دەقی ڕۆژنامەی چاپکراو سکان (scan) دەکرێت[١٥] و لەسەر سایتەکە دادەندرێت و توانستی گەڕان (search) بۆ بابەتە تایبەتییەکانی تێدا نییە.

**٢. ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان کە شیاوی بەدواداگەڕانن:**

شێوەی ئەم ڕۆژنامانە لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا جیاوازیان لەگەڵ ڕۆژنامەی چاپکراودا هەیە، زۆرینەی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییە دەرەکییەکان بەم چەشنەیەو بەگشتی هەموو کاتژمێرێک بەبابەتی نوێ دەگۆڕدرێت.

**٣. ئاوێتەی هەردوو شێوازی ناوبراو:**

هەندێ لە ڕۆژنامەکان، نیوەلاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامە چاپکراوەکەی خۆیان بەشێوەی وێنەیی و پاشماوەی لاپەڕەکانیتری

خۆی بەشێوەی نووسراو یاخود بەشێوەیەک کە شیاوی بەدواداگەڕان بێت، دەخەنەڕوو.

سەرەڕای سایتی ڕۆژنامەکان، سایتەکانی بەدواداگەڕان وەک یاهو (Yahoo) کە سایتەکەی بەزمانە جۆراوجۆرەکان دەخرێتەڕوو، MSN، Gooya و هاوشێوەکانی، هەواڵ و بابەتەکانی ڕۆژنامە و ئاژانسە جۆراوجۆرەکان کۆدەکەنەوە و دەیخەنەڕوو.

هەروەها هەزاران ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سایتی هەواڵیانەیتریش، لە خستنەڕووی هەواڵەکان و ڕاپۆرتەکان و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا بەشدارن.

## بەشی دووەم:

## بەراوردی کێشکچی هەواڵ[16] لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و ڕۆژنامە کلاسیکییەکاندا

*** بەکارهێنان و سوودوەرگرتنی خەڵک لە ئینتەرنێت و هەواڵەکان**

لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدا، توانستی دەستڕاگەیشتن بە تۆڕە زانیارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بۆ پتر لە نیو ملیارد کەس لەسەرتاسەری جیهاندا بە ئیرانیشەوە، هاتوتەئارا. ئەگەرچی وەرگرتنی زانیاریی لەم ڕێگەیەوە پێویستی بەهەبوونی ئامێرە سەرەتاییەکان (**کۆمپیوتەر، مۆدێم، هێڵی تەلەفۆن، هاوبەشێتی لەگەڵ تۆڕی ئینتەرنێت**) هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی پەیام لەبەردەست بەکارهێنەراندایە.

بەشێوەیەکی کلاسیکی، ئەو کەسانەی لە دەستەی نووسینی میدیاکان و دامەزراوەکانی هەواڵدا بەشداریی لە پرۆسەی ئامادەکردن و هەڵبژاردن و خستنەڕووی پەیامەکانی هەواڵدا دەکەن، پێیاندەوترێ کێشکچی یاخود (gatekeeper).

لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکانی هەواڵدا، ئەگەرچی ئەو زانیاریانەی لەسەر سایتەکاندا دادەندرێت، لەلایەن کێشکچیەکانیترەوە هەڵبژێردراون و بەهۆی نەبوونی مەسەلەی شوێنەوە کە لە ڕۆژنامە چاپکراوەکاندا هەیە، بابەتگەلێکی جۆراوجۆر دەخرێتەڕوو و بەکارهێنەران خۆیان دەتوانن ئەو بابەتانە هەڵبژێرن.

لەلایەکیترەوە بەلەبەرچاوگرتنی جۆراوجۆریی و زۆریی سایتەکان، بەکارهێنەران دەتوانن سەردانی ئەو سایتانە بکەن کە جێگەی مەبەستی خۆیانە و پێداویستییەکانی وەرگرەکان لە بوارەکانی هەواڵ و ناهەواڵدا دابین دەکەن.

**ا) شێوەکانی کێشکچی کلاسیکی**

– ڕۆژنامەنووس هەواڵەکان دەنرخێنن و هەڵیدەبژێرن.

– لەگەڵ هەڵبژاردنی مانشێتەکان بە ئەندازە جۆراوجۆرەکان، هەواڵەکان بچووکتر یاخود گەورەتر و بەرجەستە دەکەن.

– هەوڵ بۆ دانانی کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی و ڕێنماکردنی دەدەن.

– لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەدا، ڕووبەڕووی سنووردارێتی شوێن دەبنەوە.

**ب) شێوەکانی کێشکچی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی**

– بەکارهێنەرانی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، شوێنی ڕۆژنامەنووسانیان گرتوتەوە.

– هەڵبژاردنی بابەتەکان لەلایەن بەکارهێنەرانەوە ئەنجام دەدرێت.

– هەر بەکارهێنەرێک بەدوای دابینکردنی پێداویستییە زانیارییەکانی خۆیدا دەگەڕێت.

– سنوورداربوونی شوێن لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان نییە.

– بە دروستکردنی لینکەکان (links)، هەواڵ ڕەهەندێکی کارلێککردن (interaction) پەیدا دەکات و لە دۆخی ڕایەڵدار (linear)ی ڕۆژنامە کلاسیکییەکان دێتەدەرەوە.

– دەرفەتی بەکەسایەتیکردن (personalization)ی بابەتەکان لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکاندا هەیە، بەم شێوەیە هەموو بەکارهێنەرێک دەتوانێ شرۆڤە و بەدواداگەڕان بۆ هەواڵەکان و بابەتە جێمەبەستەکانی خۆی بکات. بۆنموونە لە سایتی یاهۆ (Yahoo)دا،

بەکارهێنـەر دەتوانێ لاپەڕەی تایبەت بەخۆی بەشـێوەی (My Yahoo) ئامادە بکات.
بـەم پێیە لە ڕۆژنامـە ئەلیکترۆنییەکاندا، بەکارهێنەران دەتوانن ئەو شتەی کە دەیانەوێ لەناو ڕۆژنامە و سایتەکاندا هەڵبژێرن.



## بەشی سێیەم:
### وەرگرانی پەیامی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان

لە پرۆسەی پەیوەندییەکی کاریگەردا، کلیلـی سـەرکەوتن بریتییـە لە ناسـینی وەرگـر. ئـەم وتەیـە ڕاسـتە کـە چ لـە پەیوەنـدی نێوان تاکـەکان و چ لە ماس کۆمیونیکەیشندا دەبێ وەرگر بناسرێت و ئاگاداری پێداویستییەکانیان بین.
لەنـاو تیۆرەکانـی هانـدان و پێسـەلماندندا (persuasion) سـێ تیـۆر کاریگەریـی لەسـەر توێژینەوەکانـی وەرگرتنـی پەیام و کەسێتی وەرگرەکاندا هەیە[١٧].
یەکێـک لـەم تیۆرانـە، تیۆری فێربوونـە (learning theory) کە مرۆڤ بـە بوونەوەرێکی لۆژیکی دادەنێت کە بڕیاردانەکانی مرۆڤیش لەسەربنەمای ئەو زانیاریانەیە کـە یـان فێـری بـووە یاخـود لەڕێگـەی ئەزموونـەوە بەدەستیهێناوە.
دووەمیـن تیـۆر، تیـۆری هەماهەنگـی یاخـود ناهەماهەنگـی مەعریفییە (cognitive dissonance or consonance)، ئـەم تیۆرە دەڵێت مرۆڤ بوونەوەرێکی لۆژیکـی نییە، بەڵکو لەبەرانبەر ئـەو پەیامانەدا دادەندرێت کـە بەمەبەسـتی پاراسـتنی بیروبـاوەڕ، تێڕوانینـەکان و ڕەفتارەکانی ئێستای، بەئاقڵانە مرۆڤ ئاراستە دەکات.
سـێیەمین تیۆری، تیۆریی کارکـردە (functional)یە. بەپێی ئەم تیۆرە، مرۆڤ تێڕوانینە نوێیەکانی بۆ تێرکردنی پێداویسـتییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت. تێڕوانینە نوێیەکان تا ئەوکاتە دەپارێزێت کە شیاوی بەدیهێنان بێت.
ئەم تیۆرانـە بەتەواوەتی دژبەیەکتر نیـن، لەزۆرینەی بوارەکانـدا تەواوکـەری یەکترن لەپێنـاو ڕوونکردنەوەی کاردانـەوەی وەرگرەکان لەهەمبەر پەیامەکانی پرۆسـەی پەیوەندیدا.

**ا)خستنەڕووی هەڵبژاردنی وەرگرەکان:**

گریمانــەی (خســتنەڕووی هەڵبــژاردن selective exposure) یەکێکـە لە بەرهەمە سـەرەکییەکانی تیۆری هەماهەنگـی یاخـود ناهەماهەنگی مەعریفی کـە ڕەفتاری مرۆڤ ڕوون دەکاتەوە.

تیۆری ناهەماهەنگی لەلایەن (لیۆن فیسـتینگەر Leon Festinger) لە سـاڵی (١٩٥٧)ەوە ڕاگەیەندرا و لەدەیەی (١٩٦٠) لەگـەڵ بوونـی لایەنگـر و دوژمنێکـی زۆردا، بەبەرفراوانی بایەخی پێدرا[١٨].

ئاراسـتەی دوژمنەکانی ئـەم تیۆرە لەسـەر ئەو خاڵە چڕ ببۆوە کـە تیۆری ناهەماهەنگـی، زۆرینەی بنەماکانی فێربوون لەبەرچاو ناگرێت.

فیسـتینگەر لـەو بڕوایەدابوو ناهەماهەنگـی مەعریفی کاتێـک لە تاکەکەسـدا دێتەئـارا کـە ڕووناکبیریی یاخود مەعریفە جۆراوجۆرەکان، لەیەک کاتدا لەگەڵ یەکتر ناکۆک بن. مەعریفەش بیروهزرێکە دەربارەی ڕەفتار، بیروباوەڕ یاخود هەڵبژاردنێک.

دژیەکـی لە مەعریفەدا لەکاتێکدایـە کە لۆژیک، عەقڵی کامـڵ، ئەزموونـە کەسـییەکان و زانسـتی ئێسـتا لەگەڵ یەکتردا تەبا نەبن. لەو چەشنە هەلومەرجەدا مرۆڤ ناتوانێ هــاوکات دوو یاخود چەنـد مەسـەلەیەکی دژیەک ڕوون بکاتەوە. بۆ لەناوبردنی ئەم ناهەماهەنگییە، مرۆڤ پەیامێک هەڵدەبژێریـت کە لەگەڵ بیروبــاوەڕەکان، تێڕوانینەکان و ڕەفتارەکانـی خۆیدا هەماهەنـگ بێت و خۆی لەو پەیامانە دەپارێزێت کە لەگەڵ پێکهاتە فکرییەکەیدا ناکۆک بێت.

**ب) پاداشتی ئێستا و ئایندەی پەیام**

ویلبەر شرام (Wilbur Schramm) بیرمەندی زانستی پەیوەندییــەکان (**واتــا کۆمیونیکەیشــن**) لەوبڕوایەدابــوو کە مـرۆڤ پەیامەکانی پرۆسـەی پەیوەندی بۆ پاداشـتی هەنووکەیی یاخود ئێستا (immediate reward) یاخود پاداشتی ئایندە (delayed reward) هەڵدەبژێرێت.

شـرام ئەم چەمکانەی لـە وتارە ناسـراوەکەی خۆیدا بەنـاوی (**ناواخنی هەواڵ**) لەسـاڵی (١٩٤٩)دا خسـتەڕوو، لەوساتەوە تائێستا توێژینەوەیەکی زۆر بەسوودوەرگرتن لەم چەمکانە ئەنجام دراوە[١٩].

شرام بڕوای وابوو کە هەڵبژاردنی پەیام (**هەواڵ**)، دەبێ بەجۆرێک لەجۆرەکان بەرژەوەندی یاخود پاداشـتێکی بۆ خوێنـەر لەگەڵـدا بێت تا خوێنــەران بەخوێندنــەوەی ئەو بابەتە ڕاکێش بکرێن.

"

**دژیەکی لە مەعریفەدا لەکاتێکدایە کە لۆژیک، عەقڵی کامڵ، ئەزموونە کەسییەکان و زانستی ئێستا لەگەڵ یەکتردا تەبا نەبن. لەو چەشنە هەلومەرجەدا مرۆڤ ناتوانێ هاوکات دوو یاخود چەند مەسەلەیەکی دژیەک ڕوون بکاتەوە. بۆ لەناوبردنی ئەم ناهەماهەنگییە، مرۆڤ پەیامێک هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ بیروباوەڕەکان، تێڕوانینەکان و ڕەفتارەکانی خۆیدا هەماهەنگ بێت و خۆی لەو پەیامانە دەپارێزێت کە لەگەڵ پێکهاتە فکرییەکەیدا ناکۆک بێت.**

"

ڕۆژنامەوس

شرام دەڵێت هەندێ لە بابەتەکان، پاداشتی خۆیان لەهەمان ساتدا دەدەن، لەکاتێکدا کە هەندێکیتریان پاداشتێکی درەنگ وەخت یاخود ئایندەییان لەگەڵدایە.

شرام بابەتەکانی پەیوەندیدار بە تاوانەکان، سوودوەرگرتنی نەرێنیانەیە، کارەسات و رووداوەکان، وەرزش، رووداوە کۆمەڵایەتی و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە مرۆڤەوە دەخاتە ریزی (**پاداشتی ئێستا**)ەوە. شرام بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کاروباری ئابوری، زانستەکان، مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان، فێرکردن، کەشوهەوا، تەندروستی و سەلامەتی و هاوشێوەکانی دەخاتە ریزی (**پاداشتی ئاینده**) یەوە[٢٠].

وەرگرتنی پاداشتی ئێستاو هەنووکەیی یاخود ئایندەیی لەنێوان کەسەکاندا جیاوازە. بابەتێک لەوانەیە بۆ کەسێک پاداشتێکی هەنووکەیی و بۆ کەسێکیتر بەلەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی ئەو پەیامە، پاداشتێکی ئایندەیی هەبێت.

لە توێژینەوەیەکیتردا، شرام بەبەکارهێنانی چەمکەکانی (**پاداشتی چاوەڕوانکراو**) و (**وزەی پێویست**)، (**ئینتیما بۆ هەڵبژاردن**)ی خوێنەر بە شێوەی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە دەخاتەڕوو[٢١].

$$\text{ئینتیما بۆ هەڵبژاردن} = \frac{\text{پاداشتی چاوەڕوانکراو}}{\text{وزەی چاوەڕوانکراوی پێویست}}$$

لەسەر ئەم بنەمایە، ئینتیمای خوێنەر بۆ هەڵبژاردنی بڵاوکراوەیەک یاخود خوێندنەوەی بابەتێک، بەشێوەی هاوکێشەیەکە کە (**پاداشتی چاوەڕوانکراو**) بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە لەسەرەوەی هاوکێشەکەدایە و هەوڵ و کۆشش و (**وزەی چاوەڕوانکراوی پێویست**) بۆ خوێندنەوەی ئەو بابەتە لەژێر هاوکێشەکەدا دادەندرێت.

بەم شێوەیە هەتاوەکو بەهەدەردانی وزەی هاوکێشەکە کەمتر بێت، واتا کاتێکی کەمتر و کۆششێکی کەمتر بۆ خوێندنەوەکە بەپێویست بزانرێت و لەلایەکیترەوە خوێنەر چاوەڕوانی پاداشتێکی زۆرتری هەبێت، ئەوا ئینتیمای خوێنەر بۆ هەڵبژاردنی پەیامەکە زۆرتر دەبێت.

کورتەی قسەش ئەوەیە کە بەلەبەرچاوگرتنی تیۆری هەماهەنگی و ناهەماهەنگی مەعریفی، پێدەچێ دینامیکییەتی بەکارهێنەرانی رۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکان بەچەشنێک بێت کە بتوانرێ لە قۆناغی یەکەمدا بابەتە جێحەزەکانی خۆیان دەستنیشان بکەن و هەڵیبژێرن و لە قۆناغی دووەمدا ئەو پاداشتە روون بکەنەوە کە لە خوێندنەوەی بابەتەکاندا بۆ خۆیانی رەچاو دەکەن.

چۆنییەتی خستنەڕووی بابەتەکان لە رۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکاندا، نیشاندەری ئەم بابەتەیە کە بەکارهێنەران رێگەیەکیتریان لەبەردەمدا نییە جگە لە هەڵبژاردنی ئەو شتانەی کە دەتوانن پێداویستی و خواستەکانیان بۆ دابین بکات.

ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا بەکارهێنەرانی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکان لە خوێنەرانی رۆژنامە کلاسیکییەکان هۆشیارترن؟ وەڵامەکەی تائەندازەیەک نەرێیانەیە. چۆنییەتی سوودوەرگرتنی بەکارهێنەران لە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و ئەو ماوەیەی کە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکان تەرخانی دەکەن -کە رۆژانە نزیکەی نیو کاتژمێرە- زیاتر کاتەکە بە خوێندنەوەی کورتەی بابەتەکان و زۆرترین مانشێت و لیدی بابەتە هەڵبژێردراوە جێحەزەکانی خۆیان بەسەردەبەن[٢٢].

مەسەلەیەکیتر ئەوەیە کە بەکارهێنەرانی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکان بەشێوەیەکی گشتی سەردانی سایتی ئەو رۆژنامانە دەکەن کە بەشێوەی چاپکراویش جێگەی حەزی خۆیان بووە، یاخود سەردانی سایتی ئەو رادیۆ و رۆژنامانە دەکەن کە زیاتر سوود لە بەرنامەکانیان وەردەگرن، یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم هەڵبژاردنەش متمانەی بەکارهێنەرانە بە سایتە هەڵبژاردەکانی ئەو بڵاوکراوانە[٢٣].

سپیرۆ کیۆوسیس (Spiro Kiousis) مامۆستای زانکۆی ئەیالەتی ئۆهایۆ لە

ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە وتارێكدا لەژێرناوی (**متمانە یاخود نەبوونی متمانەی گشتی؟: وێنای متمانەی میدیاكان لە چەرخی زانیاریدا**) باسی لە بەراوردی متمانەی خەڵك بە هەواڵەكانی هەرسێ میدیای تەلەفزیۆن، ڕۆژنامە و سایتەكان كردووە[٢٤].

هزرە نوێیەكانی ئەو نیشانی دەدات خەڵك بەپێی پلەبەندی، زیاتر متمانەیان بە ڕۆژنامە، هەواڵەكانی سایتەكان و تەلەفزیۆنەكان هەیە. خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی متمانەبوون بەهەرسێ میدیاكە بە پلەبەندی (**كەم، مامناوەند و زۆر**) نیشان دەدات.

لە ئابی ساڵی (٢٠٠٣) لە توێژینەوەیەكدا لەژێرناوی (**لێكۆڵینەوەی ڕێژەی متمانەی خەڵك بە میدیاكانی هەواڵ و پەیوەندیان لە متمانەبوون بەناوەندە حكومییەكان**)[٢٥] لە بەشێكی پرسیارنامەیەكدا پرسیار لە (١,٢٠٠) هاوڵاتی ناوچەی (٢٠)ی شاری تاران كرا:

ا: ئەگەر دەربارەی ڕووداوێك (**ناوخۆیی- دەرەكی**) كۆمەڵە هەواڵێكی دژبەیەكت وەرگرت، زیاتر باوەڕ بە كام سەرچاوە دەكەیت؟

ب: ئەگەر بتەوێ دەربارەی ڕووداوێك (**ناوخۆیی- دەرەكی**) كە تازە ڕوویداوە، زانیارییەكی نوێ و زیاتر بەدەستبهێنیت، حەز دەكەیت ئەم زانیارییە لەكام سەرچاوەوە بەدەست بهێنیت؟

لەهەر دوو پرسیارەكەدا داوا لە وەڵامدەرەوەكان كرا كە تەنیا یەك بڕگە لەو بڕگانەی خوارەوە هەڵبژێرێت

١. ڕۆژنامەكانی وڵات.
٢. ڕادیۆ (**ڕادیۆی دەنگی كۆماری ئیسلامی ئێران**).
٣. تەلەفزیۆن (**تەلەفزیۆنی سیمای كۆماری ئیسلامی ئێران**).
٤. دۆستان و خزمان.
٥. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە دەرەكییەكان.
٦. هەواڵەكانی ئینتەرنێت.

خشتەی ژمارە (٣) ژمارە و ڕێژەی سەرچاوە خاوەن متمانەكان لەكاتی وەرگرتنی هەواڵە دژیەكە ناوخۆیی یاخود دەرەكییەكان نیشان دەدات. بەهەمانشێوەی تێبینی دەكرێت، لەناو سەرچاوە خاوەن متمانەكان لەكاتی بەدەستهێنانی هەواڵە دژیەكە ناوخۆیی و دەرەكییەكاندا، تەلەفزیۆنی سیمای كۆماری ئیسلامی ئێران لە پلەی یەكەمدایە و ئینتەرنێت لەپلەی دووەمدایە.ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە دەرەكییەكان لە پلەی سێیەم و ڕۆژنامەكانی وڵاتەكە لە پلەی چوارەم دایە. ڕادیۆی دەنگی كۆماری ئیسلامی ئێران و دۆستان و خزمان (**پەیوەندی نێوتاكەكەسی**) لەم نێوانەدا ڕۆڵێكی گرنگی ئەوتۆیان نییە.

ئەگەر وەڵامدەران بەهەردوو گروپی تەمەن (١٥-٣٠)ساڵ و (**٣١ ساڵ زیاتر**) پۆلێنبەندی بكەین، لەبارەی سەرچاوە خاوەن متمانەكان لەكاتی بەدەستهێنانی هەواڵە دژیەكە ناوخۆییەكاندا، بەڕێژەی (٣٠,٦٪)ی گروپی تەمەن (١٥-٣٠) ساڵ ئینتەرنێتیان هەڵبژاردووە و دەربارەی هەواڵە دەرەكییەكان بەڕێژەی (٣٤,٢٪)ی هەمان دەستە هەر ئینتەرنێت سەرچاوەی متمانەدارە لای ئەوان.

هەروەها ئەگەر ئاستی بڕوانامەی وەڵامدەرەكانیش لەبەرچاو بگرین، لەبارەی هەواڵە دەرەكییەكان بەڕێژەی (٣٣,٧٪)ی وەڵامدەرەوەكان كە بڕوانامەی دبلۆم یاخود بەرزتریان هەیە، ئینتەرنێتیان بەسەرچاوەی متمانەدار لەكاتی وەرگرتنی هەواڵە دژیەكە ناوخۆییەكاندا هەڵبژاردووە و بەڕێژەی (٣٤,٢٪) ئینتەرنێتیان بە سەرچاوەی بەدەست هێنانی زانیاریی زیاتر لەبارەی ڕووداوە دەرەكییەكانەوە دەستنیشان كردووە.

لەهەردووكیشیاندا بەڕێژەی (٧٠٪) ی نەخوێندەوارەكان و خاوەن بڕوانامە سەرەتاییەكان، لەكاتی بیستنی هەواڵە دژیەكەكاندا باوەڕیان بەهەواڵەكانی تەلەفزیۆنی كۆماری ئیسلامی ئێران هەیە.

لەبارەی بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو ڕووداوە ناوخۆیی یاخود دەرەكیانەی كە تازە ڕوویانداوە، بەهەمان شێوەی لە خشتەی ژمارە (٤)دا نیشان دراوە، تەلەفزیۆنی سیمای كۆماری ئیسلامی ئێران لە پلەی یەكەمدایە.

دەرئەنجامە بەراییەکانی ئەم توێژینەوەیە نیشانی دەدات کە ئینتەرنێت وەک میدیایەکی گرنگتر جێگەی خۆی لەناو کەسانی گەنجترو خوێندەواردا کردۆتەوە، هەرچەندە راست و دروستی بابەتەکانی زۆرینەی سایتەکانی هەواڵ جێگەی پرسیارە کە پێویستی بە توێژینەوەیەکی زیاتر هەیە.

## بەشی چوارەم:
## رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سانسۆر

بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەرفراوانبوونی ژمارەی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکانی هەواڵ، سانسۆری بابەتەکانیان لەلایەن دەوڵەتانیشەوە رووەو زۆربوون دەچێت. رای گشتیش لەو بڕوایەدایە کە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکانی هەواڵ هەڕەشەیەکی کۆنترۆڵ نەکراوە بۆسەر حکومەتە تۆتالیتارەکان.

لێکۆڵینەوە جۆراوجۆرەکان لەم مەیدانەدا نیشانی دەدەن کە وانییە، حکومەتە تۆتالیتارەکان کە بەدرێژایی ژیانی خۆیان کۆنترۆڵی چاپەمەنی، رادیۆ و تەلەفزیۆنیان لەبەردەستدا بووە، ڕێگاکانی بەگژداچوونەوەی ئینتەرنێتیشیان پەیدا کردووەو کۆنترۆڵی ئینتەرنێتیشیان گرتۆتەدەست.

ئەگەرچی کاریگەرییە درێژمەودا سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی ئینتەرنێت هێشتا بەشێوەی پرسیارێک لەئارادایە، لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەرییە کورتمەوداکانی لە زۆرینەی وڵاتاندا بەرچاو دەکەوێت.

راپۆرتی (**ئازادی چاپەمەنی لە ساڵی ٢٠٠٣: توێژینەوەی جیهانی میدیا سەربەخۆکان**) کە بارودۆخی ئازادی میدیاکان لە ساڵی (٢٠٠٢)ی زایینی شرۆڤە کردووە، نیشانی دەدات کە لە ساڵی (٢٠٠٢)دا و لە (١٩٣) وڵات کە شرۆڤە کراون بەم شێوەیە هەڵسەنگاندوون: **«٧٨ وڵات بەرێژەی (٤١٪) ئازادن، ٤٧ وڵات بەرێژەی (٢٤٪) نیمچەئازادن و ٦٨ وڵات بەرێژەی (٣٥٪) نائازادن»**[٢٦].

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەرسێ پێوەری یاسایی، سیاسی و ئابووری بەدوای یەکدا بەخاڵ نرخێندراون بەم شێوەیە (**یاسایی ٣٠ خاڵ، سیاسی ٤٠ خاڵ، ئابووری ٣٠ خاڵ**). وڵاتانی (ئازاد) بەو وڵاتانە دەوترێ کە خاڵەکانیان لەنێوان (**سفر تا ٣٠خاڵ**)دایە، وڵاتە (**نیمچەئازادەکان**) لەنێوان (**٣١ خاڵ تا ٦٠ خاڵ**) و وڵاتە (**نائازادەکان**) بەو وڵاتانە دەوترێ کە لەنێوان (**٦١ خاڵ تا ١٠٠ خاڵ**) دایە.

لەڕووی دابەشبوونی دانیشتوانەوە، بەرێژەی (٣٠٪)ی دانیشتوانی جیهان لە وڵاتە ئازادەکاندان، بەرێژەی (٣٨٪) لە وڵاتە نیمچەئازادەکاندا و بەرێژەی (٤٢٪) لە وڵاتە نائازادەکاندا دەژین[٢٧].

پێنج وڵاتە یەکەمەکە کە لە ریزی وڵاتە ئازادەکاندان و خاڵە بەدەستهاتووەکانیان لەنێوان (**سفر تا ١٠ خاڵ**) دایە، بریتین لە: (**بەلجیکا، سویسرا، سوید، فنلەندا و نەرویج**). ئەو پێنج وڵاتەی کە لە ریزی وڵاتە نائازادەکاندان و خاڵە بەدەستهاتووەکانیان لەنێوان (**٩١ تا ١٠٠خاڵ**)دایە، بریتین لە: (**بۆرما، تورکمانستان، عیراق، کۆریای باکوور و کوبا**)[٢٨].

ئێران بە بەدەستهێنانی پلەی نێوان (٧١ تا ٨٠) خاڵ لە ریزی وڵاتە نائازادەکاندایە و لەگەڵ (٢٥) وڵاتیتردایە کە بریتین لە: (**ئەفغانستان، ئازەربایجان، میسر، قەرقیزستان، لوبنان، عەمان، عەرەبستانی سعودییە، سوریا، تاجیکستان، ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، تۆگۆ، تونس، برۆنای، ئەنگۆلا، برۆندی، چین، کینیا، هایتی، لاوس، لیبیریا، مالیزیا، رواندا، سۆماڵ و سوزیلەندا**)[٢٩].

لە (**توێژینەوەی ئازادی چاپەمەنی ساڵی ٢٠٠١**) لەلایەن دامەزراوەی (Freedom House)ەوە ئەنجام درا کە بارەگاکەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چۆنییەتی مامەڵەی حکومەتەکان لەگەڵ چۆنییەتی سوودوەرگرتنی خەڵک لە ئینتەرنێت لە (١٣١) وڵاتی جیهاندا شرۆڤە کردووە.

لەم توێژینەوەیەدا، وڵاتان لەڕووی

سـنووردارکردنی بەکارهێنانـی ئینتەرنێتەوە بـۆ سـێ دەسـتەی دابـەش کـراون: **«زۆر سـنووردار»**، **«تا ئەندازەیەک سنووردار»** و **«کەم سنوردار»**[٣٠].

(٥٩) پەنجاو نۆ وڵات واتا بەڕێژەی (٤٥٪) ی ئەو وڵاتانەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە، لە دەستەی **«کەم سنوردار»** داندراون. دەستەی ئەم وڵاتانە، هیچ جۆرە سنووردارێتییەکیان بۆ دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە ئینتەرنێت دانەناوە یاخود ڕووبەڕووی سـنووردارێتییەکی زۆر کەم کراونەتەوە.

لە دەسـتەی «تائەندازەیە سـنووردار»دا (٥٣) پەنجاوسێ وڵات واتا بەڕێژەی (٤٠,٥٪) لـەو گروپـەدان کـە بەجۆرێک لەجـۆرەکان سنووردارکرجیهانن بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت هێناوەتە ئارا. ئەم سنووردارێتیە ڕێژەییانەش بریتیـن لـە سـنووردارکردنی ئابوورییانەی بەکارهێنانـی سـایتەکان، سـنووردارێتییە مافناسی و یاسـاییەکان لەهەمبەر ناوەڕۆکی سایتەکان و تاوان و سزادانەکانی پەیوەندیدار بەو سایتانەوە.

لە دەسـتەی سـێیەمدا، ئـەو وڵاتانەی کە سنووردارکردنێکی زۆریان بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت دروسـت کردووە، بریتین لە (١٩) وڵات کە ڕێژەکەیان (١٤,٥٪)ە.

لـەم وڵاتانـەدا کۆمپانیـا دابینکارەکانـی خزمەتگوزارییەکانـی ئینتەرنێـت (Internet Service Provider – ISP) حکومین یاخود ئەگەر کەرتی تایبەتیش بن لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی حکومەتدا بەڕێوەدەبرێن.

لـەم وڵاتانەدا، ئەو کەسـانەی بەشـێوەی ڕێگەپێنـەدراو و لـەدەرەوەی سیاسـەتە ڕەسمییەکانی حکومەت ئینتەرنێت بەکاربهێنن، بـە سـزا و ئـازاردان و زیندانیکـردن سـزا دەدرێن[٣١].

زۆربـەی حکومەتـە تۆتالیتـارەکان بەئەزموونێکـی دووروودرێـژی مێژوویـی و درێژمەودای کۆنترۆڵ و چاودێریکردن بەسەر چاپەمەنـی، ڕادیـۆ، تەلەفزیـۆن و بنەماکانی تەکنەلۆژیـای پەیوەنـدی و زانیارییـەوە (Information Communication Technologies (ICT)، توانـای کۆنترۆڵی گەشـەکردنی ئینتەرنێتیان لەناو سنوورەکانی خۆیاندا هەیە.

ئاستەنگە بەهێزەکانی بەردەم بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئەمانەی خوارەوەن:

١. سـنووردداربوونی دەسـتەبەرکردنی سایتەکان لە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتدا.

٢. سانسۆر کردنی ناوەڕۆکی سایتەکان.

٣. ڕێگەگرتـن لە چالاکییەکانی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت.

٤. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت.

لەکاتێکـدا لـە وڵاتانـی خۆرئـاوا ئـەم ئایدۆلۆژیایـە زاڵـە کـە ئینتەرنێـت هێزێکـی نکۆڵی لێنەکراوە لە گەشەپێدانی دیموکراسیدا و شـۆڕشـی پرۆسـەی پەیوەندییـەکان، دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتـە ئاراوە، حکومەتـە تۆتالیتارەکانیش شـێوازەکانی بەگژداچوونەوەی ئینتەرنێت و شارێیەکانی زانیارییان هێناوەتەئاراوە[٣٢].

بەشێوەیەکی گشتی، حکومەتەکانی جیهان بۆ بەگژداچوونەوەی ئینتەرنێت دوو ڕێگایان گرتۆتەبەر:

**١. شێوازی کاردانەوە** (reactive):

لەم شێوازەدا کە زۆر ئاشکرایە، حکومەت چاودێـری و کۆنترۆڵکردنـی سـایتەکان و چۆنییەتـی سـوودوەرگرتنی بەکارهێنەرانی گرتۆتەئەستۆی خۆی.

ئـەم کارەش لەڕێگەی سـنووردارکردنی ڕێگاکانـی دەستڕاگەیشـتنی بەکارهێنەران بە تۆڕی ئینتەرنێت، سانسـۆرکردنی ناوەڕۆکی سـایتە هەڵبـژاردەکان بەسـوودوەرگرتن لە سـۆفتوێری تایبەت، ڕێگەگرتـن لە چۆنییەتی سـوودوەرگرتنی بەکارهێنـەران و تەنانـەت قەدەغەکردنـی بەکارهێنانی ئینتەرنێت ئەنجام دەدرێت.

**٢. شێوازی لایەنگریتی**(proactive):

لـەم شـێوازەدا حکومـەت زیاتـر لەپێناو بەرژەوەندییـەکان و پڕوپاگەندە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆیدا، سـوود لە گەشەکردنی ئینتەرنێت وەردەگرێت.

لـەم سـتراتیژەدا، کۆنترۆڵـی سـایتەکان

لەلایــەن حکومەتەوە لەئارادایە، لێرەدا ئاماژە بۆ نموونەی ئەم وڵاتانە دەکەین:

*** چین**

دەستڕاگەیشـتنی دانیشـتوانی چیـن بـە ئینتەرنێـت بۆیەکەمیـن جار لە سـاڵی (١٩٩٣)دا هاتەئـاراوە. ئاماری ڕەسـمی حکومەتـی چیـن ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە (٢٢,٥٠٠,٠٠٠) بیسـت و دوو ملیـۆن و نیـو کـەس لـە ساڵی (٢٠٠٠)دا تۆڕەکانی ئینتەرنێتیان دەستەبەرکردووە. ئامارەکانـی سـەرچاوە نێودەوڵەتییـەکان، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتیـان بـە (١٧,٠٠٠,٠٠٠) حەڤـدە ملیـۆن کـەس خەمڵاندووە. لە کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٢)دا ژمارەی بەکارهێنەرانـی ئینتەرنێـت بـە پتر لـە (٦٠) ملیۆن کەس خەملێنراوە[٣٣].

بەرفراوانبوونی سـایتەکان لە وڵاتی چین، بۆتە مایەی نیگەرانی بەرپرسـە حکومییەکان و دەیانـەوێ کۆنترۆڵی سایتەکان بکەن.

کاتێـک حکومەتـی کۆمۆنیسـتی چیـن لـە سـاڵی (١٩٤٩) هاتەسـەرکار، کۆنترۆڵـی ئامـرازە بنچینەییەکانی پەیوەندیکردنی گرتەئەسـتۆ. حکومەتی چین لە سەردەمی دانگ شـیاوپینگ (Deng Xiaoping) لەگەڵ چاکسازییە ئابوورییەکانـدا تا ئەندازەیەک کۆنترۆڵی (ICT) ئازاد کرد و هەندێ لە بڕیارەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی پەیوەندی هەڵوەشـاندەوە. گومـان لەوەدانییە کە ئەمـەش بەبنەمای گەشـەکردنی ئینتەرنێـت لـە حکومەتی چیـن دادەندرێت. بەرلەوەی ئینتەرنێت ببێتە دیاردەیەکی جیهانی، حکومەتی چین بەسوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیا نوێیەکانی پەیوەندی، دەسـتی بە پرۆسەی بەزانیاریکردن (Informatization) کردبوو[٣٤].

لە سـاڵی (١٩٩٣)دا حکومەتی چین بەپێی ڕێککەوتنێک لەگـەڵ زانکـۆی سـتانفۆرد (Stanford) چووەناو تۆڕی جیهانی سایتەکانەوە[٣٥]. لەهەمان ساڵدا (پرۆژە ئاڵتونییەکان Golden Projects)ی هێنایەئـارا کـە پەیوەنـدی نێوان وەزارەتـەکان و بەڕێوەبەرایەتییـە حکومییەکانی فەراهەم کرد.

بەلەبەرچاوگرتنـی بەرفراوانبوونـی تۆڕەکانـی زانیاریگەیانـدن و ئـەو ناکۆکیانـەی لەنێـوان وەزارەتـی پۆستەو گەیاندن و وەزارەتی پیشەسازییە ئەلیکترۆنییەکاندا بـۆ کۆنترۆڵکردنـی سـایتەکان هاتەئـارا، حکومەتی چین لیژنەیەکی بۆ ئەم کارە ڕاسپارد.

حکومەتـی چین جۆرەها شـێوازی سـنووردارکردنی

**حکومەتـی چیـن جۆرەها شـێوازی سـنووردارکردنی بەسـەر بەکارهێنەرانـی ئینتەرنێتـدا پراکتیـزە کرد، ئەم هەنگاوانە بریتی بوون لـە سانسـۆرکردنی سـایتەکان، گوێگرتن لە ژوورەکانی گفتوگۆ (چات) و کۆنترۆڵکردنی ناوەرۆکی بابەتـە نێـردراوەکان، داخسـتنی نێتـەکان و هاندان بۆ خودسانسـۆری لەناو بەکارهێنەراندا...**

بەسەر بەکارهێنەرانی ئینتەرنێتدا پراکتیزە کرد، ئەم هەنگاوانە بریتی بوون لە سانسۆرکردنی سایتەکان، گوێگرتن لە ژوورەکانی گفتوگۆ (**چات**) و کۆنترۆڵکردنی ناوەرۆکی بابەتە نێردراوەکان، داخستنی نێتەکان و هاندان بۆ خودسانسۆری لەناو بەکارهێنەراندا. بەشێوەیەکی گشتی حکومەتی چین ستراتیژی لایەنگرێتی (proactive) لەهەمبەر ئینتەرنێتدا گرتەبەر.

زۆربەی نیگەرانییەکانی بەرپرسانی چینی، مەسەلەی چڕبوونەوەی کاریگەرییەکانی ئینتەرنێتە لەسەر خەڵکی چین، نیگەرانییەکە لەوەدایە کە ئینتەرنێت بەبڵاوکردنەوەی کۆمەڵەبابەت و وێنەیەک، ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکان و ئایدۆلۆژیا حکومییەکان بۆ دەسەڵاتدارانی حکومەت دروست دەکات.

بەرپرسانی چین لەم بڕوایەدان کە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گەنجان و خاوەن بڕوانامە چینییەکان و دەستڕاگەیشتێکی زۆرتریان بە رۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکان، زیادبوونی هۆشیارییەکانیان، حەزکردن لەبەرامبەر کاڵاو کلتورە خۆرئاواییەکاندا هاوسەنگی فۆرمە سیاسییەکان تێکدەدەن(٣٦).

> **بەرپرسانی چین لەم بڕوایەدان کە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی گەنجان و خاوەن بڕوانامە چینییەکان و دەستڕاگەیشتێکی زۆرتریان بە رۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتەکان، زیادبوونی هۆ شیا ر ییە کا نیا ن ، حەزکردن لەبەرامبەر کاڵاو کلتورە خۆرئاواییەکاندا هاوسەنگی فۆرمە سیاسییەکان تێکدەدەن...**

سەرەڕای ئەمانەش ژوورەکانی پاڵتاک و چات کە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان شرۆڤە دەکەن، بەلای حکومەتەوە مەسەلەیەکە کە دەسەڵاتی پرۆسەی پەیوەندی خۆی بەسەر پرۆسەی زانیارییەکان و هەواڵەکاندا لەدەست دەدات. تەناتەت هەندێ کەس لەم بڕوایەدان کە دەرەنجامی بەشداریی هاوڵاتیان لە ژوورەکانی پاڵتاک و چاتدا، دەبێتەمایەی ئازادی سیاسی لە وڵاتەکەدا(٣٧).

بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم ئاستەنگانە، بەرپرسانی چین هەردوو ستراتیژی سانسۆرکردنی ناوەرۆک و هاندان و پڕوپاگەندەکردن بۆ خودسانسۆریان گرتۆتەبەر. حکومەت هەندێ لە سایتی میدیاکانی هەواڵ، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ئەو سایتانەی کە ڕەهەندێکی سیاسیان هەبووە، داخستووە.

لە ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠٠٠)دا، وەزارەتی پیشەسازییە زانیارییەکانی چین کۆمەڵێک بڕیاری خستەڕوو کە تیایدا بڵاوکردنەوەی بابەتە هەستیارەکانی لە ئینتەرنێتدا قەدەغە کرد.

لەگەڵ ئەمەشدا، هەروەک حکومەتە تۆتالیتارەکانیتر هەڵسوڕاوان و ئۆپۆزسیۆنە سیاسییەکانی چین، سایتە تایبەتییەکانی خۆیان لە دەرەوەی وڵاتەکەدا خستەکار، گرنگترینیان بریتی بوون لە:

Human Rights Watch (www.hrw.org)

Committee to Protect Journalists (www.cpj.org)
Human Rights in China (www.hrichina.org)

ستراتیژی کاردانەوە لە چین، سەرنجی سەرجەم جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێش کردووە. لەگەڵ ئەمەشدا ستراتیژ چین ستراتیژیی لایەنگریتی (proactive)ی بەدوور نەزانیوە.

حکومەت بە دروستکردنی تۆڕە ناوخۆییەکانی ئینتەرنێت (internet)، کۆششی لەپێناو ڕاکێشکردنی پشتیوانی خەڵک لە بەرنامەکانی حکومەتدا ئەنجام داوە. یەکێک لە شێوازەکانی بەزانیاریکردنی حکومەت لەپێناو پروپاگەندەی ناوخۆیی و تەنانەت لەپێناو تۆری جیهانی ئینتەرنێتیشدا بووە. بەشێوەیەکی گشتی تائێستاش چۆنییەتی بەگژداچوونەوەی حکومەتی چین پتر شێوازێکی کاردانەوەشی هەبووە.

## * کوبا

گەشەکردنی ئینتەرنێت لە کوبا، بەشێوەیەکی هێدیانە و ئارام بووە و یەکەمین پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە ساڵی (١٩٩٦)دا ئەنجام دراوە[٣٨].

لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٩٩ و ٢٠٠١) دا، دەستڕاگەیشتنی کوبییەکان بە ئینتەرنێت و پۆستەی ئەلیکترۆنی بۆتە دوو هێندە، بەڵام ڕێژەکەی هێشتاش شیاوی بایەخپێدان نییە.

ئامارەکانی حکومەت لە مانگی مارسی ساڵی (٢٠٠١)دا نیشانی دەدات کە تەنیا (٦٠) هەزار کوبایی لەکۆی (١١,٠٠٠,٠٠٠) یانزدە ملیۆن دانیشتوانی کوبا، مۆڵەتی سوودوەرگرتن لە ئیمەیڵی ئەلیکترۆنیان هەیە و تەنیا بەڕێژەی (٣/١ تا ٢/١)ی دانیشتوانی کوبا دەتوانن نامەکانی خۆیان بۆ دەرەوەی وڵات بنێرن.

لە کۆی (١١٠,٠٠٠) سەدودەهەزار کۆمپیوتەر کە لە کوبادا هەیە، تەنیا (٢ تا ٣) هەزار کۆمپیوتەریان پەیوەندیان بە سایتە جیهانییەکانەوە هەیە.

لەمپەرەکانی بەردەم گەشەکردن و بەرفراوانبوونی ئینتەرنێت لە کوبا، وابەستە بەم هۆکارانەی خوارەوە:

١. بارودۆخی ئابووری وڵات.
٢. گەمارۆ ئابوورییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
٣. ستراتیژی حکومەت لەپێناو کۆنترۆڵکردن و ڕێگەگرتن لە خەڵک تا زانیارییە دەرەکییەکان دەستەبەر نەکەن.

لە کوبا، هەروەک زۆربەی وڵاتە کۆمۆنیستییەکان، کۆنترۆڵکردنی (ICT) لەژێردەسەڵاتی حکومەتدایە، بەهەمان شێوەش حکومەت کۆنترۆڵی چاپەمەنی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی لەژێردەستدایە.

کۆمەڵێک لە هۆکارە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بوونەتەمایەی کۆنترۆڵکردنی حکومەت سەبارەت بە بوونی (ICT) لە وڵاتەکەدا. سەرۆکی کوبا لەم بڕوایەدایە کە تەنیا گەشەپێدانی حکومەت و ڕێنماکردنی میدیاکان و (ICT) دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی خەڵک دابین بکات. لەبەرئەم هۆکارە، لەسەردەمی هاتنەسەرکاری **(فیدل کاسترۆ)**وە حکومەت کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی بەسەر ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پۆستەوگەیاندنی وڵاتەکەوە لەژێردەستدایە.

کۆمپانیای پۆستەوگەیاندنی کوبا لە ساڵی (١٩٥٩)ەوە خۆماڵی کرا و تا لە دوادوای دەیەی (١٩٦٠)دا، حکومەت کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر چاپەمەنییەکان و ڕادیۆو تەلەفزیۆندا گرتەدەست. لەوسەردەمەوە تائێستا حکومەت موڵکداریتی سەرجەم (ICT)ەکانی گرتۆتەئەستۆ و لەپێناو ئامانجە سیاسییەکانی شۆڕشی کوبا سوودیان لێوەردەگرێت.

هیچ دامەزراوەیەکی حکومەتی ناوەندی بۆ سانسۆرکردنی میدیاکان لە کوبادا نییە، بەڵام کۆنترۆڵکردنی بابەتەکان لە دەستەی نووسەرانی میدیاکاندا ئەنجام دەدرێت. زۆرینەی بەرپرسانی میدیاکان بەشێوەیەک لە شێوەکان وابەستەن بە دەسەڵاتی ناوەندییەوە.

سەرەرای ستراتیژی (proactive) کە بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریکردن بەسەر میدیاکانەوە پراکتیزە دەکرێت، بەرپرسانی

کوبایی بەتوندی بەگژ ئەو کەسانەدا دەچێتەوە کــە لــەدەرەوەی کەناڵــە حکومییەکانــەوە پەیوەندییەک دروست بکەن.

ڕۆژنامەنووسە ســەربەخۆکان کە کەمتر نووسینەکانیان دەگاتە دەست خەڵک، دەستگیر دەکرێن و دەخرێنە زیندانەوە.

لەساڵی (١٩٩١)، حکومەتی کوبا یاسایەکی چەســپاند کە ڕۆژنامەنووســانی ســەربەخۆ و کەســانیتر کە هاریکاریــان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبێت، بە زیندانی هەتاهەتایی سزا دەدرێن.

لــەم دوادواییــەدا حکومەتــی کوبــا پڕوپاگەندەیەکی لەپێناو کۆمەڵەبەرنامەیەکدا بۆ ئاراستەکردنی خەڵک لەپێناو دەستڕاگەیشتنیان بــە تــۆڕی ســایتە ناوخۆییەکانــی ئینتەرنێت (internet) دەستپێکردووە.

حکومــەت بــە بنیاتنانــی (٣٠٠) یانــەی کۆمپیوتــەر بــۆ لاوان و هــەزاران شــوێنی فرۆشــتنی بلیتــی ئینتەرنێت، دەرفەتــی بەکارهێنانــی ئینتەرنێتــی لــەم دورگەیــەدا دروست کردووە. ئەگەرچی دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە تۆڕی جیهانی سایتەکان مەحاڵ نییە، لەگەڵ ئەمەشدا حکومەت هانی خەڵکی دەدات سوود لە سایتە ناوخۆییەکان وەربگرن.

لەلایەکیترەوە، حکومەتی کوبا بودجەیەکی زۆری بــۆ ڕێگەگرتــن لە وەرگرتنــی بەرنامە ڕادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا تەرخان کــردووە. ســوودوەرگرتن لــە بەرنامەکانــی تۆڕەکانــی ســەتەلایت لــە کوبــا قەدەغەیــە. حکومــەت بەکارهێنانــی ئینتەرنێتــی بــۆ دروستکردنی پەیوەندی بەدەرەوەی وڵاتەوە قەدەغە کردووە.

لــە کوبا تەنیا کەســانێکی ســنووردار کە جێگەی متمانەی حکومەتی ناوەندین، دەتوانن ســوود لــە ئینتەرنێت و ســایتە دەرەکییەکان وەربگرن.

بــەم پێیــە حکومەتــی کوبــا ســتراتیژی (proactive)ی بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریی بەســەر ئینتەرنێتــدا گرتۆتەبــەر. حکومەتــی کوبا ســەرەڕای ئــەو قەدەغەکارییــەی دژبە بەکارهێنانــی ئینتەرنێــت گرتویەتەبەر، بەپێی (پلانــی بەزانیاریکردنــی کۆمەڵــگای کوبــا Plan for Informatization of Cuban Society)، حکومــەت لەبەرنامەیەدایــە هەروەک ڕادیۆو تەلەفزیۆن، سایتەکان لەپێناو پەرەپێدان بە ئامانجەکانی حکومەت و شۆڕشی کوبا بخاتەکار، بەشێک لەم ستراتیژە، بریتییە لە پڕوپاگەندەی ئینتەرنێتی.

لەسەردەمی دامەزراندنی (Cuba web) لە ساڵی (١٩٩٦)دا، حکومەت بۆ باشترکردنی ڕووخســاری خراپــی حکومەت و شۆڕشــی کوبا لە جیهاندا، سوودی لێوەردەگرێت.

بــۆ نموونــە ســایتی (www.cubavsbloqueo.cu) یاخــود (Cuba versus blockade) پڕوپاگەنــدە دژ بەگەمارۆکانــی ویلایەتــە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا دەکات.

هەندێ لە بڵاوکراوە ئەلیکترۆنییەکان، لەم مەیدانــەدا چالاکن کــە لەڕیزیانــدا دەتوانرێ ئامــاژە بــۆ ڕۆژنامەی حیزبی شــیوعی کوبا بەناوی (Gramma) بکرێت کە بە (٦) شەش زمان بڵاو دەبێتەوە[٣٩].

کورتــەی قســەش ئەمەیــە کــە کوبــا دەستڕاگەیشــتن بە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتی قەدەغــە کردووە و بایەخ بە پەرەپێدانی تۆڕە ناوخۆییەکانــی ئینتەرنێــت دەدات، لەکاتێکــدا حکومەتــی چیــن دەستڕاگەیشــتن بــە تۆڕی جیهانــی ئینتەرنێتــی سانســۆر کــردووە و هانــی خۆسانســۆرکردنی ســنوردار دەدات و لــەبەرنامەیدایــە تــۆڕە ناوخۆییەکانیــش پەرەپێبدات. ئەزموونی چین و کوبا مۆدیلێکە بــۆ زۆرینەی وڵاتــە تۆتالیتــارەکان و نیمچە تۆتالیتارەکان.

لێرەشدا بارودۆخی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییــەکان لــە هەنــدێ لــە وڵاتانــی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەخەینەڕوو.

*** عەرەبستانی سعودییە**

لــە ســاڵی (١٩٩٧)دا، (**مەلیــک فەهــد**)ی پادشــای عەرەبســتانی ســعودییە ڕایگەیاند: «**بەم زووانە دەرفەتی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە عەرەبستانی سعودییە فەراهەم دەکەم**».

ئەنجامدانی ئـەم بەرنامەیە تا سـاڵی (١٩٩٩) درێژەی کێشـا و سەرەنجام ئینتەرنێت لە مانگی کانوونی دووەمی سـاڵی (١٩٩٩) بەرێژەیەکـی کـەم و بەنرخێکـی گران لە عەرەبستانی سعودییە دامەزرێندرا[٤٠].

ساڵح عەبدولرەحمان ئەلعادل سەرۆکی شاری زانست و تەکنەلۆژیـای شـاعەبدولعەزیز دەڵێـت: «**ئەگەرچـی ئینتەرنێـت لـە بەخشـینەوەی زانیاریـدا ڕۆڵێکـی گرنگی لەئەستۆدایە، بەڵام لایەنە نەرێنییەکەی لەگەڵ بیروباوەڕو نەریتەکانی نەتەوەی عەرەبدا تەبا نییە**»[٤١].

دواکەوتنـی پـرۆژەی بنیاتنانـی ئینتەرنێـت لەبەر ئەم هۆکارە بوو کە ئامرازە تەکنەلۆژییەکان بەجۆرێک فەراهەم بکـرێ کە ڕێگە لە دەستڕاگەیشـتنی خەڵک بەو زانیاریانە بگیردرێـت کە لەگەڵ بەهـا ئیسـلامییەکاندا ناتەبایە و بۆ ئاسایشی کۆمەڵگاش مەترسیدارە[٤٢].

ئەم سەرنجانە بوونەمایەی دواکەوتنی هاتنی ئینتەرنێت بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. بۆنموونە عەرەبستانی سعودییە لە ساڵی (١٩٩٤)دا، وابەستەبوون بە ئینتەرنێتی تایبەتکردبـوو بـە حکومـەت و زانکـۆکان و ناوەندەکانی توێژینەوە، لە ساڵی (١٩٩٩) دوای ئامادەکردنی ئامرازەکانی سانسۆرکردن، ئینتەرنێتی خستەبەردەست هەمووان.

عەرەبسـتانی سـعودییە بڕیـاری خـۆی دەربـارەی ئینتەرنێـت بەڕاشـکاوییەوە خسـتۆتەڕوو. حکومەتـی عەرەبسـتانی سـعودییە لەوبڕوایەدایـە کە هەر سـایتێک حورمەتـی بەها کۆمەڵایەتی، کلتوریی، سیاسـی، میدیایی، ئابـوری و مەزهەبییەکانـی وڵاتەکە بخاتـە ژێرپێوە ئەوا دادەخرێت[٤٣].

**عەرەبسـتانی سـعودییە بڕیـاری خـۆی دەربـارەی ئینتەرنێت بەڕاشکاوییەوە خسـتۆتەڕوو. حکومەتـی عەرەبسـتانی سـعودییە لەوبڕوایەدایـە کـە هەر سـایتێک حورمەتی بەها کۆمەڵایەتـی، کلتوریـی، سیاسی، میدیایی، ئابوری و مەزهەبییەکانی وڵاتەکە بخاتـە ژێرپێـوە ئـەوا دادەخرێت...**

جێری بوخارت (Grey Bukhart)ی توێژەری بواری ئینتەرنێت بەئاماژەکردن بۆ مەسەلەی «ئاسایشی نەتەوەیی و ئینتەرنێت لە ناوچەی کەنداوی فارسدا» دەنوسێت:»ئەو سـایتانەی وێنـە وروژێنـەرەکان (pornography)ی لەخۆگرتووە، زیاتر لەسایتەکانیتر جێگەی حەزوئارەزووی دەوڵەتە عەرەبییەکانە»[٤٤].

### * ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو

یەکێک لـەو وڵاتانەی کـە بەخێرایی هەنـگاوی بەرەو جیهانی ئینتەرنێت هەڵێنا، ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووە.

ئـەم وڵاتە تەنیا یـەک (ISP)ی هەیە کە لەژێر گردانی (مۆنۆپۆڵـی) تـۆڕی گواسـتنەوەو گەیاندنـی حکومەتدایە بەناوی (الاتصالات Etisalat)[٤٥].

کۆمپانیـا خزمەتگوزارییەکانـی ئینتەرنێتـی ئیماراتـی

هەواڵنامەی کێتب

عەرەبی یەکگرتوو (الاتصالات) یەکێکە لە کامڵترین سێرڤەرەکان (proxy server) بۆ داخستنی ئەو سایتانەی دەق و وێنە وورووژێنەرەکانی تێدا بڵاودەبێتەوە.

هاوسێکسبازە نێرەکان (gays) و هاوسێکسبازە ژنەکان (lesbians) لەگەڵ سەرجەم ئەو سایتانەی کە بابەتە سێکسییەکان بەشێوەیەکی سێکسی دەخەنەڕوو، دادەخرێن.

* **وڵاتانیتری ناوچەکە**

وڵاتانی میسر، ئەردەن، قەتەر و لەم ماوەیەشدا لیبیا بەگومانەوە پەیوەندیان لەگەڵ تۆڕە جیهانییەکانی ئینتەرنێت گرێدا.

بەرلەم جەنگەی دوایی، عیراق تەنیا وڵاتێکی ناوچەکە بوو کە بەهۆی گەمارۆ ئابوورییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ئینتەرنێتی نەبوو. لە عیراق تەنانەت بوونی (مۆدێم Modem)یش نایاسایی بوو[٤٦].

یەکێک لە لەمپەرە گرنگەکانی بەردەم بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەسەلەی زمانە. بەشێکی بەرفراوانی دانیشتوانی وڵاتە عەرەبییەکان بەدەر لە زمانی دایکیان، زمانێکی بێگانەیتر نازانن. ڕێژەیەکی بەرزی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەم وڵاتانەدا، بێگانەکانن کە لەڕووی سیاسییەوە هەڕەشەیەکیان بۆسەر ئەو دەوڵەتانە نییە.

لەلایەکیترەوە، لەکاتێکدا کە سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت وەک یەکێک لە هەرزانترین ئامرازەکانی پرۆسەی پەیوەندی ناوزەد کراوە، بەڵام بەلای زۆربەی دانیشتوانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بودجەکەی زۆر گرانە.

بۆ نموونە ئەمڕۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، نرخێکی جێگیریان بۆ سوود وەرگرتنی ناسنووردار لە ئینتەرنێت نییە.

لەم دوادواییەدا کۆمپانیای پەیوەندییەکانی ئیمارات نرخی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی لە کاتژمێرێکدا لە بڕی (١,٦٠) دۆلارەوە بۆ نیوەی ئەو بڕە کەم کردۆتەوە.

**یەکێک لە لەمپەرە گرنگەکانی بەردەم بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مەسەلەی زمانە. بەشێکی بەرفراوانی دانیشتوانی وڵاتە عەرەبییەکان بەدەر لە زمانی دایکیان، زمانێکی بێگانەیتر نازانن. ڕێژەیەکی بەرزی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەم وڵاتانەدا، بێگانەکانن کە لەڕووی سیاسییەوە هەڕەشەیەکیان بۆسەر ئەو دەوڵەتانە نییە...**

* **ئێران**

بەهەمان شێوەی پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، دەرفەتی دەستڕاگەیشتنی هاووڵاتیانی ئێرانی بەئینتەرنێت و ئیمەیڵی ئەلیکترۆنی لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لەڕێگەی تۆڕی (**نەدای ئینتەرنێت**) کە کۆمپانیایەکی وابەستە بە شارەوانی تارانی پایتەخت بوو، فەراهەم کرا.

وەزیری پۆستە و تەلەگراف و تەلەفۆنی ئیران لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ئاژانسی (**ایسنا**)ی ئیرانی ئاشکرای کرد: «**ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ئیران بەگەشەکردنێک بەڕێژەی (٩٠٪) بەبەراورد لەگەڵ (٢٠٠١)دا زیادی کردووە و تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٢)لە (١,٧٠٠,٠٠٠) ملیۆنەوە بۆ (٢,٣٠٠,٠٠٠) ملیۆن کەس زیادی کردووە**»[٤٧].

ئێستا دەیان ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی، سایتەکانی هەواڵ و کەسایەتییە سیاسییەکان بەزمانی فارسی لە تۆڕی جیهانی ئینتەرنێتدا چالاکی دەکەن کە ژمارەیەکی زۆریان لەدەرەوەی وڵاتەوەیە[٤٨].

چاودێری و کۆنترۆڵ بەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنی و سایتە هەواڵییەکان لە ئیران لە سەرەتاکانی مانگی حوزەیرانی (٢٠٠٣)ەوە دەستی پێکردووە. جێگری وەزیری پۆستەو تەلەگراف و تەلەفۆن لە (٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٣) ڕایگەیاند: «**سەرجەم ئەو سایتە ئینتەرنێتیانە دادەخرێن کە وێنە و زانیاریە دژەڕەوشتییەکان لەخۆدەگرن**».

ناوبراو لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (**ایران**) ئاشکرای کرد: «**ئیران سەرقاڵی کڕینی ئامرازە پێشکەوتووەکانە کە دەتوانێ دەستڕاگەیشتنی بەکارهێنەران بۆ سایتە ڕێگەپێنەدراوەکان وەک بەدڕەوشتی و دژەئاینییەکان قەدەغە بکات. بودجەی ئەم ئامرازانە لەنێوان (٢٠ ملیارد تا ٣٠ ملیارد ریاڵدایە) و لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکڕدرێت**»[٤٩].

هەروەها ناوبراو گوتی: «**ئێمە شوێنکەوتەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشین و ئەم ئەنجوومەنە کۆمیتەیەکی پێکهاتووی لە نوێنەرانی دامەزراوەی سەداوسیمای کۆماری ئیسلامی ئیران، وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی و وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕاسپاردووە کە ئەم سایتانە بناسێنن تا لەلایەن وەزارەتی پۆستەو تەلەگراف و تەلەفۆنەوە دابخرێن. هەندێ لەم سایتانەش، سیاسین**»[٥٠].

دەنگدانەوەی هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە سانسۆرکردنی سایتەکان، کاردانەوەیەکی بەرفراوانی لە وڵاتەکە و جیهاندا هەبوو[٥١].

ئەو پرسیارەی لەئارادایە ئەمەیە کە بۆچی گەشەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سایتە هەواڵی و ناهەواڵییەکان لە ئیران لەناو لاوان و کەسانی خاوەن بڕوانامەدا بێوێنەیە؟ ئایا ئەم مەسەلەیە پەیوەندی لەگەڵ ئەو سنووردارێتیانەدا هەیە کە لەم ساڵانەی دوایی بەسەر ڕۆژنامەنووساندا پیادە کراوە؟

***پوختە و دەرەنجام**

لەم وتارەدا هەوڵ درا بەراوردێک لەنێوان ڕۆژنامەوانی کلاسیک و ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنیدا ئەنجام بدەین.

دوای خستنەڕووی کورتە مێژووییەکی پەیدابوونی ئینتەرنێت و ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، تایبەتمەندییەکانی هەرکامیان خرایەڕوو و شێوازەکانی ئامادەکردن، داڕشتنەوە و بەرجەستەکردنی بابەتەکانیان لە ڕۆژنامە کلاسیکی و سایتەکانی هەواڵدا بەراورد کران.

ڕاستییەکەش ئەمەیە کە لەگەڵ لەمپەرەکانی بەردەم بەرفراوانبوونی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی سایتەکان لەلایەن دەوڵەتانەوە زیادی کردووە و کۆمەڵە ڕێگایەکی جۆراوجۆر لەپێناو دروستکردنی سنوردارێتییەک بۆ سایتەکان هێنراوەتەئارا. لەگەڵ ئەمەشدا، ئێمە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە هەنگاومان بەرەو چەرخێکی نوێی زانستی مرۆیی هەڵێناوە.

ئەمڕۆ ئەو سەردەمە بەسەرچووە کە بۆ سوودوەرگرتن لە ڕادیۆیەکی شەپۆل کورت کە بەئەندازەی تەلەفزیۆنێکی (٢٥) ئینچ بوو، دەبوایە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت سەردانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس بکرێت.

پێدەچێ لەگەڵ ئەو سنووردارێتیانەی لەم ساڵانەی دوایی دا بەسەر چاپەمەنی وڵاتی ئیراندا سەپێنراوە کە بۆتەمایەی داخستنی زیاتر لە (٩٠) ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لەماوەی ئەم (٥) پێنج ساڵەی دوایی، زەمینەیەکی

بەرفـــراوان بـــۆ ســـوودوەرگرتنی خەڵــک لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکانی هەواڵ فەراهەم بووە.

ئەگەرچـــی مەســـەلەی متمانـــەی بەکارهێنـــەران (**بەتایبـــەت چینـــی گەنجان کە لەگەڵ کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا گەورە بوون**) بـــە ڕۆژنامەکان و ســـایتەکانی هەواڵ یەکێکە لە مەســـەلە هەنووکەییەکان، لەگەڵ ئەمەشدا ئـــەو پرســـیارە لەئارادایـــە ئەمەیـــە کـــە ئایـــا ڕۆژنامە کلاســـیکییەکانی بەپێـــی تێپەڕبوونی ســـەردەم لەناودەچـــن و جێگـــەی خۆیـــان بە جیهانی دیجیتاڵی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتەکان دەسپێرن؟

توێژینـــەوەکان و دیـــدگا جۆراوجۆرەکان نیشانی دەدات کە وانییە، بەڵام درێژەکێشانی ژیانی ڕۆژنامە کلاسیکییەکان لە کۆمەڵگاکاندا پێویستی بە ســـەر لەنوێ پێداچوونەوە هەیە. بـــەم پێیە هەم ڕۆژنامـــەکان و هەم دەوڵەتان دەبێ خۆیان بۆ ئاســـتەنگێکی گـــەورە ئامادە بکەن.

ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەبێ هەوڵ بدەن کـــە ببنە تەواوکەری ڕۆژنامـــە چاپکراوەکانی خۆیان و بەکارهێنەران (**خوێنەران**)ی خۆیان بـــەرەو ڕۆژنامـــە چاپکراوەکانی خۆیان ڕێنما بکەن و هانیان بدەن.

ڕۆژنامـــە چاپکـــراوەکان بـــۆ درێـــژەدان بـــە ژیانی خۆیـــان دەبـــێ لـــە هەلومەرجێکی سنووردارکراو بۆ خستنەڕووی هەواڵەکانیان بچنـــە دەرەوە، بایەخ بە ئامادەکردنی ڕاپۆرتە جۆراوجـــۆر و فرەچەشـــنەکانی تایبـــەت بـــە مەســـەلەکانی کۆمەڵگاکەیان بدەن، بایەخێکی زیاتر بە پێداویستییەکانی وەرگرەکانی خۆیان بـــدەن، گۆڕانێکی بنچینەیی لە نەخشەســـازی بڵاوکراوەکانـــی خۆیانـــدا ئەنجـــام بـــدەن و لەهەمووشـــیان گرنگتر، متمانە و ڕەزامەندی خوێنەرانی خۆیان ڕاکێش بکەن.

کورتـــەی قسەشـــمان ئەمەیـــە کـــە بەلەبەرچاوگرتنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئـــەم دیاردەیـــە، ئەگـــەری دەستڕاگەیشـــتن بـــە زانیارییـــەکان وەک مافێکـــی بنچینەیی و بەراییانـــەی مرۆڤ هاتۆتە ئـــاراوە. بەم پێیە هیـــچ (**کۆمەڵگایەکـــی زانیـــاری**) لـــە جیهانـــدا نایەتەئارا ئەگەر هەموو دانیشتوانی جیهان لە هەموو شـــوێنێک، دەرفەتی دەستڕاگەیشتن و ســـوودوەرگرتن لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سایتە هەواڵی و ناهەواڵییەکانیان نەبێت.

بایەخـــدان و پشـــتیوانیکردن لـــە ئـــازادی چاپەمەنـــی و ڕادەربڕیـــن لـــە کۆمەڵگایەکـــی دیموکراســـیدا، زۆر لـــە دیـــدگا تیۆرییـــە نەسەلمێنراوەکانی وەک سانسۆر گرنگترە.

**خشتەی ژمارە (١)**

ژمارەو ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ساڵی (٢٠٠٢)دا

| کیشوەرو ناوچەکان | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| ئەورووپا | ١٩٠,٩١٠,٠٠٠ | ٪٣١,٥٢ |
| ئاسیا و ئۆقیانوس | ١٨٧,٢٤٠,٠٠٠ | ٪٣٠,٩١ |
| ئەمریکا و کەنەدا | ١٨٢,٦٧٠,٠٠٠ | ٪٣٠,١٦ |
| ئەمریکای لاتین | ٣٣,٣٥٠,٠٠٠ | ٪٥,٥١ |
| ئەفریقا | ٦,٣١٠,٠٠٠ | ٪١,٠٥ |
| خۆرهەڵاتی ناوەڕاست | ٥,١٢٠,٠٠٠ | ٪٠,٨٥ |
| گشت جیهان | ٦٠٥,٥٠٦,٠٠٠ | ٪١٠٠ |

**خشتەی ژمارە (٢)**

**(متمانەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن)**

| میدیا | کەم متمانەدار | | متمانەداری مامناوەند | | زۆر متمانەدار | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژنامە | ٧٠ | ٪٨,٧ | ٥٩٣ | ٪٧٣,٥ | ١٤٤ | ٪١٧,٨ | ٨٠٧ |
| تەلەفزیۆن | ١٢٤ | ٪١٥,٣ | ٦٠١ | ٪٧٤,٤ | ٨٤ | ٪١٠,٤ | ٨٠٩ |
| سایت | ٥٦ | ٪٢١,٤ | ٣٣٣ | ٪٧٣,٨ | ٦٢ | ٪١٣,٧ | ٤٥١ |

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ژمارە و ڕێژەی سەرچاوە خاوەن متمانەکان**

| سەرچاوە متمانەدارەکان | هەواڵە ناوخۆییەکان | | هەواڵە دەرەکییەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ڕۆژنامەکانی وڵات | ١٤٧ | ٪١٢,٣ | ١١٦ | ٪٩,٧ |
| ڕادیۆ | ٤٥ | ٪٣,٨ | ٦٦ | ٪٥,٥ |
| تەلەفزیۆن | ٥١٤ | ٪٤٢,٨ | ٤٨٢ | ٪٤٠,٢ |
| دۆستان و خزمان | ٦٨ | ٪٥,٧ | ٤٨ | ٪٤ |
| ڕادیۆو تەلەفزیۆنە دەرەکییەکان | ١٤٧ | ٪١٢,٩ | ٢٠٣ | ٪١٦,٩ |
| هەواڵەکانی ئینتەرنێت | ٢٦١ | ٪٢١,٨ | ٢٧٣ | ٪٢٢,٨ |
| بێ وەڵام | ١٠ | ٪٠,٨ | ١٢ | ٪١ |
| **کۆی گشتی** | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |

## خشتەی ژمارە (٤)

### سەرچاوەی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی هەواڵ

| سەرچاوەی بەدەستهێنانی هەواڵ | هەواڵە ناوخۆییەکان | | هەواڵە دەرەکییەکان | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | ڕێژە | ژمارە | ڕێژە |
| ڕۆژنامەکانی وڵات | ١٨٠ | ٪١٥ | ١٢٨ | ٪١٠,٧ |
| ڕادیۆ | ٧٠ | ٪٥,٨ | ٥٧ | ٪٤,٨ |
| تەلەفزیۆن | ٤٤٥ | ٪٣٧,١ | ٤٠٨ | ٪٣٤ |
| دۆستان و خزمان | ٧٢ | ٪٦,١ | ٦٦ | ٪٥,٥ |
| ڕادیۆو تەلەفزیۆنە دەرەکییەکان | ١٧٥ | ٪١٤,٦ | ٢١٢ | ٪١٧,٧ |
| هەواڵەکانی ئینتەرنێت | ٢٥٣ | ٪٢١,١ | ٣٢٠ | ٪٢٦,٧ |
| بێ وەڵام | ٤ | ٣ | ٩ | ٪٨ |
| **کۆی گشتی** | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ | ١٢٠٠ | ٪١٠٠ |

**پەراوێزەکان:**

1– Ronald De Wolk، Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information، Boston: Allyn and Bacon، 2001، p، 6.

هەروەها بنۆڕە:

دکتر کاظم معتمد نژاد، «یونسکو و مسائل حقوقي بین‌المللي ارتباطات الکتروني»، گزارش شرکت و ارائه مقاله در دومین کنگره بین‌المللی یونسکو درباره «اخلاق اطلاعات: چالشهاي اخلاقي، حقوقي و اجتماعي فضاي سیبرنتیک»، مونت‌کارلو: یکم تا سوم اکتبر ١٩٩٨ (٩ تا ١١ مهرماه ١٣٧٧)، تهران: انتشارات یونسکو، خرداد ١٣٧٨.

2– Barry M. Leiner، et al.، «A Brief History of the Internet،» Internet Society، retrieved from World Wide Web، June 6، 2003; also see:

http://www.isoc.org/internet/history/brief.shtml
http://www.epic.org/cda/cda_decision.html
http://wwwinfo.cern.ch/pdp/ns/ben/TCPHIST.html
http://www.w3.org/TR/WD–html40/intro/intro.html
http://www.wdvl.com/WDVL History of the Internet and the World Wide Web.

3– De Wolk، p. 6.

4 – Larry Pryour، «A Century Closes، A Century Opens،» in Roland De Wolk، Introduction to Online Journalism: Publishing News and Information، Op. Cit.، p. 22.

5– Nielsen – Net Ratings The global standard for digital media measurement and analysis،» retrieved from world Wide Web، June 4، 2003:
http://www.nielsennetratings.com/news.jsp?section=dat_gi

6– Ibid

7– Ibid

8–. «Special Report: The Communications Revolutions،» Time، the Weekly News Magazine، Vol. 154، No. 15، October 1999، p. 47.

٩– مەبەست لە فیدباک ئەو وەڵام و کاردانەوە ئەرێنی یاخود نەرێنی خوێنەر و بینەرو گوێگر (واتا وەرگرە) کە لەهەمبەر وەرگرتنی پەیامێکی دەزگاکانی ڕاگەیاندن پیشانی دەدات (وەرگێڕ).

10– «Nua Internet How Many Online،» retrieved from World Wide Web، May 6، 2003.
http://www.nua.ie/surveys/how_many_online/world.html
also see:
http://www.etforecasts.com/pr/pr1202.htm،

11– ArabiaTech: Iran reviews the Global Picture، «Nua Internet Surveys Iran Reviews»، retrieved form World Wide Web، May 6، 2003.
http://www.arabia.com/content/tech/6_98/irannet_28.6.98.shtml

12– Available at:
http://welcome.cern.ch/welcome/gateway.html

13–Mark Deuze، «Online Journalism: Modeling the First Generation of New Media on the World Wide Web،» retrieved from World Wide Web، June 6، 2003.
http://www.firstmonday.dk/issues/issue6_10/deuze/index.html

14– Ibid.، also see:
http://emedial.mediainfo.com/emedia

١٥– لێرەدا نووسەر ڕووبەڕووی تێکەڵاوکردنێک بۆتەوە، ڕۆژنامەی وێنەیی ئەو ڕۆژنامانەن کە لەدوای چاپکرانیان، لاپەڕەکانیان سکان (Scan) دەکرێت و پاشان لە ئینتەرنێتدا دەخرێنەڕوو و شێوەی وێنە وەردەگرن و شیاوی دەستکاریکردن نییە. لەهەمانکاتدا لە شێوازی (PDF)دا لاپەڕەی ڕۆژنامەکە بەشێوەی (PDF) خەزن یاخود (Save) دەکرێت نەک (Scan) و پاشان لە ئینتەرنێتدا دەخرێتەڕوو. شێوازێکیتر خستنەڕووی ڕۆژنامەیە بەشێوەی (html) لە ئینتەرنێتدا کە بەئاسانی دەتوانرێ بابەتی لاپەڕەکانی (copy) بکرێت و بەهەمان شێوازی تێکستێکی والا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. مەبەستیش لەو ڕۆژنامەیە بەشێوەی (html) لە خاڵی دووەمدا باس کراوە. (وەرگێڕ).

١٦– کورت لوین (Kurt Lewin ١٨٩٠–١٩٤٧)ی بیرمەندی ئەڵمانی یەکەمین کەسە بە تێروتەسەلی باسی لە چەمکی کێشکچی کردووە، ناوبراو لە وبڕوایەدابوو لە هەموو دەزگایەکدا پێویستە کەسێک یاخود کۆمەڵێک کەسی شارەزا و پسپۆڕ هەبن و بەپێی کۆمەڵێک بنەماو بەها، پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی باشی و خراپی دابنێن. لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنیشدا کێشکچی بریتییە لە کۆمەڵێک هەوار بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتێک تا بڕیار لە بڵاوبوونەوە یاخود بڵاونەبوونەوەی بدرێت. لێرەدا پێویستە ئەو سەرنجە بخەمەڕوو زۆربەی نووسەران ئەم چەمکەیان بە (دەروازەوان، دەرگاوان) وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەم دوو وشەیە بەڕاست نازانم، چونکە دەرگاوان فەرمان لەسەروو خۆیەوە وەردەگرێت بۆ کردنەژوورەوە، هەربۆیەشە وشەی (کێشکچی)م بەکارهێناوە کە لە زاراوەی موکریانییەوە وەرمگرتووە و بەمانای ئەو کەسانە دەوترێ کە پاسەوانی شوێنێکن و فەرمان بەدەست خۆیانە (وەرگێڕ).

17– William McCuire، «The Nature of Attitude and Attitude Change،» in Gardner Lindzey and Elliot Aronson (eds.)، The Handbook of Social Psychology، 2nd ed.، vol. 3، Reading، Mass. : Addison–Wesley، 1969، pp. 235–272; also see، Alexis S. Tan، Mass Communication Theories and Research، Columbus، Ohio: Grid Publishing، Inc.، 1981،

pp. 167–190.
18– Leon Festinger، A Theory of Cognitive Dissonance Stanford، Calif.: Stanford University Press، 1957.
19–Wilbur Schramm، «The Nature of News،» Mass Communications، ed.، Wilbur Schramm، Urban، Ill.: University of Illinois Press، 1949، pp. 288–308.
20– Wilbur Schramm، «The Nature of News،» Mass Communications، ed.، Wilbur Schramm، Urban، Ill.: University of Illinois Press، 1949، pp. 288–308.
21– Ibid. p. 290.
22–Sung Tae Kim David Weaver and Lars Will Nat، «Media Reporting and Perceived Credibility of Online Polls،» Journalism and Mass Communication Quarterly، Vol. 77، No. 4، Winter 2000; S. S hyam Sundar، «Multimedia Effects on Processing and Perception on Online News: A Study of Picture، Audio، and Video Downloads،» Journalism and Mass Communication Quarterly، Vol. 77، No. 1، Autumn 2000.
23–Jim Hall، Online Journalism: A Critical Primer، London: Pluto Press، 2001; also see، Doug Millison، «Online Journalism FAQ،» retrieved from World Wide Web، Aug. 22، 2002.
http://www.online–journalist.com/faq.html
And:
Mark Deuze، «Online Journalism: Modeling the First Generation of News Media on the World Wide Web، / retrieved from World Wide Web، June 6، 2003:
http://www.firstmonday.dk/issues/issue6_10/deuze/index.html
24– Spiro Kiousis، «Public Trust or Mistrust? Perceptions of Media Credibility in the Information Age،» Mass Communication & Society، Vol. 4، No. 4، Fall 2001، pp. 381–403
Also see:
Finberg، H.، Stone، H.، and Lynch، D. (2001). «Digital Journalism Credibility Study». Available at:
www.journalists.org/Programs/credibility_study.pdf
Fogg، B.J. (2002). Prominence–Interpretation Theory: Explaining How People Assess Credibility. A Research Report by the Stanford Persuasive Technology Lab. Available at:
http://credibility.stanford.edu/pit.html
Fogg، B.J.، Soohoo، C.، Danielsen، D.، Marable، L.، Stanford، J.، & Tauber، E. (2002). How Do People Evaluate a Website>s Credibility? Results from a Large Study. Stanford Persuasive Technology Lab، Stanford University; available at:
http://www.consumerwebwatch.org/news.report3_credibilityresearch/stanfordPTL_abstract.htm
http://credibility.stanford.edu/sostcredible.html
http://cerdibility.stanford.edu/www.webcredibility.org
**٢٥– نعیم بدیعی، «بررسی میزان اعتماد مردم به رسانه‌های خبری و رابگه ێن با اعتماد به نهادهای دولتی»، تهران: وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، مرکز مگالعات و تحقیقات رسانه‌ها، ١٣٨٢.**
23. Karin Deutch Karlekar، «Press Freedom in 2002،» in Freedom of the Press 2003: A Global Survey of Media Independence، edited by Karin Deutch Karlekar، retrieved from World Wide Web، Aug. 7، 2003.
26–Karin Deutch Karlekar، «Press Freedom in 2002،» in Freedom of the Press 2003: A Global Survey of Media Independence، edited by Karin Deutch Karlekar، retrieved from World Wide Web، Aug. 7، 2003.
http://www.freedomhouse.org/pfs2003
27– Ibid.، p. 2.
28– Ibid.، p. 11.
29– Ibid.، p. 93.

30– Leonard R. Sussman، «Press Freedom، the Past Quarter Century: the Vile and the Valiant،» in Freedom of the Press 2003: A Global Survey of Media Independence، edited by Karin Deutch Karlekar، retrieved from World Wide Web، Aug. 7، 2003، p. 25. www.freedomhouse.org/pfs2003
31– Ibid.، p. 24.
32– «Internet Censorship Newest Threat to Press Freedom، Survey Warns،» http://www.freedomhouse.org/pfs2000
33– Shanthi Kalathil and Taylor C. Boas، «The Internet and State Control in Authoritarian Regimes: China، Cuba، and the Counterrevolution،» retrieved from World Wide Web، Aug. 7، 2003
http://www.firstmonday.dk/issues/issue6_8/kalathil/index.html
Also see، Joy Shaw، «Internet Censorship in China،» available at:
http://www.ojr.org/ojr/business/1017967553.php
http://cyber.law.harvard.edu/filtering/china/china–T.html
34– Ibid.
35– Ibid.
36– Available at:
http://news.xinguanet.com/english/2002–10/11/content_593460.htm
37– Available at:
http://www.nua.ie/surveys/index.cgi?f=VS&art_id=905358637&rel=true
http://www.nua.ie/surveys/index.cgi?f=VS&art_id=905357933&rel=true
38– Available at:
http://www.firstmonday.dk/issues/issue6_8/kalathil/index.html
39– Ibid.
40– Susan Gavi، «Crossing Censorship Boundaries،» available at:
http://www.ojr.org/ojr/technology/1017967030.php –
41–Associated Press، May 12، 1997
42–»Saudis Likely to Surf Web by Early <99،» Agence France–Presse، July 16، 1998.
43–»Internet، TV a Threat،» Associated Press، January 23، 1999.
44–Susan Gavi، «Crossing Censorship Boundaries،» Op. Cit..
45– «Etisalat Will Not Allow Internet Telephony،» Khaleej Times، UAE، Oct. 30، 1998.
٤٦– مەبەست لەکاتی نووسینی ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیەیە، بەڵام بەپێی دوائاماری سایتی (Google) سەبارەت بەڕێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، عیراق لەڕیزی وڵاتە یەکەمینەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە ئازادی ئینتەرنێتی تیادا بەرقەرارە، ئەمەش لەدوای ڕووخانی بتی دیکتاتۆرەوە واتا لە (٩ی نیسانی ٢٠٠٤)ەوە هاتۆتەئارا (وەرگێڕی کوردی).
47– Availableat:
http://www.emrooz.org/pages/date/82–04/11/news01.html
48– Mahsti Afshar، «Guide to Online News in Iran،» available at:
http://www.ojr.org/ojr/world_reports/1017959826.php
٤٩– ڕۆژنامەی (ایران)، ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٣.
٥٠– هەمان سەرچاوە.
51–»Iran Blocks Reform، Porn Web Sites،» CBS News، from the Associated Press، July 1، 2003، retrieved from World Wide Web، July 2، 2003:
http://www.cbsnews.com/sections/world/main202.shtml
«Iran: Government blocks <offensive> websites،» retrieved from World Wide Web، July 17، 2003:
http://www.indexonline.org/indexindex/index.shtml
«Iran targets Web sites، political to pornographic،» International Herald Tribune، June 30، 2003: retrieved from World Wide Web، July 17، 2003:
http://www.iranexpert.com/–

# وێستگەی

ڕۆژنامەنووس

هەواڵنامەی کتێب

# وێستگەی

# ڕۆژنامەنووس

# یاسای کاری ڕۆژنامەنووسیی

## هەنگاوێکی گرنگ بۆ چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیی لە کوردستاندا



حامید محەمەد عەلی*

تێکڕای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەزانن کە ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا پێویستی بە زەمانەتێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەنووسـان هەم بە دڵنیاییەوە کارەکەیان ئەنجام بدەن و هەمیش سـنوری ماف و بەرپرسـیارییەتی خۆیان بزانن.. دیارە لـەم هەرێمەدا پاش دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەت، یەکێک لەو یاسایانەی کە لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان (پەرلەمان)ەوە پەسـەند کرا، یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٣) بوو کە بە یاسای چاپەمەنی ناسراوە.

بێگومان ئەو یاسایە ئەگەرچی بۆ ئەو سەردەمە – پێش پازدە ساڵ وەک شۆڕشـێک وابوو بە بەراوورد لەگـەڵ واقیعی پێش ڕاپەڕین، بەڵام دیسان ئەم یاسایە ئەوەندە تێروتەسەل و دەوڵەمەند نەبوو کە بتوانێت ئیستیعابی کاری ڕاگەیاندن لەم هەل ومەرجەدا بکات وببێتە جێگرەوەی یاساکانی سـەردەمی بەعس، بۆیە لە ساڵانی پێشوودا ڕۆژنامەنووسـان لە هەرێمی کوردسـتان دا کە تووشـی سەرپێچی دەبوون و ڕاپێچی دادگاکانی هەرێم دەکران بە پێ ی بڕگە و ماددەکانی یاسای سزاکانی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی عێراق دادگایی دەکران بە تایبەتی هەردوو مـاددەی (٤٣٣ و ٤٣٤) بەمەش کەلێنێکی گەورە بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی دروست بوو بوو، ڕۆژنامەنووسانیش لە کەش و هەوایەکی پڕ لە ترس و بیم و بێزاری دا کارەکانیان ئەنجام دەدا.

## سەندیکاو پڕۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی

لەو ڕوانگەیەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان وەک ئەرکێکی نیشتمانی و پیشەیی خۆی بڕیاری دا کە بە هاوکاری خەڵکانی پسپۆڕ لە یاسا و مامۆستایانی زانکۆ و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن پڕۆژە یاسایەک گەڵاڵەو ئامادە بکات و پێشکەشی پەرلەمانی بکات. ئەوەبوو دواتر لیژنەیەک لە ئەنجومەنی سەندیکا و کەسانی تری پسپۆڕی یاسا پێک هات و لیژنەکە لە مانگی مایسی (٢٠٠٥)ەوە دەستی کرد بە کۆبوونەوە و چالاکییەکانی بەمەبەستی دارشتنی پڕۆژەکە و تا ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٠ کە لە دوا کۆبوونەوەی خۆیدا ڕەشنووسێکی کۆتایی پڕۆژەکەی ئامادەکرد و بڕیاریدا پێشکەشی پەرلەمانی بکات.

لەو ماوەیەدا لە نێوان مایسی ٢٠٠٥ تا تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ ئەو لیژنەیە کە بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کارەکانی ئەنجام دەدا، دەیان کۆڕ و سیمیناری بە هاوکاری لقەکانی سەندیکا لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و گەرمیان و سۆران ساز کرد بەمەبەستی بەشدارکردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران لە گفتوگۆکردن لەسەر ڕەشنووسی پڕۆژەکە و دەوڵەمەند کردنی بە ڕاو و بۆچوونەکانیان، هەروەها لەشاری (**لەندەن**)یش بەسەرپەرشتی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا کۆڕێک بۆ هەمان مەبەست سازکرا. لەهەمان کاتیشدا دیسان بۆ زیاتر ئاگادار بوون و بەشداربوونی ڕۆژنامەنووسان لە دەربڕینی ڕاو سەرنجەکانیان لەسەر پڕۆژەکە، چەند جارێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان ڕەشنووسەکەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکرایەوە، بە تایبەتی لە هەردوو بڵاوکراوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (الصحفی و ڕۆژنامەنووس).

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین پڕۆژەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کۆدەنگییەکی فراوانی بۆ دروست بوو، بگرە دەتوانین بڵێین بوو بە پڕۆژەی بەشی هەرە زۆری ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی هەرێمی کوردستان. پاش تێکڕای ئەم قۆناغە وەفدی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ڕۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ لە سەردانێکی تایبەتدا بۆ لای سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز (**عەدنان موفتی**) پڕۆژەکەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەش کرد و داوایان کرد کە لە نزیکترین دەرفەتدا پەرلەمان پڕۆژە یاساکە پەسەند بکات. بەڵام دواتر لەبەرئەوەی کە دەبوایە پڕۆژەکە یان لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمان بکرێت، یان لە ڕێگەی (١٠) ئەندام پەرلەمانەوە، بۆیە جارێکی تر ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بە نوسراوی ژمارە (١٣٤٧) لە ٢٠٠٧/٧/٢٤ پڕۆژەکەی لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێشکەش کرد. لەو ماوەیەشدا کە پڕۆژە یاساکە لە ئەنجومەنی وەزیران و دواتریش لە پەرلەمان بوو، وەفدی ئەنجومەنی سەندیکا چەندین جار لەگەڵ لیژنە تایبەتییەکانی هەردوو دەزگا کۆبوونەوەی ئەنجامدا و ڕاو سەرنجی کۆتایی خۆی خستە ڕوو و داکۆکی لە مادده و برگەکانی پڕۆژەکە کرد و داوای کرد کە پەرلەمانی کوردستان لە گفتوگۆ کردن لەسەر پڕۆژەکە، ڕەچاوی ڕەوشی ئەمڕۆی ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەنووسی بکات، کە لە وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتنخوازدا وەک دەسەڵاتی چوارەم مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.. ئەوەبوو پەرلەمانی کوردستان – جاری یەکەم – پاش سێ دانیشتنی (١٧) سەعاتی، ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پڕۆژە یاساکەی خستە دەنگدانەوەو بە داخەوە لە ئاکامدا پاش

دەستکاری کردنێکی زۆری پڕۆژەکە بەو شێوەیە پەسەند کرا کە بووە مایەی نیگەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و تێکڕای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەسەر ئاستی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دەنگدانەوە و کاردانەوەی نەرێنی لێ کەوتەوە. چونکە بەڕاستی یاساکە بەو شێوەیەی یەکەمجاری نەبوونی چاکتربوو لە بوونی، لەبەر ئەوەی کۆت و بەندی زۆری لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنووسی دانابوو، هەروەها سزاکانی زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووس و داخستنی ڕۆژنامەشی لەخۆ گرتبوو، ئەمە جگە لە بڕی بژاردن (**غرامات**) و کۆمەڵێک کۆت و مەرجی تر کە وەکو (**کێڵگەی مین**) وابوو لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی ئازاددا..

لەبەرئەوهۆیانەسەندیکایڕۆژنامەنووسان پشت ئەستور بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو بڕگە یاساییەی کە دەسەڵات دەداتە سەرۆکی هەرێم بۆ ڕەت کردنەوەی هەر یاسایەک لە پەرلەمان دەربچێت، ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٣ وەفدی ئەنجومەنی سەندیکا سەردانی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کرد و سەرەڕای دەربڕینی نیگەرانی سەندیکا و ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر ئەو یاسایە، وەفدەکە داوای دیداری سەرۆکی هەرێمی کردو ڕۆژی ٢٠٠٧/١٢/١٧ دیدارەکەی ئەنجومەنی سەندیکا لەگەڵ بەڕێز

(**مەسعود بارزانی**) سەرۆکی هەرێم ساز دراو، شاندی سەندیکا بە تێر و تەسەلی باسی ئەو ماددە و بڕگانەی کرد کە بوونەتە جێی نیگەرانی ڕۆژنامەنووسان و داوای لە سەرۆکی هەرێم کرد کە یاساکە ڕەتکاتەوە بۆ پەرلەمان.. ئەوەبوو – خۆشبەختانە – ئەویش پاڵپشتی خۆی بۆ سەندیکا دەربڕی و بڕیاری دا بە گێڕانەوەی یاساکە بۆ پەرلەمان بۆئەوەی جارێکی تر گفتوگۆ لەسەر تێکڕای ماددە و بڕگەکانی بکرێتەوەو بەجۆرێک هەموار بکرێت کە نەبێتە ئاستەنگ و کۆسپ لەبەردەم ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستاندا..

دیارە ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان هەر بەوەندەوە نەوستا، بەڵکو بەردەوام بوو لەسەر هەوڵەکانی لەپێناو دەرچوونی یاساکە بە شێوەیەک کە بەشی هەرەزۆری خواست و ئاواتی ڕۆژنامەنووسان بێنێتە دی، هەر بۆیە لە کۆنگرەی گشتی سەندیکاشدا کە ڕۆژانی ٢٧-٢٠٠٧/١٢/٢٩ لە هەولێر سازکرا، لیژنەیەک بۆ گفتوگۆ و هەموارکردنی یاساکە پێک هات و دواتر کۆنگرە بڕیاری دا کە ئەنجومەنی نوێی سەندیکا بەدواداچوون بکات بۆ هەموار کردنی یاساکە لە پەرلەمان، ئەوەبوو پاش کۆنگرە ئەنجومەنی سەندیکا سەرەتا یاداشتێکی دایە پەرلەمانی کوردستان و دواتریش ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٩ لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا کە زۆرینەی سەرنووسەری ڕۆژنامە ئەهلی و حیزبییەکانی بۆ بانگ کرابوو، یادداشتێکی دیکەی تێرو تەسەل ئامادە کرا و لە ٢٠٠٨/٢/١١ پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کرا، تیایدا بەوردی ڕاو سەرنج و پێشنیازەکانی ڕۆژنامەنووسان بۆ هەموار کردنی یاساکە خرانە ڕوو. لە لایەکی تریشەوە بە مەبەستی کۆکردنەوەی پاڵپشتی بۆ سەرنج و پێشنیازەکانی سەندیکا، شاندی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە پێ ی پلانێک لە نێوان هەردوو مانگی (**شوبات و ئاداری ٢٠٠٨**)دا سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبە سەرەکییەکانی کوردستانی کرد کە لە پەرلەماندا فراکسیۆن و ئەندامیان هەیە و داوایان لێ کرا کە پشتگیری لە هەڵوێستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بکەن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسایەک پەسەند بکات کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا...

هەر لە درێژەی هەوڵ و بەدواداچوونەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا، ڕۆژی ٢٠٠٨/٧/١٧ ئەنجومەنی سەندیکا لە یادداشتنامەیەکدا داوای لە پەرلەمانی کوردستان کرد کە پڕۆژە یاساکەی سەندیکا تێکەڵ بە هیچ پڕۆژە یاسایەکی تر نەکات لەبەر تایبەتمەندی و زەرورەتی ئەو پڕۆژەیە، هەروەها داوای کرد کە پەرلەمان پڕۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە پێشەوەی کارەکانی خوولی داهاتووی خۆیدا دابنێت. دواجاریش ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢١ «**واتە تەنیا ڕۆژێک پێش پەسەند کردنی یاساکە بەم شێوەیەی کۆتایی**» ئەنجوومەنی سەندیکا یادداشتێکی دیکەی پێشکەشی پەرلەمان کرد و جەختی لەسەر هەڵوێست و سەرنج و پێشنیازەکانی خۆی کردەوە و، ئێوارەی هەمان ڕۆژیش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردستان لە هەولێر، ئەنجومەنی سەندیکا هەڵوێست و سەرنجەکانی خۆی بۆ هەموار کردنی یاساکە لە پەرلەمان خستە ڕوو.

## ٢٠٠٨/٩/٢٢
## ڕۆژێکی مێژوویی بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ڕۆژی (٢٠٠٨/٩/٢٢) کە ڕۆژی گفتوگۆ کردن و پەسەند کردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی بوو لە پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیەی کە هەمووولا چاوەڕوانی بووین، دڵخۆش بووین، ئەم ڕۆژە لە ڕاستیدا شان بە شانی ڕۆژی ٤/٢٢ی هەرساڵێک کە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردییە دەتوانین بڵێین (**ڕۆژی بە یاسایی کردنی ئازادی ڕۆژنامەنووسیە لە کوردستاندا**). ڕۆژی بەدەستهێنانی بەری ڕەنج و خەباتی چەند ساڵەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بۆ ڕزگار کردنی ڕۆژنامەنووسان لە کۆت و بەندی یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)ی عێراق و گشت یاساکانی تر، کە وەک دێوەزمە هەڕەشەیان لە چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی دەکرد لەو بەشەی کوردستان و عێراقدا، کە خاوەنی ئەزموونێکی (١٦) ساڵییە و ئەو ئەزموونەش دەیەوێت لەسەر بنەماکانی دیموکراسیەت و ئازادی و مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا پایەکانی خۆی پتەو بکات.

هەموار کردنی یاساکە بەو شێوەیەی ئێستا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دەستکەوتێکە بۆ خودی پەرلەمان و پەرلەمانتاران و هەروەها بۆ سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی

**شاندی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبە سەرەکییەکانی کوردستانی کرد کە لە پەرلەماندا فراکسیۆن و ئەندامیان هەیە و داوایان لێ کرا کە پشتگیری لە هەڵوێستی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بکەن، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان یاسایەک پەسەند بکات کە ببێتە مایەی چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستاندا...**

سیاســی لە کوردستان و ســەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هەموو ئەوانەی کە هاوکارییان کرد لە دەرچوونی یاساکە بەو شــێوەیە و، بۆ تێکڕای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان. بگرە دەســتکەوتێک بۆ تێکڕای گەلی کوردستان و جێ ی خۆیەتی کە هەموو شانازی بەو دەستکەوتەوە بکەن.

ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٣ لــە بەیاننامەیەکدا بــە بۆنــەی پەســەند کردنــی یاســاکەوە لە پەرلەمانی کوردســتان، ســەرەڕای هەڵســەنگاندنێکی ئەرێنــی بۆ یاســاکە، بەدەســتکەوتێکی نیشــتمانی و مێژوویی وەســفی کرد، ئەویــش بە لادان و هەڵگرتنــی ئەو ماددەو بڕگانەی کە پێشــتر ببوونە مایەی نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێی ڕۆژنامەنووســان. ڕاســتە هیــچ هەنــگاو و بەرهەمێکــی مــرۆڤ بێ کــەم و کورتی نابێــت و ئەم یاســایەش لەو بابەتەیەو بــڕی (غرامە)کانی ناو یاساکە لە ئاستی ڕەوشی ژیانی ڕۆژنامەنووسدا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا بە بۆچوونی من ئەم یاسایە بەشی هەرە زۆری ئاوات و بۆچوونەکانی ڕۆژنامەنووسانی بەدی هێنــاوە، هیچ نەبێت لەم قۆناغەدا، چونکە لە ڕاســتیدا بەم یاســایە کوردستان دەبێتە وڵاتێکی کەم وێنە لە ناوچەکەدا کە ڕۆژنامەنووسانی لەســەر کاری ڕۆژنامەنووسی بەند ناکرێن و ڕۆژنامە و کەناڵی ڕاگەیاندن لەســەر ســەرپێچی داناخرێــت، بۆیــە دەتوانم بڵێم ئەمە ســەرەتای هەوارێکی نوێیە لە ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنوسی لە هەرێم و لە بە یاسایی کردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و پتەوکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم ئامرازە شارستانییە لە ژیانی کۆمەڵدا.

بە بۆچوونی خۆم ئەم یاسایە ڕەنگدانەوەو کاریگەریی خۆی دەبێت لە ســەر عێراق و وڵاتانی دەوروبەریش، کە لە هەندێکیاندا تا ئێســتاش ســەرباری دەرهاوێشــتەکانی عەولەمــەو گەشەســەندنی بــێ ســنووری تەکنەلۆژیــای گەیاندن کە جیهانی کردۆتە شاشەیەکی بچوک، نەک تەنیا گوندێکی بچوک، هێشــتا ڕۆژنامەنووســان و ئەهلی قەڵەم خەو بە ئازادی دەربڕین و ڕۆژنامەگەرییەوە دەبینن.

ئەمــڕۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگــەری لە جیهاندا بووەتە یەکێک لەو مەیدانە گرنگانەی کە وڵاتان کێبڕکێی تێدادەکەن و هەڵوێســتی جۆراوجــۆری هێزو لایەنەکانــی تێدا ڕەنگ دەداتــەوە، لە هەمان کاتدا ئــازادی ڕۆژنامەگەری بووەتە یەکێک لــە ئازادیە بنەڕەتیــەکان و مەرجێک و ئاماژەیەک

**"هەموار کردنی یاساکە بەو شێوەیەی ئێستا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، دەستکەوتێکە بۆ خودی پەرلەمان و پەرلەمانتاران و هــەروەهــا بــۆ سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و هەموو ئەوانەی کە هاوکارییان کرد لە دەرچوونی یاساکە بــەو شــێــوەیــە و، بۆ تێکڕای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان..."**

لە سەر بوونی ئازادییەکانی دیکە، بۆیە ناکرێ وڵاتێک یاخود سیستەمێکی سیاسی بانگەشەی دیموکراسیەت بکات و ئازادی ڕۆژنامەنووسی تێدا بەرقەرار بێت. ئەم یاسا نوێیەی ڕۆژنامەگەری کە ڕۆژی ٩/٢٢ پەرلەمانی کوردستان پەسندی کرد، دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ گەشەسەندنی کاری ڕۆژنامەنوسی کە هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی و دژایەتی کردنی گەندەڵی کە ئەمرۆ هەڕەشە لە چارەنووسی ئەزموونی گەلی کوردستان دەکات و بە بۆچوونی من مەترسیەکەی لە مەترسی و هەرەشەکانی تری سەر ئەم ئەزموونە کەمتر نییە. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی بکەن لە سایەی ئەو یاسایەدا مامەڵەکردنە لەگەڵ پرس و ڕووداوەکاندا بە گیانێکی بەرپرسانەو پیشەییانەو بێ لایەنانە دوور لە کاردانەوەی نارەوا، دیارە پابەندبوون بە ماددە و بڕگەکانی یاساکەوە ئەوەندە مافەکانی ڕۆژنامەنووس مسۆگەر دەکات، ئەوەندەش بەرژەوەندی گشتی دەپارێزێ و کاری ڕۆژنامەنووسی دەخاتە چوارچێوەیەکی مەعقول و لە بێ سەروبەری و پاشاگەردانی ڕزگاری دەکات و سنوورێک بۆ دەست درێژی دەزگا ئەمنسیەکان بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان دادەنێت.

ئومێد وایە دەرچوونی ئەم یاسایە هەموو لا بە تایبەت دەزگاکانی حکومەتی هەرێم و ڕۆژنامەنووسانیش ئەرک و مافەکانیان لە بەرچاو بگرن و ئەگەر هەڵەیەک لە تێروانینی هەردولا بەرامبەر یەکتری هەبێت، گۆڕانی بەسەردابێت، دیارە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەردوولا بە جوانی ماددەو بڕگەکانی یاساکە بخوێننەوە و لە سەر ئاستێکی فراوان بڵاوبکرێتەوە و کۆڕو سیمیناری بۆ سازبکرێ، زۆر گرنگە کە وەزارەتی ناوخۆو بەشە پەیوەندارەکانی هۆشیاری تەواو لە سەر یاساکە بدەنە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و لە بڕگەو مادەکانی یاساکە ئاگادارایان بکەنەوە، بۆ ئەوەی لەمەولا بە پێی ئەو یاسایە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆژنامەنووساندا بکەن، ئەگەرنا ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە.

هیوادارم هەموو لا پابەندی یاساکە بین بۆ ئەوەی خزمەتی گەل و وڵاتی پێ بکەین.

**ئەمرۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا بووەتە یەکێک لەو مەیدانە گرنگانەی کە وڵاتان کێبڕکێی تێدادەکەن و هەڵوێستی جۆراوجۆری هێزو لایەنەکانی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، لە هەمان کاتدا ئازادی ڕۆژنامەگەری بووەتە یەکێک لە ئازادیە بنەڕەتیەکان و مەرجێک و ئاماژەیەک لە سەر بوونی ئازادییەکانی دیکە...**

*** سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.**

# یاسای رۆژنامەگەریی لە کوردستان

**دوا بە دوای پەسەندکردنی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە (٢٠٠٨/٩/٢٢) و بەهۆی گرنگی یاساکە لە بواری چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە رۆژنامەنووسان لە مەیدانی کاری رۆژنامەنووسیدا رووبەڕووی دەبنەوە و جگە لەمەش ئەم یاسایە لە نێوەندە رۆژنامەنووسییە جیهانییەکانیش، چ لەلایەن (ئایدان وایت) سکرتێری فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ)و چ لەلایەن سەرۆکی رێکخراوی رۆژنامەنووسانی بێسنوور بە یاسایەکی پێشکەوتوو لە قەڵەم دراوە. بۆیە پێمان باشە دووبارە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی ئەم یاسایە بڵاوبکەینەوە، بەو مەبەستەی هەوڵ و کۆششەکانی سەندیکا و ئەرک و ماندووبوونی ئەندامانی ئەنجوومەنی بخرێتە بەرچاوو رۆژنامەنووسانی کوردستان لە نزیکەوە ئاگاداری بن.**

**وا لە خوارەوە هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە دەخەینەڕوو.**

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی
## (پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەگەریی لە کوردستان و پەسەندکردنی لە پەرلەمانی کوردستان)

**دەسپێک:**

لەبەر رۆشنایی یەکێک لە بڕیارەکانی کۆنگرەی گشتی یەکەم کە لە رۆژانی ١٣-٢٠٠٣/١٢/١٥ لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەسترا، کە بریتی بوو لە پێکهێنانی لێژنەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکاو دەرەوەی ئەنجوومەن بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاسایەک بۆ **(رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان)**، هەروەها پاش هەستکردن بە بوونی بۆشاییەکی تەواو لە رووی یاساییەوە بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، چونکە هەر کارو پیشەیەک ئەگەر چوارچێوەیەکی یاسایی نەبێت، بەتایبەت کاری رۆژنامەنووسیی، دەبێتە هۆکاری دروستبوون و سەرهەڵدانی کێشەو ئاستەنگی جۆراوجۆر، وەک ئاشکرایە پاش راپەڕینی ١٩٩١ کاری رۆژنامەنووسی پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، چ لە رووی چەندایەتی و چ لە رووی چۆنایەتییەوە، سەرەڕای نەبوونی سانسۆر بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی چاپەمەنی ساڵی (١٩٩٣)ی پەرلەمان، کە تا رادەیەکی گەورە بواری کاری رۆژنامەنووسی فراوان و پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی، پێویستی ئەوەی دەکرد ئەو ئازادییەی بەدەست هاتووە بە یاسایەکی شارستانی و سەردەمیانە رێکبخرێت. ئەوەبوو لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەن کە لە کۆتایی مانگی (مایسی ٢٠٠٥) لە هەولێر ئەنجامدرا، بڕیاردرا بە پێکهێنانی لێژنەکە وەک ئەرکێکی پیشەیی و مێژوویی سەندیکا کە پێشتریش لە ساڵی (١٩٩٨ و ٢٠٠١) هەردوو پرۆژە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندوقی خانەنشینی رۆژنامەنووسانی کوردستانی ئامادەو پێشکەشی پەرلەمانی کوردستان کردبوو، کە هەردووکیان لەلایەن پەرلەمانەوە بە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٨) و ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠١) پەسەندکران. لێژنەکەش پێکهاتبوو لەم پەرلەمانتارو رۆژنامەنووس و یاساناس و مامۆستایانەی زانکۆی لای خوارەوە:

**١. خوالێخۆشبوو فیکرەت عیزەت/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٢. ئەحمەد عەبدوڵڵا خدر/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٣. تاریق جامباز/** پەرلەمانتارو یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٤. حوسامەدین سەرداری/** یاساناس و رۆژنامەنووس.
**٥. د. کەمال سەعدی/** مامۆستای زانکۆ لە بواری یاسای رۆژنامەنووسیی.
**٦.خالید بەکر ئەیوب/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**٧. حامید محەمەد عەلی/** ئەندامی ئەنجوومەن **(سکرتێری سەندیکا).**
**٨. زیرەک کەمال/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**٩. ئەکەد موراد/** ئەندامی ئەنجوومەن.
**١٠. فەرهاد عەونی/** نەقیبی رۆژنامەنووسان.
**١١. ئازاد حەمەدئەمین/** یاساناس، تەنها لە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربووە..
**١٢. مەسعود مستەفا/** یاساناس، بەڕێوەبەری یاسایی وەزارەتی رۆشنبیری، تەنها لە چەند کۆبوونەوەیەکی سەرەتادا بەشداربووە..

## قۆناغەکانی ئامادەکردنی پرۆژەکە تاکو گەیشتنی بە پەرلەمانی کوردستان و پەسەندکردنی

**یەکەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٥ یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی ئامادەکار، بە بەشداری سەرجەم ئەوانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتووە ئەنجامدرا. کە تێیدا رەشنووسی ئەو پرۆژەیە کە پێشتر لەلایەن (یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە سلێمانی ئامادەکرابوو، لەرێگای بەڕێز جێگری نەقیب (مستەفا ساڵح کەریم) پێشکەش بە لیژنەکە کرا، وەکو بنەمایەک بۆ سوود وەرگرتن لە ماددەو بڕگەکانی ئەو پرۆژەیە..

**دووەم/**

لەنێوان کۆبوونەوەی یەکەم تاکو (٢٠٠٥/٦/٢٣) لیژنەی ئامادەکار چوار کۆبوونەوەی چڕو پڕی ئەنجامدا، بە مەبەستی گەڵاڵەکردنی پرۆژە یاساکە.

**سێیەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١٠/٢٢) لیژنەی ئامادەکار پێنجەمین کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر دوا رەشنووسی پرۆژەی ئامادەکراو کە بریتی بوو لە (٢١) مادەو (٥) بەش. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاردرا بە بڵاوکردنەوەی رەشنووسەکە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە کەناڵەکانی راگەیاندن و سایتی سەندیکا، بۆ ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران لە پرۆژەکەو وەرگرتنی راو سەرنج و پێشنیازەکانیان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە، کە تاکو ٢٠٠٦/٢/١٥ ماوەی بۆ دیاری کرابوو..

**چوارەم/**

رۆژی (٢٠٠٥/١١/٨) پرۆژە یاساکە بەزمانی (کوردی و عەرەبی) لەرۆژنامەی (الصحفی) بڵاوکرایەوە. هەروەها لە چەند سایت و رۆژنامەیەک..

**پێنجەم/**

رۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی بۆ کەناڵەکانی

ڕاگەیاندن سازکرد، بە ئامادەبوونی سەرۆک و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن..

لە کۆنگرەکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان پاش ڕاگەیاندنی تەواوبوونی پرۆژەکە ئاماژەی بە گرنگی پرۆژە یاساکە کردو داوای لەسەرجەم ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی کوردستان کرد کە بەشداری بکەن لە دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە بە سەرنج و پێشنیارەکانیان. هەروەها ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/١٥ی دیاری کرد کە دوا ماوەیە بۆ وەرگرتنی ڕاو سەرنجەکان لەسەر پرۆژەکە. لە کۆنگرەکەدا ڕەشنووسی پرۆژەکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دابەشکرا بەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، هەروەها ڕاگەیەندرا کە بۆ ئەو مەبەستە کۆڕو سیمیناری تایبەت و فراوان لەلایەن لقەکانی سەندیکاوە سازدەکرێت..

**شەشەم/**

پاش ڕاگەیاندنی ڕەشنووسی پرۆژەکە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/١١/٢٨ تاکو ٢٠٠٦/٩/١٦ لەسەرجەم لقەکانی سەندیکا (کەرکووک، سلێمانی، دهۆک، موسڵ، بەغدا) هەروەها لە هەردوو دەڤەری (سۆران و گەرمیان) و لەلایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە شاری (لەندەن) چەندین کۆڕو سیمینار بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە سازکراوە، ڕاو سەرنج و پێشنیازی بەشداربووان وەرگیران بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆژەکە.

سەرەڕای دەیان دیمانەو میزگردو بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتی تایبەت دەربارەی ئەو پرۆژەیە.

**حەوتەم/**

ڕۆژی (٢٠٠٦/٤/٢٢) لەیادی (١٠٨) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، لەچوارچێوەی (فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان) کە لە هەولێر سازکرا، تێیدا ڕۆژی ٤/٢٢ بە تەواوی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاساکە تەرخانکرا کە ژمارەیەکی بەرچاو و زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران بەشدارییان تێدا کرد، لەنێوان دوو دانیشتن دا کەماوەی (٨) سەعاتی خایاند، ڕاو سەرنجی ئامادەبووان وەرگیرا، کە تا ڕادەیەکی زۆر پرۆژە یاساکەی دەوڵەمەندکرد، لەسەر ڕۆشنایی سیمینارەکە لیژنەی ئامادەکار دوو کۆبوونەوەی تێروتەسەلی ئەنجامداو جارێکی دیکە پرۆژەکەی دارشتەوە..

**هەشتەم/**

لە سەرەتای مانگی (تەمووزی ٢٠٠٦) بۆ جاری دووەم ڕەشنووسی پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) لە چەندین ڕۆژنامەو سایتی سەندیکاو لە ڕۆژنامەی (الصحفی) بڵاوکرایەوە، دیسان بە مەبەستی ئاگاداربوونی ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و دەربڕینی ڕاو سەرنجیان لەسەری..

**نۆیەم/**

ڕۆژی ٢٠٠٦/٩/١٦ بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا، لیژنەی ئامادەکار کۆنفرانسێکی بەرفراوانی لەهۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین لە هەولێر سازکرد، کە تێیدا زیاتر لە (١٥٠) ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرو پەرلەمانتارو مامۆستای زانکۆ ئامادەو بەشداربوون، تیایدا بەشێوازی وۆرک شۆپ (١٥) گروپ پێکهێنرا بە گوێرەی ژمارەی ماددەکانی پرۆژەکەو بەوردی و تێرو تەسەلی گفتوگۆ لەسەر پرۆژەکە کرا. لەکۆتایی کۆنفرانسەکەدا ڕاو سەرنجی زۆربەی بەشداربووانی لەسەر وەرگیرا..

کۆنفرانسەکە ڕۆژێکی تەواوی خایاند و بڕیاردرا جارێکی دیکە پاش دارشتنەوەی لەبەر ڕۆشنایی ڕاو سەرنجی بەشداربووانی

کۆنفرانسەکە، پرۆژەکە بڵاوبکرێتەوە.

**دەیەم/**

لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦ بۆ جاری سێیەم، پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، لە هەندێ رۆژنامەو گۆڤارو سایتی سەندیکاش بڵاوکرایەوە. ئەویش دیسانەوە هەر بە مەبەستی ئاشنابوون و ئاگاداربوونی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران و دەربڕینی راوسەرنجیان لەسەری..

**یازدەیەم/**

بۆ دواجار لیژنەی ئامادەکار لە ٢٠٠٦/١٠/١٠ دوا کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامداو بڕیاریدا پرۆژەکە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستانی بکرێ..

**دوازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٦/١٠/١٧ وەفدی ئەنجوومەنی سەندیکا سەردانی بەڕێز (عەدنان موفتی) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانی کردو بە رەسمی پرۆژە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی پێشکەشی بەڕێزیان کردو، هیوایان خواست کە بەڕێزیان هاوکارو پشتیوانی سەندیکا بێ لە پەسندکردنی پرۆژە یاساکە..

**سێزدەیەم/**

لەبەر هەندێ هۆکاری هونەری کە دەبوایە پرۆژە یاساکە لە رێگەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکەشی پەرلەمان بکرێت، یاخود (١٠) پەرلەمانتار ئیمزای لەسەر بکەن و بیدەنە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەنجوومەنی سەندیکا راستەوخۆ پرۆژەکەی دایە دەست بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دیارە ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنی پرۆژەکە لە پەرلەمان.

**چواردەیەم/**

ئەوەبوو جارێکی دیکە ئەنجوومەنی سەندیکا بە نووسراوی ژمارە (١٣٤٧) لە ٢٠٠٧/٧/٢٤ پرۆژەکەی پێشکەشی وەزارەتی رۆشنبیری کرد بۆ ئەوەی لە رێگەی وەزارەتەوە بدرێتە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران.

**پازدەیەم/**

رۆژی ٢٠٠٧/٩/٢٤ شاندێکی ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ لیژنەیەکی تایبەت کە بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو کارە پێکهاتبوو، کۆبووەوە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی ماددەو بڕگەکانی پرۆژەکە کە تێیدا لیژنەی ناوبراو هەندێ راوسەرنجی ئاسایی هەبوو، بەڵام بەگشتی لێک تێگەیشتنێکی تەواو هەبوو، دەربارەی زۆربەی ماددەو بڕگەکان..

**شازدەیەم/**

سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بەنووسراوی ژمارە (٢٤٤٧) لە ٢٠٠٧/٩/٢٧ بە ئیمزای بەڕێز سەرۆکی حکومەت پرۆژە یاساکەیان بۆ پەرلەمانی کوردستان نارد.

**حەڤدەیەم/**

پەرلەمانی کوردستان لەرێگەی هەردوو لیژنەی یاسایی و رۆشنبیری بەجیا دوو دانیشتنی تێرو تەسەلی لەرۆژانی ٢٠٠٧/١٠/٢٨ و ٢٠٠٧/١١/٢٥ لەگەڵ شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا ئەنجامدا، هەروەها دانیشتنێکی فراوانی هاوبەشی هەردوو لیژنەی ناوبراوی پەرلەمان و شاندی ئەنجوومەنی سەندیکا، بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بە بەشداری بەڕێز وەزیری رۆشنبیری لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١ بەڕێوەچوو، کە تێیدا سەرتاپای بڕگەو ماددەکانی پرۆژەکە

گفتوگۆیان لەسەر کراو تێیدا هەندێ رای جیاواز لەسەر هەندێ ماددەو برگە هەبوو..

**هەژدەیەم/**

پەرلەمانی کوردستان لە رۆژانی ٤، ٥، ١١، ٢٠٠٧/١٢/١٢ لە چەند دانیشتنێکدا کە (١٧) سەعاتی خایاند بەدرێژی و تێرو تەسەلی گفتوگۆی لەسەر پرۆژە یاساکە کرد، کە تێیدا راوبۆچوونی جیاواز لەسەر زۆرێک لە ماددەو برگەکان هەبوو، ئەوەبوو لە ئاکامدا لەرۆژی ٢٠٠٧/١٢/١١ پاش دەستکارییەکی زۆری دەقی پرۆژەکەی سەندیکا، لەژێر یاسای ژمارە (٣٥)دا پەسەند کرا..

**نۆزدەیەم/**

فیتۆ (**لە چەندان شوێنی ئەم وتارەدا بۆ وشەی ڤیتۆ، فیتۆ نووسراوە.. نەوزاد**) ووشەیەکی لاتینیە بە مانای قەدەغەکردن یان دژوەستان، تەنها ئەو پێنج وولاتە مافی فیتۆیان هەیە کە ئەندامی هەمیشەیین لە شورای ئاسایشی نێودەوڵەتان (**مجلس الامن الدولي**) ئەو پێنج دەوڵەتەش بریتین لە (**یەکێتی سۆڤیەت، وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، کۆماری چین**). ئەم وولاتانە لەبەر ئەوەی بە دامەزرێنەرو ئامادەکردنی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکانن بێجگە لە (**چین**)، مافی فیتۆیان هەیە و سەرکەوتووی جەنگی جیهانی دووەمیشن لە هەمانکاتدا. ئەم وولاتانە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان قەوارەیان بۆ ئەم ڕێکخراوە جیهانیە داڕشتووە و بوون بە ریش سپی. ئەم وڵاتانە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بڕیاریان دالە جیاتی (**کۆمەڵی نەتەوەکان – عصبة الامم**) ڕێکخراوی

**کورد ڕۆژنامەنووسی نەبووە، یاخود دەتوانین بڵێین تەنیا چەند کەسێک سەلیقەی کاری ڕۆژنامەنووسیان هەبووە، ئەگەرنا ئەوە ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد بوون کە کاریان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردووە.**

نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزرێنن کە لە گشت ڕوویەکەوە بەهێزترو چالاک تر بێت لە کۆمەڵی نەتەوەکان.

بڕیاردرا کە ئەنجومەنی ئاسایش لە (١١) ئەندام پێکهاتبێ، لە پاشان بوو بە (١٥)، بەمەرجێ تەنها (٥) وولاتیان ئەندامی هەمیشەیی بن، ئەم ئەندامانە مافی بالادەستیان هەیە بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەکارهێنانی هێز بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بڕیارانە ئەگەر پێ ووستی کرد. بەڵام ئەو وولاتانە بەشتێکی ڕاستیان نەزانی کە بە زۆربەی دەنگ و هێز بەکارهێنانی بڕیارەکان جێ بە جێ بکرێت، هەر بۆیەش مافی ڤیتۆیان بۆ خۆیان دابین کرد. پاش ماوەیەک ئەم (٥) وولاتە ڕاستەوخۆ دوبەرەکیان تێ کەوت.

یەکێتی سۆڤیەت لە لایەک، ئەوانی تریش لە لایەکی تر، لەم کاتەدا تەنها یەکێتی سۆڤیەت یەک دەنگی هەیەو بەهۆی مافی ڤیتووە ئەتوانێ دژی بڕیارەکان بێتەوە کە لە بەرژەوەندی نییەو زۆربەی دەنگی هەیە- لە هەمان کاتدا یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا نەیان ئەتوانی ڕێکەون لەسەر بەکارهێنانی هێزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارسەرکردنی گیروگرفتە جیهانیەکان. سۆڤیەت و ئەمریکا ڕێکەوتنیان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی هێزو مافی ڤیتۆ ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان نەیتوانی وەک پێووست ئەو ئامانجە پیرۆزە جێ بە جێ بکا کە لە پێناویدا دامەزراوە، چەند جار پێشنیار کراوە بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە، یان دانی ئەم مافە بە زۆربەی ئەندامانی تر.

سەرچاوە: زەنگ، ژمارە ١، لاپەڕە ٢٤

## ٢- وتەی زەنگ:

ئەرکی ئیمرۆمان لە دەرەوەی وولات

لە مێژووی خەباتی گەلانی بن دەست و چەوساوە و داگیرکراودا، گەلێ وانەی گرنگ و بە سوود تۆمار بوون و بوونەتە پەندێکی بایەخ دارو لە بیرچوونەوەیان کارێکی هەروا سادەو ئاسان نیە. خەباتی گەلی کوردمانیش کە بەشێک لە مێژووی خەباتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێک دەهێنێت و هەر گۆڕان کارییەک، ڕووداوێک، یان کارەساتێک ڕوویدات بەسەر دەورووپشتیدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەری. بە درێژایی مێژووی سەخت و پڕخوێناوی، چەندین ڕووداوی ناهەموار و دڵتەزێن، سەرکەوتن و شکستی، جێی تایبەتی خۆیان لە ناوەڕۆکی پەرتوک و ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا گرتوە، کە هەندێکیان بوونەتە مایەی شانازی و سەربەرزی، هەندێکی تریشیان جەرگ بڕو کوشندە بووە.

دیارە ئەوەی گرنگ بێت کە پێویستە لێرەدا پەنجەی بۆ درێژ بکرێت و بایەخی پێ بدرێت ئەنجامی کارەساتە ناهەموارەکانە کە بەسەر گەلی کوردماندا هاتووە مشتێکی ئاشکراشە کە لە هەمان کاتدا نابێ ئەو کارەساتە دڵ تەزێنانە ببنە هۆی ساردبوونەوە، یان خۆکشاندنەوە لە کێشە گرنگەکان کە بریتیە لە خزمەت کردن و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و بە چاوێکی پڕ هیواوە سەیری دوارۆژ بکەین.

بایەخدان و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی کارەساتەکان، گرنگی یەکی تایبەتی هەیە کە پێویستە لە کات و شوێنی خۆیدا هەوڵی چارەسەکردنی بدرێت و دڵسۆزانە و دوور لە هەست و سۆز لێی بکۆڵرێتەوە. لەو کارەساتە ناهەموارانەی کە ئیمرۆ هاتووە بەسەر گەلی کوردماندا، کارەساتی جەنگی نێوان دوو وولاتی داگیرکەری کوردستانە، جەنگی چاوبرسیانەی نێوان ئێران و عێراقە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەنجامی کارەساتی ئەو جەنگەیە کە تا چ ڕادەیەک یەخەی کوردی گرتووە و هەروەها زوو بەری نادات، کە ڕەنگە ئەو جەنگە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کۆتایی پێ بهێنرێت، بەڵام ئەنجامە شومەکەی

بــۆ گەلی کوردمان هەروا بە زووی کۆتایی نایەت و بووە هۆی فاکتەرێکی گرنگی تر بۆ زێتر دەســت گرتن بەســەر خاک و دانیشــتوانەکەیدا و زێتر پاڵپێوەنەر بێت بۆ تەفرو توناکردن و لەناو بردن و چەســپاندن و جێ بە جێکردنی چەندین رامیاری و شۆڤێنیستانەی تر.

گرنــگ لێــرەدا دەســت نیشــانکردنی گشــت ئەنجامی کارەســاتەکەیە. لەم ئاوارەیی‌یەدا بوونی نزیکەی ملیۆنێک پەناهەندەی کورد لە دەرەوەی وڵات کە زۆربەی زۆریان چاوەڕێی رۆژێکی روناک دەکەن و بە ئازادی و بێ ترس بگەڕێنــەوە کوردســتان. ئاوارەبووەکان برێتیــن لە چەند گروپێک، هەندێکیان بە ناچاری بە ماڵ و منداڵەوە، بەشێکی تریان بۆ کارکردن و ژیان گوزەراندن، هەندێکی تریشیان خوێندکارو ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردووە.

پەناهەندەیــی وەک دیاردەیــەک ئیمــڕۆ بۆتــە جــێی موشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهانی، بووە بە بەشێک لە کێشــەی رامیاری ناوخــۆو دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کە پەناهەندە وەردەگرن.

ئیمــڕۆ ئەبینین بارێکی هێجگار لەبار هاتوەتە پێشــەوە بۆ ئێمــەی ئاوارەو دەربەدەر، چ لە رووی باری ژیانەوەو دوور لــە مەترســی و کوشــتن و بڕیــن یــان چ لە رووی بــاری خوێندن و خــۆ فێرکردنی چەندین کاری پیشــەیی کە پێویســتە بە فیڕۆی نەدەین وە سوودی لێ وەربگرین. ئەرکی سەرشــانی ئەو رۆشنبیرو لاوانەی کە ئیمڕۆ دوور خراونەتــەوە لــە وڵات و وزە و توانای خوێندنیان هەیە، پێویســتە هەوڵی خۆفێرکردن بدەن بە سوود وەرگرتن لە دانیشــگا و ئامۆژگاکانی ئەوروپــا، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا گەلە ژێر دەستەکەمان سودیان لێ وەربگرێت و کەلێنێکی دواکەوتووی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشــنبیری پربکەنــەوەو لە لایەک، لە لایەکی تــرەوە چەندین فێرگەی پیشــەیی مــاوە کــورت هەیە بــۆ فێرکردنی کاری پیشــە دەستیەکان لەسەر شێوەیەکی نوێ.

لــە هەمان کاتدا بێجگە لــە کاری خوێندن و فێربوون، ئەرکێکی گرنگ و پیرۆز کەوتوتە ســەر شــانمان ئەویش برێتیــە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گەلە ژێر دەســت و چەوساوەکەمان و ناســاندنی دەنگی کپ کراوی شۆڕشە خوێناویەکەمــان، دیــارە ئــەم ئەرکــە پیــرۆزە هــەروا بە ئاسانی ئەنجام نادرێ دور لە خۆرێکخستن و کارکردن لە رێکخراوە خوێندکاری و پیشەیی‌یەکاندا.

کەرتێکی گرنگی تری پەناهەندە کوردەکان لە دەرەوەی

**پەناهەندەیی وەک دیاردەیەک ئیمڕۆ بۆتە جێی موشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهانی، بووە بە بەشێک لە کێشەی رامیاری ناوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتانەی کە پەناهەندە وەردەگرن.**

وولات بریتیـە لەوەی خێزانە کـوردەکان کە نیمچـە کۆمەڵگایەکـی کوردی پێـک دێنن لە دەرەوە. پەیوەنـدی نێـوان خێزانە کوردەکان لـە لایەک، و کارتێکردنـی جۆرو باری ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپایـی لە لایەکی ترەوە دوو ئەرکی گرنگی خسـتوتە سەرشـانی باوک و دایـکان، ئەرکـی بەخێوکـردن و فێرکردنـی منداڵەکانیـان هەوڵ دان بۆ لەبیر نەچونەوەی زمانـی زکماکی کوردی و کۆشـەکردنیان بە رەوشـت و نەریتی کوردەواری و وەرگرتنی لایەنە پێشکەوتوەکانی باری ژیانی کۆمەڵگەی ئەوروپـی بـە مەرجـێ نەبێتە هۆی سـەرلێ شێواندن و چەواشەکردن و لە بیرچوونەوەی بنج و بنەوانیان.

سەرچاوە: ژمارە ٢، لاپەرە ١ و ٢ و ٣.

### ٣- بۆ ئاگاداری:

بـە خوشـک و برایانـی کـوردی ئـاوارە رائەگەیێنیـن کە ئەم ئێسـتگانەی خوارەوە لە ئەوروپـا بـە زمانـی کـوردی بەرنامەکانیان پەخش ئەکەن:

بەریڤـان: کات ژمێـر ١٦ بـۆ ١٧،٣٠ ( ٣١ م-٧٣٩٠ میگاهیرتز)

بەرلیـن: کات ژمێر ٢١،٣٠ بۆ ٢٢،٠٠ (١٠٣،٤ کەی ئێگ زێت).

نۆرنبرگ: کات ژمێر ١٧،٤٠ بۆ ١٨،٠٠ ( ٩٥،٨ کەی ئێگ زێت).

دورتموند: کات ژمێر ١٩،١٠ بۆ ١٩،٣٠ ( ٨٧،٨ کەی ئێگ زێت).

سەرچاوە: ژمارە ٢، لاپەرە ٢٥.

هەواڵنامەی کتێب

# (کلّپە)ی کەرکووک

## یەکەم بڵاوکراوەی کوردی دوای ئازادی



**محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری**

بەوپێیــەی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان پاشخان و ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە کاری ڕێکخراوەیی لەســەر ئاستی توێژی قوتابیاندا هەیــە، تەمەنــی زیاتــر لە نیو ســەدە خەباتی ڕۆشــنبیری و چەکداری و سیاسی لە شارو شاخدا مێژوویەکی پرشنگداری تۆمار کردووە. پــەروەردەی یەکێتــی قوتابیانی کوردســتان وایکردووە کادیرانی لە زۆر لەبوارە جیاجیاکاندا قاڵبووبــن، بۆیە پێــی دەوتــرێ **(قوتابخانەی پێگەیاندنی نیشتمانپەروەران)**. ڕوونە کە زۆر لە سەرکردەکانی ئەمڕۆو دوێنێی کوردستان لــە منداڵدانی ئــەم ڕێکخــراوەوە پەیدابوون، ئەمــەش لەبــواری ڕۆژنامەوانیدا بەئاشــکرا دەردەکەوێ. لەڕوانگەی درککردن بە گرنگی و ژیاری ئەم کایەیە هەمیشە لە دەرفەتە لەبارو نالەبارەکانــدا وەک ئامرازێــک بەکارهێنراوە بــۆ گەیاندنــی پەیــام و بەرزکردنــەوەی ئاســتی ڕۆشــنبیری قوتابیانی کوردستان و تۆخکردنــەوەی هەســتی نەتەوەییان، زۆریی ژمــارەی بڵاوکراوەکانــی ئــەم ڕێکخــراوە بەتایبەتــی گۆڤارو ڕۆژنامە شــایەتحاڵی ئەم ڕاستییەن. لێرەدا یەکێک لە بڵاوکراوەکانی ئەو ڕێکخراوە بەناوی (**کلّپــە**) کە لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردســتان لە سەروبەندی ئازادبوونی شــاری کەرکووک لەساڵی ٢٠٠٣ دەری دەکــرد، دەخەینــە بەر بــاس، کە تەنها چــوار ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، لەبەر ســاتی دەرچوونی و ناوەڕۆکەکەی، گرنگی مێژوویی خۆی هەیە.

### بیرۆکەی دامەزراندن و دەرچوون

لەبارەی بیرۆکەی دەرچوونی بڵاوکراوەی (**کلّپــە**) وەک لــە ســەروتاری ژمارە (**ســفر**) دا ئاماژەی پێــدراوە، دەمێک بوو بەڕادەیەک بــوار بــۆ فەراهەمکردنــی توانســتەکان واڵا ببــوون، بەتایبەتیــش لەبواری ڕۆشــنبیریدا، لەم میانەیــەدا زۆرن ئەوانەی کە خامەکانیان هەڵگرتــووەو لەهەمــوو لایەنێکــی ژیارییەوە پرســەکان ڕاقــە دەکــەن. لــەم تێڕوانینەوەو بــە لەبەرچاوگرتنــی بارودۆخــی تایبەتــی دەڤــەری کەرکووک و پێویســتی بــە بوونی پەیامێکی تایبەت بە قوتابیانی ئەو شــارە، بیر

لـە دەرکردنی بڵاوکراوەیەکـی تایبـەت لەمبارەیەوە کرا، هەرچەندە لە سـکرتارییەتی ڕێکخراوەکەوە ڕۆژنامەیەکی مەرکـەزی بەناوی (ڕوانین) دەردەچـوو و داوا دەکرا کە توانـای کادرانی سـەرجەم لقەکان لـەو ڕۆژنامەیەدا چڕ بکرێتەوە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە تایبەتمەندی ناوچەکان فەرامۆش بکرێن، بۆنمونە هەر لەوکاتە لقەکانی ڕاپەڕیـن و دهۆکـی ئەو ڕێکخـراوە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان بوون. ئەمە جگە لـەوەی هەنگاوێکیتر بوو بۆ بەبرشـتکردنی ڕۆڵی (ی.ق.ک) لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕۆشـنبیری نەتەوەیـی، لە ئانوسـاتێکدا کـە ڕێکخراوەکـە یـادی پەنجا سـاڵەی دامەزراندنی دەکـردەوە، هەروەها **(کڵپە)** درێژەپێـدەری پەیامـی بڵاوکراوەکانـی پێشـووی لقی کەرکووکـە، واتە درێژە پێـدەری پەیامـی **(پێشـڕەو** ١٩٦٠) و **(باباگوڕگوڕ** ١٩٧٣) و **(بەیان** ١٩٨٧) و **(بڵێسـەی باوەگوڕگوڕ** ١٩٩١) و **(ئایندە** ١٩٩٥) هەروەها **(فیدرالی** ١٩٩٧).



## ناوی بڵاوکراوەکە

بەوپێیـەی بڵاوکراوەکـە بـۆ ناوچەیەکـی دیاریکـراو دەردەچێ و پەیامەکەشـی ئاراسـتە کـراوە، بەپێویسـت زانرا ناوەکەشـی ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی بێـت، چەند ناوێک پێشـنیاز کـرا دواجار **(کڵپە)** پەسـەند کـرا، بـەوەی **(کڵپـە)** دەبێـت گوزارشـتکەری هەسـتی کڵپەکـردووی شۆڕشـگێڕانەی قوتابیـان بێـت. **(کڵپـە)** کڵپـەی ناخی هەریەک لە ئێمەیە، کە بڵێسـەی خواسـت و ئاواتەکانمـان لـە فەراهەمبوونی ژیانێکی ئـازادو بەختیار پێ دەدرەوشـێتەوە. هەروەها **(کڵپە)** سـیمایەکی ڕەنگینی باوەگوڕگـوڕە، کە گڕی لە ئاسـمانی کەرکووک و هزری ئێمـەدا بەرەو هێنانـەدی ئاواتی ڕزگاربـوون گڕ دەگرێ. **(کڵپـە)** کڵپەی نەورۆزێکی نوێیە کە چیتر نەوەی نوێی ئەو شـارە سڵ لە پێشـڕەویکردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردی ناکەنـەوەو، ناهێڵن بەقەد تۆزقاڵێکیـش لە ڕۆڵ و بایەخی شاری ڕۆشـنبیران لە خزمەتی کوردو فەرهەنگی کوردی کەم ببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی لە لۆگۆی بڵاوکراوەکەشدا

کـە لەلایـەن ئەندازیـار (**خالـد سـلێمان**)ەوە ئامـادە کرا، رەچاوی تایبەتمەندی دەڤەری کەرکووک کراوە، شێوازی دارشتنەکەشی لە گرو بلێسەو لوولەی نەوت دەچێت.

## ئاستەنگ

بـە رەچاوکردنـی ئـەوەی (**کڵپـە**) «**بڵاوکراوەیەکـی رۆشنبیری قوتابیانەیەیە لقی کەرکووکی یەکێتی قوتابیانی کوردسـتان دەری دەکات**» وەک لە تایتڵی بڵاوکراوەکەدا ئاماژەی پێدراوە، تێچوونەکەشی لەلایەن هەمان ناوەندەوە بوو، بۆیە وەک عورفێکی رۆژنامەوانی، بەرپرسی ئەوکاتی لقەکە (**ئومێد کامل**) بە خاوەنی ئیمتیاز دەستنیشـان کراو، بەندەش (**محەمەد عەبدوڵڵا**) کە بیرۆکە و هەڵسوورێنەری سـەرەکی بڵاوکراوەکەی لەئەسـتۆ بوو، شەرەفی ئەرکی سەرنووسەری پێ برا.

دەبێ بووترێ کە هەر لەکاتی خسـتنەرووی بیرۆکەکە لەسـەرووبەندی سـاڵی ٢٠٠٣دا، دەنگی جیـاواز لەنێوان پشـتگیری و نەیاریـی لێکردن پەیدا بوون، پاڵپشـتییەکان لەو روانگەیەوە هەڵدەقولا کـە بڵاوکراوەیەکی مەرکەزیی رێکخراوەکە لەوانەیە نەیپەرژێتە سەر ئەوەی تایبەتمەندی ناوچـە جیاجیاکان بەتـەواوی لەخۆبگرێ، بۆیە پێویسـت دەکات بـە پەیامێکـی جیاوازتر بەڵام بەهەمان سـتراتیژ، کار بـۆ دەرکردنـی بڵاوکراوەیەکـی کەرکووکیانە بکەین، دەنگە نەیارەکانیش مەبەستی جیاوازیان هەبوو، هەیانبوو بیانـووی لاوازی لایەنـی مادییـان دەهێنایـەوە، بەتایبەت ئەوکات رێکخراوەکە لەسـەردەمی (**تقشف**)ی مادییدا بوو، هەشـبوو لەروانگەی بیری تەسـکی (**گرۆکاری – تکتل**)ی رێکخراوەیـی بۆ دەرنەکەوتنی بەرامبەر، جەختی لەسـەر ئەو هەڵوێستەی دەکردەوە.

> **پێـویـسـت دەکـــات بە پەیامێکی جیاوازتر بەڵام بەهەمان ستراتیژ، کار بۆ دەرکردنی بڵاوکراوەیەکی کەرکووکیانە بکەین...**

کاتی دەرچوون

ژمارە (سـفر)ی بڵاوکراوەکە لە کۆتایی مانگی شوباتی سـاڵی ٢٠٠٣ دەرچـوو، وەک لـە تایتڵـی بڵاوکراوەکـەدا هاتـووە دەبوایە مانگی جارێک دەربچێت، بەڵام پێشـهات و رووداوەکان بوونـە ئاسـتەنگ لـە دەرچوونـی لەکاتی خۆیدا، بەتایبەت پرۆسەی ئازادکردنی ئێراق و ئازادبوونی کەرکـووک و سـەرقاڵبوونمان بـە کاروباری رێکخسـتن و چالاکییـەکان لەسـنووری دەڤەرەکـە، بۆیـە لەکـۆی شـەش مانگی تەمەنـی بڵاوکراوەکە تەنیا چـوار ژمارەی لێدەرچوو، دواتر لەبەر گواسـتنەوەم لە شـوێنی کارەکەم

و نەبوونی بودجەیەکی تایبەت و، وەک زۆر لەبڵاوکراوەکانی تری ئەم لقە، تەمەنی کورت بوو.

## ژمارەکانی (کلێپە)

### ژمارە (سفر):

ئەم ژمارەیە لە ٢٦ی شوباتی ٢٠٠٣ بە دوانزە لاپەڕەی قەبارە ٣٢×٢٥ دەرچوو کە هاوکات بوو لەگەڵ یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی (ی.ق.ک). لە مانشێتی سەرەکی ئەم ژمارەیەدا هاتووە: (**سەرۆک بارزانی: کوردستانییەتی کەرکووک گفتوگۆ هەڵناگرێ**). هەروەها جگە لە سەروتار کە بەناونیشانی (**کلێپە بۆچی؟**) چەند هەواڵێکی تێدا هاتووە، لەوانە: (**لە دەستپێشخەرییەکی نەتەوەیی لقەکەماندا هەڵمەتێک بۆ بەکوردیکردنی ناوە عەرەبییەکان، قوتابیانی کوردستان: PMF بۆ دەرەوە، ئەنمۆڤیک هەڵدەکوتێتە سەر زانکۆی سەلاحەدین، دوو دیاری بەنرخ بۆ منداڵانی کورد لە سوید**).

لە لاپەڕە دوودا وێرای خستنەڕووی چالاکییەکانی لق، ڕاپۆرتە هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (**لە کەرکووک سەرانەسەندن لە قوتابیان بەردەوامە**). لە سەرتاپای لاپەڕە سێدا بابەتێکی ڕەهێڵ حسن صبری بەناونیشانی (**یۆبیلی زێڕینی ی.ق.ک یۆبیلی شانازی قوتابیانی کوردستانە**). لە لاپەڕە چواردا جگە لە بابەتێکی عەباس عەبدوڵڵا ڕەحیم بەناونیشانی (**ڕەفتارەکانی بەعس پێشێلکەری مافی مرۆڤە**)، ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ڕێکخراوی هیومان ڕایتس وۆچ بڵاوبۆتەوە بەناونیشانی (**هێشتا تەعریب بەردەوامە**).

لە لاپەڕە پێنجدا دوو بابەت بڵاو بۆتەوە، یەکەمیان هی ئامانج عەبدوڵڵا سوورە بەناونیشانی (**خوێندنەوەیەک بۆ نامۆبوونی گەنجانی کورد**)، دووەمیان هی ئومێد کاملە بەناونیشانی (**ئەرکی نەوەی نوێ لە فەراهەمکردنی ئازادیدا**). لە لاپەڕە شەشدا زاهیر ڕۆژبەیانی یادەوەرییەکانی خوێندن بە کوردی لە کەرکووک و ڕۆڵی (ی.ق.ک) لەساڵانی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەگێڕێتەوە. لە لاپەڕە حەتدا ڕیپۆرتاژێک لەبارەی (**ڕەوشی نالەباری قوتابیانی دەرکراوی کەرکووک لە کەمپی بنەسڵاوە**) بڵاوکراوەتەوە. لاپەڕەکانی ٨،٩ تەرخان کراوە بۆ چەند چامەیەکی شیعری و پەخشان و کورتە چیرۆک.

لە لاپەڕە ١٠دا دوو بابەت بەرچاو دەکەوێ، (**کاریگەری بەپیشەسازیبوون لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان**) بە خامەی صدریە نامق، هەروەها (**خۆشەویستی، ئەخلاق و پیرۆزی و درێژەدانە بە ژیان**) بە پێنووسی بێژەن. لاپەڕە یانزە تەرخانە بۆ کۆمەڵێک بابەت و هەواڵ و زانیاری هەمەڕەنگ، جگە لە گۆشەی کۆمپیوتەرزانی. لە دوا لاپەڕەدا وێرای گۆشەی (**نیگا**) کە هێمن میرانی بابەتێکی بەناونیشانی (**ڕۆژی خۆشەویستی**) لێ نووسیوە، دیمانەیەکیش لەگەڵ هونەرمەند (**نزار سەلامی**) ئەنجامدراوە، وێرای چەند هەواڵێکی تریش.

### ژمارە یەک:

ئەم ژمارەیە لەنیسانی ٢٠٠٣، واتە چەند ڕۆژێک دوای ئازادکردنی شاری کەرکووک و ناوچە کوردنشینەکانی تری ژێردەستی ڕژێمی بەعس بڵاو بووەوە، واتە یەکەم بڵاوکراوە بوو بە زمانی کوردی کە لەو شارەو لەلایەن ناوەندێکی شارەکە لەدوای پرۆسەی ئازادی دەربچێت. لەم ژمارەیەدا دوو لاپەڕە تەرخان کرا بۆ نوسین بە زمانی عەرەبی.

لە لاپەڕە یەکدا چەند هەواڵێکی لەخۆگرتووە، لەوانە: (**سەرۆک بارزانی: کەرکووک بۆ ئێمە سومبولی چەوساندنەوەو غەدرو تەعریبە، بارەگاکانی لقەکەمان گەڕانەوە ناوچە ئازادبووەکان، لە دە ساڵدا ١٠٠ هەزار کورد**

**تەرحیل کراون، کەرکووک پایتەختی کوردستانە ...هتد).**

لــە لاپــەڕە دوودا وێــرای هەواڵــی چالاکییەکانــی لق، دیمانەیەکــی ســەرۆک بارزانی بڵاوکراوەتــەوە کە دەڵێ: **(پێویستە کەرکووک هەر بە شاری برایەتی و پێکەوەژیان بمێنێتــەوە)**. ئەمــەو بەیاننامەیەکــی لقەکەمــان بەبۆنــەی دوانزە ســاڵەی یەکــەم ئازادبوونی کەرکوک بڵاوکراوەتەوە.




لە لاپەڕە سێدا چەند بابەتێک بڵاوکراوەتەوە لەوانە: **(ی.ق.ک دەنگی ڕاستەقینەی قوتابیانی کوردســتانە)** بــە پێنووســی ژیــان محەمەد صابــر، هەروەهــا **(کەرکــووک رزگاریــت پیرۆز)** بە پێنووسی سیروان عەدنان میرزا، **(کوردســتان گۆڕســتانی داگیرکەرانــە)** دیــار نــادر نووســیویەتی، ئەمــە جگە لە بیرخســتنەوەیە بەناونیشــانی **(بارزانــی نەمــر لــە گفتوگــۆی ســاڵی ١٩٧٠: هەر دەبــێ کەرکــووک بســتێنینەوە)**. لــە لاپــەڕە چــوار بابەتێکــی ئومێــد کامل بڵاوبۆتــەوە بەناونیشــانی **(زانکــۆی باوەگوڕگــوڕ)**. لاپــەڕە پێنجیــش تایبەتە بە سەروەرینامەی **(ی.ق.ک)**، کــە زاهیــر ڕۆژبەیانــی یــادەوەری خۆپیشــاندانەکەی ســاڵی ١٩٧٠ی قوتابیانی کەرکوک دەگێڕێتەوە.

لاپەڕەکانــی ٦، ٧ بــە زمانــی عەرەبین، چەنــد بابەتێکی تێدا هاتووە، لەوانە: **(بيان اتحاد طلبة كوردستان/ فرع كركوك بمناسبة تحرير العراق، اتحاد طلبــة كوردســتان الديموقراطيــة مصدر القــوة و العزيمة، وأخيرا ابتســمت المدينــة الحزينة، اتحاد طلبة كوردســتان ماض عريق و مستقبل مشرق).**

لە لاپەڕە هەشــتدا چەنــد بابەتێک بڵاوبۆتــەوە لەوانە: **(خۆشەویســتی بەختەوەرییە لە ژیان)** بە پێنووسی زانکۆ محەمــەد، **(دەستپێشــخەرییەکی جوان)** بــە خامەی خەلیل شەریف، **(کێشــەکانی قوتابیانی گەڕاوە لە ئێران)** سیروان جەبار زەندی نووســیویەتی. لاپــەڕە نۆ تەرخان کراوە بۆ چەند پارچە شــیعرو پەخشانێک. لە لاپەڕە ١٠دا کۆمەڵێک هەواڵ و بابەتی وەرزشــی تێدا بڵاو بۆتەوە. لاپەڕە یانزە جگە لە گۆشەی کۆمپیوتەرزانی کۆمەڵێک هەواڵ و زانیاری

هەمەڕەنگی تێدا بڵاوبۆتەوە. دوا لاپەڕەش وێرای گۆشەی **(دیدگا)** کە محەمەد عەبدوڵلا بابەتێکی بەناوی **(کەرکووک ئازادیت باش)** نووسیوە، دیمانەیەک لەگەڵ **(هێمن سەباح)**ی بەهرەمەنـد بڵاوکراوەتەوە، هەروەها چەند هەواڵێکیش لە لاپەڕەکەدا هەیە لەوانە **(شـڤان پەروەر: کەرکووک گیان و ڕەگی کوردانە)**.


كلپە
هاوکارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانکۆ و پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک
قوتابیانی شاری کەرکووک هاوینە هەوارەکانی کوردستان بەسەر دەکەنەوە
نا بۆ پشێوی

## ژمارە دوو:

ئـەم ژمارەیـە لـە ئایـاری ۲۰۰۳ بڵاوکراوەتەوە، لـە لاپەڕە یەکەمدا وێرای سـەروتار بەناونیشـانی **(نا بۆ پشێوی)**، چەنـد هەواڵێـکی لەخۆگرتـووە لەوانـە: **(قوتابیانـی شـاری کەرکـوک هاوینە هەوارەکانی کوردستان بەسەردەکەنەوە، هاوکارییەکانی زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانکۆو پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوک، سـەرۆک بارزانـی: ڕێگرتـن لـە بەرنامەی هەڵوەشاندنەوەی تەعریب جینۆسـایدە، گارنـەر: کەرکـوک شارێکی کوردییە)**.

لـە لاپـەڕە دوودا وێـرای بڵاوکردنەوەی هەواڵی چالاکییەکانی لـق، ڕاپۆرتێک بە زمانـی عەرەبی لەبارەی ۲۹یەم ساڵیادی لەسێدارەدانی لەیلا قاسم بڵاوکراوەتەوە. لـە لاپەڕە پێنجدا چەند بابەتێکی تێـدا بڵاو بۆتەوە لەوانە: **(گەشـتی ئازادی لە کەرکووکەوە بۆ بێخاڵ)** بەپێنووسـی محەمـەد عەبدوڵـلا، (کرکـوک هویتی) بەخامەی سـەفی غـازی، هەروەها **(عهد جدید نحو الأنطـلاق)** ئاڤان جودت نووسیویەتی. لاپەڕە شـەش دوو بابەتی تێدا بڵاوبۆتەوە: **(دەروازەیەک ڕووەو فەلسەفە)** بە پێنووسی سیروان جەبار زەندی، هەروەها **(کۆمەڵگەی کوردەواریمان تاکەی وابێ؟)** بەخامـەی هەڵکـەوت ئۆمەربلـی. لاپەڕە حـەوت تەرخان کراوە بۆ ڕیپۆرتاژێکی ژیار کەرکووکی بەناوی **(قوتابیانی کەرکوک لەبارەی ئازادی شارەکەیان دەدوێن)**.

لاپەڕە ۸ سێ بابەتی لەخۆگرتووە لەوانە: **(ڕۆڵی خێزان لـە پەروەردەکردنـی کۆمەڵایەتی منداڵاندا)** بە پێنووسـی سـازان سـالار، **(مەبەسـتەکانی پـەروەردە)** بەخامـەی ئـارەزوو جەبـار، هەروەهـا **(التعددیة المنبریـة ضرورة اجتماعیـة)** کـە فرمان عوسـمان نووسـیویەتی. لە لاپەڕە نۆدا هەندێ بابەتی ئەدەبی لەبوارەکانی شـیعرو پەخشان

بڵاوبۆتـــەوە، لە لاپـــەڕەی دواتر چەند هـــەواڵ و بابەتێکی وەرزشی خراونەتەڕوو، لاپەڕە پانزەش هەواڵ و زانیاری هەمەچەشنی تێدایە. لەدوا لاپەڕەش وێرای چەند هەواڵێکی رەنگاورەنـــگ، دیمانەیـــەک لەگـــەڵ (**زاهیر حمەشـــکور**)ی بەهرەمەند ســـاز کراوە، هەروەها لە گۆشـــەی (**دیدگا**)شدا چیـــا روانـــدزی بابەتێکی بەناوی (**کڵپـــە نوقڵانەی ئازادی**) بڵاوکردۆتەوە.

ئـــەوەی تێبینـــی دەکـــرێ لـــەم ژمارەیـــەو لـــە ژمارەی داهاتووشدا لاپەڕەی جیا بۆ بابەت و هەواڵەکان بە زمانی عەرەبی تەرخان نەکراوە، بەڵکو بەپێی پێویستی و گرنگیی، لەگەڵ بابەتە کوردییەکاندا بەتێکەڵ دیزاین کراون.


قوتابیانی کوردستانی ئێران دژی دەسەڵات رادەپەڕن
کڵپە
زانست ئاشتی نویکردنەوە

**ژمارە سێ:**

ئـــەم ژمارەیـــە لـــە تەمـــووزی ٢٠٠٣ دەرچـــوو، لـــە لاپـــەڕەی یەکەمیـــدا ئـــەم هەواڵانە بـــڵاو بوونەتـــەوە: (**خەڵاتکردنی قوتابییـــە ســـەرکەوتووەکان، نمایشـــێکی ســـینەمایی لەبـــارەگای لقەکەمـــان، دوو هەوڵی تیرۆریســـتی بێ ئاکام بۆ ســـەر بـــارەگاو کادیرانی لقەکەمـــان، الرئيس البارزاني: المستقبل سيكون على أكتاف الگلبە، لـــە قوتابخانەیەکی کەرکووکدا ئاڵای کوردستان سووتێنرا، رێپێوانی قوتابیانـــی دواناوەنـــدی حەتیـــن، قوتابییـــەک خـــۆی دەکـــوژێ، ٢٥٠ پانکە بـــۆ پەیمانگـــە و کۆلێژەکانی کەرکووک، لـــە تورکیا ٢٦ قوتابی کـــورد ســـزا دران، قوتابیانـــی کوردستانی ئێران دژی دەسەڵات رادەپەڕن**).

لـــە لاپـــەڕە دوودا جگـــە لـــە هـــەواڵ و چالاکییەکانـــی لق، چەنـــد هەواڵێکـــی پەروەردەیی عێراقی و جیهانیـــش بڵاوبوونەتەوە. لاپەڕە ســـێ چەنـــد بابەتێکی تێدا بڵاوکراوەتـــەوە لەوانە: (**پاش ئازادبوون پێویســـتمان بـــە فاکتـــەری نوێ هەیە**) بە پێنووســـی هـــەژار گەرمیانی، (**ئەرکی ئێستا گۆڕینی پرۆگرامی خوێندنە**) خەلیل شەریف نووســـیویەتی، (**هەڵەبجە لەئامێـــزی کەرکووکدا**) بەخامەی لێزان جەباری، (**کوشـــتنی ژیان و ئادەمیزاد**) بە پێنووسی سەڵاح کاکەیی.

لە لاپەڕە چواردا دوو بابەت بڵاوکراوەتەوە کە بریتین لە: (**کاریگەری هەستکردن لەسەر فێربوون**) بەپێنووسی مەریوان جەبار، (**بازنەی ژیان**) ژیان یاسین نووسیویەتی. لە لاپەڕە پێنجیشدا ئەم سێ بابەتە هاتووە: (**گەشتێک بەنێو مێژووی کورددا**) لەنووسینی زانکۆ کەلاری، (**رێککەوتنامەی سایکس بیکۆ ١٩١٦**) بەهمەن کاکە عەبدوڵڵا نووسیویەتی، هەروەها (**لكي ندرك الحقيقة**) بەخامەی ئاڤان جەودەت. لاپەڕەکانی شەش و حەوت تەرخان کراوە بۆ شیعرو پەخشان بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

لاپەڕەکانی ٨،٩ چەند بابەتێکی لێ بڵاوبۆتەوە لەوانە: (**اتحاد طلبة كوردستان لماذا؟**) بە پێنووسی رەهێڵ جاف، (**سفرة الى كوردستان**) بەخامەی دیار قیس، (**الحياة لاتنتهي عند أول مشكلة**) سەمیرە حسین جاف نووسیویەتی، (**هونەری کوردی لە رابردوو و ئێستادا**) بەپێنووسی ئاوارە شێخ بزێنی، (**في عيد الهجرة**) بە خامەی سیروان جەلال، (**لماذا نرشقهم بالحجارة؟**) یوسف صباح زەنگەنە نووسیویەتی، (**ليكن مقياس التفاضل على أساس المستوى العلمي**) بەخامەی ئەرکان ئیبراهیم شوانی، (**لا عروبة دون اسلام و لا اسلام دون عروبة**) فەلاح حسیب وەلی نووسیویەتی.

لە لاپەڕە ١٠ دا چەند بابەتێک بڵاوبۆتەوە لەوانە: (**چۆن متمانە دەکەی بۆ دروستکردن و بەهێزی کەسێتیت؟**) بەخامەی شاهۆ بەهائەدین، (**ژیان بە بێ خۆشەویستی مەحاڵە، بەڵام**) صباح شێخانی نووسیویەتی، (**ساتێک بۆ خۆشەویستی**) بە پێنووسی زانکۆ محەمەد، (**خۆشەویستی ئینجا هاوسەرێتی**) هاوڕێ رواندزی نووسیویەتی. لە لاپەڕە یانزە کۆمەڵێک بابەتی هەمەڕەنگ بڵاوبۆتەوە. لە دوا لاپەڕەشدا بیۆگرافیای هونەرمەندێک بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (**چۆپی، زایەڵەی قوتابییەکی کەرکووکی لە سەهۆڵبەندانی ئەورووپاوە**)، هەروەها ژیاننامەی شەهیدی لقی کەرکووکی ی. ق. ک (**یاسین ئەنوەر عوسمان**) بڵاو بۆتەوە. ئەمە جگە لە چەند بابەتێکی تری هەمەچەشن لەم لاپەڕەیەدا.

## تێبینییەکان

- جگە لە بایەخدان بە هەواڵی پەروەردەیی لە سنووری کەرکووک و گەرمیان، بایەخ بە هەواڵی سیاسیش لەو چوارچێوەیەدا دراوە، ئەمە لەکاتێکدا هەواڵی قوتابیانی پارچەکانی تری کوردستانیش رەچاو کراوە.
- بڵاوکردنەوەی بابەت و هەواڵ بە زمانی عەرەبی لەو پێودانگەوە بوو، قوتابیانی شاری کەرکووک و ناوچە تازە ئازادکراوەکان لەبەرئەوەی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بەسەردا سەپێنرا بوو، لە رێزمان و خوێندنی کوردی بەهێز نەبوون.
- لەبەرئەوەی راگەیاندن بوارێکە بەهەموو کەسێک هەڵناسوورێنرێ، کادیرانی لقەکە کەمتر ئامادەیی کارکردن بوون لە ستافی بڵاوکراوەکە، بۆیە ستافەکە زیاتر توانای خودی سەرنووسەر بوو بەهاوکاری چەند قوتابییەکی کەمی بەهرەمەندی بواری نووسین.
- لەرێگەی ئەم بڵاوکراوەیەوە چەند گەنجێک توانایان بەدەرکەوت و یەکەم رێچکەی کاری رۆژنامەنووسییان دەستپێکرد کە ئێستا خاوەنی قەڵەمی خۆیانن، ئەمەش یەکێک بوو لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئێمە.
- تیراژی یەکەم ژمارەی (٥٠٠) دانە بوو، بەڵام لەبەر فراوانبوونی سنووری کارکردن، لە ژمارەکانی دواتر کرایە (١٥٠٠) دانە.
- کلێپە وەکو هەموو بڵاوکراوە کوردییەکانی تر بێ بەری نەبوو لە هەڵەی چاپ، بەڵام هەڵەی چاپی کەم بوو.
- بڵاوکراوەکە کەرەستە و ژووری تایبەتی

نەبوو، لەناو بەشی راگەیاندنی لقدا کارەکانی ئەنجام دەدا، کە کادیرێکی لقەکە تایپ و دیزاینی دەکرد.

- بە بەراورد لەگەڵ نەبوونی کەرەستەی پێویست، دابەشکردنی وێنە و نەخشەسازی لاپەڕە تاڕادەیەکی باش و جوان داڕێژراوە.

- لاپەڕەکان بەپێی جۆری بابەتەکان جیاکراوەتەوەو لە سەپتایتڵەکەیدا ئاماژەی پێدراوە.

- نووسەرەکانی زۆربەیان تازە قەڵەم بەدەست بوون، لە زۆربەی ناوچەکانی کەرکووک و گەرمیانیش بەرهەمەکان دەهاتن، واتە بڵاوکراوەیەکی گشتگیر بوو، لە پردێوە تا خانەقین دەگرتەوە.

- لە ژمارەکانی (سفر، ١، ٢) لەلایەن ئەدیب مامەندەوە تایپ و نەخشەسازی کراوە، لە دوا ژمارەشدا سەربەست تەها بەم ئەرکە هەستاوە.

- لە دوا ژمارەدا (رەهێڵ جاف) ئەرکی بەڕێوەبەری نووسینی پێدەسپێردرێ، هەروەها (ئاسۆ عەلی فەرەج و خەلیل شەریف) دەبنە هاوکارانی بڵاوکراوەکە.

## دوا وتە

وەک یەکێک لەو نوسەرانەی بابەتیان رەوانەی بڵاوکراوەکە کرد نووسیویەتی **«بۆیە کڵپە لەدایکبووە تاکو گڕو کڵپەی خۆشەویستی و سۆزو وەفا بڕەوێنێتەوە، ئەو دڵە گەورانەی تژی بوون لە ئارامی و دان بەخۆداگرتن و چۆک دانەنواندن بۆ رژێمێک کە نەک هەر ژیان و بیرو تێڕوانینی زیندە بەچاڵ دەکرد، بەڵکو بەهار پیرۆزەکانیشی ئەنفال دەکرد، کڵپە هاوارێک بوو بۆ ئازادیخوازان و مۆژدەی شادبوونی رۆحی بەرزەفڕی شەهیدە سەربەرزەکان، کە بەخوێنی ئاڵیان سێبەری داری ئازادی سێبەری بەسەر هەمووماندا بکشێ، بۆیە کڵپە بووە نۆبەرەی کەرکووک و سەرمەشقی قەڵەم و بیرو تێڕوان و لێکدانەوەی ئازادو، هەوێنی سەرکەوتن و نوقڵانەی ئازادیی کەرکوک».**

# لە بارەی گۆڤاری (گولیزار)ی منداڵانەوە



◢ **ئیدریس عەبدوڵڵا***

هەولێرنامەی کتێب

**پێشەکی**

ڕۆژنامەگەری یەکێکە لەو هۆکارانەی لەم دوو سەدەی دوایی بە تایبەت لە کوردستان و لای کوردان، چ لە ناوەوەی کوردستان، یان لە دەرەوە بن، گرنگی پێدراوەو ئێستاکە وای لێ هاتووە ژمارەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی ئێرەو ئەوێ هەند زۆرن، بە ئاسانی ناکەونە ژێر ڕکێفی ژماردن، لەم بابەتەماندا باسی یەک لەو گۆڤارە کوردییانە دەکەین، کە لە کوردستانی ڕۆژئاوا دەرچووەو سەبارەت بە خوێنەرانی ئێمە لە کوردستانی باشوور ـ عیراق، شتێکی دوورە چاو بووەو ئاشنایەتیمان لەگەڵی نەبووە.

ئەم گۆڤارەی لێرەدا تیشکی دەخەینە سەر گۆڤاری (**گولیزار**)ە کە هەندێ لە ڕۆشنبیر و شاعیر و نووسەرانی کوردی کوردستانی ڕۆژئاوا بۆ جگەرگۆشەکانی کورد بە زمانی کوردی لە ماوەییەکی دیاریکراوی چەند ساڵێک پێش ئێستا پێنج ژمارە، یان زیاتریان لێ دەرکردووە.

ئەوەی ئاشنایەتی بەو گۆڤارە بۆ دروستکردم، نووسەری بەڕێز (**عەبدولمەجید قاسم**)ە، کە نووسەرێکی کوردی ڕۆژئاوایە، لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٣ز)ی شاری (**حەسەکە**)ی کوردستانی ڕۆژئاوایە. مامۆستای سەرەتاییە لە یەک لە قوتابخانەکانی لادێکانی ئەو شارە. نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی کوردی عەرەبینووسە، بەرهەمەکانی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سووریاو وڵاتە عەرەبیەکانی تر بڵاودەکاتەوە. شیعر دەنووسێ و لە بواری ئەدەب و ڕۆژنامەگەری منداڵانیش وتار و لێکۆڵینەوەی هەیە.

لە بارەی گۆڤاری (**گولیزار**)ەوە:

ـ ناوی گۆڤار: گولیزار

ـ بەڕێوەبەری نووسین: شاعیر (**لاوکی حاجی**)

ـ پێناسە: گۆڤارێکی منداڵانی کوردە، وەرزییە، سەربەخۆیە، ئامانجدارە.

- ژمارە دەرچووەکانی: بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیەی **(عەبدولمەجید قاسم)** کردوویەتی، وا دەردەکەوێ (٥) ژمارەی لێ دەرچووبێ، ئەمە ئەگەر تەواوی ژمارەکانی بە دەست گەیشتبێ، لەو ژمارانەش ژمارە (١)ی باس نەکردووە، دیارە دەستی نەکەوتووە، بۆیە ئەم بابەتەی ئێرە تایبەتە بە ژمارەکانی (٢و٣و٤و٥).

- وەسفێکی گشتی گۆڤارەکە **(لە ڕووی ناوەڕۆکەوە)**: گۆڤارێکی هەمەڕەنگی گشتگیر بووە، زۆربەی ئەو شتانەی بڵاوکردۆتەوە، کە بۆ گۆڤارێکی منداڵان پێویستەو گونجاوە بڵاویبکاتەوە، بابەتەکانی جێی متمانەو برواپێکراو بوونە، لەلایێک چێژیان بەخشیوەو لەولاوەش وانەی مەعریفییان پێشکەش کردووە، ئەمەش هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی بووە، هەروەها وێنەی ڕەنگاوڕەنگی جوان لاپەڕەکانی ڕازاندۆتەوە.

- وەسفێکی گشتی گۆڤارەکە **(لە ڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە)**: لاپەڕەکانی لە جۆری گەورە بوونە، نووسین بە شێوەیێکی پاک و جوان لەسەر لاپەڕەکان کراوە، پیتەکان ڕوون و ئاشکرابوونە، تایپ و چاپەکەیش زۆر جوان و دڵگیر بوونە، وایان کردووە خوێنەرانی زیاتری بیخوێننەوەو زۆرتر پێی سەرسام بن، هەروەها ڕستەو پەرەگراف و بابەتەکانیشی بە شێوەیێکی گشتی مەبەستدار بوونە، بابەتەکان بە هەماهەنگییەکی جوان بە دوای یەکتریدا ڕیزکراون، جێی دەستی دەرهێنەرێکی هونەرمەندی بەهێزی پێوە دیارە.

ژمارە دەرچووەکانی:

هەندێ لە بابەتەکانی گولیزار:

### ژمارە (٢) . بەهاری ساڵی (٢٠٠٠ز)

- شیعرێکی شاعیر (کونێ ڕەش) لە لاپەڕە (١)ی ژمارە (٢)ی بەهاری ساڵی (٢٠٠٠ز) بڵاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە ناوی گۆڤارەکەی هەڵگرتووە، تیایدا هاتووە:

Sehke biçûko xweş
Ji apo konê reş
Buhara rengîne
Bi gul û zengîne
Dema me avdare
Kovara gulîzare .

واتە: ئەی بچووک بە باشی
گوێ لە مامەت «کونێ ڕەش» بگرە

| ژمارە | مێژووی دەرچوونی |
|---|---|
| ١ | وا پێدەچێت لە (زستانی ساڵی ٢٠٠٠) دەرکرابێ |
| ٢ | بەهاری ساڵی ٢٠٠٠ |
| ٣ | هاوینی ساڵی ٢٠٠٠ |
| ٤ | پاییزی ساڵی ٢٠٠٠ |
| ٥ | زستانی ساڵی ٢٠٠١ |

ئەمە بەهاری جوانی پڕ لە گوڵە
ئەمە وەرزی بەهارە
ئەمە گۆڤاری «گولیزار»ە

لە لاپەڕی (٤)ی هەمان ژمارەش، شیعرێکی لیریکی شاعیر **(لاوکی حاجی)** بڵاوکراوەتەوە، لە یێک لە برگەکانیدا هاتووە:

ıo ço kero.m herim aş
Genim bibim cem qeraş
Cira çele nexwşe
Ji xwer deynin qûtkî baş

واتە: گوێدرێژەکە بڕۆ بڕۆ
با گەنم بۆ ئاشەکە بەرین
چونکە زستان ساردە
تیایدا پێویستیمان بە قووتێکی زۆرتر دەبێت

هەندێ لە بابەتەکانی دیکەی ئەو ژمارەیە

بریتینە لە:

- شیعرێکی فەرهادی ئیچمۆ (erhadê Icmo F) بە ناوونیشانی: جەلادەت، لە لاپەڕە (١٠).
- چیرۆکێک بە ناونیشانی (Dest Biratîya) دۆستی و برایەتی گورگ ( Rovî û Gur) و ڕێوی، بەبێ ناوی نووسەر، لە لاپەڕەکانی (٢و٣).
- (Navdar ) ناوداران: ئەمە لاپەڕەییکە، وێنەی هەندێ کەسایەتی کوردی تیا بڵاوکراوەتەوە، ئامانجی: ناساندنی شاعیر و ناودارە کوردەکانی تەواوی بووارەکانە بە منداڵانی کورد، ئەمە کەوتۆتە لاپەڕە (٥).
- گۆشەییکە ( Dirêxistok Mamik – ) تایبەتە بە مەتەڵ و هەڵهێنان، هەموو جارێک لەو گۆشەیە چوار مەتەڵ بڵاودەکرێتەوە، کە لە کەلتوری میللی ئەدەبی کوردییەوە وەرگیراون، بۆ نموونە:

– : Hinar çiye ? : Tenûra him himî tije nanê Genimî

تەندورێکە پڕ پڕە لە نانی گەنم. ئەمە چییە؟

وەلام: **(هەنار)**ە.

– : Hilindir، Milindir، Law ji Bav bilintir: çiye ? Dû ( Duxan)

«هلندر، ملندر . . کوڕەو لە باوکی درێژترە. ئەوە چییە؟

وەلام: **(دوکەڵ)**ە.

ئەوەی لەم لاپەڕەیە تێبینی دەکرێت، ئەوەیە، کە لەگەڵ هەر مەتەڵێک، هەر لە هەمان لاپەڕەدا وەلامەکەی بە وێنە دەخاتە ڕوو. ئەم لاپەڕەیەش کە بۆ ئەمە تەرخان کراوە، لاپەڕە (٦)ە.

– (Gotina Windaye) وشەی بزر: بە وردەکارییەکی زۆر و شێوازێکی تایبەت خراوەتە بەر دەست، لە خوارەوەی لاپەڕەکە، وەلامی وشە نهێنییەکەی ژمارەی پێشوو نووسراوە. ئەم بابەتە دەکەوێتە لاپەڕە (٧).

هەر لەم لاپەڕەیەی پێشوو، (Pêkenok) بۆ پێکەنین و ئامۆژگاری بەسوود بۆ منداڵان دەخوێنینەوە.

نەریتێکی تری ئەم گۆڤارە ئەوەیە، کە لە هەموو ژمارەیەکیدا دوو لاپەڕەی بۆ یاری فۆلکلۆری کوردی تەرخان کردووە، ئەمە بۆ ئەوەی ئەو یاریانە لە بیری منداڵی کورد بە پارێزراوی بێڵێتەوە، لە ژمارە (٢)دا یارییەک هەیە بە ناوونیشانی ((Lîska Mîr û Kizîr گەمەی میر و وەزیر، کە لە کتێبی (کەلەپوور)ی (زەینەل عابدین زنار) وەرگیراوە، وێنەکانیش هی ((Wenda)یە، لاپەڕەکانی (٨و٩) بۆ ئەم گۆشەیە تەرخان کراوە.

- لاپەڕەی یارییەکانی بیرکردنەوەو ڕەنگکردن، سێ برگەی تیایە، لە یەکەمیاندا داواکراو ئەوەیە، کە منداڵەکان وێنەکان ڕەنگ بکەن.

برگەی دووەم دوو جۆر شێوەی لەیەکچیا لەخۆ دەگرێت، هەر وێنەیەک لە گرووپی یەکەم بەرامبەرە لەگەڵ وێنەییکی هاوشێوەی لە گرووپی دووەم، لەسەر منداڵ پێویستە وێنەکان پێک بگرێ و وەکو یەکەکان دەستنیشان بکات، برگەی دووەمیش یارییەکە، تیایدا داوا لە منداڵ دەکرێت یارمەتی سەگێک بدات بۆ ئەوەی بگاتە ئەو ئێسکەی، حەزدەکات پێی بگات، ئەمەش لە ڕێگەی تۆڕە ڕێگاییکی بەناویەکترداچوو، کە یەک لەو ڕێگایانە بە تەنیا دەگاتە ئێسکەکە، ئەم لاپەڕەیە لاپەڕە (١١)یەو لە لایەن وێنەکێش (wenda)وەوە ئامادە کراوە.

- ئایا دەزانی: کۆمەڵەییک زانیاری لە بارەی گەردوون و سروشت و گیانداران لەخۆ دەگرێت.
- پەند و مەتەڵی کوردی، لێرەدا پەندی کورت کورت بڵاوکراونەتەوە، کە لە فۆلکلۆری کوردی وەرگیراون، بەلام ڕەنگبێ هەموویان بۆ منداڵ گونجاو نەبن، ئەم لاپەڕەیە لە ئامادەکردنی **(بابێ شێرۆی)**یەو لاپەڕە (١٢)یە. لەو پەندانەی لەو لاپەڕەیەدا هاتووە:

– Dengê defê ji dûrde xweşe

دەنگی دۆڕی لە دوور خۆشە.

– Xeta xwar ji gayê pîrê

سەبەبی خەتی خوار گای پیرە.

ـ ناو و واتا: ئەمەش لاپەرە (٣)ی بۆ تەرخانکراوە، لاپەڕەیێکی زۆر بەسوود و بە چێژە، (٩) تابلۆی تێدا هاتووە، هەریەکەیان گوزارشت لە شتێکی لەوەی تر جیا دەکەن، لەژێر هەر تابلۆیەی ناوی درووستی ئەو شتە نووسراوە، کە تابلۆکە گوزارشتی لێ دەکات.

– دۆستانی گۆڤار: لاپەڕەکانی (١٤و ١٥) بۆ ئەم گۆشەیە تەرخانکراوە، وێنەی منداڵانی تیا بڵاوکراوەتەوە، لە ژێر هەر وێنەیێک ناو و نازناوی خاوەنەکەی نووسراوە.

– فەرهەنگی دەربڕینان (**وشان**): تیایدا لە سێ ستوون وشەی کوردی و بەرامبەرەکەی بە عەرەبی و تورکی دانراون، ئەم لاپەڕەیە سوودی زۆر بە منداڵ دەگەیێنێ، کەوتۆتە لاپەڕە (١٦). لە بەرگی دواوەی ئەم ژمارەیەش لە دیوی ناوەوە وێنەی منداڵێک هەیە، کە دەکرێ بە جوانترین لەقتە دابنرێت، بۆ منداڵێک کە لە بارێکی جوان وەستاوە، بەڵام لە دیوی دەرەوەی بەرگی دواوە، وێنەی یەک لە دیاردە خراپەکان کێشراوە، وا لە منداڵ تێدەگەیەنرێ، کە دەبێ خۆی لە دیاردەی وەها خراپ بپارێزێ، هەر لەم ژمارەیەدا وێنەی منداڵێک هەیە زبڵ فڕێدەداتە سەر شەقام، لەسەر وێنەکە کارە هەڵەکە دەستنیشانکراوەو ئەو نیشانەیەی (×) لەسەر دانراوە. هەر لەم ژمارەیەدا ئەو دیاردانەی بە هەلە دانراون و داواکراوە منداڵ لێیان دووربکەونەوە، کاری وەها نەکەن، یاریکردن بە وایەری کارەباو دار برین و ئازاردانی گیاندارانە.

**ژمارە (٣) . هاوینی ساڵی (٢٠٠٠ز)**

وێنەی بەرگی پێشەوەی ئەم ژمارەیە وێنەی چەند منداڵێکە یارمەتی یەکتری دەدەن بۆ ئەوەی وشەیێک بە بەرد بنووسن، ئەو وشەیە وشەی (**گولیزار**)ە، کە ناوی گۆڤارەکەیە. ئەو بابەتانەی لەو ژمارەیەش هاتوونە بریتینە لە:

– هەڵبەست: لەم بەشەش چەند شیعرێک هاتووە، (**دیک**)ی (**لاوکێ حاجی**) لە لاپەڕە (١٠)، یاریەکەی من کە هی کچە شاعیر (**جوانێ عەبدال**)ە، لەگەڵ (**ئەماندا**)ی (**بێوار ئیبراهیم**) لە لاپەڕە (١٠) تیایدا هاتووە:

Emanda gulek zere
Pir qure û bîr were،
Ji bo razîbûna dê ew
Pişt û alîkere .

(**ئاماندا**) گوڵێکی زەردە
منداڵێکی زیرەک و زەین کراوەیە
لە پێناو ڕازیکردنی دایکی
پشتە و هاوکاریکەرە.

– چیرۆک: لێرەدا چیرۆکێکی فۆلکلۆری بە ناونیشانی (**دیک**)ەوە لە ئامادەکردنی (**لاوکی حاجی**) بڵاوکراوەتەوە، وێنەکان هی (**ویندۆ**) یە، لاپەڕەکانی (٢ تا ٤)ی داگرتووە، بەم پێشەکییە دەست پێدەکات:

Hebû dîkek، û hebû pîrek
Pîrê dehnê xwe dikuta
Dîk dehnê pîrê dixwar

کەڵەشێر و پیرەژنێک هەبوون
پیرەژنەکە گەنمی خۆی ورد دەکرد
کەڵەشێرەکەش لێی دەخوارد.

هەرچی ناواخنی لاپەڕەکانی دیکەشە، هەر هاوشێوەی ئەوەنە کە لە ژمارەی پێشوو هاتووە، بریتینە لە: وشەی نهێنی، پێکەنین، پڕکردنەوەی خشتەی پیتەکان بە ناونیشانی (**ئەمە چییە**)؟، کە لە لایەن (**صالحێ حەیدۆ**) ئامادە کراوە، ئەم برگەیەش زیادییەکی نوێیە بۆ لاپەڕەی (**هەمەڕەنگ**). بەشەکانی تریش بریتینە لە: مەتەڵ و ئایا دەزانی و پەند و قسەی نەستەق و یاری میللی و ناوداران و لاپەڕەی یاری و ڕەنگ کردنن. لە لاپەڕەی دیکە هەیە، ئەمانە بەدی دەکەین: دوو

یـاری بریتینە لــە: **(گەیاندنی وشــە بە وێنە)**، **(جیاوازییەکانی نێوان دوو وێنەی لەیەکچوو)**، **(نـاو و وێنە)**، **(هاوڕێیانی گۆڤار)**، **(موعجەمی وشە)**، **(سـلوکی هەلە)**. هەرچی شتە نوێکانی تری ئەو لاپەڕەیە، ئەمانەن:

- Rûpelê perwerdekirinê / لاپــەڕەی پەروەردەکردن. گەلێ بۆشـایی تیایە، داوا لە منداڵ ئەکرێ پڕیان بکاتەوە، ئەم لاپەڕەیە بەردەوام لە لایەن **((بابێ وشــیاری)** ئامادە دەکرێ.

### ژمارە (٤) . پایزی ساڵی (٢٠٠٠ز)

بەرگی پێشەوەی ئەم ژمارەیە وێنەی چەند منداڵێکی لەســەرە، لە گوروپانی قوتابخانەن، دەیانەوێت بچنە ناو پۆلەکانیان.

لە گۆشــەی **(هەڵبەســت)**دا شــیعرێکی بە ناونیشــانی **(وا مامۆســتا هات)** هەیە، کە هی شاعیر **(فەرهادی ئیچمۆ)**یە، لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:

Va hat، wa hat mamoste
Mam û bira û doste
Ji bo rojek geş û nû
Bûye rêzan، û hoste
Mûma şevê vêdixe
Rê bi gula radixe
Guh û çava têrdike
Ji tariyê me derdixe . . .

ئا ئەوەتا مامۆستا هات
ئەو (مام)ە، (برا)یە، (برادەر)ە
لە پێناو ڕۆژێکی ئاسوودەدا هات
ئێستاکە بووەتە ڕێبەر
بووەتە ڕێنیشاندەر
چرای شەوان دادەگیرسێنێت
ڕێگەکانمان بە گوڵ دادەڕێژێ
تەواوی هەستەکانمان تێر دەکات
لە تاریکیمان دەردەکات...

- **(هۆپانـی)** شــیعرێکی فۆلکلۆرییــە، شــاعیر صالحی حیدۆ ئامادەی کردووە.

هەنـدێ بابــەت و گۆشــەی تریش ئەمانەی خوارەوەن:

- **(نەخۆشــی)** لــە لایــەن ســلاح محەمــەد ئامادەکراوە، کە ئەم لاپەڕەیە کۆمەڵێک بەهاو وانــە لەخــۆ دەگرێت، جەخت لەســەر پاک و خاوێنی کەسی دەکەنەوە.
- چیــرۆک. ئەڵقەی یەکەمــی چیرۆکی **(گورگ و ڕێــوی و کەر)**ی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە لە لایەن لاوکــی حاجی ئامادەکراوە، وێنەکانیش لە لایەن سۆندای کێشراون.

هەروەهــا پارێــزگاری لــە هەمــان گۆشــەو برگەکانی ژمارەکانی پێشووش کراوە.

### ژمارە (٥) زستانی ساڵی (٢٠٠١ز)

هەندێ لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە، ئەوانەی خوارەوەن:

- هەڵبەســت : شــیعری **(هەیڤــا مــن)**، کە هی شاعر **(لاوکی حاجی)**یە.
- چیرۆک . ئەڵقەی دووەم و کۆتایی چیرۆکی **(گورگ و ڕێوی و کەر)**.
- گۆشــەکانی تریــش وەکــو هــی جارانی تر هاتوونەتــەوە. بــەڵام لەو ژمارەیــدا کێبڕکێیە ڕۆشــنبیری و مەعریفیــەکان ون بوونــەو نەهاتوونە.

* **مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر.**

# ئەرشیفی رۆژنامەوانی کوردی
# لە وڵاتانی قەفقاز

**پشدەر قەڵادزەیی**

### بەرایی و ناساندن

ئەرشـــیفی رۆژنامەوانی کوردی بەهۆی نەبوونی دەوڵەتێکی ســـەربەخۆی کوردی، بەســـەر زۆرینەی کتێبخانـــە و ئەرشـــیفخانەکانی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبۆتـــەوە، بەجۆرێك زۆربەی ئەو رۆژنامـــە و گۆڤارە دێرینە کوردیانەی کە بەهیممەتی چەندین نوسەر و لێکۆڵیاری دڵسۆز سەرلەنوێ لەچاپ دراونەتەوە، هەر لە ئەرشیفی وڵاتانیترەوە دۆزراونەتەوە.

یەکێك لەو شـــوێنانەی کە گومانی لێدەکرا ئەرشیفێکی زۆری رۆژنامەوانی کـــوردی تیادا بێت، وڵاتانی قەفقازە بەتایبەت ئازەربایجان و گورجســـتان، لەم دوادواییەشـــدا چەند لێکۆڵیارێکی بواری ئەرشـــیف کە بریتی بوون لە (**تۆرج ئەتابەکی، سوڵماز رستمووا، تەوحید گەریگول برادزە، جۆرج سانی کیدزە**) دوای ئامادەکردنی پێڕستێك بۆ ئەو چاپەمەنیانەی بە زمانە جۆراوجۆرەکان بڵاوکراونەتە و لە ئەرشـــیفی ئەو دوو وڵاتەدا پارێزراون، دەروازەیەکی باشیان بۆ ئەو کەسانە واڵا کرد کە لەبری ماندووبوون و گەڕان بەناو کتێبخانە و ئەرشیفخانەکاندا، بە خوێندنەوەی ئەو پێڕستە دەتوانن بەئاسانترین شێوە چاپەمەنییە جێمەبەستەکەی خۆیان لەڕێگەی کۆدی تایبەتییەوە دەستەبەر بکەن.

ئـــەم پێڕســـتە دوای ئـــەوەی لەلایەن (**مەهـــدی جەعفـــەری خانەقا**)ەوە وەرگێڕدرایەسەر زمانی فارسی و لەلایەن (**مرکز مطالعات و تحقیقات رسانەها**)ەوە لە ســـاڵی (٢٠٠٥)دا لـــە تارانی پایتەختی ئیران چـــاپ و بڵاوکرایەوە، بەپێویستمزانی شەنوکەوێکی پێڕستەکە بکەم و سەرجەم بڵاوکراوە کوردییەکانی تیادا بدۆزمەوە تا خوێنەری کورد ئاگاداری ئەرشیفی رۆژنامەوانی کوردی لە وڵاتانی قەفقاز ببێت.

## ئەرشیفی رۆژنامەوانی کوردی لە کتێبخانەی گشتی باکۆ




### رێگای یەکێتی


- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٧١-١٩٧٢
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەیروت
- شێوەی بڵاوبوونەوە: مانگنامە
- بواری بڵاوبوونەوە: سیاسی
- خاوەن ئیمتیاز: حیزبی تودەی ئیران
- ژمارە ئەرشـیف کراوەکان: ژمارەکانی (١،٣)ی ساڵی (١٩٧١)، ژمارەکانی (١٢-٢٠)ی ساڵی (١٩٧٢)



### بەیان

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٨٤-١٩٨٦
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- خاوەن ئیمتیاز: کەمال بابان
- سەرنوسەر: مستەفا نەریمان
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارەکانی (١٨،١٩)ی ساڵی (١٩٨٤)، ژمارەکانی (٢١-٢٦)ی ساڵی (١٩٨٥)، ژمارەکانی (٢٧،٢٩،٣٠،٣١،٣٤،٣٦)ی ساڵی (١٩٨٦).

هەواڵنامەی کتێب




### کاروان

- زمان: کوردی، عەرەبی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٨٦-١٩٨٧، ١٩٨٩-١٩٩٠
- شێوەی بڵاوبوونەوە: مانگنامە
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- سەرنوسەر: محەمەدەمین محەمەد ئەحمەد
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارەکانی (٤٨-٥١)ی ساڵی (١٩٨٦)، ژمارەکانی (٥٢-٦١)ی ساڵی (١٩٨٧)، ژمارەکانی (٧٩-٨١)ی سـاڵی (١٩٨٩)، ژمارەکانی (٨٢-٨٣)ی ساڵی (١٩٩٠).


کوردوستان

## کوردستان

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٤٦
- شوێنی بڵاوبوونەوە: مەهاباد
- شێوەی بڵاوبوونەوە: هەفتەنامە
- خاوەن ئیمتیاز: حیزبی دیموکراتی کوردستان
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٤٦).


کوردستان


## کوردستان
**(پاشکۆی ئازەربایجان، باکۆ، ١٩٤٧-١٩٥٣)**

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٤٧-١٩٥٣
- شوێنی بڵاوبوونەوە: باکۆ
- شێوەی بڵاوبوونەوە: هەفتەنامە
- خاوەن ئیمتیاز: حیزبی دیموکراتی کوردستان
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: هەموو ژمارەکان


نیشتمان

## نیشتیمان

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٤٣
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (٥)ی ساڵی (١٩٤٣).




## نوسەری کورد

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٧٠-١٩٧٥، ١٩٧٩-١٩٨٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- شێوەی بڵاوبوونەوە: مانگنامە
- ژمارە ئەرشـیف کراوەکان: ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٧٠)، ژمـارە (١٢)ی سـاڵی (١٩٧٥)، ژمارەکانی(١-٢)ی سـاڵی (١٩٧٩)، ژمارەکانی(١-٢)ی ساڵی (١٩٨٠).




## شمس کردستان

- زمان: عەرەبی، کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٧١
- شوێنی بڵاوبونەوە:بەغداد
- شێوەی بڵاوبوونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: کۆڕی ڕۆشنبیری کوردی
- سەرنوسەر: ساڵح یوسفی
- ژمارە ئەرشـیف کراوەکان: ژمارەکانی (١-٨)ی ساڵی (١٩٧١).

هەواڵنامەی کتێب

## ئەرشـیفی ڕۆژنامەوانی کوردی لە کتێبخانەی گشـتی تەفلیس:

## ئازەربایجان

- زمان: ئازەربایجانی، کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە:١٩٤٧-١٩٦٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: باکۆ
- شێوەی بڵاوبوونەوە: دووجار (هەندێکجار سێ جار) لە هەفتەیەکدا،
- خاوەن ئیمتیاز: حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان
- ژمارە ئەرشـیف کراوەکان: سەرجەم ژمارەکان جگە لە ژمارەکانی (٣٤٠-٤٣٢)




## بەرەی کوردستانی

- **زمان:** کوردی
- **کاتی بڵاوبوونەوە:** ١٩٨٨-١٩٨٩
- **شوێنی بڵاوبونەوە:** عیراق
- **خاوەن ئیمتیاز:** بەرەی کوردستانی عیراقی
- **ژمارە ئەرشیف کراوەکان:** ژمارە (١٢)ی ١٩٨٩.




## دەنگی قوتابیان

- **زمان:** کوردی
- **کاتی بڵاوبوونەوە:** ١٩٥٩-١٩٦٠
- **شوێنی بڵاوبونەوە:** بەغداد
- **شێوەی بڵاوبونەوە:**مانگنامە
- **سەرنوسەر:** عیزەدین مستەفا رەسوڵ
- **ژمارە ئەرشیف کراوەکان:** ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٦٠)




## گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد

- **زمان:** کوردی، عەرەبی
- **کاتی بڵاوبوونەوە:** ١٩٧٥-١٩٧٨
- **شوێنی بڵاوبونەوە:** بەغداد
- **شێوەی بڵاوبونەوە:** ساڵنامە
- **خاوەن ئیمتیاز:** کۆڕی زانیاری عیراق
- **ژمارە ئەرشیف کراوەکان:** هەموو ژمارەکان




**هەتاوی کورد**

- زمان: تورکی عوسمانی، کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩١٣
- شوێنی بڵاوبونەوە: ئەستەنبوڵ
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: ب. عەبدولعەزیز
- سەرنوسەر: ب. عەبدولعەزیز
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (٣-٤)ی ساڵی (١٩١٤)




**هیوا**


- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٥٨-١٩٦٢
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارەکانی (١١،١٠،٤،٢)ی ساڵی (١٩٥٨)، ژمارەکانی (٢،٣،٩،١٠ )ی ساڵی (١٩٥٩)، ژمارەکانی (٤،٥)ی ساڵی (١٩٦٠)، ژمارەکانی (٣٣،٣٤)ی ساڵی (١٩٦١)، ژمارەکانی (٣٦،٣٧)ی ساڵی (١٩٦٢).




**کادیر**

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٩٢
- شوێنی بڵاوبونەوە: کوردستانی عیراق
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (٢٩،٣٠)

## کاروان




- زمان: عەرەبی، کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٨٤-١٩٨٩
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- سەرنوسەر: محەمەدەمین محەمەد ئەحمەد
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: سەرجەم ژمارەکان

## خەبات




- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٨٨-١٩٩٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: عیراق
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارەکانی (٥٧٧-٧٨، ٥٨١،٥٨٢)ی ساڵی (١٩٨٨)، ژمارە (٦٠٠)ی ساڵی (١٩٨٩)، ژمارەکانی (٦٠٢،٦٠٣،٦٠٧،٦٠٨)ی ساڵی (١٩٩٠).


## کوردستان

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٩٢-١٩٩٧
- شوێنی بڵاوبونەوە: پاریس
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: سەرجەم ژمارەکان



## مەڵبەند

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٩٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: لەندەن
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩٩٠)



## پرشنگ

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٦٦
- شوێنی بڵاوبونەوە: ئەوروپا
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- سەرنوسەر: کەمال فوئاد
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٦٦).



## روناهی

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٦٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: بەغداد
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: حافزی قازی
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (١)

هەواڵنامەی کتێب


روژکرد

**رۆژی کورد**

- زمان: تورکی عوسمانی، کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩١٣
- شوێنی بڵاوبونەوە: ئەستەنبوڵ
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: عەبدولکەریم
- سەرنوسەر: عەبدولکەریم
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: ژمارە (٢)ی ساڵی (١٩١٣)، ژمارە (٣)ی ساڵی (١٩١٤)،


سەردەمی نوێ

**سەردەمی نوێ**

- زمان: کوردی
- کاتی بڵاوبوونەوە: ١٩٨٦-١٩٩٠
- شوێنی بڵاوبونەوە: سوید
- شێوەی بڵاوبونەوە: مانگنامە
- خاوەن ئیمتیاز: جەمشید حەیدەری
- سەرنوسەر: کەریم حیسامی
- ژمارە ئەرشیف کراوەکان: سەرجەم ژمارەکان.

**پەراوێزەکان:**

١. بزانە راستە؟

٢. بەپێی وتەی م. رەفیق ساڵح، ئەم رۆژنامەیە تا سەرەتای شەستەکانیش دەرچووەو ئەرشیفی ژمارەکانیشی لە ئەرشیفخانەی م. مارف خەزنەدارو کۆڕی زانیاری کوردو چەندین شوێنیتر هەیە.

# دەسەڵات و رۆژنامەگەریی



**خالید بەکر ئەیوب**

**دوای راپەڕینە کوردستانییەکەی ئاداری ساڵی/١٩٩١، لەنێو کۆمەڵگای کوردستانیدا، کۆمەڵێک گۆڕانکاری جۆراوجۆر سەریان هەڵدا، ئەم گۆڕانکارییانەش بوارە جیا- جیاکانی کۆمەڵگای گرتەوە هەر لە بواری سیاسی و هزری و تا کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.**

**بێگومان بواری رۆژنامەگەریش لەم گۆڕانکارییانە بەدەر نەبوو، نەک هەر ئەمە، بەڵکو دەتوانین بڵێین رۆژنامەگەری راستەقینە و ئازادی بیروڕا دەربڕین دوای ئەم راپەڕینە مەزنە بەردی بناغەیان دانا و وردە وردە بەرەوپێش چوون و گەشەیان سەند.**

یەکەم هەنگاوی ئەم پەرەسەندنەش بە (فرەیی) دەستیپێکرد، بەو مانایەی (لە **رووی چەندایەتییەوە پانتایەکی فراوانی وەدەستهێنا و هەر حزب و لایەنێک، گەر رادیۆ و پەخشی تەلەفزیۆنیشی نەبووبێ ئەوا رۆژنامەیەکی دەرکردووە)** ئەم فرەییەش بەپێی فراوانبوونی رووبەری ئازادییەکان و بە هۆی هەندێک هۆکاری بابەتی و خودییەوە هەنگاوی بەرەو گۆڕانی چۆنایەتی ناو لە منداڵدانی ئەویشدا، لە دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی کورت، رۆژنامەگەری **(غەیرە حزبی)** سەری هەڵدا و بەسەر هەڵدانی ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییەش، جۆرەها هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە سەبارەت بەم دیاردەیە هاتنە کایەوە، کە ئەمەش بابەتی باسەکەمان نییە، بەڵام راستییەک هەیە کە ناتوانین نکۆڵی لێبکەین، ئەویش ئەوەویە ئەم رۆژنامەگەرییە. **(جا هەر چ ناوێکی لێبنرێت،** رۆژنامەگەری **(ئەهلی)** یا **(غەیرە حزبی)**

یاخود (**سەربەخۆ و ئازاد**)، ئەوا ئەم ڕۆژنامەگەرییە ئازادانە لەکاردایە و ئازادی بیروڕا دەربڕینیشی بۆ دابین کراوە.. ئەوەی پێویستیشە بگوترێت و جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەوەیە.. کەوا سەرەرای بوونی عەقڵییەتی خێڵەکی و تاکڕەوی و بیروڕا سەپاندن و نزمی ئاستی هۆشیاری دیموکراسی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگا و سەرەڕای پێنەگەیشتنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و جێگیر نەبوونی پرۆسەی دیموکراسییەت و نەبوونی تاکی دیموکراسیخواز بەپێی پێویست، ئەوا ڕۆژنامەگەری بە حزبی و غەیرە حزبییەوە لە هەرێمی کوردستاندا تا رادەیەکی باش بواری بۆ رەخساوە، بۆ ئەوەی کارەکانی بە ئازادانە و بێ سانسۆر بە ئەنجام بگەیەنێت، بە شێوەیەک زۆر جاران ڕۆژنامەگەری غەیرە حزبی هێڵی سووری بەزاندووە، داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ئاسایشی نەتەوەیی و بەهاکانی کۆمەڵگای پشت گوێ خستووە و زیانی پێگەیاندوون.

لەم سەروبەندەدا، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامەگەری بەتایبەتی (**غەیرە حزبی**) وەک بابەتێکی گەرم و گوڕ دەخرێتە ڕوو و چەندین پرسیار سەبارەت بەم بابەتە سەر هەڵدەدەن، گرنگترینیان: ئایا دەسەڵات پێشێلکارە و کۆت و پێوەند ئامادە دەکات و زمانبڕی ڕۆژنامەگەرییە..؟ یاخود ڕۆژنامەگەری هێڵەکانی بەزاندووە و ڕۆڵی خۆی لە پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵ و لە خستنە ڕووی رەخنەی بنیاتنەرانە بە شێوەیەکی تەواو نابینێت..؟

وەڵامی ئەم دوو پرسیارە کە پەیوەندییەکی دیالکتیکیانە لە نێوانیاندا هەیە، مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، بۆچوونی وا هەیە، پشتگیری لە دەسەڵات دەکات و پێیوایە ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی (**غەیرە حزبی**).. ئەوەندەی بەدوای خستنەڕووی ناتەواوییەکان و کەموکوڕییەکان و لەکەدار کردنی دەسەڵاتە.. ئەوەندە پەرۆشی رەخنەی زانستی و چاکسازی نییە.

بیروڕای واش هەیە.. دەسەڵات بەوە خەتابار دەکات، کەوا بابەتەکان و رەخنەکانی ڕۆژنامەگەری یا پشتگوێ دەخات و بایەخیان پێنادات یاخود هەر رەخنە و تێبینییەک کە پەیوەندی بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کاروبارەکانی دام و دەزگاکانەوە هەبێت و تایبەتمەند

> **- ئایا دەسەڵات پێشێلکارە.. یاخود ڕۆژنامەگەری هێڵەکانی بەزاندووە..؟**
> **پرسیارێکە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە..**
>
> **- بۆچوونی وا هەیە.. پشتگیری لە دەسەڵات دەکات و پێیوایە ڕۆژنامەگەری بە تایبەتی (غەیرە حزبی). ئەوەندە بەدوای خستنە ڕووی ناتەواوییەکان و لەکەدار کردنی دەسەڵاتە. ئەوەندە پەرۆشی رەخنەی زانستی و چاکسازی نییە.**

بێت بە هەڵە و ناتەواوییەکان و ڕۆژنامەگەری دەیخاتە ڕوو، بە مەبەستی دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی، بە کارێکی نابەجێ و هەڕەشە ئامێز دەزانێت و هەڵوێستی لێوە وەردەگرێت و کاردانەوەی جیا-جیای بەرامبەر دەبێت.

دەسەڵات لە هەرێمی کوردستاندا خۆی لە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا جیا نەکردۆتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکو خۆی بە هەڵقوڵاوی نێو خەڵک دەزانێت و خۆی بە دەسەڵاتی گەل دەژمێرێت، بۆیە پێیوایە پاراستنی دەستکەوتەکانی میللەتی لە ئەستۆدایە و لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدایە، مافە ڕەواکانی گەل کە تاکو ئێستا بەدەست نەهێنراون و زەفتکراون بهێنێتە دی.

بەم پێیە.. دەسەڵات خوازیارە ڕۆژنامەگەری بەگشتی و بە هەموو جۆرەکانیەوە پشتیوانی لێ بکات و بەشێوەیەک کار بکات، لە بەرژەوەندی پاراستنی دەستکەوتەکان بێت و شان بەشانی دەسەڵات هەوڵی ئەوە بدات، دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنرێت.

لە بەرامبەریشدا ڕۆژنامەگەری خۆی بە لایەنی ڕەخنەگر و ڕێنماییکەر و چارەسەرکەر دەزانێت و پێیوایە ئیش و کاری دامەزراوەکان کەم و کوڕی تیایە و بە پێی پێویست بەڕێوە ناچن، ئەمەش لە بەرژەوەندی میللەتدا نییە و جێگەی مەترسییە و شوێن بە دەستکەوتەکان لەق دەکات.

لە نێوان هەردوو بیروڕاشدا، هەڵوێست و بۆچوونی میانڕەو هەنە، کە پێیان وایە ناتێگەیشتنێک لە نێوان هەردوو لادا بوونی هەیە، لە لایەک نەک دەسەڵات، بەڵکو جێبەجێکەرانی یاسا و ڕێنماییەکان، واتا هەندێک لەوانەی بەرپرسییەتی پاراستنی ئاسایشیان کەوتۆتە ئەستۆ، ڕەنگە لەم ئاستەدا نەبن کە بە تەواوی لە کاری ڕۆژنامەگەری بگەن، بۆ نموونە: کە ڕۆژنامەنووسێک کارێک دەکات، یاخود هەڵوێستێک وەردەگرێت بەرامبەر دیاردەیەکی ناتەواوی نێو کۆمەڵگا، ئەم ڕۆژنامەنووسە ئەم کار و هەڵوێستە بە ئەرکێکی پیرۆز دەزانێت، ڕەنگە واشی تێبگات کە کارێکی نیشتمانی گەورەی بە ئەنجام گەیاندبێت، لە بەرامبەردا دوور نییە هەمان کار و هەڵوێست بە بۆچوونی جێبەجێکەرانی برگەکانی یاسا و ڕێنماییەکان، زیان بە بەرژەوەندی باڵا و ئاسایشی

**- بیروڕای واش هەیە. دەسەڵات بەوە خەتابار دەکات، کەوا ڕەخنەکانی ڕۆژنامەگەری یا پشتگوێ دەخات یاخود بەکارێکی نابەجێی دەزانێت و هەڵوێستی لێوە وەردەگرێت و کاردانەوەی بەرانبەر دەبێت.**

**- دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان خۆی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگای جیا نەکردۆتەوە و خۆی بە دەسەڵاتی گەل دەژمێرێت و بۆیە خوازیارە ڕۆژنامەگەری بە هەموو جۆرەکانییەوە بە مەبەستی پاراستنی دەستکەوتەکان.. پشتیوانی لێ بکات.**

نەتەوەیی و یاخود بەها ئایینییەکان و کۆمەڵایەتییەکان بگەیەنێت.

جا. لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا، لێکتێنەگەیشتن پەیدا دەبێت، بۆیە دوور نییە لە لایەن جێبەجێکارانەوە پێشێلکاری روو بدات.

هەر لەو بوارەشدا.. پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە لە نێوەندی دەسەڵاتدا، کاربەدەستی باڵا هەیە، بیروبۆچوونی رۆژنامەگەری بەهەند هەڵناگرێ و جاری واش هەڵوێستی توند بەرامبەری وەردەگرێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەیدابوونی گرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی لەنێوان هەردوو لادا، رەنگە ئەم ناکۆکییەش بە ناکۆکی نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەری بێتە پێش چاو، بەڵام لەڕاستیدا ئەم ناکۆکییە کەسانێک دەیخولقێنن، واتا دەتوانین بڵێین ناکۆکییەکی کەسێتییە و ناتێگەیشتنیش هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانیەتی.

بەپێ ی ئەم روونکردنانەوەی خرانە روو، ئایا توانیومانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئاخۆ دەسەڵات زمانبڕی رۆژنامەگەرییە، یاخود رۆژنامەگەری بە تایبەت (غەیرە حزبی) هێڵبەزێنە..؟ بێگومان گەر بە تەواویش وەڵام نەدرابێتەوە، ئەوا تەپ و تۆزی سەر تابلۆی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەریمان تەکاندووە و هێڵکارییە سەرەکییەکانی تابلۆکە تا رادەیەکی باش دەستنیشان کراون. پێش ئەوەی بابەتەکەمان بە کۆتایی بهێنین، پێمان باشە ئاماژە بە راستییەکی براگماتی بکەین، کە سوود بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دەگەیەنێت و رەهەندەکانی روون دەکاتەوە و چەندین پرسیاری دیکە دەوروژێنێت، هەوڵی وەڵامدانەوەیان، بابەتەکە زێدەتر رۆشن دەکاتەوە.

ئەم راستییەش ئەوەیە... لەژێر چەتری رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا، کەلێنێکی فرە فراوان لە نێوان دەسەڵات و رۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆدا هەیە و بە بەردەوامیش بۆشایی نێوانیان لە فراوانبوون دایە، بە شێوەیەک رۆژنامەگەری ئازاد لە دۆڵێکدا دەبێت و دەسەڵاتیش لە دۆڵێکی دیکە، نەک هەر ئەمە بەڵکو ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە بوونی نامێنێت و هەموو چالاکییەکی لێ قەدەغە دەکرێت و ئازادی بیروڕا باجێکی زۆری لەسەر دەبێت و دەکاتە رادەی کوشتن

**"**

**- لە نێوەندی دەسەڵاتدا.. کاربەدەستی باڵا هەیە، بیروبۆچوونی رۆژنامەگەری بە هەند هەڵناگرێ و جاری واش هەڵوێستی توند بەرامبەری وەردەگرێت ئەمەش دەبێتە هۆی پەیدا بوونی ئاڵۆزی و ناکۆکی لە نێوان هەردوو لادا.**

**- لەژێر چەتری رژێمە دیکتاتۆرییەکاندا..**
**کەلێنێکی فرە فراوان لە نێوان رۆژنامەگەری سەربەخۆ و دەسەڵاتدا هەیە...**

**"**

و لەناوبردن. بەڵام لەژێر سێبەری دیموکراسیەتدا، ئەم کەلێنە تەسک دەبێتەوە و ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ لە دەسەڵات نزیک دەبێتەوە و دەبێتە ستوونێکی بەهێز و سەرەکی بۆ پاراستنی ئەم سیستمە و بەرەو پێشچوونی، هەروەها دەبێتە هۆکارێک بۆ چەسپاندن و سەرکەوتنی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هزری و ڕۆشنبیریدا، ئەویش بە بڵاوکردنەوە بیروڕای سوود بەخش و ڕەخنەی بنیاتنەرانە و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکان و چارەسەر بۆیان، بەمەش ئەم ڕۆژنامەگەرییە وەک تەواوکەری دەسەڵات کار دەکات و بەرەو گەشە کردن و پێشکەوتنی دەبات.

گومان لەوەدا نییە، ئەم ڕاستییەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لە ئەزموونی گەل و نەتەوەکانی جیهان هەڵێنجراوە و بە شێوەیەکی براگماتیکی سەلمێنراوە، کەچی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا تێبینی دەکرێت، بە پێچەوانەی ئەم ڕاستییەوەیە، هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەی ڕۆژنامەگەری ئەهلی (غەیرە حزبی)، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو و فراوانبوونی پانتایی ئازادی بیروڕا دەبڕین، درز و کەلێنەکانی نێوان دەسەڵات و ئەم جۆرە ڕۆژنامەگەرییە بەرەو فراوانبوون چوون. مافی هەمووانیشە لێرەدا هەڵوەستەک بکەن و بڵێن: بۆچی...؟

ئایا ئێمە بە پێچەوانەی دەرهاوێشتە سەلمێنراوەکان دەڕۆین...؟ یا سیستمی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.. لە قۆناغی سەرەتاییەکاندا دایە و پێویستی بە پێگەیشتن هەیە..؟ ڕەنگە ئەمەی دوایی، یاخود ئەویتر هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە بن، هەروەها دووریش نییە هۆکاری دیکە هەبن، کە بە هۆشیاری دیموکراسی و ئاستی ڕۆشنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندیدار بن.. یاخود لای کەسانی دیکە شیکردنەوە و بیروبۆچوونی تر هەبێت..؟ هەرچۆنێک بێت.. پرسیارە سەرەکییەکە و پرسیارەکانی دیکە بە کراوەیی دەمێننەوە، پێویستیان بە وەڵامدانەوەیەکی زانستی هەیە. بێگومان.. گەر وەڵامەکان لەسەر بنەما و شیکردنەوەی زانستیانە بنیاتنراوبن.. ئەوا زۆربەی ئەم کێشە و گرفتانەی لەم گوتارەدا خرانە ڕوو، چارەسەر دەبن.

**"لەژێر سێبەری دیموکراسیەتدا.. ڕۆژنامەگەری ئازاد و سەربەخۆ لە دەسەڵات نزیک دەبێتەوە و دەبێتە ستوونێکی بەهێز و سەرەکی بۆ پاراستنی ئەم سیستمە و بەرەو پێشچوونی."**

کتێبخانەی هەولێر

# ئایا دەزانی: هەندێک زانیاری دەربارەی ڕۆژنامەنووسیی لە گێتی دا



جەمال خەزنەدار

• یەکەمین ڕۆژنامەی جیهانی، لە ساڵی ١١ی پێش زایین دامەزرا و ناوی، (**کین بان**) بوو، ئێستاش ڕۆژنامەی ڕەسمی حکومەتی (**چین**) ە، و ڕۆژی سێ جار، بەیانیان، بەڕەنگی زەرد و نیوەڕۆ بەڕەنگی سپی و ئێوارە بەڕەنگی سوور بڵاو دەکرێتەوە..

• یەکەمین ڕۆژنامەی کە لە ئەوروپا سەری هەڵدا، ڕۆژنامەی (**کارەکانی ڕۆژانە**) بوو، لە شاری ڕۆما لە سەردەمی ئیمپراتۆر یۆلیۆس قەیسەر، لە سەرەتای چەرخی یەکەمی زایینی بوو.

• یەکەمین ڕۆژنامەی چاپکراو، ناوی (کنبو – کەنبۆ)، لە پەکین پایتەختی چین سەری هەڵدا پێش چوار چەرخ لەمەوبەر، ئەوەی شایانی باسە، ئەم ڕۆژنامەیە لە سەر دار هەڵکەندراوە، تا ئێستاش هەر زیندووە.

• یەکەمین ڕۆژنامە پاش بڵاوبوونەوەی هونەری چاپەمەنی تازە لە شاری (**بوندوقیە – بندقیة**) لە ئیتاڵیا لە ساڵی ١٥٦٦ز، بەناوی (**غزتة – غەزەتە**) بڵاوبووەتەوە.

• یەکەمین گۆڤاری زانیاری ((**گۆڤاری زانایان**)) لە فەرەنسا ساڵی ١٦٦٥ بڵاوبوووەتەوە.

• یەکەمین ڕۆژنامەی ڕۆژانە بە ناوی ((**دایلی کوران**))ی ئینگلیزی، لە ١١ی ئاداری ساڵی ١٧٠٢دا بڵاوبووەتەوە.

• پاش داگیر کردنی میسر لەلایەن ناپلیۆن، یەکەمین ڕۆژنامەی بە زمانی عەرەبی لە قاهیرە دامەزراند.

• یەکەمین ڕۆژنامە کە لە دنیای نوێ بڵاوبووەوە ((**پۆستی نیولتر**)) بوو، لە ساڵی ١٧٠٤.

• یەکەمین ڕۆژنامەی لە سەردەمی عوسمانییەکان بڵاوبووەتەوە، ڕۆژنامەی، ((**پۆستەی ئیزمیر**)) بەزمانی فەرەنسی لە ساڵی ١٨٢٥دا بڵاوبووەتەوە.

• یەکەمین ڕۆژنامەی تورکی بەناوی ((**تەقویمی وەقائع**)) لەشاری قوستەنتینیە، لە ساڵی ١٨٣٢، لە سەردەمی حکومڕانی سوڵتان مەحموود بڵاوکرایەوە.

• یەکەمین کەس لەگێتی دا کە دەستی بە کۆکردنەوەی ڕۆژنامەکرد، (**ئەندراوس درزی ناوێک بوو**) لە ساڵی ١٨٣٥دا.

• یەکەمین کەس، کە دەربارەی مێژووی ڕۆژنامەنووسی کتێبێکی (٣٠٠) لاپەڕەیی دانا، دەربارەی ڕۆژنامەکانی بەلجیکا لە ساڵی ١٦٠٥ تا ساڵی ١٨٤٤.

• یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی کابراییکی عەرەب ناو رزقوڵڵا حەسون حەلەبی لە شاری ئاستانە لە ساڵی ١٨٤٥ بەناوی ((**ئاوێنەی ئەحوالەکان**)) دامەزراند.

• یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی وێنەدار بەناوی ((**دەنگوباسی بڵاوبوونەوەی ئینجیل**)) لە دنیادا ساڵی ١٨٦٣ لە بەیرووت بڵاوبووەوە.

• یەکەمین کەس دەربارەی ڕۆژنامەگەری عەرەبی نووسی کونسولی فەرەنسا لە حەیفا، پاشان بووە فەرمانبەر لە کونسولی فەرەنسا لە قاهیرە ساڵی ١٨٨٤ بوو.

• یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی کە ڕەنگاوڕەنگ بوو بەناوی ((**خاوەن چاویلکە**)) لە پاریس شێخ یەعقووب سنوعی میسری لە ساڵی ١٨٨٧ بڵاویکردەوە.

• کۆنترین ڕۆژنامەی عەرەبی کە تائێستا بەردەوامە بەناوی ((**الوقائع المصرية – ڕووداوەکانی میسر**)) بوو کە ساڵی ١٨٢٨ لە قاهیرە دامەزرا.

• یەکەمین یانە بۆ ئەوانەی ئارەزووی کۆکردنەوەی ڕۆژنامەگەری دەکەن لە ساڵی ١٨٩٥ لە شاری بروکسل پایتەختی بەلجیکا دامەزرا.

• یەکەمین ڕۆژنامە لە گێتی تازەدا بەناوی ((**ئەستێرەی ئەمریکا**)) لە ساڵی ١٨٩٢ بڵاوبووەوە.

• یەکەمین پێشانگای ڕۆژنامەگەری لە ساڵی ١٨٩٢ لە شاری بروکسل کرایەوە.

• یەکەمین قوتابخانە بۆ ڕۆژنامەگەری لە ساڵی ١٨٩٩ لە پاریس دامەزرا.

• جوانترین و نایابترین ڕۆژنامەی عەرەبی لە کۆن و نوێوە، ژمارەی ڕۆژنامەی ((**البشير – بەشیر**)) بوو کە لە ڕۆژی ٢٢ی شوباتی ساڵی ١٩٠٢ لە یۆبیلی زیوینی پاپای سێزدە بڵاوبووەوە.

• یەکەمین مۆزەخانەی ڕۆژنامەگەری لە ساڵی ١٩٠٧ لە شاری بروکسل دامەزرا، ئەم مۆزەخانەیە گەورەترین و زۆرترین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی گێتی بەخۆیەوە دەگرێ بە هەموو زمانەکانی دنیا، ئێمەیش چەند دانەیەک لە ڕۆژنامە کۆنەکانی کوردیمان بەم مۆزەخانەیە بەخشیوە.

• فیلیپ دی تەرزی زۆرترین ڕۆژنامە و گۆڤاری عەرەبی کۆکردبووەوە. زیاتر لە ((١٢٠٠)) ناوی بە خۆوە گرتبوو، ئەو کۆمەڵە گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییانەی فرۆشتە (**جامعەی عەرەبی**)، هەروەها کۆمەڵێکی زۆریش لەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە بەزمانەکانی ڕۆژهەڵاتی دەرچووبوون کۆیکردبووەوە، وەک زمانەکانی (**سریانی، ئەرمەنی، فارسی، عیبری، تورکی، تەتەری، ئوردۆ، چینی و زمانانی تر**).

• یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژنامەگەری ئەمریکادا کە ڕۆژنامەی لێ بڵاونەکرایەوە ڕۆژی سەری ساڵی ١٩١٢ بوو، لەم ڕۆژەدا هیچ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەک بڵاو نەکرایەوە.

• یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ((**کوردستان**)) لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ لە شاری قاهیرە لە چاپخانەی ((**الهلال**)) بە چوار لاپەڕە چاپکرا و بڵاو کرایەوە.

• لــە مێژووی رۆژنامەگەریــی کوردیدا پێش ســاڵەکانی حەفتاکانــی چەرخــی بیســتەم، یەکەمیــن رۆژنامەی کوردی ((**کوردســتان**)) وەک خەوێــک وابــوو بــۆ لێکۆڵــەر و مێژوونــووس خوێنــدەواری کــوردی، کەس چــاوی پێنەکەوتبوو، لە رۆژی ٢٠ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٨ د. مارف خەزنــەدار هەر چوار لاپــەڕەی ژمــارە (١)ی رۆژی ٢٢ی نیســانی ساڵی ١٨٩٨ی بە فۆتۆکۆپی بۆ یەکەمین جار لــە رۆژنامەی ((**برایی**)) بــڵاو کردەوە چاوی خوێنــدەواری کــوردی پێ رۆشــنکردەوە و کەوتە بەردەستی هەمووان.

• بۆ یەکەمین جار لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٧٣ هەوڵــدرا یەکەمین پێشــانگای رۆژنامەگەریی کوردی لە شــاری بەغدا ســاز بکــرێ، بەڵام وەزارەتــی راگەیاندنــی حکوومەتــی عیراقی رێگای نەدا بۆ بە ئەنجامدانی ئەم پێشــانگایە، هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری کوردی، هەموو کارەکانی مەیسەر کردبوو، و پرۆگرامێکی تێر و تەسەلی بۆ ئەم پێشانگایە ئامادەکردبوو.

• یەکەمین سەنتەری ئەرشیف و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەگەری کوردســتان، لە ٢٢ی نیســانی ســاڵی ١٩٦٨ لەشــاری بەغدا، لەسەر دەستی جەمال خەزنەدار بــە نهێنی دامەزرا، ئەوکاتە (١٣٣) رۆژنامەو گۆڤار و بڵاوکراوە بە خۆوە دەگرت.

• یەکەمین گۆڤاری کوردی بە ناوی ((**کورد**)) تعــاون و ترقی غزەتســی لە ســاڵی ١٩٠٨ لە شــاری ئەســتەنبوول دەرچــووە و خــاوەن ئیمتیازی شاعیری گەورەی کورد ((**پیرەمێرد**))ی نەمر بوو.

# بەرنامەکانی ڕادیۆی سوریانی لە بەغدا و تەلەفزیۆنی کەرکووک بەزمانی سوریانی

ئەکەد موراد

لە پاش تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر دان پێدانان بە مافی ڕۆشنبیری[١] لە یەکی تەمموزی ساڵی ١٩٧٢ و لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارێی ئەو ڕۆژەدا دەنگێکی زوڵاڵ بۆ یەکەمین جار دەسپێکی کردنەوەی ڕادیۆی سوریانی بەم دەستەواژەیە، بڵاوکردەوە: **(ئێرە ڕادیۆی بەغدایە بە زمانی سوریانی)** خاوەنی دەنگەکە مامۆستا **(شلیمون پۆلس)**ی سەرۆکی بەشی سوریانی بوو[٢] ئەمە مژدەیەکی گەورە بوو بەلای هەموو کلدو سوریانی ئاشوورییەکانەوە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی عێراقدا ئێستگەیەک پرۆگرامەکانی بەزمانی سوریانی لە بەغداوە پەخش بکات. (١٧) ڕۆژ دواتر بەسەر پەخشی ئەزموونیدا ڕادیۆکە دەستیکرد بە پەخشی ئاسایی خۆی و ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بەناوی **(ڕادیۆی بەغدا)** بە زمانی سوریانی بەرنامەکانی بڵاودەکردەوە.

لەبەرئەوەی ڕادیۆکە گوێگرێکی زۆری هەبوو لە دەرەوەو ناوەوەی وڵات و هەروا چونکە هەفتانە بە سەدان نامەی پێدەگەیشت، بۆیە پەخشی ڕادیۆکە بۆ ماوەی نیو سەعاتی تر زیادکرا، لە پاشانیش نیو سەعاتی تری بۆ زیادکراو بوو بە دوو کاتژمێر لە ڕۆژێکدا[٣].

**کاریگەریی و ڕۆڵی ڕادیۆکە:**

- ڕایۆی سوریانی یەکەمین تاقیکردنەوەی میدیایی بوو بۆ گەلی سوریانی ئاشووری لە عێراق.
- زۆربەی کادیرەکانی کەم ئەزموون بوون. لەبەر ئەوە ڕادیۆکە بووە قوتابخانەیەک دەیەها کارمەندی میدیای پێگەیاند.
- بووە هۆیەکی پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەموو ڕۆڵەکانی ئەم زمانە ڕەسەنە لە ناوەوەی وڵات و وڵاتانی دراوسێ.
- زمانی ڕادیۆکە (سورن) وەک زمانێکی هاوبەش کاریگەریی هەبوو بۆ لێکحاڵیبوون لە نێوان شێوە زارەکانی (سورن).
- ڕادیۆ لە ڕێگەی پرۆگرامەکانی و ئەو کەسایەتییە بە توانا ڕۆشنبیریانەی تیدا بەشداربوون لە ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەکان، دەرگای خستە سەر پشت بۆ ئاشنابوون لەسەر کلتوور و ئەدەب و کەلەپووری ڕەسەن.
- تێکەڵاوییەکی زۆرباش هەبوو لە نێوان گوێگرو ڕادیۆکە بەهۆی ناردنی نامەی زۆرو بەشداریکردن لە پرۆگرامەکان کە خەسڵەتی بەردەوامبوون و پەرەپێدانی پێیان دەبەخشی[٥].

**بەرنامە ڕۆژانە و هەفتەییەکانی ڕادیۆکە:**

* بەرنامەکانی ڕۆژانە: دەنگوباس، وتەی ڕۆژنامەکان، لێدوان، داواکاری گوێگران،

گۆرانی سوریانی.

* **بەرنامەکانی هەفتانە:** ئەدەب و ژیان، گۆشەی رۆشنبیری، بەرنامەی ئافرەت، یانەی ئاواز، چاوپێکەوتن، بەرنامەی ئایینی، نواندنی هەفتە، لە یەکشەممەوە بۆ یەکشەممە. سەرەڕای چەند بەرنامەیەکی کورتی رەنگاوڕەنگ، هونەرو وەرزش، بەهرەمەندەکان، رامان، ئەم کتێبە، کەلەپوور، ناودارانی مێژوویی.

* بەشداربووانی ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامەکان، کادیرەکانی رادیۆو ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەرو هونەرمەندانی ناسراوی رۆشنبیری سوریان.

* هەموو بەرنامەکانی رادیۆکە سێ مانگ جارێک پێداچوونەوەیان بەسەردا دەکرا بە ئامانجی هەڵسەنگاندن و پەرەپێدان، هەندێکیشیان بەپێی بەدواداچوونی گوێگرەکان و پێشنیارەکانیان، گۆڕانیان بەسەردا دەکرا.


بنیامین حەداد

**کارمەندانی پێشەنگ لە رادیۆیەکە:**

* **ریا نمرود کانون:** کەسایەتییەکی ناسراوە لە بواری رۆشنبیری سوریان و شاعیرە وەک ئامادەکارو پێشکەشکاری پرۆگرامی رۆشنبیری کاری کردووە بێجگە لەوەی کە کاری وەرگێڕان بووە لە نێوان عەرەبی و سوریانیدا.

* **شموئیل ئیرمیا:** ئامادەکارو پێشەشکاری چەندین بەرنامەی رۆژانە بوو، تاوەکو سەرەتاکانی ساڵانی نەوەت لە سەدەی رابردوو لە کارکردن بەردەوام بوو دواهەمین لێپرسراوی رادیۆکە بوو بەر لەوەی دابخرێ.

* **صبری یعقوب:** وەرگێڕو پێشکەشکاری دەنگوباس و گوتەی رۆژنامەکان، ئامادەکارو بەشداربوونی چەندین نواندنی رادیۆیی.

* **خاتوو شمیران مروکل:** ئامادەکارو پێشکەشکاری بەرنامە هەفتەییەکان و بەشداربوو لەو نواندییە هونەرییانەی ئێستگەکە لە میانەی پرۆگرامە هەفتەییەکانیدا پێشکەشی دەکرد.

* **بەهنام بازی:** دەرهێنەری رادیۆ.

* **ئیلشوا ئوشا:** بێژەرو بەشداربوو لە بەرنامە هەمەجۆرەکانی رۆژانەدا.

* **جوات بازی:** بێژەرو پێشکەشکاری بەرنامە رۆژانییەکان.


میخائیل مروکل

**لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کەرکووک بە زمانی سوریانی:**

ئەو بەرنامانەی کە لە ماوەی نیو کاتژمێرو لەنێوان ٦،٣٠ و ٧ ئێــوارە لە تەلەفزیۆنی کەرکووکەوە پەخش دەکــران، بە تۆمارکراوی و بەسەرپەرشتی بەشــی رۆشنبیری لە تەلەفزیۆنی بەغداوە دەگەیشتن.




**زەییا نەمرود کانوون**

**نموونەی هەندێک لەو بەرنامانە:**

- گۆڤــاری رۆشــنبیری: پێشکەشــکردنی (**صبری یعقوب**) و ئامادەکردنی (**جەمیل روفائیل**).
- دەمەتەقێ و کەسایەتی: ئامادە و پێشکەشکردنی (**میخائیل مروکل ممو**).
- کتێبی هەفتە: ئامادەو پێشکەشکردنی: شموئیل ئیرمیا.
- لاوان و وەرزش و ئامادەکردنــی شــمیران مروکل.
- گۆشــەی ئافــرەت، ئامادەکردنی شــموئیل مروکل.
- جیهانی هونەرو بەرنامەی خۆشــی، کە لە هەر ئاڵقەیەکیدا تیپی مۆســیقایەکی سوریانی سەر بە یانە و کۆمەڵە سوریانییەکانی بەغدای میوانداری دەکرد.(٦)

*ژمارەیەک لە ئەدیب و نووسەرانی سوریان بەشدارییان دەکــرد لــە ئامادەکردنــی بەرنامــە تەلەفزیۆنییەکان، بێجگــە لــە کادیرانی ئێســتگەکە و هەمــوو ئەو دەق و بابەتانــەی بۆ تەلەفزیــۆن ئامادەدەکــران، هەمان کادری کارمەند لە بەشــی رۆشــنبیریی تەلەفزیۆنی بەغدا سەرپەرشتیان دەکرد.



**یوسف نەمرود کانوون**

* لــە کۆتاییــدا دەڵێیــن ئێســتگەی ســوریانی لــە دوای هەشــتاکانی سەدەی بیستەم زۆر دواکەوت بەهۆی مامەڵەی خراپی رژێمی بەعســەوە لەگەڵ کارمەندەکاندا و پاڵەپەســتۆ خســتنە سەریان بۆ گۆڕینــی رەوتی بەرنامەکانیان بەشــێوەیەک لە خزمەتی رژێمــدا بێت، ئەمەش وایکرد زۆربەی کارمەندانــی ئێســتگە واز بهێنــن و روو لــە دەرەوەی وولات بکــەن و تەنهــا کادیــری دامەزرێنــەر شــموئیل ئیرمیــا مایــەوە و تــا کۆتایی.

* ســڵاورێز بــۆ ئــەو هەوڵ و تێکۆشــانەی پێشــەنگەکان، دامەزرێنەرانــی بناغــەی خامــەی رادیــۆو تەلەفزیۆنی سوریانی لە بەغداوە، کە لە ماوەیەکی مێژوویی گەلی کلدو ئاشــوری سوریانی نواندییان و گەشاوەیی بۆ خامە رەنگینەکانیان لە داهاتوودا دەخوازین.

# ڕۆژنامەنووس و تیۆری دەرگاوانی ڕاگەیاندن

بەهادین ئەحمەد*

دەسپێک: سەرەتای ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ زانای دەروونزانی بەناوبانگ و بەڕەگەز ئەمریکی (**کیرت لیوین** Kurt Lewin)، پاشان گەشەکردنی بەو شێوەیەی کەبە تیۆری دەرگاوانی ڕاگەیاندن (Gate Keeper Theory) ناوزەدبکرێت.

ئەم تیۆرییە تایبەتە بەکاری ڕۆژنامەنووسان و ئەنجامدانی پرۆسەی ڕاگەیاندن وسەرجەم ئەو قۆناغانەی کە پەیامی ڕاگەیاندن لەشێوەی ژمارەیەک دەروازە و فلتەردا پێیدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە جەماوەری ڕاگەیاندن.

لەساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، ژمارەیەک تۆژینەوە لەسەر پرۆسەی دەرگاوانی ڕاگەیاندن ئەنجامدرا کە ئەوکات ئەم زاراوەیە بوونی نەبوو. تۆژینەوەکان کە زیاتر لەلایەن ژمارەیەک زانا وپسپۆڕی ئەمریکی بواری ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردنەوە لەوانە زانایان: (**برید، کارتەر، ستارک، جیبر، جاد ووایت و...هتد**) لەسەر پەیامی ڕاگەیاندن بەگشتی، ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لەسەر هەڵبژاردن و پێشکەشکردنی و بەهاکانی و سەرچاوەکانی هەواڵ بەتایبەتی ئەنجامدران.

سەرجەم ئەنجامی توێژینەوەکان ئاماژەیان بەوەدەکرد کە هەموو پەیامێکی ڕاگەیاندن بەچەند قۆناغێکدا دەڕوات تاوەکو لەپەیامنێرەوە دەگاتە پەیاموەرگر کە بەسەر یەکترەوە ئەم قۆناغانە وەکو ئەڵقەیەکی زنجیرەی بەدوایی یەک و تەواوکاری یەکتر دەبێت.

هەروەک زانا (کیرت لیوین Kurt Lewin) لەتۆژینەوەکەیدا ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات لەهەر قۆناغێکی بەرهەمهێنان و هەڵبژاردن و پێشکەشکردنی پەیامی ڕاگەیاندندا کەسێکی خاوەن بڕیار هەیە کە دواتر کاریگەری لەسەر خودی پەیامەکە دادەنێت بەوەی سەرجەم یان بەشێکی پەیامەکە لادەبات یاخود گۆڕانکاری و گوڵبژێری تێدا دەکات.

هەروەها زانای ناوبراو ئاماژەش بەوە دەکات کە تێگەیشتن لە چەمکی دەرگاوان (Gate Keeper) بەواتای تێگەیشتن لە هەموو ئەو هۆکار و لایەنەکاریگەرانە دێت کە شوێن و کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی بڕیاردەری ڕاگەیاندن دادەنێن کە دەرگاوان (Gate Keeper) دەریدەکات.

لەم سۆنگەیەوە چەمکی دەرگاوانی ڕاگەیاندن (Gate Keeper) بە واتای کۆنترۆڵکردنی ناوەندی بڕیاری ڕاگەیاندن و دەستگرتن بەسەر خودی پرۆسەی ڕاگەیاندندا بەشێوەیەکی ستراتیژی و لەڕێگەی ئەو زنجیرە قۆناغبەندانەی کە خودی پەیام و پرۆسەی ڕاگەیاندنی پێدا تێپەڕدەبێت.

ئەم پرۆسەیە بەشێوەیەکی کردەیی هەموو ئەو پەیامانە (**نووسراو، بیستراو وبینراو**)

لەڕووی جۆر و بڕەوە دەستنیشان دەكات كە دواتر كاریگەری لەسەر جەماوەر دەبێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبنە بەشێک لەهوشیاریان. ئەوەی ئەم پرۆسەیەش لە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندندا بەڕێوەدەبات ئەو کارەکتەرە کارایەیە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ فەرمان دەردەکات کە چی و چۆن بڵاوبکرێتەوە؟ دواتریش جەماوەری ڕاگەیاندن بیخوێننەوە یان ببیستن یاخود تەماشای بکەن.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی تیۆری دەرگاوانی ڕاگەیاندن:

گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە بوونەهۆی سەرهەڵدانی ئەم تیۆرە، ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەکەم:** هەموو کۆمەڵگەیەک خاوەنی دابونەریت وبەهای تایبەت بەخۆیەتی، بۆیە پێویستە پارێزگاری لێبکرێت وڕێزی لێبگیرێت.

**دووەم:** لەڕووی کردارییەوە ناکرێت هەموو ئەو هەواڵ و بابەتانەی دەگاتە ڕۆژنامەکان، سەرجەمیان بڵاوبکرێنەوە، بەڵکو پێویستە گوڵبژێری تێدابکرێت و تەنیا ئەوانە بڵاوبکرێنەوە کە لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژنامەکەدا دەگونجێن و هاوکات جێی بایەخی جەماوەریشن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی قەوارەی ڕۆژنامەکە کە تاچەند جێگەی بڵاوکردنەوەی هەواڵ وبابەتەکانی تێدا دەبێتەوە، چونکە هەموو ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەک قەوارە و چوارچێوەی دیاریکراو و سنووداری هەیە.

**سێیەم:** پێویستە بایەخی تایبەتی بەلایەنی تەکنیکی و نەخشەسازی و زمانەوانی و داهێنان لەکارەکاندا بدرێت و فەرامۆش نەکرێت، چونکە دواتر کاریگەری تەواو لەسەر هەستی خوێنەران دەبێت و ڕۆڵی سەرەکیش دەبینێت لەسەرنجڕاکێشانی خوێنەران و فرۆشتنی ڕۆژنامەکەدا.

**چوارەم:** مەرج نییە هەموو ئەو هەواڵ و بابەتانەی دەگەنە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوە بشێن یاخود لەکاتی بڵاوکردنەوەیاندا جێی سەرنج و بایەخی جەماوەربن، چونکە دەگونجێت هەواڵ و بابەتێک جێی بایەخ و گرنگی هاوولاتییەکی ئەورووپی بێت، بەڵام هەمان هەواڵ وبابەت جێی بایەخی هاوولاتییەکی کورد نەبێت یاخود بەپێچەوانەوە.

**پێنجەم:** هەموو کۆمەڵگە و دەوڵەت و حکومەتێک خاوەنی یاسای تایبەت بەڕێکخستنی کاری ڕاگەیاندنە و شێوازی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابەتەکانی تێدا ڕوونکراوەتەوە کە پێویستە ڕۆژنامەنووس لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا پێوەی پابەند بێت، ئەگەرنا لەکاتی سەرپێچیکردنیدا دووچاری لێپێچینەوە و دادگایکردن ودواتر سزادان دەبێتەوە.

**شەشەم:** هەموو کۆمەڵگەیەک خاوەنی ئارەزو و نەریتی تایبەت بەخۆیەتی کە لە کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، بۆ نموونە: وڵاتە عەرەبییەکان زۆر حەزوئارەزوویان لەپێشبڕکێی حوشترە و جەماوەری عەرەبی بەلایانەوە ئاساییە ڕۆژانە چەندین کاتژمێر تەماشای دیمەنی ئەم یارییە وەرزشییە بکەن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە پێشبڕکێیە جێی سەرنج و بایەخی هاوولاتییەکی ئەورووپی نییە، بەڵکو لەبری ئەم جۆرە یاری و پێشبڕکێیە لەلای ئەوان پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل و پاسکیل و ماتۆڕسواری جێی برەو وبایەخە.

**حەوتەم:** سەرهەڵدانی کەناڵی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند و پسپۆڕی لەم بوارەدا، وادەکات کە ئەم جۆرە کەناڵانە بەدوای جەماوەری تایبەتمەنددا بگەڕێن و هەوڵی پڕکردنەوەی حەزوئارەزووی چین و توێژێکی تایبەتمەند و دیاریکراوی کۆمەڵ بدەن، پەیامەکانی خۆیانیان ئاراستە بکەن و دواتر پەرەیان پێبدەن.

## ڕۆڵی دەرگاوانی ڕاگەیاندن لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا (Mass Communication):

دەرگاوانی ڕاگەیاندن دەتوانێ لەچەند ڕوویەکەوە کاریگەربێت لەسەر پرۆسەی

پەیوەندیکردنی جەماوەری کە ئەوانیش ئەمانەن:

١. لەڕێگەی فلتەرەکانی دەرگاوانی ڕاگەیاندنەوە زۆر بەئاسانی دەتوانرێت ڕێگری لە نەگەیشتنی پەیامی ڕاگەیاندن بەجەماوەر بکرێت، ئەویش بەڕێگەنەدان بەبڵاوکردنەوە یان پەخشکردنی پەیامەکە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

٢. فلتەری ڕاگەیاندن دەتوانێت لابردن یان زیادکردن یاخود گۆڕانکاری پێش وەخت لەپەیامی ڕاگەیاندندا بکات، بەواتای پێش بڵاوکردنەوە یان پەخشکردنی خودی پەیامەکە بۆ جەماوەر لەڕێگەی یەکێک لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە.

**هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر پرۆسەی دەرگاوانی ڕاگەیاندن:**

چەند هۆکارێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر خودی ئەم پرۆسەیە هەیە، ئەوانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

**١. هەژموون و هێزی ئابووری:** بێگومان لایەنی ئابووری بوودجەی هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن دیاریکراوە، هەر دەزگایەک بەپێی ئەو پارە و بوودجە تایبەتە دەتوانێت کاروچالاکییەکانی خۆی ئەنجامبدات و بڕی تێچوونی کاروبابەت وبەرنامەکانی دیاریبکات، دەسەڵات و هێزی ئابووری بڕبڕەی پشتی هەموو پیشەسازییەکانە کە ئەمەش بەسەر پیشەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیش دەچەسپێت، چونکە هیچ دەزگا و کەناڵێکی ڕاگەیاندن بەبێ بوونی بوودجە و هێزی ئابووری ناتوانێت، هێزی ڕاگەیاندنی هەبێت و کاروچالاکییەکانی ئەنجامبدات.

**٢. کەسێتیی کاراکتەری دەرگاوانی ڕاگەیاندن:** دەتوانێت کاریگەری و ڕەنگدانەوە جێ پەنجەی خۆی لەسەر ناوەڕۆکی سەرجەم هەواڵ و بابەت و بەرنامە ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کەناڵەکەی دابنێت، جەماوەر بەرەو ئەو ئاقارە ئاراستە بکات کە خۆی دەیەوێت و مەبەستێتی.

**٣. ریکلام:** وەکو بەشێک لەداهات و سەرچاوەی ئابووری هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن کاریگەری لەسەر کەسێتی کەناڵەکە و خودی دەرگاوانی ڕاگەیاندن هەیە، پێویستیشە شوێن وکاتێکی زێڕینی تایبەت لەلایەن خودی دەرگاوانەوە بۆ بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی مادە ریکلامییەکان دیاریبکرێت.

**٤- کاریگەری ئایدۆلۆژی:** هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن خاوەنی ڕەوت وئاراستەی ئایدیۆلۆژی دیاریکراوە، بۆیە پێویستە دەرگاوانی ڕاگەیاندنیش پێوەی کاریگەر و پەیوەست بێت و بگرە چاودێر و پارێزەریشی بێت.

**٥- یاسا و ڕەوشتی ڕاگەیاندن:** پێویستە دەرگاوانی ڕاگەیاندن پەیوەست بێت بە یاسا و ڕەوشتی ڕاگەیاندن، چونکە لەکاتی لادان و سەرپێچیکردنیدا، خۆی و دەزگاکەشی ڕووبەڕووی لێپێچینەوە و دادگایکردن دەبنەوە لەلایەن حکومەتەوە.

**هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر کاراکتەری دەرگاوانی ڕاگەیاندن** (Gate Keeper):

بەشێوەیەکی سەرەکی چوار هۆکار کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر کاراکتەری دەرگاوانی ڕاگەیاندن هەیە، کەئەوانیش بریتیین لە:

<u>**یەکەم: دابونەریتی کۆمەڵ**</u>

کۆمەڵ وسیستەمی کۆمەڵایەتی ئەو پانتاییە فراوانەن کە کەسی ڕۆژنامەنووس و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاروچالاکی خۆیانی تێدا ئەنجامدەدەن و کاریگەری بەردەوام و ڕاستەوخۆیان لەسەریان هەیە. هەموو سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە ژمارەیەک دابونەریت و بنەما پێکهاتووە، لەلایەن کۆمەڵەوە بڕیاری لەسەردەدرێت و دواتریش تاکەکانی ئەو کۆمەڵە وەریدەگرن و کاری پێدەکەن و پێی ڕازی دەبن، بۆیە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وکەسی ڕۆژنامەنوسیش پێویستە لەهەوڵی پارێزگاریکردن و ڕێزگرتن بێت لەدابونەریتی ڕەسەن و بەها ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەکەی.

هەروەک زانا (**وارین برید** Waren Breed) لەئاکامی توێژینەوەکەیدا ئەوەی

بۆ ساغ بووەوە کە لەهەندێ باردا کەسی رۆژنامەنووس رووماڵی تەواوی هەموو رووداو وگۆرانکارییەکانی دەوروبەری ناکات بۆ جەماوەر، ئەمەش بەواتای چەواشەکردن یاخود شاردنەوەی راستییەکان لەوان نایەت، بەڵکو مەبەست لێی هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە ئەو تێیدا دەژیت و، پێویستە لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیدا رەچاوی بەرژەوەندی کۆمەڵ وبەها باڵاکانیان بکات.

بۆیە پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن کار لەسەر تۆکمەکردنی کۆمەڵ و رێکخستنی خێزان، پەرەپێدانی بەها جوانەکانیان بدەن وەکو خۆشەویستی نیشتیمان، رێزگرتنی زانایانی ئایینی، پیشەوا و سەرکردە و سومبولە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، هاوکاریکردنی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و زیندووکردنەوەی گیانی برایەتی و رێزگرتن و هاولاتیبوون و هاوژیانی و دادگەری کۆمەلایەتی، بەرپەرچدانەوەی هەموو دیاردە نامۆکان کە زیان بە بەرژەوەندی کۆل وکۆمەڵ دەگەیەنن.

**<u>دووەم: پێوەرە تایبەتییەکانی کەسی رۆژنامەنووس:</u>**

سیفەت و خەسڵەتە تایبەتییەکانی خودی کەسی رۆژنامەنووس وەکو (رەگەز، تەمەن، باری خێزانی، چینی کۆمەڵایەتی، ئاستی بژێوی، ئاستی خوێندەواری، رەوتی بیرکردنەوە و بیروباوەر و هەستکردن بەکەسێتی خود (Self Esteem) کاریگەری تەواو و راستەوخۆیان لەسەر رۆڵی کاراکتەری دەرگاوانی راگەیاندن هەیە.

سێیەم: پێوەرە پیشەییەکانی کەسی رۆژنامەنووس:

کەسی روزنامەنووس لەکاتی بەجێهێنانی پیشەکەیدا، ژمارەیەک فشاری پیشەیی کاریگەریان لەسەری هەیە، بۆیە پێویستە بەهەند وەریان بگرێت ورەچاویان بکات کە ئەوانیش بریتیین لە:

**١- سیاسەتی دامەزراوەی راگەیاندن:**

هەموو دامەزراوەیەکی راگەیاندن سیاسەتی تایبەتی و دیارکراوی خۆی هەیە، رۆژانە وبەشێوەیەکی بەردەوام (**تاکتیکی و ستراتیژی**) کاری لەسەردەکات.

هەروەها هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکان کاریگەرن لەسەر دارشتنی سیاسەتی دامەزراوەکانی راگەیاندن، هەروەک خودی دامەزراوەکانی راگەیاندن بەشێکن لەرەنگدانەوەی کایەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵگە.

هەروەک جۆری سیستەمی کارگێری دامەزراوەکە، بوونی سیستەمی پشکداری (**الاسهم**) و شێوازی بەرهەمهێنان وەکو هۆکارە ناوخۆییەکان رۆڵ وکاریگەری راستەوخۆیان لەسەر ناوەرۆکی پەیامی راگەیاندن هەیە کەپێشکەشی جەماوەر دەکرێت، بەوەش کۆتایی دێت کە کەسی رۆژنامەنووس بەشێکە لەقەوارەی گشتیی ئەو دامەزراوە راگەیاندنەی کە کاری تێدا دەکات.

**٢- سەرچاوەکانی هەواڵ:**

زۆرینەی توێژینەوەکانی بواری راگەیاندن ئاماژە بەگرنگی سەرچاوەکانی هەواڵ دەکەن کە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر کەسی رۆژنامەنووس هەیە، رۆژانە رۆژنامەنووسی بەشی هەواڵ یاخود هەواڵساز پێویستی بەسەرچاوەکانی وەرگرتنی هەواڵە، پشتیان پێدەبەستێت وهەڵدەستێت بەهەڵبژاردن وبەکارهێنانی ئەو سەرچاوەی هەواڵانەی کە خۆی دەیەوێت متمانەی پێی هەیە بۆ وەرگرتنی هەواڵەکانی دەزگاکەی، کێشەیەکی بەردەوامیش هەیە کە ئەویش ئەوەیە رۆژنامەنووس هەمیشە لەهەوڵی گەران بەدوای دەستخستنی سەرچاوەی هەواڵی سەربەخۆدایە، بەلام ئەمە تارادەیەک کارێکی قورس و ئەستەمە.

**٣- پەیوەندییەکانی کار و فشارەکانی:**

سەرجەم تۆژینەوەکانی بواری راگەیاندن وپەیوەندیکردن جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەپێی رۆژگار وکارکردنی بەردەوام لەگەڵ یەکتردا و تێکەلاوبوونە یەکتر، رۆژنامەنووسان پێکەوە پەیوەست دەبن وکاریگەرن لەسەر

یەکدی وپەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئەم جـۆرە پەیوەندییەی نێوانیـان کۆمەڵێکی بەرایـی (Pure Group) پێکدەهێنێت، دواتر هەموویان پێکەوە خاوەنی هەستێکی هاوبەشن و یـەک دیدگایان دەبێت بـۆ دونیای دەرەوە ودەوروبەری خۆیـان دەبێت ولەم ڕێگەیەوە ڕۆژنامەنووس کەمتر هەسـت بەفشـارەکانی کارەکەی دەکات، بەڵکو لەبەرامبەردا هەسـت بەبوونـی پاڵپشـتێکی مەعنـەوی لەلایەن ئەو کۆمەڵەیەوە دەکات، بوونی ڕەزامەندی پیشەیی و کەسێتیی لەلایەن ڕۆژنامەنووسەکەوە (Job Satisfaction) دێتـەدی و ئەمـەش زیاتـر هانـی دەدات بۆ کارکـردن و بەرهەمهێنان و داهێنانی زیاتر لەپیشەکەیدا.

**چوارەم: پێوەرەکانی جەماوەر**

هەردوو زانا (**ئیسـیل دی سـولا و شولمان**) لەئاکامی توێژینەوە هاوبەشەکانیانەوە بۆیان دەرکەوت کە هـەروەک چۆن ڕۆژنامەنووس کاریگەری دەکاتەسـەر جەمـاوەر، بەهەمان شـێوە جەماوەریش کاریگەری هەیە لەسـەر کەسی ڕۆژنامەنووس.

پەیامـە نێـردراوەکان کاتێک لەلایەن کەسـی ڕۆژنامەنووسـەوە دەنێردرێـن، پەرچـە کـرداری جەمـاوەری تێدا هەژمـار دەکرێت، بەم شـێوەیە جەماوەر ڕۆڵی ئەرێتی لەسـەر پرۆسـەی پەیوەندیکـردن هەیـە و وێنایەک لـەلای ڕۆژنامەنـووس دەنەخشـێنێت کاتێک هـەواڵ و بەرنامە و بابەتەکانی هەڵدەبژێرێت و ئاراستەی جەماوەری دەکات.

ئاکامـی توێژینـەوە بەراییەکان کـە (**ریموند پـاوەر**) زانـا ئەنجامیدان، ئەوەی دەرخسـت کـە جـۆری ئـەو جەمـاوەرەی، کە کەسـی ڕۆژنامەنـووس هەڵیان دەبژێرێت و لەگەڵیان دەدوێت، کاریگەری سەرەکی و ڕاستەوخۆی هەیـە لەسـەر نـاوەرۆک و شـێوازی پێشەکەشـکردنی ئەو بەرنامە و بابەتانەی کە دواتر ڕۆژنامەنووس پێی هەڵدەستێت.

**لەکۆتاییدا**

پێویسـتە دەزگاکانـی ڕاگەیانـدن جێـی ڕەزامەندی جەماوەربن و لەئاستی پێداویستی و جێبەجێکردنـی ئـارەزوو وداواکاییەکانـی ئەوانیشـدابن، بێگومان بۆ گەیشتنیش بەمانە، ئەنجامدانی ڕاپرسـی و توێژینەوەی زانستی مەیدانی پێویسـتە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە ئەکادیمییەکان ئەنجامیبدەن.

هەروەک پێویستە کەسـی ڕۆژنامەنووسیش بـەوردی و زرنگـی جەمـاوەری خـۆی دەستنیشـان بکات و بتوانێت پەیامی خۆیانی پێبگەیەنێـت و وێنـای تـەواوی واقیعـی جەماوەر بکات کە ئەمەش کاریگەری لەسـەر بڕیارەکانـی دەرگاوانـی ڕاگەیانـدن هەیە و ناکرێت فەرامۆشـیان بکات لەکاتی دەرکردنی بڕیارەکانیدا.

* **مامۆستا لەبەشی ڕۆژنامەنووسی/ پەیمانگای تەکنیکیی سلێمانی**

__سەرچاوەکان:__

**١. صالح خليل ابواصبع، الإتصـال والإعلام في المجتمعات المعاصرة، الطبعة الرابعة، مطبعة دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان،٢٠٠٤.**

**٢. د.حسـن عماد مكاوى ود.ليلى حسين السـيد، الإتصال ونظرياته المعاصرة، الطبعة السادسة، مطبعة دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٦.**

**٣. د.حسن عماد مكاوى ود.سامي الشريف، نظريات الإعلام، مطبعة جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، القاهرة، ٢٠٠٠.**

**٤. د.مجد هاشـم الهاشـمي، الإعلام المعاصر وتقنياته الحديثة، مطبعة دار المنهاج للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.**

# شیعرو ئەدەبیاتی تورکمانی

## هەوێنی بابەتە ڕۆژنامەوانییەکان

### بەشی چوارەم و کۆتایی



**ئیسماعیل عەلی**

هەواڵنامەی کتێب

**٣- ئەدەبی نوێی تورکی:**

کا ڕیگەربوونـی ئەدەبـی تورکمانـی بەئەدەبـی فارسـی و عەرەبـی ئەنجامێکـی حەتمی بوو بەهۆی دەستکورتی ئەو ئەدەبەو پەرەسەندنی ئەدەبی فارسی لەلایەک و بوونی قورئانی پیرۆز و زانســتەکانی دیکە بەزمانی عەرەبی لەلایەکـی دیکەوە، ئەدەبی تورکمانی لەسەدەی دەیەمەوە تاوەکو ناوەڕاستی ئەدەی نۆزدەم هەر لەژێر کاریگەری ئەو دوو ئەدەبە مەزنەی فارسـی و عەرەبیدا مایەوە، کاتێ کە لـە ٣ی تشـرینی دووەمـی ١٨٣٩ فەرمانێک دەرچوو، وەک یاسـاو ڕێکخستنێکی یاسایی نوێ لەژیانی دەوڵەتی عوسمانیدا، چونکە تاقە زامنێکی سەرو سـامان و ڕۆح و پلەو پایەی خەڵکـی بوو، لەهەمان کاتیشـدا سیسـتەمێک بوو بۆ باج بەخشین و دادگایی کردنی خەڵکی لەسەر بنچینەیەکی نوێ.

ئامانـج لـە دەرکردنـی ئـەم فەرمانـە، بەئەنجـام گەیاندنـی هەندێ چاکسـازی بوو لەدەوڵەتی عوسـمان و گەیاندنـی بەکاروانی شارستانیەتی ئەورووپی، دیارە ئەم فەرمانەش ڕەنگدانـەوەی خـۆی هەبـوو لەسـەر ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە دەوڵەتی عوسمانیدا.

**أ- ئەدەبی ڕێکخستنەکان**

دوای بیسـت ساڵ لە دەرچوونی فەرمانی ڕێکخستنەکان، نووسـەری ناسراوی تورکی **(شناسـی)** سـاڵی ١٨٦٠ ڕۆژنامەی **(ترجمان الاحـوال)**ی وەک ڕۆژنامەیەکـی زمانحاڵـی تەوژمـی ئەدەبـی نـوێ، لە ئەدەبـی تورکیدا دەرکرد. کە پشـتی بە ڕۆشـنبیریی ئەورووپی بەسـت و هەوڵـی ئەوەیدا جۆرە لاسـاییەکی ئـەو ڕۆشـنبیرییە بکاتـەوە، ئـەم تەوژمـە وەک ئامازەمـان پێدا لاسـایی کردنەوەیەکی ئەدەبـی ڕۆژئاوایی بـوو، بەتایبـەت ئەدەبی فەرەنسی، شوناسـی و ئەحمەد وەفیق پاشا، کەوتبوونە ژێر کاریگەری شاکارە کلاسیکییە فەرەنسـییەکان، بەڵام نامیق کەمال و ئەحمەد مەدحـەت ئەفەنـدی، یەکەم سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی **(زەورا)**ی عیراقی کەوتبوونە ژێر

کاریگـەری رۆمانتیکییەتی فەرەنسـی، هەریـەک لەو دوو کۆمەڵەیـە هەوڵیان دەدا لە پێودانگی ئەو ئەدەبە لاسـایی کەرەوەی ئەدەبی فەرەنسیدا ئەدەبێکی نوێ دابهێنن.

نووسـەری ناسـراوی تـورک (تـان بینـار) دەڵێـت: (**ئەدەبی رێکخسـتنەکان لە دەرەنجامی پێویسـتی گۆڕینی ئـەو بیروباوەرە رەوانەی کۆمەڵـی تورکی ئەو کاتە هاتە کایـەوە، لەپێنـاو مـرۆڤ و رەخسـاندنی هۆکارەکانی گوزارشـت کردن لە هەست و نەستی خۆی، بەزمانێکی ساکارو سادە، هەروەها بەمەبەستی گۆڕینی دامەزراوە ئەدەبییەکانی ئەو کاتەو دروستکردنی پەخشانی نوێی تورکی**).


**ئەسعەد ئەربیل**

هەمـوو دامەزرێنەرانـی ئەدەبی رێکخسـتنەکان هەموویان (**سەروەری قەڵەم**) بوون، بۆیە هەوڵیاندا چەنـد نموونەیـەک بـۆ پاڵەوانـی رۆمانەکانیـان دروسـت بکەن، هەروەها ویستیان ئەدەبی تورکی کـۆن بڕوخێنـن و لەشـوێنیدا ئەدەبێکـی نـوێ دامەزرێنـن، کە گوزارشـت لە چینی ناوەڕاسـت بـکات، بەو زمانەی کە لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا بـەکاری دێنـێ، لەپـاڵ بیروبـاوەڕو بۆچوونە بۆرژوازییەکانـی، بۆیـە ئەدەبـی تورکی – بۆ یەکەمجار- بوو بـە هۆکارێک لە هۆکارەکانی خزمەتی کۆمەڵ، هەروەهـا بۆ یەکەمجاریش، بایـەخ بە پەخشـانی تورکـی درا، بەشـێوەیەکی گونجاو لەگەڵ شێوازی نوێ و چەمکی نوێ، کە جاران بە درێژایی سەردەمەکانی رابردوو شتێکی باو نەبوو.

لەسـەرووی ئەو تەوژمە نوێیەش. شـاعیرو ئەدیبانی وەک: شناسـی چیا باشـا، نامیق کەمال، ئەحمەد مەدحەت فندی، رجائی زادە ئەکرەم، عەبدولحەق حامد، سامی پاشا زادە سزائی و چەندی دیکە.

ئەم تەوژمە ئەدەبییە تا سـاڵی ١٩٠٩ درێژەی کێشـا، تا هاتنە پێشـەوەی تەوژمێکی نوێی ئەدەبی نوێ، کە بەناوی (**بزووتنەوەی ئەدەبی نوێ**) بوو.

## ب- بزووتنەوەی ئەدەبی نوێ:

ئەو تەوژمە ئەدەبییە نوێیە کە ساڵی ١٨٩٦ بەدەرکردنی گۆڤـاری (**پـروت فنون**) دەسـتی پێکرد، تا سـاڵی ١٩٠١، کۆمەڵێ لاوی تورکی بوون بە پێشـڕەوایەتی نووسـەری

ناســراوی تورکــی (**رجائــی زادە ئەکرەم**) و چەند نووسەرێکی دیکە وەک: تۆفیق فیکرەت، خالید چیا، جەناب شەهابەدین، حوسێن جاهید یالجیــن، ئەحمەد حیکمەت، محەمەد رەئووف، ســلیمان نقیف، ســلیمان نەســیب، حوســێن سوعاد، حوسێن سیرت، عەلی ئەکرەم، جەلال ساهیر و فائق عەلی.

ئامانجــی ئەم تەوژمــە ئەدەبییە، کە ناوی تەوژمی (**پروت فنون**) لێ دەندرێت، رووخاندنی ئەدەبی دیــوان و ئەدەبی لاســایی کەرەوەی ئەورووپی و دەرچوون بوو لە یەکێتی بەیت لە قەســیدەدا، بەپشت بەســتن بە یەکێتی بابەت، ئەگەرچی ئەم تەوژمــە توانی ئەدەبی تورکی لە رووی شــێوەو ناوەڕۆکەوە نوێ بکاتەوە، بەڵام هەوڵیدا شێوازی کۆنی تورکی بپارێزێ، بــە بەکارهێنانی وشــەی عەرەبی و فارســی و بەکارهێنانــی کێشــی عــەروزی عەرەبــی، هەروەها ئەم تەوژمە ئەدەبییە نوێیە نەیتوانی گوزارشت لە ژیانی گشتی خەڵکی بکات، بەڵکو زێتــر بایەخ بــە کۆمەڵە کەســێکی دیارکراوو ژیانی پڕ لە خۆشگوزەرانی ئەوان دا.

لەرێگەی ئەم تەوژمەوە شــیعرو هونەرو رۆمــان و کورتــە چیــرۆک و شــانۆگەری، وێڕای رەخنەی ئەدەبی و یادداشتنامە ئەدەبی و سیاســییەکان پێشــڤەچوونێکی زۆریــان بەخۆیــەوە بینی، ئــەم تەوژمە تا ســەرەتای سەدەی بیستەم هەر بەردەوام بوو.

## ج- ئەدەبی تورکی لەسەدەی بیستەمدا

سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی بەرفراوانی بەخۆیەوە بینی لەبواری رۆشنبیریی تورکمانی بەگشتی و شــیعر بەتایبەتی، ئەوەتا ئەوانەی لاســایی ئەدەبــی رۆژئاوایــان دەکــردەوە لە دەوری تەوژمــی ئەدەبــی نوێــدا خۆیان گرد کردەوە، کێشی هیجای تورکی شوێنی کێشی عەروزی گرتەوە، کۆڵەگەکانی ئەدەبی دیوان و ئەدەبــی تەکییەکان کە نــاوی ئەدەی میللی و زمانــی تورک بوو لەباریــەک چوو، زمانی شیعر بوو بە جێگرەوەی زمانی عوسمانی.

بزووتنەوەی شیعری نەتەوەیی کە لەلایەن شــاعیر محەمەد ئەمیــن یورداقــول (١٨٦٩-١٩٤٤) پێشڕەوایەتی دەکرا، داوای ئەوە دەکرا کــە کێشــی هیجای تورکــی لەجیاتی کێشــی عــەروزی عەرەبــی بەکاربهێندرێت، کە چەند شاعیرێکی وەکو ئەنیس بەهیج، خالید فەخری، ئۆرخان ســەیفی، یوســف زیا، فــاروق نافیز، ســاڵح زەکی پیادەیان دەکرد، چەن گەنجێکی شــاعیری وەکو ئۆرخان وەلی-یش دەستیان کرد بە نووســینی شیعری ئازاد، ئەوانی دیکە کە خۆیــان بەکێش و ســەروای عەرەبییەوە، پەیوەست کرد لە چەشــنی محەمەد عاکف و یەحیــا کەمال بەیاتلی، هەنــدێ هونەرکارییان لە پێشخستنی شێوەو ناوەڕۆکی ئەو شێوازە شــیعرییەی کێش و سەروادا کرد، کە ماوەی دە ســەدەی رابــوردووی شــیعری تورکــی داپۆشیبوو.

بــەڵام ئەحمــەد هاشــم- کە شــاعیرێکی لەدایکبــووی عیراقــی بــوو، لــە بنەماڵــەی ئالوســییەکان، توانی گوزارشت لە کەسایەتی خــۆی بکات، لە رێگەی هۆنراوە رەمزییەکانی خۆیــەوەو (**رەزا تۆفیق**)یــش روحێکــی نوێی وەبەر شــیعری تورکییــەوە نــا، دەرکەوتنی نــازم حیکمەتیــش بەچەمکــە راپەڕیوەکــەی شیعرو بیروباوەڕی شۆڕشگێڕیی و شێوازی نــوێ و پــاراوو هەنــدێ جاریــش توندوتیژ، بانگەشەی لەدایکبوونی بزووتنەوەی شیعری شۆڕشــگێڕی بوو کە دەیان شــاعیری لاوی بــەدواوە هــات و شــیعری تورکــی گەیاندە ئاستی ئەدەبی جیهانی.

### ج(أ)- تەوژمی (فەجری ئاتی) ١٩٠١-١٩٠٨:

ئەگــەر گۆڤــاری (ثــروت فنــون) کــە لەســەرەتاکانی ســەدەی بیســتەم رۆڵــی کۆتایی هات، کاتێ دەســەڵاتدارانی عوسمانی

گۆڤارەکەیان داخست، بەڵام هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمید، جارێکی دیکە ئەو گۆڤارە بەهەمان ناوی خۆیەوە هاتەوە مەیدان و کۆمەڵێ لاوی تورکی رۆشنبیر ئەرکی دەرکردنی گۆڤارەکەیان گرتەوە ئەستۆو ناویان لەخۆنا (**کۆمەڵەی سپێدەی هاتوو**)، ئەو کۆمەڵەیە پێکهاتبوو لە جەلال ساهیرو ئەحمەد هاشم و تەحسین ناهید، ئەمین دۆلاند، محەمەد بەهجەت، فازڵ ئەحمەد، حەمەدوڵڵا سوبحی، فوئاد کوپرولو، شەهابەدین سلیمان و یەعقوب قەدری.

ئەو گۆڤارە ئەگەرچی توانی کەسایەتی خۆی بسەلمێنێ لە رێگەی زمانی سادەو رەوانی خۆیەوەو ببێتە پردی بەیەکگەشتنی ئەدەبی ئەوروپی و ئەدەبی کۆنی تورکی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی ئەو گۆڤارە کورت بوو، زۆربەی کەسایەتییەکانی لەسەردەمی جەمهوریدان بوون بە پێشرەوانی ئەدەبی نوێی تورکی، زۆریشیان چوونە ناو کۆمەڵەی (ئەدەبی نەتەوەیی)، دیارترین سیمای ئەو قوتابخانەیەش لاسایی کردنەوەی رەمزیەتی فەرەنسی بوو لەشیعری تورکیدا، پێشرەوەکەشیان ئەحمەد هاشم-ی شاعیر بوو کە بۆیەکەمجار رەمزییەتی هێنایە نێو شیعری تورکی.

**ج(ب)- تەوژمی ئەدەبی نەتەوەیی ١٩٠٨-١٩٢٣:**

ئەم تەوژمە ئەدەبییە لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی نەتەوەیی سەری هەڵدا، کە کۆمەڵە گەنجێکی بزووتنەوەی ئیتتیحادو تەرەقی دوای کودەتاکەی عوسمانی لەساڵی ١٩٠٨ بانگەشەیان بۆی دەکرد، ئەم تەوژمە تا راگەیاندنی (کۆماری) یش بەردەوام بوو، ئەو کۆمەڵە گەنجەش بریتی بوون لە: محەمەد عاکف، یەحیا کەمال بەیاتی، ئەحمەد ئەمین، رەزا تۆفیق، فاروق نافیز- لەبواری شیعردا، عومەر سەیفەدین، خالیدە ئەدیب، یەعقوب قەدری رەشاد نوری، نورەڵڵا ئاتاج، فالح رەفیق، مەمدوح شەوکەت، لەبواری ئەدەبی دیکە، هەروەها زیا کوک ئەلب و فوئاد کوبرولو، عەقل و فیکری ئەو تەوژمە ئەدەبییە بوون. تەوژمی ئەدەبی نەتەوەیی لەبنجدا پشتی بە گەڕانەوە بۆ کەلەپووری نەتەوەیی تورکی

**ئەحمەد هاشم-ی شاعیر بوو کە بۆیەکەمجار رەمزییەتی هێنایە نێو شیعری تورک**

دەبەســت، لەپاڵ کەڵـک وەرگرتن، لە شـێوازی نوێـی ئەدەبی، ئەو کۆمەڵەیـە داوایان دەکرد کە دەست لەکێش و سەروای عەرەبی هەڵگیرێت و لە بریتی ئەو کێشی هیجای تورکی بەکاربهێندرێت و زمانیـش لە وشـە بیانییەکان پـاک بکرێتەوە، گۆڤـاری (**قەڵەمـە گەنجـەکان- کنـج قلملر**)یش زمانحاڵـی ئـەو قوتابخانەیـە بوو، ئـەو گۆڤارە ساڵی ١٩١١ لەشـاری سلانیک دەرچوو، لەسەر وتاری ژمارە یەکی گۆڤارەکە داوای ئەوە کراوە کـە زمانی تورکی لـە تۆزو گـەردی بیانی پاک بکرێتەوە، بۆ ئـەوەی ئەدەبێکی نەتەوەیی ئەوتۆ چرۆ دەر بکات کە پشـت بە کەلەپووری تورکی ببەستێت: بەم شێوەیە:

١. هەر زمانێک لە زمانەکان بۆی هەیە پشـت بە زمانەکانی دیکە ببسەتێت، بەڵام ناکرێت ڕێزمانی ئەو زمانانە وەرگیرێت.

٢. دەبـێ ئیزدواجیـەت لەزمانی تورکیـدا لەناو ببرێت، بەشێوەیەک کە زمانی قسە لەگەڵ زمانی نووسیندا بگونجێت.

٣. هەوڵدان بۆ نووسین بەپیتی لاتینی.

٤. دەبێ شـێوەزاری ئەسـتەمبوڵی کە زۆربەی تورکـەکان تێـی دەگەن، ببێتە زمانی نووسـینی تورکی.

٥. گۆڕینی وشـەی عەرەبی و فارسـی لەزمانی تورکیدا، بۆ وشەی تورکی باو.

٦. دەبـێ ڕێزمانـی تورکـی کۆن پیـادە بکرێت لەجیاتی ڕێزمانی بیانی.

کۆمەڵە گەنجێکـی تورکی کە پێکهاتبوون لەم پێنج شـاعیرانە: (**فـاروق نافیز، ئەنیـس بەهیج، ئۆرهان سیفین، خالید فەخری، یوسف زیاء**)، ئەم گۆڤارەیان دەرکردو لە نووسـینەکانیاندا پشتیان بە ئەدەبی میللی و کێش و شـێوەکانی دەبەست لـە داهێنانی ئەدەبێکی نیشـتمانی نوێ، کە ببێتە پردێـک لەنێـوان شـیعری عەروزی و شـیعری هیجـا، ئەو کۆمەڵـە گەنجە خزمەتێکـی زۆریان پێشـکەش بە ئەدەبی تورکی کردووە لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە.

**ئـەو نـوێـکـاریـیـەی کە تەوژمی ئەدەبی کۆماری لەگەڵ خۆیدا هێنای هەموو بـوارەکـانـی ژیـانـی ئەو ساتەی ڕۆشنبیریی نوێی تورکیا دەگرێتەوە لەوانە: زمـان، کـێش و سـەروا، هـونـەرە ئـەدەبـیـیـەکـان و روونیی ئامانجەکان**

## تەوژمی ئەدەبی کۆماری:

ساڵی ١٩٢٣ مۆژدەی لەدایکبوونی ئەدەبێکی نوێی راگەیاند کە جیاواز بێت لە سەلەفیەتی محەمەد عاکف و رۆمانسیەتی یەحیا کەمال بەیاتلی و رەمزیەتی ئەحمەد هاشم کە لەو کاتەدا باڵی خۆی بەسەر ئەو ژیانە رۆشنبیرییەدا کێشا بوو، کە ماوەی نیو سەدە دووچاری وەستان و ململانێی ئەدەبی بێ ئەنجام ببوو.

ئەو نوێکارییەی کە تەوژمی ئەدەبی کۆماری لەگەڵ خۆیدا هێنای هەموو بوارەکانی ژیانی ئەو ساتەی رۆشنبیریی نوێی تورکیا دەگرێتەوە لەوانە: زمان، کێش و سەروا، هونەرە ئەدەبییەکان و روونیی ئامانجەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەوژمە هەندێ شاعیری ئەوتۆی تێدا سەری هەڵدا کە بێجگە لەرازی کردنی پیاوانی دەسەڵات چ خەمێکی دیکەیان نەبوو.

لەو کەشوهەوایە دابوو کە نازم حیکمەت لەنێو رزگاریخوازەکەی شیعرەوە دەرکەوت، شیعرەکانی نازم دەنگێکی نوێ و ئاوازێکی ناوازەی تەوژمی رۆشنبیریی بیروکراتی ئەوکاتە بوو. چونکە نازم حیکمەت توانی نهێنییەکانی ئەدەبی تورکی دەربخا، لە قەسیدەکانیشیدا کەلتوورو کەلەپووری تورک و داستانە کۆنە پاڵەوانییەتییەکانی نیشان بدا، لەگەڵ بەهاوچەرخ کردنی ئەو کەلتوورە.

وشەکانی مۆژدەی شۆڕشێکیان دەبەخشی، هێمای پێویستی زۆری خەڵکی دەگەیاند بۆ عەدالەتی کۆمەڵایەتی و برایەتیی و مرۆڤایەتی.

بۆیە رۆشنبیرە بیروکراتییەکان و سیاسەتمەدارە فاشییەکان هەوڵیاندا ئەو دەنگە نوێیە بخنکێنن، هەر بۆیەش لەم پێناوەدا بۆ ماوەی یەک چارەگە سەدە زیندانی کرا.

لەبەر ئەمە قسەکردن لەسەر ئەدەبی کۆماری دەمانباتەوە بۆ سەر لێکۆڵینەوەی شیعری تورکی لەماوەی سەدەی بیستەمداو لەرێگەی لێکۆڵینەوەی ئەو تەوژمە شیعرییە کاریگەرانەی کە لەئەدەبی کۆماریدا هەبوون.

<u>سێیەم</u>: پێشڤەچوونی شیعری تورکی لەسەدەی بیستەمدا:

مێژووی شیعری تورکی لەسەدەی بیستەمدا، پابەند بوو بە بزووتنەوەی نیشتمانی کە لە گۆڕەپانی رۆشنبیریدا دەستی بەتەکان کرد.

ساڵانی دەستپێکی سەدەی بیستەم، ساڵانی لەبارچوونی شیعری نوێی تورکی بوو لەسەر دەستی ئەو پێشەنگانەی شیعر کە دوور لە واقیعی تورکی روویان لە لاسایی کرد، دوور لە کێشەو گیروگرفتەکانی خەڵک، شاعیرێکی وەکو (**محەمەد عاکف ١٨٨٣-١٩٣٦**) هیچ حیسابێکی بۆ سەردەم و خواستەکانی نەکرد، بگرە رووی لە شیعری ئایینی و هەندێ شێوازی کۆن کرد، دواتریش تورکیای بەجێ هێشت و رووی لە ئەڵمانیا کرد، بەڵام دواتر دوای شەڕی رزگاریخوازی گەڕایەوە وڵاتەکەی و لە ساڵی ١٩٣٦ ماڵئاوایی لەدنیادا کرد.

شاعیرێکی وکو (**یەحیا کەمال بەیاتلی ١٨٨٤-١٩٦٠**) ئەویش بەشێوازی عەبدولحەق حامید کاریگەر بوو لەرووی دەربڕینی هەستی شیعری خۆی لەو قالبە فەلسەفیانەی کە بەناوەرۆکێکی نوێ و کێش و سەروای عەرەبی دەریانی دەبڕی، بەڵام دواتر ئەم شێوازە بوو بەجۆرە شیعرێکی سۆفیگەرییانەی پڕ لە غەزەلیات. ئەوە دەیویست شیعری کۆن بە وەسفی هاوچەرخانە بنووسێ، کێش و سەروا عەرەبی بوو، زمانیش عوسمانی و شێوازیش ئەورووپی لەسەر زەمینەیەکی نوێدا.

(**عەبدولحەق حامد ١٨٥٢-١٩٣٧**) ئەم شێوازە شیعرە فەلسەفییەی هێنایە کایەوە، بەڵام دواتر لەسەر دەستی (**تۆفیق فیکرەت**

١٨٦٧-١٩١٥) و (**جەناب شەهابەدین ١٨٧٠-١٩٣٤**) و (**ئەحمەد هاشم ١٨٨٥-١٩٣٣**) پێشکەوت، بەشێوەیەک ئەم شێوازە بوو بە چوارچێوەی شیعری تورکی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەگەرچی شاعیرێکی وەک (**ڕەزا تۆفیق ١٨٧٠-١٩٥١**)یش شیعری فەلسەفی نووسیوە، بەڵام جیاوازی زۆری هەبوو لەگەڵ شێوازی شیعری فەلسەفی ئەوکاتە لەزۆر لایەندا، لەوانە: سوود وەرگرتن لە شیعری میللی تورکی، هۆنینەوە، بەکێشی هیجای تورکی، هەوڵدان بۆ پێشخستنی شیعری میللی تورکی کۆن بەدۆزینەوەی قالبی نوێ بۆیان.

بێجگە لەوەش شیعری بەکێشی عەرەبی و بەزمانی فارسی و فەرەنسیش نووسیوە، بۆیە لەشیعری تورکیدا ڕەزا تۆفیق بەشاعیری فەیلەسوف ناوزەد دەکرێت.

گۆڕەپانی ئەو کاتەی شیعر بێ شاعیری ئافرەت نەبووە، ئەوەتا ئافرەتێکی شاعیری وەک (**ئیحسان ڕائیق ١٨٧٧-١٩٢٦**) یەکەم قەسیدەی خۆی لەو سەردەمەدا نووسی، ئەو یەکەم ئافرەتی شاعیری تورکە کە کێشی هیجای تورکی بەکاربێنێ و یەکێکیشە لە شاعیرە نوێخوازەکان، چونکە ئەو هەوڵی ئەوەیدا کە شیعری میللی تورکی بەپێی خواستەکانی سەردەم پێش بخات.

هەروەها (**مەدحەت جەمال قونتای ١٨٨٥-١٩٥٦**) چەندین شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی بەکێشی عەروزی عەرەبی نووسی پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە شیعری تورکی ساڵانی یەکەمی تەمەنی کۆماری کەوتە بەر کاریگەری بیروکراتیەت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێ شاعیری لاو ویستیان ئەو کۆت و پێوەندە شیعرییە سپی کراوانە بشکێنن ئەوە بوو کۆمەڵەیەکی ئەدەبیاتیان دامەزراندو ناویان لەخۆیان نا (**حەوت مەشخەڵ- یێدی مشعلە**) ئەو کۆمەڵە شاعیرەش بریتی بوون لە شاعیران، سەبری ئەسعەد، وەسفی ماهیر، جەودەت قدرت، کەلغان خلوس، ئەو کۆمەڵە شاعیرە دیوانێکی شیعری هاوبەشیان بەناوی (**مەشخەڵ**) دەرکرد، لەشیعرەکانیاندا پشتیان بەشێوازی سریالیەتی فەرەنسی دەبەست، (**چاپووکی و ڕاستگۆیی و هاوچاخ بوون**) یان کردبووە دروشمی خۆیان، بەبێ ئەوەی خۆیان بەهیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی یا ڕێرەوێکی سیاسی دیاری کراو ببەستنەوە، بۆیە شاعیرانی مەشخەڵ یەکەم تەوژمی ئەدەبین لەسەردەمی کۆماریدا.

لەساڵی ١٩٢٩ دەنگێکی نوێ لە شیعری تورکیدا چەکەری کرد، لەو ساڵەدا نازم حیکمەت-ی شاعیر لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕایەوە، لەوێ تەکنیکێکی نوێی بۆ قەسیدەی شیعری لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە، کە کاریگەربوو بە بۆدلێرو شێوازی مایکۆفسکی و بەپشت بەستن بە کێشی هیجای تورکی و قالبی شیعری ئازاد.

دەرچوونی گۆڤاری (**وارلق١٩٣٠-**)یش وەرچەرخانێکی گەورە بوو بەرەو شیعری کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی تورکیدا، ئەوەبوو (**نازم حیکمەت**)یش لەگەڵ کۆمەڵێ شاعیری لاوی دیکە چووە پاڵ دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارە کە هەوڵیان دەدا لە کێشەکانی گوندی تورکی بکۆڵنەوەو ڕێگەچارەی گونجاوی بۆ دابنێن، ئەم گۆڤارە لەگەڵ تەوژمی حەوت مەشخەڵەکە توانیان قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ لە ئەدەبی تورکیدا دروست بکەن، لەوانەش هەردوو بزاڤی تەغریب و ئەدەبی گوندنشین، وێڕای تەوژمی شیعری سۆشیالیستی لەو دەمەدا لەئارادا بوون.

## ١- بزاڤی تەغریب:

سییەکانی ئەو سەدەیە نیشانەیەکی ڕەواندەوەی هەورە ڕەشەکانی ئاسمانی سیاسەتی نێودەوڵەتی بوون، فاشییەکان

تەنگیـان بە ئیتاڵییـەکان هەڵچنـی، نازییەکان لـە ئەڵمانیا هەوڵی ئەوەیان دەدا خۆ بگەیننە سـەر کورسی دەسەڵات، پاشان فاشـییەکان حەبەشـەیان داگیرکرد، ئا لەو دەمەدا نـازم حیکمـەت وەک وەرگێڕێکی فیلمـە بیانییەکان کاری دەکرد، لـە فیلمێکدا کە داگیرکردنی حەبەشـە دەردەخات نـازم دەنـووسـێت. فاشـیەت لـە شـەقامەکانی ئەسـتەمبوڵدا دەسـتوڕێتەوە. بەو مانایە کە دەسەڵاتی ئەوسـاتە بەرەو فاشـیەت دەچێت، هەر لەو سـەردەمەدا مقۆمقۆی چۆنیەتی چاکسـازی دیموکراسـی لەئارادابوو، نـازم حیکمـەت لەو دەمـەدا حوکمـی زیندانی بەسـەردا دەدرێ، بەگوناهی پێکهێنانی شانەیەکی شیوعی لە کۆلێژی جەنگ و پڕوپاگەندە کردن بۆ شوعیەت لە نێو ئەفسەرانی دەریاوانـی، وەک هەوڵێـک بـۆ بەرپاکردنـی کودەتایەک لەساڵی ١٩٣٨.

بەڵام نـازم حیکمەت بێ ئومێد نەبـوو، لەنامەیەکدا بۆ سـەرانی ئەوکاتە دەنووسـێت کە ئەو مرۆڤێکی دڵسۆزی نیشـتمانەکەیەتی، قەتیـش هەسـتی خیانەتـکاری نەبووە، هەمیشـە پەیوەسـت بە پرسـەکانی گەل بووە، بەڵام کات لەدەست چوو بوو.

لەو دەمەداو لەو کەشوهەوا پڕ لە نیگەرانی و تەمومژە، سێ شاعیری لاو، ئۆرخان وەلی، ملەیح جەودەت، ئۆقتای رەفعەت، دیوانێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە بەناوی (**غەریب**) پێشـەکی ئـەو دیوانـە، لەبەیاننامەیەکی شـیعری دەچوو، تێیـدا ئەو شـاعیرانە شـیعری تەقلیدیـان رەت دەکردەوە قالبەکانیـان تێک دەشـکاند، هەوڵیان دەدا هاوسـەنگییەک لەنێـوان دەروون و مرۆڤ و سروشـتدا دروسـت بکەن، دنیایـەک دروسـت بکەن کە جوانی و خۆشەویسـتی تێدا بێت، لەتەک چینە جەزرەبە دراوەکانیش بوەستن.


پێشـەنگەکانی ئـەو ئەدەبە بە سـریالیەتی فەرەنسـی کاریگەربوون، بۆیە ئەو لاوانە بەیەکەم نوێخوازی شیعری نوێی تورکی داندران، ئەو تەوژمە ئەدەبییە توانی کۆمەڵێ شـاعیری بەتوانا لەدەوری خۆیدا کۆ بکاتەوە لە چەشـنی (ئۆرخان وەلی) کە دواتر توانیان بە بەرهەمەکانیان خۆیان کار لە نەوەیەک بکەن لە ئەدەبی تورکیدا.

**دەرچوونی گۆڤاری (وارلق-١٩٣٠)یش وەرچەرخانێکی گەورە بوو بەرەو شیعری کۆمەڵایەتی لە ئەدەبی تورکیدا**

## ٢- تەوژمی ئەدەبی گوندنشین:

لـە چلەکانـدا تەوژمێکی نوێـی ئەدەبی سـەری هەڵدا،

ئامانجی بەدەرخستنی ژیانی میللی گوندنشینەکان بوو، لە رووی کێشەی جووتیارەکان و ئەو گوندنشینانەی ٪۸۰ی دانیشتوانی ئەو وڵاتەی پێک دەهێنا، چیرۆکنووسی پیشکەوتنخواز (**مەحمود مەقال**) لە سەرووی ئەو تەوژمە ئەدەبییە بوو، بەتایبەت دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانەکانی (**گوندەکەمان**) کە دواتر وەرگێڕدرایە سەر ٤٦ زمانی جیهانی ئەو تەوژمە ئەدەبیە کە بە (**تەوژمی ئەدەبی گوندنشینی**) ناوزەدکرابوو، ئەزموونی کۆمەلایەتی و فۆلکلۆری تورکی و کەلتوری تورکی کۆنی دەگرتە خۆی و پشتی بە واقیعیەت و راستگۆیی دەبەست.



عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغلو

مەحمود مەقال رابەری ئەو تەوژمە بوو بە ئەدیبە پێشکەوتنخوازەکانی وەک سەباحەدین عەلی، کەمال تاهیر، سەمیم بوجاتوز، یەشار کەمال، ئۆرهان کەمال، ئیلهان تاووس، تالیب ئایدن، فەقید بایتورت، محەمەد باشارات، فیکرەت ئۆیتام، بەکر ییلدز، لەنێوان ئەو تەوژمە ئەدەبییە دابوون.

هەروەها دەتوانین نموونەی ئەو تەوژمە ئەدەبییە لە شیعری شاعیرە پێشکەوتنخوازەکانی وەک ئەحمەد عارف، جیحون عاتف، سەید کەمال قراعلی ئۆغلو، متین ئۆغلو، نەجاتی جومعەلی، بەکر سدقی ئۆردوغان، جاهد کولەبی، بەدری رەحی ئەیوب ئۆغلو، بخوێنینەوە. دەربارەی ئەو تەوژمە ئەدەبییە دەڵێت: گۆرانی گوندنشینەکان گرنگییەکەی بەقەد گرنگیتانە، چونکە ئەزموون و خەبات و رووناکی چاوی هەزاران ساڵی تێدایە، چیرۆکنووس (**بەکر یولدز**) یش دەربارەی ئەو تەوژمە دەڵێ: کاتێ لەسەر کێشەی گوندنشینەکان دەنووسم، مەزەندەی ئەوە دەکەم کە ژیان بەتێکراییی دەنووسمەوە، یان بەشێوەیەکی دیکە، بڵێین من لەناوەوە تەماشای کۆمەڵ و کێشەکانی دەکەم و ئەو مینانە دواتر بەسەر سەری خوێنەراندا دەتەقێنمەوە، تا ئێستاش ئەم تەوژمە ئەدەبییە بەهێزترین تەوژمێکی ئەدەبی تورکی بووە، ئەگەرچی هەندێ لە رابەرانی چوونە نێو تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیستی.

### ٣- تەوژمی دووەمی بزاڤی شیعری:

لەدوا ساڵەکانی دوایی چلەکان، کۆمەڵێ گۆرانکاری سیاسی و رۆشنبیری گەورە لە تورکیا سەریان هەڵدا، لەدەرەنجامی هەرەس هێنانی فاشیستیەت و سەرکەوتنی هێزی دیموکراتی، ئەم گۆرانکارییانە کاری خۆیان کردە سەر باری گشتی و بوونە هۆکار بۆ سەرهەڵدانی ئازادی و رەچاوکردنی بیروباوەڕی فرە حزبایەتی، دوای ئەوەی حیزبی گەل-ی کۆماری ماوەی چارەگە سەدەیەک وەک تاکە حزبێک دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو، لەکەشوهەوایەکی ئاوادا هەندێ لەو شاعیرانە سەریان هەڵدا کە توانیان شوێن پەنجەی خۆیان لەسەر بزاڤی شیعری لە تورکیادا بەجێ بێڵن و کاریگەری ئەو بزاڤە هەتا هەنووکەش هەر بمێنێ، لەسەرووی ئەوانیشەوە (**فازیل داغلارجا**)ی شاعیرو ئەفسەری سەربازی، ئەو شاعیرەی کە لەپێناو خۆتەرخانکردن بۆ ژیانی رۆشنبیریی دەستی لەکاری سەربازی هەڵگرت، وێڕای بەرهەمی زۆری، شوێن و پایەی ئەو شاعیرە تا ئێستاکەش هەر ماوە، بەهۆی هەمەڕەنگی بابەت و زمانی جوان و تێڕوانینی پێشکەوتنخوازانەی. لەساڵی ١٩٤٨- قوتابیەکی سانەوەی وەک (**ئەتیلا ئەلهان**) خەڵاتی شیعری حزبی گەلی کۆماری پێ بەخشرا، ئەم خەڵاتەش نیشانەی لەدایکبوونی شاعیرێکی نوێخوازی تورکی بوو، کە کاریگەری خۆی بەسەر تێکڕای نەوەیەک لە شاعیرە لاوەکاندا هەبوو.

لە پەنجاکانیشدا گەلێ دیاردەی کتوپڕ لەناکاوی سیاسی و رۆشنبیریی هاتنە پێشەوە، لەو سەردەمەدا حزبی گەل-ی کۆماری لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ هەرەسی هێناو دەسەڵاتی بۆ حزبی بەرهەڵستکاری دیموکراتی بەجێهێشت، کە ئازادییەکی بەرچاوی دیموکراسی هێناکایەوەو رێگەی بە پێکهێنانی چەندین حزبی سیاسیدا. یەکێ لە پێشەنگی ئەو کارە لەناکاوانە راگەیاندنی مانگرتنی (**نازم حیکمەت**)ی شاعیر بوو لەنانخواردن و داواکردنی ئازادبوونی، ئەوەبوو رۆژنامە نوێخوازەکانی تورکیاو جیهان گرنگییەکی زۆریاندا بە پرسی ئازادکردنی نازم حیکمەت. کاری لەناکاوی دووەم ئەوەبوو کە ئەو حزبە لێبووردنی گشتی بۆ بەندییە سیاسییەکان دەرکرد، کە نازم حیکمەت یەکێ بوو لەوان، بەڵام رووداوی هەرە لەناکاو ئەوە بوو کە نازم حیکمەت توانی لە رێگەی دەریای رەشەوە بەهۆی بەلەمێکی بچووکەوە خۆی بگەیەنێتە یەکێتی سۆڤیەت، نەبادا جارێکی دیکە زیندانی بکرێتەوە، چونکە زۆر هەوڵی لەناوبردنی بۆ درابوو، لەوانە جارێکیان ویستبوویان بە ئۆتۆمبێل پێی لێ بنێن، جارێکی دیکەش هەوڵی راکێشانیان بۆ کاری سەربازی دا بوو بە تۆمەتی دواکەوتن لە خزمەتی سەربازیدا، کارێکی دیکەی ئەو زنجیرە لەناکاوانە سەرکەوتنی حزبی دیموکراسی بوو بۆ جاری دووەم لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٥٤، ئەمە بووە هۆی کردنەوەی لاپەڕەیەکی دیکە لەکاری تیرۆرو گرتن و برین و زەوتکردنی ئازادی دیموکراسی، بەچەشنێک کە تورکیا کاری وا توندوتیژی لەسەردەمی دیکتاتۆرێکی وەک (**ئینۆنۆ**)و حزبە تاکڕەوە دەسەڵاتدارەکەشیەوە بەخۆیەوە نەبینیبێ.

لەو سەردەمە تەنگەتاوەدا تەوژمێکی دیکەی نوێی ئەدەبی لە شیعری تورکیدا سەری هەڵدا بەناوی (**بزاڤی دووەمی شیعری**) وەک رەتکردنەوەیەکی هەڵوێستی گۆڤاری (**وارلت**) کە بڵاوکردنەوەی قەسیدەکانی کۆمەڵێ شاعیری لاوی نەتەوەیی قەدەغە دەکرد، ئەو لاوانەی کە هەریەکەو لەلای خۆیەوە- بێ ئەوەی یەکێک ئەوی تر بناسێت- هەوڵی دەدا فۆرمی قەسیدەکانی

خۆیان بگۆڕن بەبایەخدان بە وشــەی پاراوی زمان و پێشخستنی ناوەڕۆک، لەچوارچێوەی ئەزموونــە نوێکانــی شــیعرەوە، کە باســیان لــە ئازادی و خۆشەویســتی و شــتی دیکەی نــوێ دەکــرد، لەســەرووی هەمووشــیانەوە شــاعیرانی وەک مزەفــەر ئاردۆســت، ئیلهان بەرەک، ئۆلکۆتامر، جەمال ســورەیا، نەجاتی جومعەلی، ســزائی قەراقــۆچ، تۆرگۆت ئۆیار، محەمەد تانر...

پێــش ســەرهەڵدانی ئــەو بزاڤە شــاعیرە تورکمانــەکان لــە قەیرانێکــی راســتەقینەدا دەژیــان، وەک هەمــوو وڵات تێیــدا دەژیــا، بــەڵام لەگــەڵ نەشــوو نومــا کردنــی ئــەو بزاڤــە نیشــانەکانی گۆڕانــکاری لــە حاڵەتی کشــتوکاڵەوە بــۆ پیشەســازی دەرکــەوت و وڵات وای لێهــات کــە نیوەی پەیوەســت بێت بە رەورەوەی هاوپەیمانەکان و سەرمایەدارە نێودەوڵەتییــەکان. چەندیــن بزووتنــەوەو چالاکــی دیکــە لــە چەندین بــواری جیاجیای دیکەدا سەریان هەڵدا، بەتایبەت لەبواری رێگا دروست کردن، دروستکردنی پرد، کردنەوەی کارگــە، زۆربوونی کۆچ لــە گوندەکانەوە بۆ شارو گەڕان بەدوای کارو خۆ رزگارکردن لە چەنگ ستەمی دەرەبەگەکان، بێجگە لە هاتنی پارەو پوولی بیانی و یارمەتی دەرەکی بۆ ئەو وڵاتە کە ئارامی و ئاســودەییەکی کاتی هێنایە کایەوە، بەڵام لەگەڵ رەخســاندنی ئەم حاڵەتە ئاســودەییە کاتییــەش گوشــار و تۆقاندن و راوەدوونانی فیکری لەسەر پیاوانی روناکبیرو ئەدیب و شاعیران زێدە بوو.

لەو ســەردەمەدا شــاعیرە نوێخوازەکانی وەکو ســەبیح شــندل، سوعاد تاشــر، ئیلهان بــرک، رەفعەت گاز، شــەکران قورداقول، ال، قــادر، حەســەن عزەدیــن داینمــو، هەروەها ئەدیبانی وەک ســەباحەدین عەلــی، ئۆرخان کەمــال و کەمــال تاهیــرو یەشــار کەمــال کەوتنــە بەندیخانەو پەڕاگەندەیی، ئەم کەشــە تۆقێنەرەو راوەدوونانی شاعیرە نوێخوازەکان کارێکی سروشــتی بوو بەهــۆی دووڕوویی دەســەڵاتداران، ئەوکاتە لەنێوان رازی کردنی خاوەن ســەرو ســامان و بیانی و هاوپەیمانە نوێکان لەلایەک و رازی کردنی چینی بورژوای نێوخــۆ لەلایەکی دیکەوە، کە لەو دەمەدا زۆر بەشــێوەیەکی خێــرا نەشــوونومایان دەکرد، لەوکاتەدا داب و نەریتەکانی شــیعری تورکی ئەو بوارەی بۆ شــیعری نوێ نەدەرەخســاند کە هاوشــانی گۆڕانکارییەکان بێت، شــیعری میللیش دیســان هــەر نەشــوونوما بوونێکی هێوریان هەبوو، بەدرێژایی سەدان ساڵ هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆیان بەسەردا نەهات کە شایانی باس بێت، شیعری دیوانیش شیعرێکی مەییــوو بوو گوزارشــتی لــە ئارەزووەکانی چینــی دەســەڵاتداراو دەرەبەگــەکان دەکــرد، وێــرای پەیدابوونی چەندیــن تەوژمی ئەدەبی و رۆشــبنیریی لەســەردەمی رێکخســتن و ئینقیلابی عوســمانی و ســەردەمی کۆماریدا، کەچی ئەو جۆرە شیعرە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتــۆی بەســەردا نەهــات، ئــەو تەوژمــە نوێیانــەش کە باســمان لێوە کــردن چەندین گۆڕانکاریــی ئەوتــۆی بەســەردا نەهات، ئەو تەوژمــە نوێیانەش کە باســمان لێــوە کردن چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتیان بەسەر شێوەو قالبی شــیعری داهێنان کە دواتر بوو بەهۆی رەخســاندنی جۆرە شیعرێکی موتوربە کراو، کە نەدەچۆوە سەر ئەدەبی دیوان و نەشیعری ئەورووپی نوێش.

ســاڵانی ١٩٥٠-١٩٦٠ (**کــە ســاڵانی دەســەڵاتداریەتی حزبــی دیموکراتییــە**) لــە ناوەڕۆکەکەیــدا خۆشــگوزەرانی ئابــووری چینــە جیاجیاکانــی کۆمەڵــی تورکــی تێــدا رەنــگ دەداتەوە، کەچی ئەمەیــان لەگەڵ ئەو پێشــکەوتنە کۆمەڵایەتییــەدا هاوشــان نەبوو کــە لە وڵاتدا دەهاتە کایەوە لەلایەک و لەگەڵ پێشــکەوتنی هۆشــیاری سیاسیشدا لەلایەکی

دیکەوە، لەو دەمەدا کە پارچە جیاجیاکانی کۆمەڵ بەرهەمی ئەو خۆشگوزەرانییە ئابوورییەیان دەدوورییەوە، بە بەردەوامی چینی هۆشیارو رۆشنبیر رۆژانە رووبەرووی شێوازی نوێی سەرکوتکردنەوەی سیاسی دەبوونەوە، لە رێگەی دانانی ئەو یاسایانەی کە چالاکییە سیاسییەکانی تێدا دیاری دەکردو کۆت و پێوەندی نوێتریان دەخستە ئەستۆی ئازادی بیرورِاو بیرکردنەوە، چونکە بۆرژوا بچووکەکان، رۆڵی رۆشنبیرە هۆشیارو شۆرِشگێرەکانیان دەبینی لە ئاشکراکردنی ستەمکاری کۆمەڵ، بەشێوەیەک کە خەبات لەنێوان بورژوای بچووکی دەسەڵاتدارو چینی رۆشنبیرو هۆشیارو بوو بە خەباتێکی سیاسی رۆژانە. پێشتر شیعری تەقلیدی دەسەڵاتی وەرگرتنی نەبوو، لەدەرەنجامی ئەم هاوکێشەیەدا بزاڤی دووەمی شیعر دەستی پێکرد، ئەو نوێخوازییەی بزاڤی شیعری تورکی هەڵی گرتبوو چی بوو؟ رەخنەگری ناسراوی تورک **(دوگان هیزلان)** دەربارەی ئەم بزاڤەو بیرورِای دەربارەی **(ئاجە ئیهان)**ی شاعیر کە یەکێکە لەوان دەڵێت: ئەم بزاڤە نرخ و بەهای وشەیان دەزانی لە گوزارشت کردنی ئەو هەستەی هەیانبوو دەیانزانی وشەی لەقالب دراوی چوارچێوەدار لە دنیای شیعردا شتێ ناگەیەنێ.

ئاجە ئیهان-و شاعیرانی دیکەی ئەم بزاڤە شیعرییە توانیان فەرهەنگێک بۆ وشەکانیان دابنێن، ئەو وشانەی کە ئەوان لەو شیعرانەدا بەکاریان دەهێنان کە لە موزاییک دەچوو، ئەوان پشتیان بە پلەی یەکەم بە وشەو ناوو چمک دەبەست، کە هەر وشەو ناوو چمکێک جێگەی دەیان رستەی سواویان دەگرتەوە.

هەروەها **(ئەلهان برک)** کە یەکێکە لە رابەرانی ئەم بزاڤە دەڵێت: ئەم بزاڤە لە چەشنی بزاڤی یەکەمی شیعر بوو، کە هەرسێ شاعیر، ئۆرخان وەلی، ملیچ جەودەت، ئۆکتای رەفعەت رابەرایەتیان دەکرد، بزاڤی دووەمی شیعر بە پێچەوانەی ئاراستەی هەردوو بزاڤی شیعری کۆمەڵایەتی و بزاڤی یەکەمی شیعر بوو، چونکە ئەو بزاڤە پێی وابووە کە بزاڤی یەکەم تەنها ئاراستەیەکی هەبووەو ئاسۆیەکی تەسک و تریسکی پێوە دیاربوو، ئەگەرچی پاڵی بەشیعر ناوە بپرژێتە سەر شەقام، بەڵام لەوێوە دەستی لێ بەرداوەو وازی لێ هێناوە.

تەوژمی شیعری کۆمەڵایەتیش لەشوێنی خۆیدا خولی خواردۆتەوە، نەیتوانیوە سوود لەو توانا نوێیانە وەرگرێ کە دژی دوو روویی و خۆ دووپات کردنەوە بوونە، بۆیە بزاڤی دووەمی شیعری وەکو دەرمانێکی برینان وابووەو توانیویەتی وەرەمەکانی وەستان و دوورِوویی و خۆ دووپاتکردنەوە لە رەگەوە هەڵکێشێ و رێگەیەکی بەرفرەوان لەبەردەم شیعری نوێی تورکی کردەوە.

هەروەها **(ئۆزدمیر ئینجە)** شاعیریش دیسان هەر یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی ئەم بزاڤەو دەڵێت: ئەم بزاڤە لە دەرەنجامی کۆمەڵێ حاڵەتی دژبەیەکی ناوخۆیی لەژێرخانی کۆمەڵگەی کۆماری لەدایک بوو، چونکە تەوژمە سیاسییەکان **(بەرەو رۆژاوا یاخود رۆژهەڵات) (رەوتی تاک یا بە کۆمەڵ)** کۆڵەگەو دەزگاو چمکەکانی کەوتە لەرزین، بۆیە ئەم بزاڤە جۆرە یاخی بوونێک بوو دژی کەمتەرخەمی و دوورِوویی رۆشنبیریی و ئیمپریالیزم و گوشار کردن و دژی ئیرهاب. لەوکاتەدا بزاڤی دووەمی شیعر زۆر بەهێزەوە بەرگری لە تەمومژایەتی شیعر کردو دووپاتی ئەوەی کردەوە کە چۆن شیعر بۆی هەیە رەوان و دیار بێت، ئاواش بۆی هەیە تەمومژاویش بێت، ئەو تەمومژە شیعریەش بۆ شێوازی نوێی قەسیدە دەگەرِێتەوە، کە پشت بە زیندوویەتی وشەو دیالۆژی ناخ دەبەستێت لەکاتی گوزارشت کردن لە رووداوەکانی رۆژانەدا، لە رێگەی پەیوەندییە مێژوویی و ناوەرِۆکە قووڵەکانییەوە، شێوەی

نوێـی شـیعر، ئەو نـوێ بوونەوەیـە بوو کە بزاڤـی دووەمی شـیعر لـە ئەدەبـی تورکیدا هێنایـە کایەوە، ئەو کەسـەی نەیدەتوانی لەو شـێوەیە و لە شـێوازو بنەماکانی تێبگات، وا تێدەگەیشـت کـە شـیعارەکان تەمومژاویـن و لـە مەئلوفیـەت دەرچوونـە، چونکـە ئـەو گۆرانکارییـەی ئەو بزاڤە لە بونیاتی وشـەی شیعریدا هێنایە کایەوە، بوو بەهۆی چەسپاندنی بیر تەمومژاوی دەربارەی شیعری ئەم بزاڤە، کەچی لە راسـتیدا تێگەیشـتن لەو قەسـیدانە بەرۆشـنبیری خوێنـەرو پلـەی هوشـیاری سیاسـی و کۆمەڵایەتییەوە بەندە، وەک چۆن قوتابییەکـی ناوەنـدی لـە تابلـۆی **(گرانیکا)**ی بیکاسـۆ بـە نموونەیەکـی تەمومـژاوی و رەمزیەت تێدەگا، کەچی رۆشنبیرێکی هۆشیار ئـەم تابلۆیە دەکاتـە نموونەیەکـی زیندووی دڵرەشی و نەفرەت لێکردن، بۆیە شیعری ئەو بزاڤە ناوەرۆکی شیعری تورکی بەرزکردەوە لە شێوەی رووکەشی و شێوەیی و وێنەییەوە، بەرەو بونیاتنانێکی فیکری گواستەوە.

## ٤- تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیستی:

دەسـەڵاتدارانی تورک لەماوەی سـاڵانی ١٩٥٠-١٩٦٤ ویسـتیان کتێـب و دیوانـە شـیعرییەکانی نـازم حیکمـەت و شـاعیرو نووسـەرە پێشـکەوتنخوازەکانی وەک سەباحەدین عەلی، حەسـەن عزەدین داینمو، **(أ.قـادر)** و چەندینـی دیکـە قەدەغـە بکـەن، بەرێگـەی دادگا یاخـود بەفرمانـی بـاڵا بـۆ قەدەغەکردنی کتێبەکانیان.

لـەدوای شەسـتەکانیش کۆمەڵێ شـاعیر دەرکەوتـن ناویـان لەخۆیـان نا **(شـاعیری دروشـمەکان)**. تەنیا ئامانجیـان ئەوەبوو کە خۆیان بەسـەر نێوەندی شیعریدا بسەپێنن و زۆر بە بزاڤی دووەمی شیعر کاریگەر بوون، هەندێکیش بە رێگەی پێچاوپێچ دەیانەویسـت ئەوە بسەلمێنن کە جێگرەوەی نازم حیکمەتی شـاعیرن، لەسـەردەمی ئەوانەشـەوە ئایدین خەتیـب ئۆغلو، ئەفشـار یعموجین، حەسـەن حوسێن، تورگای کونەنج، جان یوجیلن ئاتور گوکچـە، کەمال ئاوزر ئۆغلو، تەکین سـوغز، بـەڵام زۆر لەوانە روویان لە تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیسـتی کـردو هەندێکیـان بـوون بە پێشـەنگی ئەدەبـی واقیعی سۆشیالیسـتی لە ئەدەبی تورکیدا.

لـە ٣٠ی تشـرینی یەکەمـی ١٩٦٤ ژمارە یەکی گۆڤاری بەرە **(یوت)**ی پێشـکەوتنخواز دەرچـوو کـە (دوگان ئوجـی ئۆغلـو) سەرنووسـەری بوو، لەو ژمارەیەدا وتارێکی نازم حیکمەت بەناوی **(نیشتمانەکەم)** و قەسیدە بەناوبانگەکـەی **(مەملەکەتی مـن. وڵاتەکەم)** بڵاوکرایەوە کەچی داواکاری گشـتی دادگای رۆژنامەنووسـی، بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی قەسیدەیەک لە کتێبێکی قەدەغەکراودا شکاتی کرد، بەڵام لەبەرئـەوەی بەرێکەوت بڕیارەکە لە رۆژنامەیەکی رەسمیدا بڵاو نەکرایەوە ئەمە بـوو بەهـۆی لەبارچوونی شـکات کردنەکە، ئەمـە سـەرەتایەک بـوو بـۆ بڵاوکردنەوەی شـیعرو دیوانەکانی نـازم حیکمەت لە هەمان ساڵدا، ئەمە بوو بەهۆی پێگەیاندنی نەوەیەکی لاوی ئەوتـۆ کـە بڕوایـان بـە خەبـات و شـۆڕش هەبوو، ئەوەبوو زۆربەی شاعیرانی تەوژمـی دروشـمداری روویان لـە تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیسـتی کرد. شاعیری گوندی ئەحمـەد عـارف دەنگێکـی زوڵاڵـی نێوەندی ئەوان بوو، چونکە هەمیشـە ئەو شـاعیرە بە شـیعرە بەهێزەکانی لە پشت چینی چەوساوە دەوەسـتا دژی هێـزە دوژمنـکارەکان کە لە کانگەی ژیانـەوە هەڵقوڵابوون، شـیعرەکانی ئـەو شـاعیرە وەکـو زەنگـی کەنیسـەکان وابـوو بۆ لـە خەوهەڵسـاندنی خەوتووەکان و بەهێـز کردنی لاوازەکان بـەرەو خەبات و بەرەنگاربوونەوە، بۆیە شـیعرەکانی ئەحمەد عارف درێژکراوەی شیعرەکانی نازم حیکمت بوون، هەروەکو ئەحمـەد بەجێگرەوەی نازم حیکمەت و هەڵگری بیروباوەڕی ئەو ناسراوە

لەگۆڕەپانی خەباتدا.

لەماوەی نێوان ١٩٦٥-١٩٧٧ کۆمەڵە شاعیرێکی دیکە چوونە نێو تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیستی لەوانە: ئاردال ئالوفا، ئۆزدمیر ئەساف، مەتین کووەن، نیهاد بەهرام، عیسمەت ئەوزەل، کەمالدین قایا، ئەدیب جان، وێڕای چەندین ناوی دیکە لە تەوژمە شیعرییە نوێخوازەکانی تورکیا، لەوانە: **(أ.قادر)**، ئەتیلا ئیلهان، جاهید ئیرغاس، فازڵ حوسنی، ئیلهان برک و چەندانی دیکە، ساڵی ١٩٧٥ خاڵێکی گرنگی وەرچەرخانی تەوژمی ئەدەبی سۆشیالیستی بوو لە تورکیا. ئەوە بوو شاعیرو ئەدیبی پێشکەوتنخواز ئەتا ئارل **(بەهرام)** ئۆغلو، گۆڤاری **(ملیتان)** جەنگاوەری لەکانوونی دووەمی ١٩٧٥ بڵاوکردەوە، کە تێیدا بایەخێکی زۆر دەدرایە فیکری سۆشیالیستی و کێشەی چینە چەوساوەکان لە دنیاو ڕۆشنبیریی گەلان، ئەم گۆڤارە لە ڕێگەی ئەو قەسیدەو لێکۆڵینەوانەی بڵاوی دەکردنەوە، بەرجەستەی خەباتی گەلانی دەکرد دژی ئیمپریالیزم و فاشیەت و بەرگری کردن لە سەربەخۆیی و ئازادی.

شیعری تورکی نوێ توانی لەو سەردەمەدا بەتەواوەتی شوێنی خۆی لە ئەدەبی جیهانیدا بکاتەوە، ئەمڕۆکەش ئەو کاروانە پێشکەوتنخوازانەی خۆی لەسایەی ئەو کەلتوورە شیعرییە پڕ لە خەباتە دژی فاشیەت و دواکەوتن پەرە پێ دەدات، ناویشی بەناوی نازم حیکمەتەوە لکاوە کە مێژووی ژیانی ١٩٠٢-١٩٦٣ بەمێژووی پێشکەوتنی شیعری تورکی نوێ بەستراوەتەوە.

## چوارەم: ئەنجام:

ئەگەر تەوژمی ئەدەبی دیوان کە لەژێر کاریگەری ڕۆشنبیریی عەرەبی ئیسلامی نەشونومای کردبێ، وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی کاریگەر بەسەر ڕۆشنبیریی تورکیەوە بەدرێژایی حەوت سەدە، ئەوە شیعری تورکی تا ئێستاکەش لە زۆربەی قەسیدەکانیدا وێڕای هەموو ئەو هەوڵە بەردەوامانەی بۆ دۆزینەوەی بەدیلێکی گونجاو نراون، کەچی پشتی هەر بە کێش و سەروای عەرەبی بەستووە.

لەبەرئەوەش کە زمان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە قەسیدەی ئەو شاعیرانە یەکیەتییەکی بەهێز لەنێوان زمانی شیعری و شێوەی قەسیدەکاندا هەبوو، هەموو ئەو هەوڵانەش کە بۆ خۆرزگارکردن لە کاریگەری عەرەبی بەرفراوان لەزمانی تورکیدا هەوڵی بێ هودە بوونە، چونکە زمانی عەرەبی ڕەگ و ریشەی قووڵی خۆی لە زەمینەی ڕۆشنبیریی تورکیدا داکوتاوەو هەندێ وشەو زاراوەی عەرەبی لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن، هەندێ ماناو دەلالاتی وای بەخشیوە کە هەتا عەرەبەکان خۆشیان هیچی لێ تێ ناگەن.

ئەدەبی تورکی وێڕای هەموو کاریگەرییە دەرەکییەکان، لەماوەی ئەم سەدەیەدا توانیویەتی سیماکانی خۆی کامڵ بکات و ناسنامەی تایبەتی خۆی هەبێت لەسایەی شاعیرو ئەدیبە پێشکەوتنخوازەکان و دامەزراوە ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان کە چەندین خەڵاتی بەهاداری ئەدەبی و شیعریان بۆ داهێنانی هونەری و ئەدەبی دانابوو لە تێکڕای بوارەکاندا، وێڕای خەڵاتی تایبەتی هاندان بۆ شاعیران. ئەمە وای کردووە کە قوتابخانە ئەدەبییەکان جۆراوجۆر بن لە شیعری تورکیدا، لەگەڵ پاراستنی ناسنامە پێشکەوتنخوازەکەی وەک فازڵ حوسنی و ئەغلارجا کردووە بڵێن: جیاوازی شاعیرە تورکمانەکان ئەوەیە کە ئەوان پێش ئەوەی خەڵکی ڕەخنەیان لێ بگرێت ئەوان خۆیان ڕەخنە لە خۆیان دەگرن، وێڕای هۆشیاری سیاسی و زمانەوانی و هونەری، بۆیە من بەرامبەر بە ئایندەی شیعری تورکمانی گەشبینم.

مێژووی بواری شیعرو ئەدەبیاتی تورکمان، مێژوویەکی دوورودرێژی خۆی هەیە، لەو ماوەیەدا ئەدیبانی تورکمانی رۆڵێکی کاریگەرەو بەرچاویان بینیووە لەرووی بواری رۆژنامەنووسیی تورکمانیدا، بۆ ئەو مەبەستەش شان بەشانی رۆژنامەنووسان هاوخەبات بوونە بە دەربڕینی شیعرەکانیان و بەشداریکردن لە رووپەڕی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا. هەروەها هاکاری یەکتریش بوونە لە رووی رۆشنبیریی و گۆڕینەوەی بیروڕای سەربەست بەرانبەر بەشیعرو ئەدەب. ئەدیبانی تورکمان بە قەڵەمی بەپێزیان بەشداریان لە رۆژنامەکاندا کردووەو توانیان مێژوویەکی بوێرانەو بیری ئازادیخوانەو شارستانیانە بۆ نەتەوەکەیان تۆمار بکەن، لەلایەکی دیکەوە بەگیانێکی نیشتمانپەروەرانە، خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە کەلتوورو کەلەپووری نەتەوەکەی خۆیان کردووەو گوزارشتیان لە خواستی گەل و نەتەوەکەیان کردووە، ئینجا بەهەر شێوازو رێچکەیەک بووبێت و پەیامی پیرۆزی خۆیان بگەیەنن.

رەنگە لەو هەلومەرجەی کە شاعیرو ئەدیبانی تێدا ژیاوە، هەلومەرجێکی لەبار نەبوو بێت، لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، گەلێک کێشەو گیروگرفتی گەورەیان هەبووبن، بەڵام ئەمەش هەمدیسان نەبۆتە هۆکارێک بۆ دەستەپاچەیی و دۆش دامانی قەڵەمی رۆشنبیرانی تورکمان، بەڵکو جەوهەری خەباتی ئەوان لەوەدا بووە کە لەو هەلومەرجە تەنگەتاوەدا توانیویان بوونی خۆیان لەگۆڕەپانەکەدا بسەلمێنن و چەندەها بەیتی شیعرو ئەدیبانی نەتەوەکەیان تۆمار بکەن و ئەدەب و رۆشنبیرییەکەیان چووەتە ناو مێژوو، لەسەردەمی خۆیاندا توانیان شتێک لە بیری جوان و وشەی جوان بەجێ بهێڵن کە ئێمەوا لێرەدا تیشک دەخەینە سەر داهێنانەکانیان:

***خدر لوتفی**

### شاعیری پەژارەو نائومێدی

خدر لوتفی شاعیری تورکمانی بەناوبانگ، کوڕی سەمین کوڕی ئیسماعیل، لەساڵی ١٨٨٠ زایینی لە گەڕەکی (**چای**) لە شاری کەرکوک چاوی بەدنیا هەڵێناوە، لەسەردەستی ماموستایان لە مزگەوتی هەمان گەڕەک و بەچاودێری (**مەلا سلێمان**) خوێندوویەتی و فێرە زمانەکانی تورکمانی و عەرەبی و فارسی بووە، (**زیاد ئەفەندی**) هاندەرێکی نزیکی بووە لە شیعر نووسیندا.


لە تەمەنی سێ ساڵیدا (**لوتفی**) بێ باوک ماوەتەوە، کاتێ تەمەنی گەیشتۆتە پانزە ساڵی، دایکیشی کۆچی دوایی کردووە.

لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا لوتفی چووەتە ڕیزی سوپاو بەناونیشانی جێگری ئەفسەر لەوێ دامەزراوەو پاش ماوەیەک روتبەی (**ضابط کاتب**)ی پێ دەبەخشرێ و لەساڵی ١٩٢٤ دەبێت بە (**یوزباشی ئالای**) واتە نەقیب.

### خدر لوتفی چۆن هاتە نێو دنیای شیعرەوە

باخچەی شیعرو ئەدەبیاتی شاری کەرکووک، گەلێ بەهرەو هزری جوان و وشەی بەپێزو ناسک و مانای بەنرخی تیا پشکوتووەو سامانێکی دەوڵەمەندی خستۆتە سەر خەرمانی رۆشنبیری ئەم شارە، کە مەڵبەندێکی گەورەی رۆشنبیری بووەو چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تیا دەرچووە. ئەدیب و شاعیرانی تورکمانی لەم سەکۆ رۆشنبیرییانەدا دەوری کاریگەریان بینیوە بۆ خزمەتی ئەدەبەکەیان، یەکێک لەو خاوەن توانا بەرزانە، رۆشنبیرو ئەدیب و شاعیری لێهاتوو (خدر لوتفی)یە کە خۆی هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە ئاوێتەی شیعر دەبێت.

ئەوەتا ماموستا وەحیدەدین بەهائەدین لەکتێبەکەیدا بەناوی لە ئەدەبی تورکمانییەوە، باسی ئەو شاعیرە دەکات و ئاماژەی بەوە کردووە، کەوا چەند پارچە شیعرو نووسین



خدر لوتفی

و لێکۆڵینــەوەی ئەو شــاعیرەی لــە ڕۆژنامەو گۆڤارە عێراقی و تورکییەکاندا بڵاوکردۆتەوەو چەندیــن لایەنی ژیانی پڕ لە دەردەســەری و هەنگاوەکانــی ئەو پیاوەی بــەرەو نەمری و ســەربەرزی و دۆزینــەوەی پەیوەندییەکــی دروســتی نێوان ژیانێکی تاڵ و هەڵوێســتە مرۆییەکانی هەڵداوەتەوە.

خــدر لوتفــی شــاعیرێکی ســۆفیگەر بــووە، ئــەو ســۆفیگەرییەش هانــی داوە بایــەخ بەکاروباری خەڵک بدا، بەگەورەو بچووکیانــەوە، بۆیە لە دەرگای چەندین بابەتی مرۆیی دەدا، وەکو زانیارییەکان و ســۆزوبەزەیی و ئاســایش و تەندروستی و بیروباوەڕو فەلسەفەی خێرو شــەڕو وەزیفەی کۆمەڵایەتی، شایانی باسە (**خدر لوتفی**) شیعرێکی زۆری هەیە، بەڵام هێشتا لە دیوانێکدا کۆنەکراونەتەوە، بەرهەمێکی لەسەر (**فضولی بەغدادی**) و یەکێکی دیکەی ســەبارەت بە (**مێــژووی کەرکووک**) هەیــە، دیارە ئەوەی شیعرەکانی (**لوتفی**) و شاعیرە هاوچەشنەکانی پڕ لە خەم و حەسرەت کردووە، گەڕانەوە بۆ سەردەمێکی زوو، بووتە ســیمای زەقی شــیعرەکانیان، دابڕانیان بووە لەسەرچاوە تورکییە کۆنەکان و گیرســانەوەیان بووە لە پانتاییەک کە نێوەندی کۆمەڵگای ئێراق و ڕۆشنبیری عەرەبی بووە.

جاران ئێراق پێگەیەکی ســەرەکی ئەدەبی تورکی کۆن بوو، بەڵام کە تورکەکان کەوتنە ئەودیو دۆڵی ڕافیدەینەوەو درووکەوتنــەوە، کەرکووک بەتەنیا وەکو مێرگێکی فیکری تورکی عوسمانی مایەوەو نووسەرانیش چەشنی شاعیرە عەرەبــە کۆچبەرەکانــی هــەردوو کیشــوەری ئەمریکای باشــوورو باکوور لەســەرچاوەی کەلتوورەکەیان دابڕان. پاشــان کە ئەتاتورک ڕێگایەکی دیکــەی بۆ تورکیای تازە هەڵبژاردو لەسەرچاوە فیکرییە ئاساییەکان دوورکەوتەوەو ڕووی لە ئەوروپاو شارســتانیەتە ماددیەکەی کردو پیتی لاتینــی تازەی داهێنــا، کە پەیوەندی زۆربــەی تورکەکانی بەشــاعیرە تورکەکانی پێشــووی وەکو (فضولی، عەهدی، باقی، نەفعی، نەدیم) تەنانەت نامیق کەماڵ و تۆفیق فیکرەت و (**خالید زیا**) پچڕاند.

ئەو ئەدیب و نووسەرە تورکمانانەی ئیراق، تەنیا متمانەیان لەسەر خۆیان دەکردو ئاویان لەسەرچاوەیەکی دارماودا هەڵدەهێنجا، بۆیە ئاسایی بوو ئەگەر داهێنانەکان روو لە کزی بکەن و شیعرەکان بەرگێکی پڕ لە خەم و ژان و نائومێدی بپۆشن و خۆیان بەسەر چاوە هەر کۆنەکانەوە ببەستنەوە!

بەپێی هەندێ سەرچاوە خدر لوتفی کەسێکە لەنەوەکانی (**کەمال خاقان**)، کە سوڵتان مرادی چوارەم کاتی خۆی متمانەی پێ بەخشیوەو دانی بەپەیامی سۆفیگەری و زانایی و دانایی ئەو زاتە داناوە، تاکو ڕێبازی سۆفیگەریتی (**تەریقەت و ڕێبازی مەولەوی**) فێری خەڵکی بکات، بۆیە ناردوویەتی بۆ شاری (**قۆنیە**) لە کوردستانی تورکیا، جا لەو بنەماڵە ناودارە (**خدر لوتفی سەمین**) کە ئەمە ناوی تەواویەتی، لەلای زانا ناودارەکانی ئەو سەردەمەی شاری کەرکووک لەسەرەتای ژیانی دەخوێنێ، تاکو شارەزاییەکی پوختی لەزمانی عەرەبی و تورکی و فارسی پەیدا دەکات.

لوتفی لەقوتابخانەی روشدییە کە دەکەوێتە شاری کفری وەک مامۆستا دامەزراوەو چەندین قوتابی فێری زانست و خوێندن کردووەو خزمەتێکی زۆری بە قوتابیان گەیاندووە، خۆشی وەک شاعیرو ئەدیبێکی تورکمانی لە رۆژنامەکانی کەرکووک، بەغدا، ئەرزەرووم، ئەستەمبوڵ و وڵاتانی قەفقاس، دەردەچوون، چەندین پارچە شیعرو بابەتە ئەدەبییەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە. لەو بابەتانەدا هەستی خۆی بەرانبەر بەخاک و نیشتمان و مرۆڤ دەربڕیووە.

(**خدر لوتفی**) ئەدیب و نووسەرێکی بەتوانا بووەو بەرهەمێکی زۆری شیعری کە لە بابەتە هەمەڕەنگە شیعرییەکانی ئەو دەمەدا باو بوو نووسیوە، وەک دەردە کۆمەڵایەتییەکان، مەدح و ستایش و شیعری خۆشەویستی و دڵداری و زوهدی خواناسی و هەروا شیعری فەلسەفی.

وا هەندێک نموونەن لەو شیعرانەی بەزمانی تورکمانی نووسیوویەتی و لەگەڵ لێکدانەوەی ماناکانیان بڵاو دەکەینەوە:

**بوشیعر یا زماق بر اساس ایستر**
**علم عرفاندا اقتباس ایستر**

**واتە:**

**شیعر نووسین بەهرەو**
**زانیاری و شارەزاییەکی زۆری دەوێ**

**یازدم، یازدم او قدر باللە او صاندم**
**صونندە پروانە کبی اتشە یاندم**

**واتە:**

**نووسیم هێندەم نووسی تا لە گیانی خۆم وەڕس و**
**بێزار بووم و لەئەنجامدا، وەکو پەروانە بەئاگر سووتام**

(**خدر لوتفی**) لە ٢٣ لەسەر ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٥٩ لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە شاری کەرکووک کۆچی دوایی کردووە، هەر لەم شارەشدا بەخاک سپێردراوەو چەندین نووسین و بابەتی لەپاشدا بەجێماوە، زۆربەیان کە چاپ نەکراون، لەوانەش:

* حەیات گلشتم: واتە پەرەپێدانی ژیان.
* قبرسان زیارتی: واتە زیارەتی گۆڕستان.
* نقیفی یاد (فارسییە).
* کرکوک خوریاتلاری نین شرحی: واتە روون کردنەوەی خۆریاتی کەرکووک.
* حیاتدا ادارە: واتە ئابووری ژیان.
* فضولی البغدادی.
* هیجا نلاریم: واتە برینەکانم.

لە پارچە شیعرێکی دیکەی دەڵێت:

**گیجدیگم یردن اغلار یوروردن**
**هەردم وفای سورو ردن**
**باق گوزوم نوری تک رجام سگا**
**وفا لازمدر پنادە بکا**
**دمیر قفسدە محبوس برقوشم**
**دهرن الندن مست مدهوشم**
**بویلە پریشان بویلە بیهوشم**

**نردەیم..؟ نەیم..؟ کندیمی بیلەم**
**خستە گونلمە بردوا قیلمەم**
**لێکدانەوەی ماناکەی:**
**تۆ دەت گووت من خۆشەویســت و دڵخوازی تۆم**
**خۆ ئەو جێگایەی من پێیدا ڕۆیشتووم، ئەگەر تۆ پێیدا**
**بــڕۆی، دەگــری و دەناڵیت، تۆ هەمیشــە دڵسۆزی و وەفات**
**پیشان دەدا، بڕوانە ئەی ڕووناکی چاوانم، تکایەکم هەیە.**
**وەفای پێویســتە بۆ هەردووکمــان، من بە وێنەی**
**پەلەوەرێکی بەندی ناو قەفەزێکی ئاســنین دیل کراوم.**
**لەدەســتی ئەم گەردوونە مەست و حەیرانم جارجارێ**
**پەرێشــان و بەوێنەی بێهۆشــم ئاخۆ من لە کوێم؟ چیم؟**
**خــۆم ناناســم! خــۆ بۆ دڵــی پڕ ئــازارو ئەشکەنجەم**
**داو دەرمان بەکارناهێنم!**

## شاعیرو خۆشنووس
## (عەبدوڵڵا قودسی زادە)

کاتــێ ئەدەبی تورکمانی لەنیوەی دووەمی ســەدەی نۆزدەهــەم و ســەرەتای ســەدەی بیســتەمدا، بەســەر دەکەینەوەو خەسڵەتێکی ڕەوشــت بــەرزی زۆر پــاک و گرانبەهــا ماوەیەکــی درێــژە پشــت گوێ خــراوە، کەم و کورتــی ئەم کەمتەرخەمیــەش بۆ نەبوونی ڕێگاکانــی بڵاوبوونــەوەی وەک (**چــاپ، ڕۆژنامە، گۆڤار**) دەگەڕێتەوە، هەتا ئەگەر ئەم ڕێگایانە هەشبووبن نەتوانراوە وەک پێویست ســوودی خــۆی بەتــەواوی بگەیەنێــت، ئەم خەسڵەتە ڕەوشت بەرزییەش (**ئامۆژگارییەکی باوکانەیــە بــۆ ڕۆڵەکانــی**)، لــەم بوارەشــدا (عەبدوڵڵا قودسی زادە)ی شاعیرن دەستێکی باڵای هەیە، لەمجۆرە شــیعرانە لەنێو ئەدەبی تورکمانی ناسراوە، بابزانین عەبدوڵڵا قودسی زادە کێیەو ئامۆژگارییەکانی چین؟

عەبدوڵــڵا لەســاڵی (١٢٧٦)ی کۆچــی لەخێزانێکــی تورکمانــی ڕەســەن لەشــاری کەرکــووک لەدایکبــووە، لــە حوجرەکانــی ئــەو شــارە خوێندوویەتــی، بــەڵام نازاندرێ چۆتــە قوتابخانــە یان نــا؟ ئایا لــەو وەختەدا قوتابخانەی ڕەسمی لەو شارەدا هەبووە یان نا؟ بەهەرحاڵ، ئەو شاعیرە توانیویەتی سوود لــە خوێندنــی خــۆی وەرگرێت و لە زانســتە بنچینەکاندا قووڵ ببێتــەوە، ئەمەش لەئاکامی خۆماندووکــردن و بەدواگــەڕان هاتۆتــەدی، بەهۆی ئەو زانستانەی فێری بووە توانیویەتی لەکــۆڕی مەجلیســی زاناکانــدا ئامادەبێــت و گفتوگــۆ بــکات، عەبدوڵــڵا قودســی قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرمان محەمەد (د.خ)ی لەبەرکــردووە، لەکاروباری ئایینی و تەفســیری قورئانیشدا شــارەزاییەکی زۆری هەبووە، خۆشنووســێکی بەتوانای سەردەمی خۆی بووە.

مامۆســتا (**ئەســعەد ئەلنائــب**) دەربارەی ئــەو نووســەرە دەڵێــت: (عەبدوڵــڵا پیاوێکی خواناس و بەویقار بوو، پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگــەڵ باوکمدا (**ســەعید ئەلنائیب**) پتەوبووە، هەر جــارەی بەهاتایەماڵمــان چەند دێرێکی بەدەستنووسی خۆی بۆ دەنووسین و پێمانی دەگوت لاسایی بکەنەوە).

لەکتێبی (**کرکوک نکتەلری**) باسی عەبدوڵڵا قودســی زادە دەکات و تیایــدا هاتــووە کــە عەبدوڵــڵا برادەرێکــی زۆر خۆشەویســتی دەبێــت، بەڵام ئــەو بــرادەرەی بەپێچەوانەی خۆیــەوە هیچ نوێژی نەدەکرد، جارێکیان بەو بــرادەرە دەڵێ ئەگەر (٦) مانــگ بەتەواوی و بەبــێ ئەوەی هیــچ ڕۆژێــک نوێژێکت بڕوات لەکات و ســاتی خۆیانــدا جێبەجێیان بکەیت، ئەوا دەتوانــی بەچاوانی خۆت خودای گەورە ببینــی، برادەرەکــەی خێــرا چــووە ماڵــێ و

خـۆی شووشـت و جـل و بەرگـی خاوێنی لەبەرکردو دەسـت نوێژی هەڵگرت و دەستی کرد بە نوێژکردن لەگەڵ جەماعەت، لەهەموو کاتەکانی نوێژدا نوێژەکانی خۆی زۆر بە ڕێک و پێکـی ئەنجام دەدا، هەر کاتێکیش لەوەختی نوێژکردن نزیک ببایەوە بەپەرۆشـەوە خۆی ئامادە دەکرد.

کاتـێ لـە (٦) مانگەکە نزیک بـووە چووە لای عەبدوڵـڵای بـرادەری و پێی گووت: (من ئەرکەکانـی خـۆم زۆر بەتـەواوی جێبەجـێ کردووە، تۆش دەتوانی ئەو بەڵێنەت جێبەجێ بکەی کـە بەمنت دابـوو)، عەبدوڵـڵا وەڵامی دەداتـەوە دەڵـێ: سـەرچاو و سەرسـەر، بـەس دەسـت نوێـژ هەڵگـرەو دوام بکەوە، دەسـت بەرۆیشـتن دەکەن تـا دەگەنە ماڵی عەبدوڵـڵا، بەبرادەرەکـەی دەڵێ، تەماشـای گۆشەی ژوورەکە بکە، ئەویش چاوی لەسەر گۆشـەیەکی دیواری ژوورەکە ڕادەگرێت کە ئەو خەریکی تەماشـاکردنی دیوارەکە دەبێ، بەسەرسـامییەکەوە عەبدوڵـڵا هـاوار دەکا (**خـودا. خودا**)، ئا لەو کاتـەدا عەبدوڵڵا دەڵێ: (**زۆر سـوپاس بۆ خـوای گەورە کـە توانیم سـەرکەوتووبم لە بەڵێنەکەم**) ئەو گۆشەیەی کە پیاوەکە تەماشای دەکرد لەسەر دیوارەکە بەدەستنووسـێکی زۆر جوان وشەی خودای لەسەر نووسرابوو.

بەڵام پیاوەکـە بڕیاریدا پاش ئەو چیرۆکە گاڵتەجارییـەش واز لـە نوێژەکانـی خـۆی نەهێنێ و هەمیشە هاتووچۆی مزگەوت بکات و قورئـان بخوێنـێ، پـاش ماوەیەکیش ئەو پیاوە بەبەردەوامی گفتوگـۆی لەگەڵ زانایان دەکردو تا کۆچی دواییشی کرد لە وەرگرتنی باوەڕ و زانستی ئیسلامی نەوەستا.

ئا بەم ڕێگایە عەبدوڵڵا قودسی زادە توانی برادەرە نوێژنەکەرەکەی بهێنێتە سـەر ڕێگای ڕاست و ئیمان.

(عەبدوڵـڵا) پیاوێکی خوانـاس بوو، دنیای لەخـۆی حـەرام کردبـوو، زۆر قەناعەتـی بەکارەکەی خۆی هەبوو، کەوەک فەرمانبەرێک لـە فەرمانگـەی نفوسـی کەرکـووک کاری دەکرد، تا مردیش لەسـاڵی (١٣٢٦)ی کۆچی، هەر لـەو فەرمانگەیـەدا مایـەوە، لەبەرهەمە چاپکراوەکانیشـی (**وسـیلە حسـنی**) بوو کە کوڕەکەی ئەحمـەد مەدەنی بۆی چاپکردبوو، هەروەها چەندین پارچە شیعرێکی لەژێر ناوی (**ئامۆژگاری پند پدری باوک**) و کە ئەحمەدی کوڕی لەسـاڵی ١٣٢٧ی کۆچی لە ڕۆژنامەی (**حوادث**) بڵاوی کردۆتەوە.

قودسـی زادە لـە ئامۆژگارییەکانیـدا داوا دەکات کـە پێویسـتە موسـڵمان پابەندبـێ بەرەوشـتی چـاک و بەپێی ڕێسـاکانی ئاینی پیرۆزی ئیسـلام کار بکەن و لەشـەڕو گوناە کـردن خۆیـان بپارێـزن، نیازی خـراپ هیچ سـوودێک ناگەیەنێت لە خراپەو پەشـیمانی زیاتر، دەبێ ئاگاداری باری ئابووری و دارایی خۆمان بین و بەپێی پێویسـتیمان پارەو پول سەرف بکەین.

گرنگـی و بایەخێکی زۆری بە موسـڵمانە چاکەکان داوەو هەموو وزەو تواناو خزمەتێکی پێشکەش کردوون، هەروەها باس لە ڕەوشتە چاکەکانـی دیکـەی وەک دڵ گەورەیـی و ئازادیی و سـەخاوەت و هێمنی و لێبوردەیی لەکاتی دەسەڵاتداری دەکات و دەڵێ:

**نزیک بوونەوە لە ڕەوشتی پیاو چاکان**
**کوڕەکەم..!**
**لەپیاوچاکان نزیک بەرەوە**
**ڕێزیان لێ بگرە، خۆشیان دەوێیت**
**دڵیان مەڕەنجێنە بەکارو کردەوەی خراپ**
**(دڵ شووشەیە گەر شکا یەکتری ناگرێتەوە)**
**قوڕ بەسەری ئەو کەسانەی خراپی دەکەن**
**ژیانە شیرینەکەی خۆیان تاڵ دەکەن**
**خانوویان بەسەر خۆیان وێران دەکەن**
**کوڕەکەم...!**
**باڵت بەسەر لاوازو لێقەوماوان بکێشە**
**ڕێزیان بگرە**

**بەفریات دەکەون لەکاتی تەنگانەدا**
**(کار بە ئاکامی کۆتایی دەناسرێتەوە)**
**توندو تیژ مەبە لەگەڵ برادەرەکانت**
**لەپیاوی زانای بەد رەوشت دوورکەوە**
**قســەکانیان تەنها لەخۆ هەڵکێشانی ئاژەڵ دەچێت**
**تۆ لەو جۆرە مرۆڤانە مەبە**
**خوای گــەورە یەک زمان و دووگوێچکەی پێ داوین**
**بۆ ئــەوەی دوو هەندێ ئەوەی قســە بکەین گوێ بگرین**
**ئێمە سەیر نییە لەسەردەمێ دەژین**
**کە پارە قسەی کرد**
**چاکە بێ دەنگ دەبێت بەڵکو کەڕ دەبێت**
**ئێمەش بەهەموو کرانەوەی زارمان پێدەکەین**
**خراپترین کار ئەوەیە بتهێنێتە پێکەنین**
**ئەگەر بینیت نەخوێندەوارێک**
**بەســەرەڕۆیی و خراپــەکاری ژیانی خۆی دەباتە سەر..**
**قسەکانت کورت کەوە ئەی قودسی!**
**باشترین قسە ئەوەیە کورت و ئاکام داربێت**
**ئەگەر لەگەڵ نەخوێندەوارێکدا گفتوگۆت کرد**
**هیچ سوودێک نادات بەدەستەوە**
**هەتا ئەگەر بەڵگەشی بۆ ئامادە بکەیت..**

عەبدوڵــڵا قودســی زادە، رووخــۆش و قســەزان بــووە، ئادگارێکــی خێرەمەنــدو رووبەکــی پیاو چاکانەی لێ بەدی دەکرا، دڵی گەورەبوو، زۆرشتی لەدڵی خۆی دەشاردەوە، تەنیــا شتەباشــەکانی نیشــان دەدا، قودســی دەبێژێ ئەگەر مرۆڤ ویســتی کارێک ئەنجام بــدات، دەبــێ بەنیازێکی خاوێنــەوە بیکات تا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، دەبێ مرۆڤ دڵی بێ گەردو ســاف بێت، پشت بەخودا ببەستێ، لەژێــر روناهــی فەرمــوودە پیرۆزەکــەی پێغەمبەرمــان (د.خ) کە دەفەرمــووێ (**ژێریی بکەو پشت بەخوا ببەستە**).

هەروەها دەڵێ:

**رێگــای چاکــە**
**رێگای چاکە**
**رووی موسڵمان گەشاوە دەکات**
**رەوشتی تەواو**
**بەجوانترین شێوە روو دەخاتە بەرچاو**
**سەرکەوتن هەرگیز لەگەڵ کاری خراپدا تێک ناکاتەوە**
**(ئەگەر پێستەت خورا بەنینۆکی خۆت خۆت بخورێنە)**

جگەلەوەی عەبدوڵلاقودسی زادە شاعیرێکی چاکســازی بــووە، خۆشنووســێکی دەســت رەنگین بوو بە ناوبانگترین خۆشنووسەکانی ســەردەمی خــۆی دەژمێردرێــت، قورئانــی پیرۆزی بەدەستنووســی خۆی بەشێوەیەکی هونەرییانــە نووســیبۆوە، بەرهەمەکانی ئەو کەڵە پیاوە تا ئەمڕۆش لای خزم و دۆستەکانی هەڵگیراون و پارێزراون.

## شاعیرو رۆژنامەنووس (نەسرین اربیل)

نەســرین ئەربیــل، کچی عەتاوڵــڵا ئاغای ناوداری هەولێرییە، کەسەر بە یەک لە بنەماڵە ناســراوەکانی ئەم شــارە دێرینەیە، دایکی لە بنەماڵەی ناســراوی (نەفتچــی)ی کەرکووکە، (٩ی ئەیلوولــی ١٩٣٩) لەهەولێــر هاتووەتــە دونیــاوە. ماوەیــەک درێــژەی بەخوێنــدن داوە، دواتــر بەهــۆی نەخۆشــییەوە وازی لە خوێندن هێناوە، بەڵام ســوودی لەو کتێبخانە دەوڵەمەنــدەی باوکــی بینیــوە کە لــە ماڵەوە هەیبووە.

جگــە لــە تورکــی، عەرەبــی و ئینگلیــزی و ئەڵمانیشــی بەکۆشــش و زیرەکیــی خۆی فێربــووە، تەنانــەت وای لــێ هاتــووە لەپــاڵ تورکیدا بەئینگلیزیش شــیعر بنووســێ و بەو زمانە ئاستی رۆشنبیری خۆی فراوانتر بکا.

ســاڵی ١٩٥٦ لەویلایەتــە یەکگرتووەکانی ئەمریــکا- لەلایەن (میوزیک ســتی- شــاری مۆســیقا)وە کێبەرکێیــەک رێکخــراو، لــەم

کێبەرکێیەدا نەسرین بەشداریی کردووەو بەشیعری (all for Love– هەموو شتێک بۆ خۆشەویستی) پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە، کۆمپانیای (نۆردیک)ی تۆمارکردنی گۆرانی لە کالیفۆرنیا شیعرەکەی لێ کڕیوە بۆ ئاواز بۆ دانان و تۆمارکردنی. دواتر هەر ئەو کۆمپانیایە، دوو شعری (Lonedly Back to me come– تەنیا– وەرە لای من)ی لێ کڕیوە.



نەسرین ئەربیلی

بەمجۆرە، بەهەوەس و ئارەزوویەکی پترەوە کاری لە ئەدەبیاتدا کردووە، هەروەها لەم دەمانەدا، دەست بە خوێندن دەکاتەوەو ئامادەیی تەواو دەکات و لە (کامبرج) بڕوانامەی دیبلۆم لە ئینگلیزی وەردەگرێ.

بۆ چوار ساڵ چووەتە مەڵبەندی رۆشنبیریی ئەڵمانی و زمانی ئەڵمانی {فێردەبێ، دوای ساڵی ١٩٦٠ دەکەوێتە قۆناغێکی زۆر بەپیت و بەرهەمەوەو بووە شاعیرێکی چاک و ناسراو، دواتریش دەچێتە بەغداو لەگەڵ هاوسەریدا لەوێ دەژی دایکی تاکە منداڵێکە.

هەندێک لە شیعرەکانی خۆی لە کۆشیعری (Deniz Ruyas– ؟ دەریا))دا ساڵی ١٩٦٩ لە ئەنقەرە لەچاپ داوە.

ساڵی (٢٠٠٢) بەناونیشانی (دووشار)ەوە لە ئەنقەرە کۆمەڵە شیعرێکی دیکەی بڵاو دەکرێتەوە.

خاتوو نەسرین وەک شاعرێکی هەولێری، توانیویەتی سنووری شارەکەی و وڵاتەکەشی ببەزێنێ و لەناو کەوشەنێکدا گیرنەخوا. بەزمانێکی سفت و وردو جوان شیعرەکانی بنووسێ.

لە شیعری خاتوو نەسرین-دا زۆر ئاساییە، تاسەی بەرانبەر زێدو شارەکەی بەرچاو بکەوێت. بەڵکو لەبابەتە جیاجیاکانیشیدا ئەم هەستە قووڵەی لە دەروونەدا هەڵکۆڵراوە، هەست پێ دەکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە، زیرەکی و شاعیریەتی لەزۆرلاوە خۆی دەسەپێنێ، تەنانەت لەو شیعرانەیدا کە چەمکێکی قووڵ و فراوان بەشتی بچووک و لەبیرکاو دەبەخشێ و دەیانکاتە شیعرێکی جوان، وەکو لە شیعری (جگەرە)دا دیارە. بەگشتی شیعری خاتوو نەسرین لە ئاستێکی بەرزدایە کە شایەنی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەیە. نموونە لەشیعرەکانی:

بانگ
لە برژانگ لێکنانێکدا
تۆم بزرکرد
تۆ ئێستا ئەوەندەی شارە ئەفسانەییەکان
لەمن دووری
وەک ئاواتە دوورەکان بەتام
وەک رێگــە گەلێــک کــە لە مانگەشــەودا
راکشاون
پڕ نهێنیت
کەچی من
هەموو هەناسە ساردییە
کە گوڵی هەر کازیوەیەک دەپشکوێ
سەروەکان رەنگتێرترو
هاڵاوەکان ژاکاوترن
هەر وەکو لە هەوا سەوزەکان
لەهەوا زەردەکانیشدا بەدواتدا گەڕام
شوێنەواری لێوەکانتم
لەرووبارەکان پرسی
ئیرەییم بەئاوەکان برد
خۆ ئەگەر نەشتبینمەوە
لەوانەیە ئەو دەستانەت بدۆزمەوە
کە لە هەرێمێکی دووردا ونم کردن
دواتر، خەیاڵت چاوەکانم پڕ دەکەن
دەگرێم
لەکاتی شەفەقێکدا بەئاگاوەرەوە
ئەگەر رۆژێک بەدوامدا گەڕای
لەشەوێکی مانگەشەودا
ئەستێرەیەک لەگەڵ خۆتدا بێنەوە
وەرە..
ســـایەکـان
جاروبار بیر لە شتێک دەکەمەوە
کەنازانم چییە!
دەگەڕێم و دەکۆشم هەڵیبهێنم،
کە لێی نزیک دەبمەوە
تێکەڵ بەسایەکان دەبێ..
بـۆشـــایی
کە بەڕێم کرد
لەناخمدا هەستم بە بۆشاییەک کرد
بۆشاییەکی وەها. کە
چیاکان پڕی ناکەنەوە
نازانن دنیا لەچاوی منداو
ژیانیشم بەبێ ئەو
چەند بۆشن.

سەرچاوە:
* کتێبی (ازوهار القرنفل) دراسه فی الشعر الترکمانی فی العراق ١٢٠ بغداد ١٩٩٢، هانی صاحب.
* گۆڤاری (باریش)، ژمارە، (١، ٢١، ٢٢، ٢٨)، گولر سیامنصور، ئەحمەد تاقانە، هیمەت کاکەیی.
* گۆڤاری (صوت الاتحاد)، ژمارە ٣٨ ساڵی ١٩٨٦، حسن عزەت چارداغلی.

هەواڵنامەی کتێب

# هەواڵ و چالاکییەکان

ئامادەکردنی:
- دیار خالید
- جەمال حوسێن

# لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە بۆنەی پەسەند کردنی یاسای ڕۆژنامەگەری سەرۆکی هەرێم پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسان دەکات



ڕێزدار مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەر لە بەیانی ڕۆژی (٢٠٠٨/٩/٢٨)، لە بارەگای تایبەتی خۆی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین، پێشوازی لە بەرپرسانی نووسینگەکانی ڕاگەیاندنی حزبە کوردستانییەکان و سەرنووسەری ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەهلییەکان و حزبییەکان و بەڕێوەبەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان و شاندێکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد.

لە میانی دیدارەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێم خوازیاری ئەوەبوو، کەوا ڕۆژنامەنووسان بە بیروڕا جیاوازییەکانیانەوە بە گیانێکی پیشەیی و ڕاستگۆیانە کار بکەن و لە کاتێکدا سەبارەت بە ئیش و کاری دەزگاکانی حکومەت دەنووسن، بابەتییانە مەسەلەکان بخەنە ڕوو و لایەنە سلبییەکان و ئیجابییەکان بە ووردی دیاری بکەن.

لە تەوەرێکی دیکەدا ڕێزدار سەرۆکی هەرێم، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کە پێی وایە لێژنەیەکی تایبەت بە دەرخستنی ڕاستییەکان دەربارەی ئیش و کاری دامەزراوە حکومییەکان پێکبهێنرێت و لایەنە لاوازەکان دەست نیشان بکرێن و ڕێڕەوە چەوتەکان ڕاست بکرێنەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا بەڕێز سەرۆکی هەرێم، پابەندبوونی سەرکردایەتی سیاسی کوردستانی بە پیادەکردنی دەستووری عێراقی دووپات کردەوە و پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەنووسان کرد، بە بۆنەی پەسەند کردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان، لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە و هیواشی خواست ڕاگەیاندن لە کوردستاندا ڕۆڵی کاریگەری خۆی بۆ هێنانە دی ئایندەیەکی پرشنگدار بۆ کوردستان ببینێت.

لەم دیدارەدا بەڕێز فەلەکەدین کاکەیی وەزیری ڕۆشنبیری و فوئاد حوسێن سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم ئامادە بون.

# لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە پێکهات



لەژێر دروشمی(**لەپێناو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان**) کاتژمێر (١٠) ی سەرلەبەیانی رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٠ لە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە شاری هەولێر بە سەرپەرشتی(**فەرهاد عەونی**) نەقیبی رۆژنامەنووسان و بە ئامادەبوونی جێگری نەقیب و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەن و بە بەشداری(٣٢) رۆژنامەنووسی مێینە وەک دەستەی دامەزرێنەر بە نوێنەرایەتی دەزگاکانی راگەیاندن کۆبوونەوەی فراوانی رۆژنامەنووسانی مێینە بەرێوەچوو.

لە دەسپێکی کۆبوونەوەکەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان وێرای بە خێرهێنانی بەشداربووان، باسی لە رەوشی ئازادی رۆژنامەنووسی بەگشتی و رەوشی ئازادی رۆژنامەنووسانی مێینە لە کوردستان بە تایبەتی کرد، هەروەک باسی لایەنە باش و پێویستیەکانی دروستکردنی لیژنەی پشتوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە لە چوارچێوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، پاشان بەشداربووان چەندین سەرنج و پێشنیاریان بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی کۆبوونەوەکە خستەروو و پشتگیری و پشتیوانی خۆیان وەک دەستەی دامەزرێنەر بە مەبەستی سەرخستنی کارەکانی ئایندەی لیژنەکە دەربڕی، دواجار حەوت رۆژنامەنووس وەک سکرتێر و ئەندامانی لیژنەی پشتوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:

١. حەسیبە بابۆڵی سکرتێر
٢. گوڵان سەلیم ئەندام
٣. لیدیا بابە ئەندام
٤. ڤیان عەباس ئەندام
٥. خولە عبدالرحمن ئەندام
٦. خەرمان محمد ئەندام
٧. سەمیرە ئەحمەد ئەندام

❋ ❋ ❋

# کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق



کاتژمێر ٩:٣٠ی سەرلەبەیانی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٨/١٣ لە بارەگای سەندیکا لە هەولێری پایتەخت، بە ئامادەبوونی **(مونیر زەعرور)** رێکخەری کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و خاتوو **(سارە بوشتوب)** بەرپرسی پرۆژەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و نەقیب و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و سەرجەم ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێری پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچوو، لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا **(فەرهاد عەونی)** نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی شاندی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، تیشکی خستە سەر کاروچالاکییەکان و بەرنامەو پلانی سەندیکا لە ئایندەدا، هەروەک جەختی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندی دۆستانەی پیشەیی نێوان فیدراسیۆن و هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق لەپێناو دەستەبەرکردنی ئازادی رۆژنامەنووسان لەکوردستان وعێراق و جیهان کردەوە.

هەروەها نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان پابەند بوونی خۆی و ئەنجوومەنی سەندیکای بە بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا دووپاتکردەوە لە گرنگی دان بە ئافرەتانی رۆژنامەنووس، لەم بارەیەوە باسی لە هەنگاوەکانی دامەزراندنی لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە لە چوارچێوەی سەندیکادا کرد و رێ و شوێنە پێویست و گونجاوەکانی دامەزراندن و کۆششکردنی سەندیکا لەپێناو گەیشتنی ئافرەتانی رۆژنامەنووس بە ئامانجە پیرۆزەکانیان خستەڕوو.

دواتر (مونیر زەعرور) لەوتەیەکدا ئاماژەی بەو تەوەرە گرنگانە کرد کە دەخرێنە بەرباس و لێکۆڵینەوەو تاوتوێ دەکرێن، کە

بریتین لە کاری سەندیکایی و بنیاتنانی توانا سەندیکاییەکان لە بوارەکانی (**ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی سەربەخۆیی نووسین، یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی، ئاسایشی ڕۆژنامەنووسان، مەشقی سەلامەتی، دادگادان و دەربازبوونی بکوژان لە سزا**) لەم بارەیەوە ئاماژەی بە بایەخپێدانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ گفتوگۆ کردنی زیاتر بە مەبەستی گەیشتنی ڕۆژنامەنووسان بە ئامانجەکانیاندا.

دوابەدوای ئەویش، خاتوو (**سارە بوشتوب**) لەمیانەی وتەیەکیدا باسی لە پێویستی پشتگیری کردنی ئافرەتانی ڕۆژنامەنووس و بەدیهێنانی یەکسانیان و نەهێشتنی ئەو جیاوازیانەی کرد، کە وەکو بەربەستێک دەخرێنە بەردەم چالاکی ڕۆژنامەنووسانی مێینە.

دواتر بەشداربووانی کۆبوونەوەکە گفتوگۆی تێروتەسەلیان لەسەر تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکە کرد، لەم بارەیەوە سەرنج و تێبینییەکانیان خستەڕوو، هەموویان جەختیان لەسەر پێویستی بایەخدان بە بنیاتنان بە توانا سەندیکاییەکان و بەشداربوونی سەرکردە سەندیکاییەکان، لە خولەکانی پێگەیاندن و پێویستی بەشدارکردنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ووڕک شۆپ و ئەو کۆڕ و کۆبوونەوەیانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەبەسترێن کردەوە، هەروەها بەشداربووان باسیان لە سوود وەرگرتنی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد سەبارەت بە داشکاندنی نرخی پلیت لەلایەن کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی جیهانی، وەک هاندەرێک بۆ سەفەرکردنی ڕۆژنامەنووسان بۆ دەرەوەی وڵات. ئەمەو جگە لەوەی بەشداربووان داوایان لە نوێنەرانی فیدراسیۆن کرد لە جێبەجێ کردنی بڕیاری کردنەوەی سەنتەرێک بۆ سەلامەتی پیشەیی کە بڕیار بوو هاوکات لەگەڵ کردنەوەی هەردوو سەنتەری بەغداو بەسرە لە هەولێریش بکرێتەوە، دواییش جەختیان لەسەر بەشداری پێکردنی ژنانی ڕۆژنامەنووسی لەو خول و کۆڕانەی کە لە دەرەوەی وڵات دەبەسترێن، کردەوە، بەو مەرجەی بانگهێشتکردن تەنها بۆ یەک ڕۆژنامەنووسی ئافرەت نەبێ، لەبەر ئەوەی نەریتی کۆمەڵگە لەم مەسەلەیە وا دەخوازێ بوونی زیاتر لە دوو ڕۆژنامەنووسی ئافرەت هەبێت، لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، (**مونیر زەعرور**) هەموو ئەو بابەتانەی ڕوونکردەوە کە لە دانیشتنەکە باسیان لێوەکرا، لەم بارەیەوە ڕاهێنان و مەشق پێکردنی ڕۆژنامەنووسانی خستە ئەستۆی دەزگا ڕاگەیاندنەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی سوود وەرگرتن لە پسپۆڕانی فیدراسیۆنی






نێودەوڵەتـی بـۆ ئـەوەی بێنە کوردسـتان و سەرپەرشتی خولەکان بکەن، بەڵام مەسەلەی کردنەوەی سـەنتەری سـەلامەتی لە هەولێر کارێکـی پێویسـتەو یەکێکـە لـە بڕیارەکانی فیدراسـیۆن، هەروەهـا روونی کـردەوە کە فیدراسـیۆن بەنیازە دواتـر کۆبوونەوەیەکی تایبـەت لەگـەڵ ئەنجوومـەن ئەنجـام بـدات سـەبارەت بەدانانی پەیمانی شـەرەف لەبەر رۆشنایی رەشنووسـی پرۆژەی ئەو پەیمانە شـەرەفەی کـە فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتـی دایناوە، دواجار گووتی فیدراسـیۆن خەریکی دانانی رەشنووسـێکە بۆ گرێبەسـت لە نێوان رۆژنامەنووسان و دەزگاکانیان و لە داهاتوو ئەم نموونانە بە مەبەستی سوود لێ وەرگرتن بۆ سـەندیکاکان دەنێرین شـایەنی باسە ئەم دانیشتنە تاوەکو کاتژمێر ۲:۰۰ی پاش نیوەڕۆ درێژەی کێشا.

**دانیشتنی دووەم:**

ئەم دانیشـتنە بە ئامادەبوونی سـکرتێر و ئەندامانی لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێینە جگە لە بەشـداربووانی دانیشتنی یەکەم ئەنجامدرا کە تێیدا ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتی و ئابـووری و پیشـەییانەیان خسـتەڕوو کە رووبـەڕووی ئافرەتانـی رۆژنامەنـووس دەبنـەوە. لـەم بارەیـەوە جەختیان لەسـەر بەشـدار بوونی مێینە و بەهێزبوونی شـوێن و پێگـەی لـە هەموو ئاسـتێک لـە کۆمەڵگادا کردەوە. بە فاکتەرێکی گرنگیان بۆ پێشکەوتن و پەرەسـەندنی بنەمـا دیموکراتیەکانیـان ناوزەدکرد.

لـەم بارەیەوە خاتوو (**سـارە بوشـتوب**) ئەرکـی پێویسـتی سـەندیکای بەرامبـەر بە ئافرەتانـی رۆژنامەنـووس و کاراکردنـی رۆڵیان لە خستنەڕووی کێشەو گرفتەکانیان و زاڵبوون بەسەریاندا، روونکردەوە.

**دانیشـتنی ئێوارە/ دیداری دۆسـتانەی نێوان هەردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق:**

کۆبوونەوەیەکی دۆستانە لەنێوان هەردوو ئەنجوومەنی سـەندیکای رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان و سـەندیکای رۆژنامەنووسانی عێـراق لـە بـارەگای سـەندیکا لـە هەولێـر بەسترا.

لە کۆبوونەوەکەدا تاوتوێی پێوەندییەکانی نێـوان هـەردوولا و چۆنێتـی پەرەپێدانیـان کـرا، سـەرەتا فەرهـاد عەونـی نەقیبـی رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان، بەخێرهاتنی شـاندی میوانـی کـرد. دواتـر جێگـری نەقیبـی رۆژنامەنووسـانی کوردسـتان



لـە وتەیەكـدا جەختـی لەسـەر بایەخدانـی سەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردستان بۆ بەردەوامبـوون و پتەوكردنـی پێوەندییەكان لەسەر ئەو پرنسیپ و بنەمایانەی كە لەنێوان شـەهیدی سـەندیكا «شـهاب التمیمـی»ی نەقیبـی پێشـووی رۆژنامەنووسـانی عێراق و سـەندیكای رۆژنامەنووسـانی كوردستان دارێژرابـوو، هەروەها ئامادەیی سـەندیكای پیشاندا بۆ پێشوازیكردن لە رۆژنامەنووسانی عێراق لە هەر كاتێكدابێت بەمەبەستی راوێژ و ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕایان و كردنەوەی خولی هاوبەش بۆ هەردوولا، لەلایەنی خۆشـییەوە «**مؤیـد اللامی**» نەقیبـی رۆژنامەنووسـانی عێـراق جەختـی كـردە سـەر پابەندبوونـی بەو پرنسـیپانەی كە تیایدا شـەهید (**التمیمی**) بەشـداری كردبـوو، كـە لەلایـەن هـەردوو سەندیكا دارێژرابوو.

**رۆژی دووەم/ دانیشتنی یەكەم:**

بـە ئامادەبوونـی دكتـۆرە (**جنان قاسـم**) وەزیـری هەرێم بـۆ كاروبـاری ئافرەتان لە حكومەتـی هەرێمـی كوردسـتان و نەقیبـی رۆژنامەنووسـانی كوردسـتان و عێـراق و ئەندامانـی ئەنجومەنی هەردوو سـەندیكاو ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسانی كوردستان و عێراق و نوێنەرانی فیدراسـیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسـان، كاتژمێـر ١٠:٠٠ی سـەر لەبەیانـی رۆژی ٢٠٠٨/٨/١٤ لـە هوتێـل چوارچرا لە شـاری هەولێر، كۆبوونەوەكانی رۆژی دووەم دەستی پێكرد.

لەسـەرەتای كۆبوونەوەكـەدا خاتـوو (**حەسـیبە بابۆڵـی**) وێـڕای بەخێرهێنانـی ئامادەبـووان، داوای لێكـردن سـاتێك بـۆ رێزگرتـن لە گیانی پاكی شـەهیدانی وشـەی ئازادو سـەربەخۆ لە كوردسـتان و عێراق و جیهان بوەستن.

* دواتـر فەرهـاد عەونـی نەقیبـی رۆژنامەنووسانی كوردستان باسی ئەركەكانی ئـەم كۆبوونەوەیە كرد كە وەك تەواوكەرێك دێت بۆ ئـەو چاوپێكەوتـن و كۆبوونەوانەی كە پێشـتر لە (**عەممان و جەزایر و هەولێر و الدار البیضاء**) بەسـتران بۆ ئاڵ و گۆڕكردنی بیروڕای جیاجیا بە مەبەستی رۆشنكردنەوەو گەیشتن بە باشترین شێواز و دوور لە گرژی و خۆبەزلزانین و بەپێی رەوتی رۆژنامەگەریی بنیاتنراو لەسەر رێزگرتن لە پەیمانی شەرەف و دیسپلینە پیشەیی و یاساییەكان.

* پاشـان، خاتـوو د.جنـان قاسـم وەزیری هەرێم بـۆ كاروباری ئافرەتـان لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، وتەیەكی پێشكەش كرد،

تێیدا باسی لە ئامانجەکانی وەزارەتەکەی و ئەرک و دەسکەوتەکانی بۆ ئافرەت تاوەکو ئێستا کرد و ئاماژەی دا بە بەشداربوونی ئافرەت لە پێشکەشکردنی پرۆژە یاساکانی تایبەت بە ژنان و ئامادەبوونیان لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی لە دەرەوەی عێراق دەبەسترێن بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی ئافرەت لە هەرێم و جەختی لەسەر داکۆکیکردن لەمافەکانیان کردەوە. هەروەها بەڕێزیان داوای کرد و بەپێویستی زانی گرنگی بدرێ بە خولی رۆشنبیری وپیشەیی ژنانی رۆژنامەنووس بە ئامانجی فرەوانکردنی ئاسۆی بیریان و شێوازی کاری رۆژنامەنووسییان، لە کۆتایی وتەکەشی دا ئامادەیی وەزارەتەکەی پیشاندا بۆ هاوکاری لەگەڵ لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مینە لە چوارچێوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کردەوە.

* دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق «**مؤید اللامی**» وتەیەکی پێشکەش کرد، تیایدا باسی لە پێوەندییە پەرەسەندووەکانی نێوان هەردوو سەندیکا کرد و جەختی لەسەر چەسپاندنی بەها پیشەییەکان کردەوە بە مەبەستی کاراکردنی رۆڵی ئافرەتی رۆژنامەنووس بەتایبەتی پاش ئەوەی رەوشی ئاسایش لە عێراق هێوربوونەوەی بەخۆوە بینی، هەروەها (**اللامی**) لە وتەکەیدا جەختی لەسەر پێویستی پاراستنی رۆژنامەنووسان و دابینکردنی ژینگەیەکی ئاسوودە لە پێناو گەیاندنی پەیامە پیشەییە سەربەخۆییەکەیان و جەخت لەسەر پێویستی کارکردن لەدوو بوار کردەوە:

یەکەمیان: پەرەپێدانی پیشەیی و تەکنەلۆژی، دووەمیشیان: خزمەتگوزاری، بەتایبەت لەرووی دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون و ئەو دەسکەوتانەی کە دوارۆژی ماڵ و خێزانیان مسۆگەر دەکەن. هەروەها ئاماژەی دا بە پێویستی پاراستنی رۆژنامەنووسانی عێراقی لە هەندەران و کردنەوەی نووسینگەکانی سەندیکا لە هەندێ وڵاتانی دیاریکراو و بەسەرکردنەوەی بارودۆخیان و ئاسانکردنی کاروبارییان بەتایبەتی لەکاتی تەنگژەکاندا.

* دواتر «**مونیر زەعرور**» رێکخەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان، وتەیەکی پێشکەش کرد و تیادا روونی کردەوە کە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی بە بەردەوامی بە دواداچوون لەسەر کارەکانی هەردوو سەندیکاو هاوکاری رۆژنامەنووسانی عێراق دەکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو بارودۆخە دژوارەی تێدا کار دەکەن. بەبۆچوونی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لەو بڕوایەدایە کاری رۆژنامەنووسانی عێراق بە دژوارترین هەلومەرج تۆمارکراوە لە مێژووی هاوچەرخدا کە تێدا پتر لە (٢٨٠) رۆژنامەنووس شەهید کراون و لەنێویاندا نەقیبی رۆژنامەنووسانی پێشووی عێراق بووەو سەدان رۆژنامەنووسیش دووچاری برینداری، یان تووشی کەمئەندامی بوونە. (زەعرور) پێی وایە لەگەڵ باش بوونی رەوشی ئاسایش لە عێراقدا کاتی ئەوە هاتووە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق بە هەنگاوی بەرین لە کارەکانیدا بەرەو پێشەوە بڕوات لە رووی داکۆکیکردن لە مافی پیشەیی و کۆمەڵایەتیی رۆژنامەنووسان و بەرگریکردن لە بەهاکانی رۆژنامەگەری لە رووی کارکردن و چاودێریکردنی رۆژنامەگەریی ئەخلاقییەوە، سەرەڕای ئاوڕدانەوە لە زەرووڕەتی گرنگیپێدان بە رەوشی ئافرەتی رۆژنامەنووس و زامنکردنی بەشدارییان لە هەموو بەرنامەکانی کاری سەندیکایی و چالاکییەکانیدا.

* لەپاشان بەڕێز مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، تەوەری باسەکەی لەبارەی «**یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتیکردن**»ەوە، هەڵبژارد.

لە دەسپێکی باسەکەیدا ئاماژەی کرد بۆ ئەو هزر و ئەقڵییەتانەی کە هێشتا بڕوایان بە (**پاتریارکی**) هەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و ئاماژەی بەو ستەم و زۆرداری و توندو

تیژییە کرد کە رووبەڕووی ئافرەت دەبنەوەو دووپاتی کردەوە کە پێویستە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان لە هەڵمەتە پیرۆزەکەیدا لە پێناو گەیشتنی ئافرەتی رۆژنامەنووس بەپۆستی سەرکردایەتییە سەندیکاییەکان و بەشداریکردنیان لە لێژنەو خول و وۆرک شۆپەکانی کارکردن. داوای لە رۆژنامەنووسان کرد کە زۆر پێویستە بەرامبەر ئەم توندوتیژییە بوەستن کە ئافرەتی رۆژنامەنووس رووبەڕووی دەبێتەوە.

جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی گرنگیدان بە پەرەپێدانی بەهرەو لێهاتوویی ئافرەتانی رۆژنامەنووس لە میدیاکان و باشترکردنیان بۆ خستنەڕووی کێشەکانیان و کارکردنی جددی لەپێناو دیاریکردنی ئەو توخمانەی بەکار دەبرێن بۆ رازیکردنی بڕیاربەدەستان و کارتێکردن لێیان. لە کۆتاییشدا تەئکیدی کردە سەر پێویستی پتەوکردنی پێوەندی نێوان هەرسێ لایەن **(فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)** و کارکردن لەپێناو کاراکردنی یاداشتی لێک تێگەیشتن کە پێشتر لەنێوان هەردوو سەندیکا مۆرکراوە.

*دوای پشوویەکی کورت، درێژە بە کۆبوونەوەکە دراو ئامادەبووان ئەو تەوەرانەی خوارەوەیان تاوتوێکرد، کە بریتیی بوون لە: **«جۆری کۆمەڵایەتی و سەرکردایەتیکردن لە سەندیکاکانی رۆژنامەنووساندا» «دەسپێکی هەڵمەتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان دەربارەی سەرکردایەتیکردنی ژنان»**، «هاوبەشی کردنی ئافرەتان لە سەرکردایەتیی سەندیکاییدا».

خاتوو (**سارە بوشتوب**)ی بەرپرسی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا لە IFJ ئەم ناوونیشانانەی بۆ باسەکەی هەڵبژارد و تێدا ئاماژەی کرد بۆ ئاڵ و گۆڕکردنی ئەزموون و پسپۆڕی لەپێناو ئاشنابوونی زیاتر لەسەر رەوشی ئافرەتی رۆژنامەنووس، داوای کرد هاوکارییەکی ژنانە و نیشتمانی و هەرێمی بنیات بنرێ و جەختیشی کردە سەر پێویستی بەشداربوونی ئافرەتی رۆژنامەنووس لە ئەجیندەکانی رۆژنامەنووسان وداڕشتنی چەند پرنسیپێک بۆ هاوبەشبوونی ئافرەت لە ئەجیندەکانی رێکخراوەکانی رۆژنامەنووسان بەشێوەیەک وابێت رۆڵی ئەو ئافرەتە رۆژنامەنووسانە بەهێزبێت و کۆتەکانی بشکێنرێن و کاربکرێ بۆ وەدیهێنانی هاوبەشی لەسەرکردایەتیکردنی سەندیکایی لەلایەن ئافرەتانی کارمەندی میدیاکان و بەشداربوونیان لە هەموو چالاکییەکدا لەپێناو وەدەستهێنانی خواستەکانیان کە ئەویش گەیشتنە بە پۆستەکانی سەرکردایەتییە سەندیکاییەکان.

* دوابەدوای باسەکەی خاتوو (**سارە**)، خاتوو (**سناء النقاش**) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق، دەستیکرد بە پێشکەش کردنی باسەکەی و چەند وێنەیەکی تەواوکاری خستەڕوو سەبارەت بە رەوشی ئافرەتی رۆژنامەنووس و ئەزموونی کارکردنیان لە عێراقدا. بەشێوەیەکی راستگۆییانە ئاماژەی کرد بۆ دەردەسەرییەکانی رۆژنامەنووسی لە میانەی ئەو کارە پیشەییەدا کە وەک خۆی گوتی، بۆتە **«پیشەی مردن»** خاتوو **«سناء»** گوتی ئێمە ئاماژەمان بە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی ئافرەتی چالاک و دڵسۆز بۆ پیشەکەیان هەیە، ناوی ژمارەیەکی هێنا لە ئافرەتە رۆژنامەنووسە شەهید و بریندار و رۆژنامەنووسانی عێراق لە هەندەران و ئەوانەش کە هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکرێ. باسی لەو بارودۆخە سەخت و دژوارانە کرد کە تیادا کار دەکەن، وەک: سەختیی هاتووچۆ، کۆسپ و تەگەرەکانی کارکردن، کۆتاییە جەرگبڕەکانی ژمارەیەک لە ئافرەتی رۆژنامەنووس، گوتیشی هیچ گرێبەستێکی یاسایی مۆرکراو نییە لەنێوان ئافرەتی رۆژنامەنووس و خاوەن کار (**خاوەن دەزگاکانی راگەیاندن**)، وێڕای ئەوەی

ژمارەیەک ئافرەتی رۆژنامەنووسیش هەن تەنانەت هێشتا مانگانەکانیان وەرنەگرتووەو لە کۆتایی باسەکەیدا داوای کرد بەرنامە و پلانی نوێ دابڕێژرێ لەپێناو دەسکەوتی زیاتر لەم لایەنەوە.

* دواتر خاتوو (**جنان پۆلص**) ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان باسی لەرەوشی ئافرەتی رۆژنامەنووس لەکوردستان کردو ئاماژەی بە ئەزموونەکانیاندا. سەرەتا پوختەیەکی دەربارەی لایەنە نێگەتیڤ و خراپەکانی راگەیاندن لە سێبەری رژێمی تاکڕەویدا خستەڕوو، هەروەک باسی لە دیارکەوتنی ئافرەتی رۆژنامەنووس لە هەرێمی کوردستان دوای راپەڕین کرد و ئەو هەڵبەزینە چەشنییەی لە زیادبوونی ژمارەیانەوە روویدا دوای ساڵی ٢٠٠٠ و روونیشی کردەوە کە پیاو هەندێ جار لە کێبڕکەی ئافرەتی رۆژنامەنووس و زیادبوونی، لە پێگەکەی خۆی ترسی لێ دەنیشێت وەک رۆژنامەنووس، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە یاسایەک نییە یەکسانی ببەخشێتە ئافرەتانی کارمەندی میدیاکان، وەک، نەبوونی گرێبەست و کەمی ئەزموونی پیشە بەلای ئافرەتی رۆژنامەنووسەوە.

* پاش ئەوەی باسەکان کۆتاییان هات، دەرگا والاکرا لە پێش تاوتوێکردن و گفتوگۆکردن لەسەریان. لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی هەردوو رەگەز لە تاوتوێکردنی ئەو بیروبۆچوونانەی لە میانەی وتەکاندا پێشکەش کرابوون، بەشدارییان کرد و بەشێوەیەکی زۆر روون و بە راشکاوی لە گفتوگۆکانیاندا باسیان لە گرفت و بەربەست و کارە سەختەکانی رۆژنامەنووسان کرد، هەروەها ئافرەتانی رۆژنامەنووسیش ئاماژەیان بەگرفت و کێشەکانی خۆیان دا لە هەندێ لەو دەزگایانەی تێیاندا کار دەکەن.

بەو جۆرە دانیشتنی سەر لەبەیانی کۆتایی پێهات.

* **دانیشتنی دووەم: لە هەمان رۆژدا.**

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ، بەشداربووان گەڕانەوە بۆ هۆڵی کۆبوونەوە.

«**مونیر زەعرور**» بەڕێوەبەری دانیشتنەکە روونی کردەوە کە تەوەری ئەم ئێوارەیە بە ناونیشانی: «**سەلامەتیی پیشەو سەربەخۆیی نووسینە**».

لەم بارەیەوە «**حسين الساهي**» سەبارەت بە کۆمەڵەی سەلامەتیی پیشەو چالاکییەکانی و ئامادەبوونی لەکاتی بوونی پێشێلکارییەکان و ئاگادارکردنی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی و رای گشتی بەو پێشێلکارییانەوە دوا، هەروەها ئاماژەی دا بە پێویستی هاوکاری هەردوو سەندیکا لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە کە ئەرکی هۆشیارکردنی رۆژنامەنووسانە لەبابەتی سەلامەتیی پیشەکەیانەوە.

پاشان، دەرگا بۆ بابەتێکی تر خرایە سەرپشت کە ئەویش بریتی بوو لە:

داڵدەدانی بکوژانی رۆژنامەنووسان و ئاشکراکردنی ئەنجامی راپۆرت دەربارەی لێکۆڵینەوەکان لە کوشتنی رۆژنامەنووسان. مشتومڕ و گفتوگۆیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەم دوو بابەتە کران و ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی هەردوو رەگەز بەشدارییان تێداکرد.

* دوابەدوای پشوویەکی کورت، لەدانیشتنەکەی ئێوارە، دکتۆر (**ناظم الربيعي**) باسی لە رۆژنامەگەریی ئەخلاقییەوە کرد و نموونەی زۆری لەسەر ئەو پێشێلکارییانە هێنایەوە کە زیان بە بنەما رەوشتییەکانی پیشەکە دەگەیێنن، ئاماژەی کرد بۆ ئەو یاسا جیهانییانەی سەبارەت بەم پرسە گرنگە دەرچوون، لەلایەن خۆیانەوە ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی بەشدار بوو بیروڕای خۆیان لەم بارەیەوە دەربڕی.

تەوەری دووەمی ئەم دانیشتنە کە تایبەت بوو بە «**سەربەخۆیی نووسین**»، هەریەک لە رۆژنامەنووسی یاساناس «**هەندرێن عوسمان خالد**» بەڕێوەبەری بەرنامەکان لە رادیۆی (**نەوا**) باسێکی تەواوکاری لە مەڕ سەربەخۆیی نووسینەوە پێشکەش کرد و لە بابەتەکەیدا پشت ئەستوور بوو بە بیروڕای رادیۆکە لە هەمبەر بابەتی سەربەخۆییبوون.

دواجار ئیبراهیم حاجی ساڵح بەرپرسی

پەیوەندییەكان سەتەلایتی كوردستان، تەوەری باسەكەی لەسەر دەزگایەكی میدیایی دیكەوە بوو كە ئەویش كەناڵی ئاسمانی كوردستانە k.tv و ئاماژەی كرد بۆ مێژووی دامەزراندنی و ئامانجەكانی و ئەو سیاسەتانەی دایڕشتوون وەك بناغەیەك بۆ كاركردن و پابەند بوونی بە وەستان لە دژی تیرۆر توندوتیژی و تۆقاندن و هەروا پابەند بوونی بەكێشە سەرەكی و چارەنووسسازەكانی گەلی كوردستان.

بەوشێوەیە كارەكانی دوایین دانیشتن كۆتایی هات، بەمەش كۆتایی بەو بەرنامەیە هات كە بۆ سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان تەرخان كرابوو، لەكاتێكدا سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقیش بەردەوام بوو لە تەواوكردنی بەرنامەكەی بۆ رۆژی دواتر.

**هەولێر**

**٢٠٠٨/٨/١٦**

* * *

# «هەردوو سەندیكای رۆژنامەنووسان لە عێراق توندوتیژی رەتدەكەنەوەو پابەندبوونی خۆیان بە هەڵمەتەكانی سەلامەتی و مافی رۆژنامەنووسییەوە دووپات دەكەنەوە»



لە زنجیرە چاوپێكەوتنێكدا كە لە میانەی ئەم هەفتەیەدا لە هەولێری پایتەختی هەرێمی كوردستانی عێراق بەسترا، هەردوو سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراق و سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان پابەندبوونی خۆیان راگەیاند بۆ پشتگیری لەو هەڵمەتە نوێیەی كە ئامانجی بەرگریكردنە لە رۆژنامەنووسان، ئەگەرچی شەڕی نەگریس لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا زەرەرو زیانێكی سەختی گەیاندە رۆژنامەنووسان كە تاوەكو ئێستا پتر لە (٢٨٠) كارمەند لە هەموو میدیاكان بوونەتە قوربانی.

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان پێشتر بە هەماهەنگی لەگەڵ هەردوو سەندیكادا داوای گرێدانی ئەم كۆبوونەوانەی كرد كە (٥٠) بەشداربوو لە سەركردایەتییە سەندیكاییەكان و رۆژنامەنووسان لە سەرتاسەری عێراقەوە ئامادەی بوون.

سەرەڕای ئەو پێشكەوتنە دیارەی كە ئەم ساڵ لەرەوشی ئاسایشی عێراق روویداوە، بەڵام مەترسی دووبارە بوونەوەی رووبەڕووبوونەوەو هێرش كردنە سەر

ڕاگەیاندنکاران، هێشتا لە ئارادایە، بێجگە لەو پەلامارانەی دەکرێتە سەر کارمەندە میدیاییەکان و تا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوەبوو دواترین کاری تیرۆری دژ ڕۆژنامەنووسان ئەوەبوو کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر ڕوویدا، کاتێک تەقەیان لە ڕۆژنامەنووس (سۆران مامە حەمە) لە شاری کەرکووک کردو شەهید کرا، (سۆران) پەیامنێری گۆڤاری لڤین بوو کە بەزمانی کوردی دەردەچێ.

بەشداربووانی کۆبوونەوەکە لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژە بە گرنگی هاوکاری نێوان هەردوو سەندیکا و دەسەڵاتداری عێراقی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی سەلامەتی پیشەیی کاراکرد، لەبرەودان بەگیانی هاوکاری و ئاشتەوایی لە وڵاتدا، هەروا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانیش لەگەڵ هەردوو سەندیکا لە عێراق هەڵمەتێکیان سازداوە داوا دەکات سنوورێک دابنرێ بۆ ئەوەی بکوژانی ڕۆژنامەنووسان لە سزا دەرباز نەبن.

جەختیان لەسەر ئەو داواکارییانە کردەوە کە تاکو ئێستاکە جێبەجێ نەکراون، بۆ ئەوەی کاربەدەستانی عێراق دەرەنجامی لێکۆڵینەوە ڕووداوی تیرۆرکردنی سەرکردەی سەندیکایی کۆچکردوو (**شەهاب ئەلتەمیمی**) بڵاوبکاتەوە، کە لەمانگی شوباتی ڕابردوو تیرۆر کرا، لەو بەیاننامەیەی کە لە ئاکامی چاوپێکەوتنەکە بڵاوکرایەوە، هاتووە دەڵێت: «**تاکە ڕێگا کە دەکرێ کاربەدەستانی عێراق پابەندبوونی خۆیان پێشانبدەن بە ڕاوەدوونانی بکوژان و دەربازنەبوونیان لە سزاو دانانی سنوورێک بۆ ئەو کارەساتانەی ڕووبەڕووی زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق دەبنەوە، ئەوەیە هەنگاوی جیددی و ڕاستەقینە بنێن بۆ پەلکێشکردنی بکوژانی ئەو ڕۆژنامەنووسانە بۆ بەردەم دادگا**».

هەروا ئامادەبووانی داواشیان کرد ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و پەرلەمانی کوردستان بە پەلە کاربکەن بۆ پەسەندکردنی هەردوو پرۆژە «**یاسای پاراستنی ڕۆژنامەنووسان**» لە عێراق و «**یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی**» لە هەرێمی کوردستان.

فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی و هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق، هەلی ئەم چاوپێکەوتنەیان قۆستەوە بۆ چەسپاندنی هاوکاری نێوانیان لەپێناو پەرەپێدانی کاری گرووپی عێراقی بۆ سەلامەتی ڕاگەیاندنکاران، کە ئەویش ڕێکخراوێکە ساڵی پێشوو بەهاوکاری نێوانیان دامەزرا، سەرەڕای پەیمانگەی نێودەوڵەتی سەلامەتی هەواڵ، هەروا ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی سەنتەرێک لەهەولێر لەچەند هەفتەی داهاتوو بکرێتەوەبەنێوی «**سەنتەری سەلامەتی**».

لە کۆبوونەوەکاندا دیسان زنجیرەیەک گفتوگۆ کرا دەربارەی پشتگیری لە ئافرەتان لەراستیدا ئەو گفتوگۆیانە دەریانخست کە پێویستە ڕەوشی ژنانی ڕۆژنامەنووس لە هەردوو سەندیکادا بەرەو باشتر بچێت، هەروا سەرکردەکانی هەردوو سەندیکا پابەندبوونی خۆیان بەدیارخست بە دانانی یەکسانیی جۆری کۆمەڵایەتی لە پێشەوەی بەرنامەی کارەکانیاندا دووپات کردەوە.

شایەنی گوتنە، بەڕێز خاتوو (**جنان قاسم**) وەزیری کاروباری ئافرەتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەکانی کردو هاوکاری تەواوی خۆی دەربڕی بۆ داخوازییەکانی ژنانی ڕۆژنامەنووس و جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە ئافرەتی ڕۆژنامەنووسی عێراقی بەرەو ڕیزی پێشەوە هەنگاو هەڵێنن بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم خەباتە.

بەپشتبەستن بەو هەڵمەتە هەرێمییەی کە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان دەیهاوێژێ بەرامبەر بەشداریکردنی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لەسەرکردایەتی سەندیکاییدا، کە لە تونس سەرەتای ئەمساڵ بانگەشەی بۆ کرا بە مەبەستی دانانی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری نیشتمانی بە ئامانجی هاندانی ژنانی ڕۆژنامەنووسی عێراقی تاوەکو بێنە ڕیزی کاری سەندیکایی و کاندید



کردنی خۆیان بۆ ناو دەزگا سەرکردایەتییە سەندیکاییەکان.

لە کۆبوونەوەکاندا چەندین کێشەو بابەتی تر تاووتوێکران، وەک: پرسەکانی (**ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی**) و (**بەرنامەی کاری سەندیکایی**)، لەسەر ڕێکخستنی بەرنامەیەکی نوێ بۆ ڕاهێنانی سەندیکایی لە هەردوو سەندیکادا، لەم بوارەشەوە ڕێککەوتن، سەرەڕای سازدانی کۆنگرەیەک دەربارەی ڕۆژنامەگەری ئەخلاقی و سەربەخۆیی نووسین لە بەغدا، کارکردن بۆ ئەم کێشانە هەمیشە لە سەرووی کارە گرنگەکانە لە وڵاتدا، چونکە هێشتا پێویستە پشتگیری پیشەیی و ئەخلاقی ڕۆژنامەگەریی بکرێ و میدیا لە توانایدا بێت ڕووبەڕووی گوشارە سیاسییەکانی بوەستێت.

**هەولێر**

**٢٠٠٨/٨/١٥**

❊ ❊ ❊

# ل دهوکێ ڕەوشتێن کارێ روژنامەڤانی پیشەی بو هژمارەکا ئەندامێن سەندیکایێ دهێتە پێشکێشکرن

د سمینارەکێ دا بناڤێ ڕەوشتێن کارێ ڕۆژنامەڤانی پیشەیی شێرکو حەبیب بەرپرسێ پەیوەندیێن دەرڤە یێن سەندیکا ڕۆژنامەڤانێن کوردستانێ ڕەوشتێن کارێ ڕۆژنامەڤانی پیشەیی د چەند خالەکان دا ڕێزبەندکرن و تیتال و نەریت و ئێمناهیا نەتەوی و ڕاستگویی و وژدان پاکی ل دەستپێکێ دانا بون.

ئەڤ سمینارە ب ئامادەبونا فەرهاد عەونی نەقیبێ سەندیکا ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ و ل ئێڤاریا ڕۆژا چوارشەمبی ڕێکەفتی ٢٠٠٨/٨/٢٠ ل هولا سەنتەرێ پێشمەرگە ل دهوکێ بو ژمارەکا ئەندامێن لقێ دهوک یێ سەندیکا ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ پێشکێشکرن.

شێرکو حەبیب ل لایەکێ سمینارا خۆ ئاماژەکرە وێ چەندێ کو مەرج نینە ڕەوشتێن کارێ ڕۆژنامەڤانی پیشەیی د یاسایەکێ دا هاتبن بەلکو پتر ب داب ونەریتاڤە یا بەندە، و گوت کو نوکە نەوەکی جاران بێژین ڕاگەهاندن دەستهەلاتا چوارێ یە بەلکو نوکە دەستهەلاتا ئێکێ، وەک ل گەلەک وەلاتان تا سەروک و وەزیران ژ جهێن وان لا ددەن.

و ل دویماهیا سمینارێ ئەوا نێزیکی دەمژمێرەکێ ڤەکێشایی، چەند پرسیار ژ سمینارڤانی هاتنە کرن و بەرسڤ ل سەر هاتنە دان.

## دیدارێک لەگەڵ سکرتێر و ئەندامانی لقی دهۆکی سەندیکا

فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٢٠) لە شاری دهۆک چاوی بە سکرتێر و ئەندامانی لقی دهۆک کەوت لە میانی دیدارەکەدا، کارە پیشەییەکان و سەندیکاییەکان تاوتوێکران و نەقیبی ڕۆژنامەنووسان داوای لە ئەندامانی لقی دهۆک کرد، کە بە گیانێکی برایانە کار بکەن و پێکهاتەی سەندیکا بپارێزن.

لە تەوەرێکی دیکەدا جەختی لەسەر پێویستی پشتگیری ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت کردەوە و ئاماژەی بە پێکهێنانی لیژنەی پشتیوانی بۆ ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت لە سەندیکادا کرد، دواتر گوێبیستی بیروڕای سکرتێر و ئەندامانی لق بوو.

شایانی باسە بەهجەت هروری ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکا و شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە ئامادەی دیدارەکە بوون.

❊ ❊ ❊

## ئەنجوومەنی سەندیکا لەگەڵ ئەندامانی لقی موسڵی سەندیکا کۆدەبێتەوە

لە چوارچێوەی بایەخدانی ئەنجوومەنی سەندیکا بە چالاکی و دەستپێشخەرییەکانی لقەکان، ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٢ لەگەڵ ئەندامانی لقی موسڵ کۆبۆوە لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ئاماژەی بەگرنگی ئەم جۆرە دیدارو کۆبوونەوانە بەمەبەستی ئاگاداربوون لە پێشهاتەکان و گۆڕانکارییەکان. داو جەختیشی لەسەر پتەوکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەگشتی و ڕۆژنامەنووسانی غەیرە کورد لە شاری مووسڵ کردەوە.

هەروەها گوتی کەوا سەندکا لیژنەیەکی بۆ پشتیوانیکردن لە ڕۆژنامەنووسانی ئافرەت پێکهێناوە و لە کۆتایی قسەکانیشدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان ستایشی لقی موسڵی کرد، بەرامبەر باش بەڕێوەبردنی کاروبارەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان.

❊ ❊ ❊

## ئەنجوومەنی سەندیکا بەجیا لەگەڵ هەریەک لە لقەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی) کۆدەبێتەوە

لە چوارچێوەی پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و لقەکانی سەندیکا بە ئامانجی نەهێشتنی ئاستەنگەکان و پەیڕەوکردنی یاسای سەندیکا و پەیڕەوی نێوخۆ و ڕوونکردنەوەی ڕێنماییە کارگێڕییەکان ئەنجومەنی سەندیکا بەجیا لەگەڵ هەریەک لە سکرتێرو ئەندامانی لیژنەی لقەکانی (موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی) کۆبۆوە.

- ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٢ لەگەڵ لقی موسڵ.
- ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٩ لەگەڵ لقی هەولێر.
- سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٠ لەگەڵ لقی کەرکووک.
- ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/١٠ لەگەڵ لقی

سلێمانی.

لە سەرجەم کۆبوونەوەکاندا (**فەرهاد عەونی**) نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە تێرو تەسەلی باسی لەو تەوەرانەی سەرەوەکرد، هەوەک ئومێدی خواست کە سکرتێرو ئەندامانی لیژنەی لقەکانی بەوپەڕی هەست کردن بە لێپرسراویەتی بەگیانی یەک تیمی لە پێناو زیاتر خزمەتکردن بە ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن. لە بەرانبەردا سکرتێرو ئەندامانی لیژنەی لقەکانی ناوبراو چەندین سەرنج و پێشنیاری گونجاویان خستەڕوو.

* * *

# لقی هەولێر کۆڕێک بۆ ڕۆژنامەنووس (فرانسوا گزافا لۆڤا) ڕێک دەخات



کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٢٣ لە باخچەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان (**نەوزاد هادی**) پارێزگاری هەولێر و (**فەرهاد عەونی**) نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ژمارەیەک لە بەرپرسانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (لقی هەولێری سەندیکا) کۆڕێکی بۆ ڕۆژنامەنووس (**فرانسوا گزافا لۆڤا**) ڕێکخست، سەرەتا ڕۆژنامەنووس سکرتێری لقی هەولێری سەندیکا (**ئازاد حەمەدەمین**) بەناوی لقی هەولێر بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کردو داوای کرد دەقیقەیەک بەبێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و شەهیدانی ڕۆژنامەنووس بوەستن، پاشان ڕۆژنامەنووس (**ئاسۆ حاجی**) کورتەیەکی لەسەر ژیان و بەسەرهات و بەرهەمەکانی ڕۆژنامەنووس (**فرانسوا**)ی پێشکەش کردو دواتر (**فرانسوا گزافا لۆڤا**) ئێوارەباشی لە ئامادەبووان کردو هاتە سەر ژیانی ڕۆژنامەنووسیی و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ شۆڕشی کوردستان لەسەرەتای شەستەکان و تۆمارکردنی چەندین دیکۆمێنتی بەنرخ بە ڤیدیۆو بە فۆتۆ، پاشان دەرگای پرسیار بەرووی ئامادەبووانی کرایەوە ئامادەبووانیش بەپرسیارو سەرنج و تێبینییەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

# کۆنفرانسی دامەزراندنی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو

لەبەر ڕۆشنایی بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا، کاتژمێر ۱۱:۰۰ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ۲۰۰۸/۸/۲٤ لەهۆڵی دارایی و ئابووری قەزای سۆران بەئامادەبوونی بەڕێزان (کرمانج عیزەت) قایمقامی سۆران و بەرپرسی لقی (۱۰)ی پارتی و بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی و (**فەرهاد عەونی**) نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و (**زیرەک کەمال**) ئەندامی ئەنجوومەن و (**شێرکۆ حەبیب**) بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکاو بەڕێوەبەری دەزگای زاری کرمانجی، بە بەشداری زیاتر لە (٤۰) ڕۆژنامەنووس بەنوێنەرایەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەڤەرەکە لەژێر دروشمی (**لەپێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان**) کۆنفرانسی دامەزراندنی نووسینگەی سۆرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوەچوو.

سەرەتا «زیرەک کەمال» ئەندامی ئەنجوومەن لە وتەیەکدا جەختی لەسەر پابەندبوونی سەندیکا بە بڕیارو ڕاسپاردەکانی کۆنگرە کردەوە لە کردنەوەی نووسینگەی سۆران، ئەم هەنگاوەی بە گرنگ و پڕ بایەخ بۆ ڕۆژنامەنووسانی دەڤەرەکە ناوزەدکرد.

دواتر بەڕێز قایمقامی سۆران لە وتەیەکدا تیشکی خستە سەر کارو چالاکییەکانی یەکە ئیدارییەکانی ناوچەکە سەبارەت بە جێبەجێکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری لە دەڤەرەکەدا.

پاشان «**فەرهاد عەونی**»، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە وتەیەکدا ئاماژەی بە بەرنامەو پلانی سەندیکا سەبارەت بە خزمەتکردنی زیاتری ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کرد، هەروەک داوای لێکردن بە گیانی تەبایی و یەک تیمی بە جیاوازی بیرو باوەڕو نەتەوە ئایینیان لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان کاربکەن.

لەدوا بڕگەی کۆنفرانسەکەشدا داوا لە بەشداربووان کرا بەوپەڕی ئازادییەوە لیست ئامادە بکەن بۆ هەڵبژاردنی بەرپرس و ئەندامانی نووسینگەی سۆران، لەم بارەیەوە ڕۆژنامەنووس (**محەمەد حاجی کەریم**)



لیستی **(چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان)** ئامادەکرد، لەبەر ئەوەی هیچ لیستێکی تری رکابەر نەبوو، بۆیە لیستی ناوبراو تەواوی دەنگەکانی بەدەست هێنا لیستەکەش لەم رۆژنامەنووسانەی لای خوارەوە پێکهاتبوو:

١. محەمەد حاجی کەریم/ بەرپرسی نووسینگە
٢. محەمەد ئەحمەد ئیبراهیم/ ئەندام
٣. سالار قادر سەعید/ ئەندام
٤. ئیڤان جانی گۆربیل/ ئەندام
٥. عەبدولڕەحمان خالید/ ئەندام

* * *

# لێدوانێکی رۆژنامەنووسیی

پاش هەوڵێکی زۆر و چەندین دیداری نێوان فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و شاندەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە **(هەولێر و جەزائیر و دار البيضاء)** دەربارەی پێویستی کردنەوەی چەند سەنتەرێکی سەلامەتی پیشەیی لە کوردستان و عێراق بە پاڵپشتی (IFJ) ئەوەبوو سەنتەری سەلامەتی پیشەیی لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرایەوە کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری سەلامەتی پیشەییە لە رێگەی کردنەوەی خول و بڵاوکردنەوەی نامیلکە و چاپکراوی تایبەت و بانگهێشتکردنی شارەزایان و پسپۆرانی ئەو بوارە. بۆ راپەڕاندنی کارەکانی ئەو سەنتەرەش فیدراسیۆنی نێودەولیەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) بەشێوەیەکی خۆبەخشانە رۆژنامەنووس **(شێرکۆ حەبیب)** ی بە بەڕێوەبەری سەنتەرەکەو رێکخەری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی لە کوردستان دەستنیشانکرد، هەروەها رۆژنامەنووس **(حامد محمد علی)** سکرتێری سەندیکا بۆ هاوکاری لەلایەن سەندیکاوە دەستنیشانکرا.

بۆ زیاتر زانیاری لەو بارەیەوە:

تکایە پەیوەندی بەم ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنانە بکرێ:

شێرکۆ حەبیب
٠٧٥٠٤٥١١١٠٨ / ٠٠٤٤٧٩٣٢٧٨٧٦١٨
kjsint@gmail.com
حامد محمد عەلی
٠٧٥٠٤٥١٣٤٢٤
hamidali64@yahoo.com

ماڵپەری سەندیکای رۆژنامەنووسان
www.kurdistanjournalists.com

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر -٢٠٠٨/٨/٢٥**

* * *

# بەڕێوەبەری سەنتەری سەلامەتی پیشەیی کۆڕێک بۆ رۆژنامەنووسانی مێینە دەبەستێت

دوای ئەوەی رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٥ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانی دامەزراندنی سەنتەری سەلامەتی پیشەیی راگەیاند، رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٧ لە هۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسان**(شێرکۆ حەبیب)** بەڕێوەبەری سەنتەری سەلامەتی پیشەیی

کۆڕێکی لە ژێر ناونیشانی (**سەلامەتی پیشەیی**) بۆ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە بەست.

لە کۆڕەکەدا بەڕێوەبەری سەنتەری ناوبراو بە تێروتەسەلی باسی لە گرتنەبەری هەموو ئەو هەنگاوانە کرد کە پێویستە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانیان بیگرنەبەر بۆ سەلامەتی گیانی خۆیان و هاوکارانیان، هەروەک باسی لە ڕێنمایەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی کرد دواتر بەشداربوانی کۆڕەکە بە چەندین پرسیارو تێبینی کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد

جێگای باسە سەنتەری سەلامەتی پیشەیی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و هەردوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و عێراق پارساڵ بڕیاری دامەزراندنی لەسەر درابوو، پێویستە بگوترێت لە پلان و بەرنامەی سەنتەری ناوبراو دایە بە مەبەستی ئاشنابوونی ڕۆژنامەنووسان بە هەنگاوەکانی سەلامەتی پیشەیی لە داهاتوودا چەندین خولی مەشق و ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکاتەوە.

ئەمەو کۆڕەکە لە لایەن ڕۆژنامەنووس (**حەسیبە بابۆڵی**) سکرتێری لیژنەی پیشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە بەڕێوە چوو.

❊ ❊ ❊

# بەیاننامەیەک لە ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە بۆ ڕای گشتی

کاتژمێر(٨)ی سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/٨/٢٦ تاقمێکی چەکدار کەجلوبەرگی سەربازی تایبەتیان پۆشیبوو هەڵیان کوتایە سەرماڵی ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ڕۆژنامەنووس(**صادق جعفر بشیر**) سکرتێری نووسینی گۆڤاری (أراء) کە لە دەزگای(شەفەق) دەردەچێت لە ئاکامدا ناوبراو بە سەختی بریندار بوو خوشکێکیشی گیانی لە دەست داو هەروەها دایک و کوڕێکیشی بە سەختی زامدار بوون.

ئێمە لە کاتێکدا ئەم تاوانە چەپەڵە مەحکوم و ڕیسوا دەکەین داوا لە حکومەتی عێراقی دەکەین بە جدی هەوڵبدات بۆ بنبرکردنی ئەم جۆرە کارەساتانە کە بەرامبەر هەڵگرانی وشەی ئازاد ئەنجام دەدرێن، هەروەها نابێت حکومەتی عێراق دورە پەرێز ڕابوەستێ لە بەرپرسیاریەتی یاسایی و پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان لە هەمان کاتیشدا داوا لە سەرجەم ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستەکان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسیەکان لە جیهاندا دەکەین بە ڕیسواکردن و مەحکوم کردنی ئەم جۆرە تاوانانە و داوا لە حکومەتی عێراقی بکەن بە پاراستنی گیانی ڕۆژنامەنووسان و لێکۆڵینەوەی دەست بەجێ بکات و نەهێڵێ تاوانباران لە دەستی عەدالەت دەربازبن.

پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان لە ئەستۆی حکومەتی عێراقی دایە و پێویستە بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی لەم ئەرکە نەکات.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٨/٢٦**

❊ ❊ ❊

# لە کەرکووک کۆنفرانسی «لە پێناو گەشەپێدانی تواناکانی لاوانی میدیاکار» بەڕێوەچوو

ماف و ئەرکەکانی لاوان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا، گیر و گرفتەکانی لاوی میدیاکار لە شوێنی کار کردنیدا.. هۆکار و چارەسەر، چۆن لە ڕێگەی میدیاوە تواناکانی لاوان ئاشکرا بکرێت، سێ تەوەرەی سەرەکی کۆنفرانسی «لەپێناو گەشە پێدانی تواناکانی لاوانی میدیاکار» بوو، کە بە ئامادەبوونی زیاتر لە (٦٠) لاوی میدیاکار، ڕۆژی چوارشەممە (٢٠٠٨/٨/٢٧) لە هۆڵی یانەی مامۆستایان لە شاری کەرکووک، هەریەک لە ناوەندی کەرکووکی کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان و لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە هاوبەشی سازیان دابوو.

**بەرنامەی کۆنفرانس**

بەرنامەی کۆنفرانس خۆی لە یەک ڕۆژدا بینیەوە، کە وەک سەرەتایەک بۆ کار کردن بۆ لاوی میدیاکار چەند کەسێک هەژمار کرد، کە لێرەوە ئەجندەی کاری دیکە بۆ لاوانی میدیاکار ئەنجامبدرێت، دەستپێکی کۆنفرانس بە خوێندنەوەی وتاری لیژنە ئامادەکار لە لایەن سکرتێری لقی کەرکووکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەتیف فاتیح بە زمانی کوردی و ئیسرا مەجید کارگێڕی ناوەندی کەرکووکی کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان بە زمانی عەرەبی دەستی پێکرد، پاشان ئەمیری فەخرەدین ئەندامی دەستەی باڵای کۆمەڵەکە، ئامانج لە بەستنی کۆنفرانسەکەی بۆ ئامادەبووان خستە ڕوو، دواتر هەر یەک لە شوان داودی سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ و ستران عەبدوڵڵا سەرنووسەری گۆڤاری هەفتانە و لەتیف فاتیح، سێ باسی گرنگیان لەبارەی لاوانی میدیاکارەوە پێشکەش کرد، کە لە سەرەتای ئەم ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێکراوە و دوای باسەکان، گفتوگۆی لەبارەوە، کرا. ئەمە و دواتر ئەندامانی کۆنفرانس بەسەر سێ گروپ دابەش کران بۆ نووسینەوەی ڕاسپاردەی پێویست لەبارەی ئامانجی کۆنفرانسەکەوە پاشان ئەو ڕاسپاردانە دوایی خوێندنەوەیان دەنگدانی لەسەر کرا و لە کۆتاییشدا لیژنیەکی پێنج کەسی بۆ کار کردن و بە دواداچوونی ئەو ڕاسپاردانە لە نوێنەرانی کۆنفرانس پێکهێنرا.

**ئامانجی کۆنفرانس**

وەک لە وتاری لیژنەی ئامادەکاری کۆنفرانس باسکرا، کۆنفرانس ڕێکخستن و ئەکتیڤ کردنی میدیای کوردیی مەبەست بووە، کە ئەویش لە ڕێگای لاوانی میدیاکارەوە دەکرێت باشتر بکرێت، بۆ ڕەخساندنی ئەو هەلەش بۆ لاوی ڕۆژنامەکار ئەم خاڵانە مەبەستی کۆنفرانس بوون:

١. نەوەی پێشوو لێبگەڕێن کە نەوەی ئێستا و ئایندە کۆپی کراوی خۆیان نەبن و ئازادی تەواو بۆ لاوان دەستەبەر بکەن.

٢. کۆمەڵگا و خێزان هۆشیار بکرێنەوە، تا ڕێگری و لەمپەر نەخەنە بەردەم لاوانی میدیاکار.

٣. کار کردن بۆ دروستکردنی کێبڕکێ لە نێوان لاوە ڕۆژنامەنووسەکان، لە پێناو پێشکەوتنیان لە پیشەکانیان.

٤. کار بۆ ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی پتەو بکرێت لە نێوان لاوانی میدیاکاری شار و شارۆچکەکانی کوردستان، بۆ پاڵپشتی کردنی یەکدی لە کارەکانیاندا.

# چلەی ماتەمینی ڕۆژنامەنووسی شەهید (سۆران مامە حەمە) بەڕێوەچوو



لقی کەرکوکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە ڕۆژی (٢٠٠٨/٨/٣١) لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان لە شاری کەرکووک، بە هاوکاری ڕێکخراوی (خاک) و گۆڤاری (لڤین)، مەراسیمی چلەی ماتەمینی شەهیدی ڕۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە.. ڕێکخست. مەراسیمەکە بە چەند ئایەتێک لە قورئانی پیرۆز دەستپێکرد، دواتر ئامادەبووان دەقیقەیەک بەبێ دەنگی وەک ڕێزلێنانێک بۆ گیان شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و ڕێڕەوی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا وەستان. گوتاری لێژنەی باڵای مەراسیمەکە لەلایەن ڕۆژنامەنووس ئەحمەد میرە خوێندرایەوە و پاشان پارچە مۆسیقایەکی غەمگین و چەند کۆپلەیەک لە شیعری شاعیران پێشکەش کران. شایانی باسە، ڕۆژنامەنووس سۆران مامە حەمە شەوی (٢١-٢٠٠٨/٨/٢٢) لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی شۆریجە شەهید کرا.

ڕۆژنامەنووسی شەهید بە یەکێک لە ڕۆژنامەنووسە دیارەکانی شاری کەرکووک دەژمێردرێت.

❊ ❊ ❊

# بەمەبەستی پەرەپێدانی توانا پیشەییەکان لقی موسڵی سەندیکا خولێک ڕێکدەخات

لقی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خولێکی بۆ پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژانی (٢٠٠٨/٩/٧-٢٠٠٨/٩/١٣)، ڕێکخست. لەم خولەدا ڕۆژنامەنووس (ڕیاز مەیالی) سەرنووسەری هەفتەنامەی (دجلە) کە لە موسڵ دەردەچێت.. وەک وانەبێژ بەشدار بوو. شایانی گوتنە، لەم خولەدا (٢٠) ڕۆژنامەنووسی ڕۆژنامە و گۆڤارە جیا – جیاکان بەشداربوون و لە کۆتایی خولەکەشدا بروانامەی بەشداربوون بەسەر بەشداربووان دابەشکرا.

❊ ❊ ❊

# لقی موسڵ ئیدانەی تیرۆرکردنی تیمی کەناڵی ئاسمانی (الشرقیە) دەکات

لقی موسڵی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانەی تیرۆرکردنی تیمی ڕاگەیاندنی کەناڵی ئاسمانی (الشرقیە) لە گەڕەکی زەنجیلی لە موسڵدا دەکات و ئەم کارە بە هەوڵێکی ترسنۆکانە بۆ تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسان (هەڵگرانی پەیامی ڕاستی) دەزانێت. داواش لە لایەنی پەیوەندیدار دەکات، کە بەدوای تاوانباران بن و دەستگیریان بکەن و بدرێنە دادگا بۆئەوەی سزای عادیلانەی خۆیان وەرگرن، هەروەها لقی سەندیکا پرسە و سەرەخۆشی خۆی پێشکەشی کەسوکاری شەهیدان و هاوکاران لە کەناڵی (الشرقیە) دەکات.

**لقی موسڵی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/٩/١٣**

❊ ❊ ❊

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان تیرۆرکردنی چوار کارمەندی کەناڵی (الشرقیە) مەحکوم دەکات

جارێکـی دیکـە باندێکی تـاوان و تیرۆر رۆژی ٢٠٠٨/٩/١٣ لە شـاری موسڵ دەستی چەپەڵـی گەیانـدە سـێ رۆژنامەنـووس و شـوفێری ئەو تیمـەی کەناڵی (الشـرقیە) کە بەرنامەیەکـی تایبەتیان بە مانگـی رەمەزانی پیرۆز ئامادە دەکرد و گوللە بارانیان کردن..

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە کاتێکدا کە پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراسـتەی کەناڵی تەلەفزیۆنی الشرقیە و گشت رۆژنامەنووسـانی عێراق دەکات، لە هەمان کاتدا بە توندی ئەم کارە تیرۆریستییە ریسـوا و مەحکـوم دەکات کـە بەرامبـەر چەنـد رۆژنامەنووسـێکی بێ تـاوان لە کاتی ئەنجامدانی کاری رۆژنامەنووسی لە گەڕەکی زەنجیلی لە شاری موسڵ ئەنجامدراوە..

ئەنجوومەنـی سـەندیکا داوا لە حکومەتی عێراقـی دەکات هەرچـی زووە سـنورێک بـۆ ئـەم تاوانـە دابنێت کـە لە لایـەن گروپە چەکدارەکانەوە دەرهەق بە رۆژنامەنووسـان دەکرێـت، لە هەمـان کاتیشـدا داواکارین کە حکومەتـی ناوەنـدی یاسـا و رێسـای توند بگرێتەبـەر کـە ببێتە هۆکارێک بۆ پاراسـتنی گیانی رۆژنامەنووسان.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٩/١٤**

❊ ❊ ❊

# ب پشتەڤانیا وەزارەتا رۆشنبیری وورکشوپەکا زانستیا پەیامنێرێن مەیدانی یێن رادیویان ل دهۆکێ ب دوماهی هات

ب سەرپەرشـتی یـا راهێنـەرێ هولەندی (یوریس ڤان دی کریکور) ول دویڤ بەرنامێ لقێ دهـۆک یـێ سـەندیکا رۆژنامەڤانێـن کوردستانێ رۆژا ئەیینی (١٥) ئەیلولێ خولەکا پێشـکەفتیا زانستی یا پەیامنێرێن رادیویان ل پارێزگەها دهۆکێ ب دوماهی هات.

درێ ورەسـمێن ب دوماهـی هاتنـا وورکشـوپێ دا کـو ب هەڤکاریـا وەزارەتـا رۆشـنبیری رێڤەبەریـا گشـتیا رۆشـنبیری وهونەری ل پارێزگەها دهۆکێ ومیدیا سەنتەر هاتیە گێران چەند پەیڤ هاتنە خواندن ووتێدا ئامـاژە ب گرنگیا ڤـێ وورکشـوپێ وپێنگاڤا سـەندیکا رۆژنامەڤانان هاتە دان ودەسـت ل رێڤەبەریا گشـتیا رۆشـنبیری ل دهۆکێ هاتە کـرن بۆ پشـتەڤانی وهاریکاریـا وێ دگێرانا وورکشـوپێ دا وددویڤدا خەلات وباوەرنامە ل سەر پشکداران هاتنە بەلاڤکرن.

دوورکشـوپێ دا ٢٤ پەیامنێرێن رادیوییێن (دهۆک وبەهدینان ودەنگـێ لاوان ویەکگرتو وئـازادی) ل دهۆکێ وپەیامنێرێـن رادیوییێن (دەنگێ عێراقا ئازاد ونەوا وزاکروس ودەنگێ کوردستان ودەنگێ گەلێ کوردستان ودەنگێ ئـازادی) پشـکداری تێـدا کربوو وبـۆ دەمێ رۆژان یا بەردەوامبـوو ١وچەندین تەوەرێن گرنگێن کارێ مەیدانی یێ رادیویێ ب شێوازێن تیوری وپراکتیکی هاتبونە پێشکێش کرن.

❊ ❊ ❊

# لقی سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی لە كەركووك كرایەوە

لە هۆڵی ئاشتی لە شاری كەركووك، لە (٢٠٠٨/٩/١٧) سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی، بە مەبەستی دامەزراندنی لقی كەركووكی سەندیكا كۆنگرەیەكی بەست، لەم كۆنگرەیەدا موئەید لامی نەقیبی رۆژنامەنوسانی عێراقی ئامادەبوو، لە گوتەیەكدا ئاماژە بە رەوشی سەختی رۆژنامەنووسانی عێراقی ئەو مەترسییانەی بەرەنگاری دەبنەوە.. كرد.

هەروەها شاندێكی لقی كەركووكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە كۆنگرەكەدا ئامادەبوو، هاوكارمان لەتیف فاتح فەرەج سكرتێری لق گوتەیەكی پێشكەش كرد، تێیدا خۆشحاڵی خۆی بۆ كردنەوەی لقی سەندیكای عێراقی دەربڕی.

لە كۆتاییدا لیژنەی لق بە هەڵبژاردن دەستنیشانكرا. شایانی باسە لقی كەركووكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، دوای رووخانی رژێمی دیكتاتۆری لە ساڵی/٢٠٠٣ دامەزراوە و ئێستاش زیاتر لە (٥٠٠) رۆژنامەنووس ئەندامن تیایا.

❊ ❊ ❊

# دهۆك؛ نەقیبی رۆژنامەنووسان موحازەرەیەك پێشكەش دەكات

رۆژی چوارشەممە (١٧/ئەیلول/٢٠٠٨)، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان، لە خولێكدا بۆ ئامادەكردنی كادیرانی رۆژنامەنوسانی ئافرەت لە شاری دهۆك رێكخرابوو، موحازەرەیەكی پێشكەش كرد.

لەمیانی موحازەرەكەدا نەقیبی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بە هۆكارەكانی كەمیی رۆژنامەنووسانی ئافرەت لە سەندیكای رۆژنامەنووسان كرد و جەختیشی لەسەر پشتگیری سەندیكا بۆ رۆژنامەنووسانی ئافرەت لە بوونیان بە ئەندام لە سەندیكادا، بە مەبەستی ئەوەی سەندیكا ببێتە پشتیوانیان كردەوە.

هەروەها نەقیبی رۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەشدا، كە كۆمەڵگا رۆڵی هەیە لە تەسككردنەوەی ئازادییەكانی ئافرەتدا.

ئەوەی پێویستیشە بگوترێت كەوا رێكخراوی (نوژین).. بۆ بە دیموكراسییەكردنی خێزان بە هاوكاری لەگەڵ رێكخراوی (R.R.T).. ئەم خولەی بۆ (٣٠) رۆژنامەنووسی ئافرەت بە مەبەستی راهێنانیان لەسەر هونەرەكانی رۆژنامەگەری بۆ ماوەی (٨) هەفتە. رێكخست.

❊ ❊ ❊

هەواڵنامەی كتێب

# سەندیكا ئیدانەی كردەوە تیرۆریستییەكەی دژبە سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی دەكات

ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، هەواڵی ئەو كردەوە تیرۆریستییەی دژ بە بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی لە (٢٠٠٨/٩/٢٠) ئەنجامدرا، پێگەیشت، كە برینداربوونی هاوكارمان موئەیەد لامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی و ژمارەیەك لە ئەنجومەنی سەندیكا و كارمەندانی لێكەوتەوە.

ئێمە لە كاتێكدا بە توندی ئیدانەی ئەم تاوانە و ئەم كردە تیرۆریستییە دەكەین، هیوای زوو چاكبوونەوە بۆ هاوكارانمان دەخوازین و داواش لە حكومەتی عێراق دەكەین، كە بارەگای سەندیكا و گیانی رۆژنامەنووسانی عێراقی كە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی چوارەم و بیروڕای ئازاد دەكەن، بپارێزێت. ئەم بیروڕا ئازادەی كە كرداری بنیاتنانی عێراقێكی تازە و فیدراڵ و دیموكرات و فرەیی پێویستی پێیەتی.

**ئەنجومەنی سەندیكای**
**رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٩/٢٠**

* * *

# نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان بروسكەیەك ئاراستەی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی دەكات

فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان، بروسكەیەكی ئاراستەی موئەیەد لامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی كرد.. تێیدا هاوسۆزی خۆی و ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان دەربڕی، بەرامبەر ئەنجامدانی كردەیەكی تیرۆریستی لە بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقی.. ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

هاوكارمان موئەیەد لامی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی

هاوكارانمان لە ئەنجومەنی سەندیكا...

سڵاوی خواتان لێبێت..

هەواڵی كردەوە تیرۆریستییەكە و ترسنۆكەكەی بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی عێراقیمان پێگەیشت، كە برینداربوونی بەڕێزتان و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیكای لێكەوتەوە..

ئێمە لە ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان، هاوسۆزی خۆمان بۆ ئێوە و رێزەوی سەندیكای عێراقی دەردەبڕین.

هیوای زوو چاكبوونەوەتان بۆ دەخوازین...

**فەرهاد عەونی**
**نەقیبی رۆژنامەنووسانی كوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/٩/٢٠**

* * *

# سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی.. سوپاسی هەڵوێستی نیشتمانی و پیشەیی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات

سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی لە بەیاننامەیەکدا سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەربڕی، بە ناڕەزایی دەربڕینی بەرامبەر ئەو کردە تیرۆریستییەی کە دژ بە بارەگای سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی ئەنجامدرا.

ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی سوپاسی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات، بەرامبەر هەڵوێستە پیشەییەکان و ناڕەزایی دەربڕینیان بەرامبەر ئەو کردە تیرۆریستییەی دژ بە سەندیکای عێراقی ئەنجامدرا و بریندابوونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی موئەیەد لامی لێکەوتەوە. سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقی پێزانینی خۆی ئاراستەی رۆژنامەنووسان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و شێرکۆ حەبیب بەرپرسی نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا و ئەندامانی ئەنجوومەنی سەندیکا، بەرامبەر هەڵوێستە پیشەییەکەیان و هاوسۆزیان بۆ سەندیکای عێراقی. دەکات. ئەمەش دووپات کردنەوەیەکە بۆ پەیوەندییە پیشەییەکان لە نێوان هەردوو سەندیکادا.

سەندیکای عێراقی خۆشحاڵە بە بەرزنرخاندنی ئەو ئاسانکارییانەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ رۆژنامەنووسانی عێراقی فەراهەم دەکات کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، یا سەردانی دەکەن، ئەمەش بە ئاراستەی کاراکردنی پەیوەندییە مێژووییەکان و پیشەییەکان لە نێوان هەردوو سەندیکادا، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کاری پیشەیی و راگەیاندن لە عێراقی نوێدا دێ.

هەولێرنامەی کتێب

* * *

# کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی سەبارەت بەیاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان

سەر لەئێوارەی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٠٠٨/٩/٢١ ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن سەبارەت بە یاسای کاری رۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ٢٠٠٧/١٢/١١ لە باخچەی ئەنجوومەنی سەندیکا سازکرد.

سەرەتا نەقیبی رۆژنامەنووسان وێڕای روونکردنەوەی گرنگی پرۆژەی ئەو یاسایە کە لەلایەن سەندیکاوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرابوو، جەختی لەسەر ئەو خاڵانە کردەوە کە کاتی خۆی بە نووسراوێکی رەسمی لە ٢٠٠٨/٢/١٣ پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی کردبوو و هیوای خواست کە پەرلەمانتارانی بەڕێزی کوردستان بەوپەڕی سنگفراوانی و دووربینییەوە مامەڵە لەگەڵ هەمووارکردنی یاساکەدا بکەن و رەچاوی پێویستی و تایبەتمەندی یاساکە

بکەن، کە دەبێتە هۆکاری چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و سەروەریی یاسا، کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی شارستانی و پێشکەوتوو دەبات..

هەروەها دەبێتە بنەمایەک بۆ فراوانبوونی کاری ڕۆژنامەنووسیی وەک دەسەڵاتی چوارەم..



* * *

# (نیشانەی شەرەف)ی ئەخلاقی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان.. بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی پیادە دەکرێت

دوا بەدوای پەسندکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، ئەم یاسایەی بەرز نرخاند و بڕیاریدا نیشانەی شەرەفی ئەخلاقی بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی پیادە بکرێ:

فدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بە گەرمی پێشوازی لە پەسەند کردنی یاسای تازەی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق کرد.

ئەم یاسایە پرنسیپەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری و لابردنی بەند کردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕانەگرتنی بڵاوکراوەکان لە دەرچوون لەخۆ دەگرێت. هەروەها ئەم یاسایە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی پەیمانی شەرەفی ڕۆژنامەنووسی جیهانی پیادە دەکات، کە فدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان پەیڕەوی دەکات.

ئەمینداری گشتی فدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان ئایدان وایت گوتی: **(ئەم بڕیارە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیە و ئیعتراف بە پێوەرە ئەخلاقییەکانی جیهانی و ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ دەکات، هەروەها ئەم بڕیارە دەرفەتی سەرەتایەکی تازە بۆ ڕۆژنامەنووسانی عێراقی دەڕەخسێنێت و جەختیش لەسەر دابڕانی تەواو لەگەڵ کردەوەکانی ڕابردوو لە سانسۆر و کۆنترۆڵ کردنی ڕاگەیاندن دەکات، ئێمە پیرۆزبایی لە**

**هاوکارانمـــان دەکەین، کە توانیان قەناعەت بە دەسەڵات بێنن، کەوا پێویستە ڕاگەیاندن ئازاد بێـت و دۆزە ئەخلاقییەکان لە لایەن خوودی پیشەکارانەوە چارەسەر بکرێت).**

ســەرەڕای ئەمــەش فدراســیۆنی نێــو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، بەپارێزە بەرامبەر ئەم یاسایە، کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانی عێراقەوە لەم دواییەدا پەســەند کراوە ئەویش بەهــۆی ئەوەوە کە لە کێشــە و گرفت بەدەر نییــە، وەکــو: ئــەو ســزا داراییانەی بەســەر ڕۆژنامەنووســان و نووسەران دەسەپێنرێن، لــە کاتــێ تۆمەتبــار کردنیــان بــە **(لەکــەدرا کردنــی بیر و باوەڕە ئایینییــەکان)** یاخود بە **(بڵاوکردنەوەی رق و کینە و دووبەرەکی)**.. .

وایــت درێژەی بــە قســەکانی دەدات و دەڵێت: **(جێگــەی نیگەرانییە، کە ئەم یاســایە، هەرچەندە نیەتی پاکی لــە دواوەیە، بەخراپی بــەکار بهێنرێــت، ئــەوەی گرنگــە، مەســەلە پەیوەندیــدارەکان بــە ئەخلاقیاتــی پیشــەیی یاخود ناوەڕۆکی ڕۆژنامەنووســی بەدەســت ڕێکخەرانی کەرتی ڕاگەیاندن بێت و لەدەست حکومــەت نەبێت و پێویستیشــە ئەم یاسـایە ڕەنگدانەوەی ئەم پرنسیپە بێت).**

لەگــەڵ ئەوەشــدا ئــەم یاســایە، کــە لە هەرێمی کوردســتان لە باکووری عێراقدا جێ بە جێ دەکرێت، ئاماژەیەکی ســوود بەخشــە لە سیاســەتی ڕاگەیاندندا، لە تــەواوی خاکی عێراقدا، کە دوو ســەندیکا لەم وڵاتەدا سەر بە فدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسانن: ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی عێراقــی کــە بارەگاکــەی لــە بەغدایــە، و ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردستان کە بارەگاکەی لە هەولێرە. ئەم یاسایەش بە ڕوونی پشتیوانی لــە ئازادی ڕۆژنامەگەری دەکات، کە لە دەقی **(مادە دوو – برگەی یەکەمدا)** هاتووە:

(ڕۆژنامەگــەری ئــازادە و سانســۆری **لەســەر نییــە و ئــازادی بیــروڕا دەربڕین و بڵاوکردنــەوە بــۆ هەمــوو هاووڵاتییــەک لە چــوار چێوەی ڕێزگرتنی مافــەکان و ئازادیی تاکــەکان و تایبەتمەنــدی ژیانیــان بــە پێــی یاســا، پارێــزراوە و لەگــەڵ پابەنــد بوون بە برنسیپە ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەگەری بە پێی پەیمانی شەرەفی فدراسیۆنی نێو دەوڵەتی بۆ ساڵی/١٩٥٤ی هەموار کراو، کە وەکو پاشکۆ لەگەڵ ئەم یاسایە دایە).**

پەیمانی شــەرەفی تایبەت بە فدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووســان، کەوا **(پێوەرە جیهانییەکانــی ڕۆژنامەگــەری ســەربەخۆ)** دیاریــدەکات، بەنــاوی **(پەیمانــی بــوردو)**ش دەناســرێت، بەناوی ئەو شــارە ناونراوە کە کۆنگرەی گشــتی فدراســیۆنی نێــو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووســانی لە ساڵی/١٩٥٤دا تێدا ساز کراوە و پەیمانەکەی پیادە کردووە، ئەم پەیمانە بە کاکڵــەی **(دەستپێشــخەری ڕۆژنامەگەری ئەخلاقــی)**، کــە فدراســیۆنی نێــو دەوڵەتــی ڕۆژنامەنووســان وەک دەستپێشــخەرییەکی جیهانی بۆ پشتگیری ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ بانگهێشــتی بۆ کرد، دادەنرێت ئەم هەڵمەتە لە ســەرەتای ئەم ساڵدا دەســتپێکرد ئەویش لە میانی کۆنگرەی **(دیالۆگی ڕاگەیاندنی جیهانی)** کە لە ئەندونیسیا بەسترا.

دیســان وایــت. دەڵێــت: (ئــەم ڕۆژگارە بۆ ڕۆژنامەگەری ڕۆژگاری کارەســاتاوی و ســەختن، نەک هەر تەنهــا لە عێراقدا، کە توند و تیــژی دژی ڕۆژنامەنووســان گەیشــتۆتە ئاســتێک ناکرێت چاوی لێ بپۆشــرێت، بەڵام لە سەرانسەری جیهاندا، کە ڕۆژنامەنووسان دەیانەوێــت پابەندی باڵاتریــن پێوەرەکان بن لە ژێر ڕەوشــە کۆمەڵایەتییەکان و پیشــەییە ســەختەکان و ناســەقامگیریدا، پەیمانــی ڕۆژنامەنووســانی جیهان، نیشانەی شەرەف و متمانەییــە، ئێمە پێشــوازی لــە پیادەکردنی دەکەیــن، بەڵام خاوەنییەتــی و بە دواداچونی جێبــە جــێ کردنی، پێویســتە لەژێر دەســتی ڕۆژنامەنووساندا بێت.

فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان نوێنەرایەتــی زێدەتــر لــە (٦٠٠,٠٠٠) ڕۆژنامەنووس لە (١٢٠) دەوڵەتدا دەکات.

بــۆ زانیــاری زیاتــر پەیوەنــدی بــە فیدراسیۆنی نێو دەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان بە (٠٠٣٢٢٢٣٥٢٢٠٧) بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## پرسەنامەیەک لە لقی سلێمانییەوە.. بەهۆی کۆچی دوایی ڕۆژنامەنووس (گۆران عومەر ڕەشید)

لە کاتێکدا ڕۆژنامەنووس و پێشکەشکاری بەرنامە لە کەناڵی ئاسمانی کوردسات و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان (**گۆران عومەر ڕەشید**) لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١٠/٣) لە سلێمانییەوە بەرەو هەولێر دەهات، بە هۆی کارەساتێکی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێلەوە، بەداخێکی گرانەوە گیانی لەدەستدا.

لقی سلێمانی سەندیکا بەم بۆنە غەمناکەوە پرسەنامەیەکی پێشکەشی کەناڵی کوردسات و کەس و کاری خوالێخۆشبووکرد.

هەروەها نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگرەکەی بەناوی ئەنجومەنی سەندیکاوە ئامادەی پرسەکەی بوون و سەردانی بنەماڵەی ڕۆژنامەنووسی کۆچکردوویان لە شاری سلێمانی کرد.

شایانی باسە (گۆران)ی جوانەمەرگ لەدایکبووی شاری سلێمانی ساڵی (١٩٨٣) بوو دەرچووی کۆلێژی زانستە مرۆییەکان (**بەشی ڕاگەیاندن**) لە زانکۆی سلێمانی بوو و خاوەنی چەند بەرنامەیەکی سەرکەوتووبوو، دواییینیان بەرنامەی (**کڵاوێن**) بوو، کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی وەدەستهێنابوو.

* * *

# لە برۆکسل کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەرانی سەندیکا و فیدراسیۆنەکانی ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبیدا ساز دەکرێت..

لە نێوان (٧-٢٠٠٨/١٠/١٠) لە بارەگای فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە شاری برۆکسلی پایتەختی وڵاتی بەلجیکا.. کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەرانی سەندیکا و فیدراسیۆنەکانی ڕۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبیدا ڕێکخرا.

نوێنەرانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی کوێتی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی مەغریب، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئوردنی، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی یەمەن، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە بەحرەین، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لە تونس و جەزائیر، ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب نوێنەری سەندیکا ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بوون.

لە دانیشتنی یەکەمدا، ڕۆژنامەنووس ئایدان وایت سکرتێری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، گوتەیەکی بەخێرهاتنی پێشکەشکرد، دواتر لە نێوان بەرنامەی کۆبوونەوەکەدا، باس لە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان کرا.

پاشان بەشدرابوون سەردانی ڕۆژنامەی (**لوسوار**)ی بەلجیکیان کردو لەلایەن جێگری سەرنووسەرەوە پێشوازییان لێکراو بەشەکانی ڕۆژنامەکەیان بەسەر کردەوە.

دواتر بەشداربووان، سەردانی پەرلەمانی

ئەوروپیان کردو لەلایەن ژمارەیەک ئەندامانی پەرلەمانی ناوبراو بەگەرمی پێشوازییان لێکراو لە سەردانەکەشدا ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب داوای کردنەوە خولی سەلامەتی پیشەیی کرد و هەروەها خوازیاری ئەوەبوو، داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێت کە گیانی ڕۆژنامەنووسان بپارێزێت و بکوژانی ڕۆژنامەنووسان دەستگیر بکات و بدرێتە دادگاکان بۆ ئەوەی سزای عادیلانە وەرگرن.

هەروەها داوای ئەوەشی کرد، کە خولی ڕاهێنان بۆ ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بکرێتەوە و دانەیەک لە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا دوای وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی پێشکەشی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپی کرد.

بەڕێز مریان میکو ئەندام پەرلەمانی بەلجیکی، یاساکەی بەرز نرخاند، نوێنەری سەندیکاش بانگهێشتی بەڕێزیانی کرد، بۆ سەردانی کوردستان، ئەم بانگهێشتەش قەبووڵ کرا.

لە ئێوارەشدا، بەشداربووان سەردانی بارەگای کۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی (**بەلجیکا**) یان کرد و لەلایەن سکرتێری گشتی کۆمەڵەکە پێشوازییان لێکرا.

لە ڕۆژانی کۆتایی کۆبوونەوەکە، بەشداربووان گوێبیستی چەندین باس، دەربارەی: ئازادی ڕۆژنامەگەری و مافی ڕۆژنامەنووسان بوون.

لەم بوارەشدا ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سەبارەت چالاکییەکانی سەندیکا و یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا دوا.

بەشداربووانیش چالاکییەکانی سەندیکایان بەرز نرخاند و گۆڤاری (**الصحفی**)یان بەگۆڤارێکی بەڵگەنامەیی لە قەڵەمدا.

هەروەها لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ بەلجیکا ڕۆژنامەنووس شێرکۆ لەو پەناگیرییەی ژمارەیەک لە میدیاکاران لە بەردەم بارەگای کۆمیسیۆنی ئەوروپی ڕێکیان خستبوو بۆ پشتگیریکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە وولاتی (**چین**)دا.. بەشداربوو.

* * *

# ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەنووسی

**نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان خۆ پیشاندانێک لەبەردەم باڵیۆزخانەی ئێراقی فدراڵ لە لەندەن ڕێک دەخات:**

لە چوار چێوەی ئەو هەوڵ و چالاکیانەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی فیدراسیۆنی نێوەدەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، و لە ئاکامی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کازابلانکا لە ١٩-٢١ ی مانگی ئایاری ٢٠٠٨ و کۆبوونەوەکانی برۆکسل لە ٧-٢٠٠٨/١٠/١٠، بەتەرخان کردنی ڕۆژی ٥ ی نوفمبەری ساڵی ٢٠٠٨ وەک ڕۆژێکی هاوکاری و پشتگیری سەرجەم ڕۆژنامەنووسان لە جیهاندا لە ژێر دروشمی (**نا بۆ زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسان**)، ڕۆژی ٥ی ئەم مانگە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ئامادە بوونی کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووسان خۆپیشاندانێکی هێمنانەی لەبەردەم باڵوێزخانەی ئێراقی فیدراڵ لە لەندەن بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر سازکرد،لەو خۆپیشاندانە یادداشتنامەیەکیان پێشکەش بە بەرپرسان کرد، ئەمەو نامەکە لە لایەن ڕۆژنامەنووسان عەبدولمونعیم ئەعسم و شێرکۆ حەبیب پێشکەش بە بەڕێزان عەبدولموهەیمن ئەلعرێبی هەڵسوڕێنەری کاروباری باڵیۆزخانە و عەلی بەیاتی سکرتێری یەکەم کرد کە بەگەرمی پێشوازیان لە هەردوو ڕۆژنامەنووس کرد،

لە دانیشتنێکدا پشتگیری خۆیان بۆ ماف و داخوازیەکانی رۆژنامەنووسان دەربڕی، لە لای خۆیەوە شێرکۆ حەبیب سوپاسی کاربەدەستانی باڵیۆزخانەی کرد بۆ ئەو پێشوازی و پشتگیرییە و هیوای خواست ئەو یادداشتنامەیە بگاتە بەرپرسان لە بەغدا کە داوای پاراستنی ماف و ژیانی رۆژنامەنووسان دەکات، هەروەها ئاماژەی بە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی کرد کە دژ بە رۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە لەوانە شەهید کردنی نەقیبی رۆژنامەنووسانی ئێراقی شهاب ئەلتمیمی و هەوڵی تیرۆر کردنی نەقیبی ئیستای رۆژنامەنووسانی ئێراقی موئەیەد ئەللامی، و تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێکی کورد و ٤ کەس لە خێزانەکەی، و داواشی کرد کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێراقی ئەو پرۆژەیەی لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی ئێراقی پێگەیشتووە تاوتۆی بکات بریاری بەیاسا کردنی لێ بدات، لە تەوەرێکی دیکەی ئاخاوتنەکەی ئاماژەی بە یاسای کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان و رەوشی رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان کرد و هیوای خواست رۆژنامەنووسەکانی دیکەی پارچەکانی ئێراق بتوانن وەک هاوکارەکانیان لە کوردستان بەو شێوازە کار بکەن. رۆژنامەنووس عەبدولمونعیم ئەعسەم وێرای سوپاس کردنی بەرپرسانی باڵیۆزخانە ئاماژەی بە دیاردەی هێرش کردنی پاسەوانی بەرپرسەکان بۆ سەر رۆژنامەنووسان کرد و داوای کرد کە بەرپرسان ئاگاداری هەڵسوکەوتی پاسەوانەکانیان بن.

* * *

# بەیاننامەی ناڕەزایی دژی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (دیار عەباس ئەحمەد)

رۆژنامەنووس خودان ئەو قەڵەمە بوێرەیە کە بەردەوام مۆم ئاسا بۆ گەل و نەتەوە و نیشتمانەکەی دەسوتێ و مەرگی سەرەکی لە هەنگاونان و کارەکانیدا بەرجەستەکردنی ئازادی بیروڕا و سەرفرازکردنی قەڵەمە، لە بەرامبەردا ناحەز و نەیار و دوژمنانی ئازادی و دیموکراتی تەنگەتاو دەبن و وەک بنکەیەکی قێزەون خۆدەردەخەن و رقی رەش و شەرمەزارییان بە جەستەی رۆژنامەنووس و قەڵەمەکانیان دەرێژن.
لەشاری کەرکووک و لەپاش پرۆسەی ئازادییەوە چەندین رۆژنامەنووس و روناکبیر دووچاری هەڕەشە و لێدان و کوشتن بوونەتەوە، بەداخەوە تاکو ئێستا دەسەڵاتدارانی کارگێڕی لە شارەکە نەیانتوانیوە سنوورێک بۆ دەستی تیرۆری رۆژنامەنووسان دابنێن، بۆیە ئێوارەی رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٨/١٠/١٠ رۆژنامەنووس (دیار عەباس ئەحمەد) لەبەردەم سەندیکای هونەرمەندانی عێراق لقی کەرکووک لەناو جەرگەی شاری کەرکووک کەوتە بەر دەستدرێژی رەشی تیرۆر و شەهید کرا.
ئێمە لەکاتێکدا زۆر بەتوندی پرۆتستۆی ئەم کارە تیرۆریستییە دەکەین، لە هەمان کاتدا داوا لە دەزگا پەیوەندیدارەکان پۆلیس و ئاسایش دەکەین، هەرچی زووترە بکوژان ئاشکرا بکەن و لە رێگەی دادگاوە بە سزایان بگەیەنن.

بێگومان تیرۆر کردنی خاوەن قەڵەم بە هەر بڕوبیانوویەکەوە بێت، هەڕەشەیە لە ئازادی بیروڕا و پەکخستنی پرۆسەی دیموکراتی لە وڵات بە پلەی یەکەم و هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیشە بۆ سەر قەڵەمی ڕۆژنامەنووسان. جارێکی دیکە داوا لە دەزگاکانی پەیوەندیدار بە لێکۆڵینەوەی دۆسییەی تیرۆرکردن و شەهید کردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران دەکەین، ئاشکرایان بکات... نەمری بۆ دیار عەباس و سەرفرازی بۆ وشەی ئازاد.

**لقی کەرکووکی**
**سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/١٠/١١**

❊ ❊ ❊

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس(دیار عەباس) مەحکوم دەکات

سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٠ لە شاری کەرکوک دەستی ڕەشی تیرۆرستان گەیشتە گیانی ڕۆژنامەنووس دیار عەباس و شەهیدیان کرد.

بەم بۆنە دڵتەزێنەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان سەرەرای دەربرینی هاوخەمی بۆ کەسوکاری، زۆر بەتوندی ئەم کارە چەپەڵە ریسواو مەحکوم دەکات، کە ماوەیەکە ڕۆژنامەنووسانی ئەم شارە ڕووبەڕووی هەرەشەو تیرۆر بونەتەوە.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان جارێکی دیکە داوا لە دامودەزگا ڕەسمییەکانی کەرکووک دەکات گیانی ڕۆژنامەنووسان بپارێزن و بەوردی و جدییشەوە لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە بکرێت بۆ ئەوەی تیرۆرستان بدرێنە دادگاو بە سزای یاسایی خۆیان بگەن...

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/١٠/١٢**

❊ ❊ ❊

## د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح پێشوازی لە شاندێکی ڕۆژنامەنووسانی مێینە دەکات

بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کێشە و چالاکییەکانی لێژنەی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٤ لە بەغدای پایتەختی عێراق، پێشوازی لە شاندێکی لێژنەی ناوبراو، بە سەرۆکایەتی ڕۆژنامەنووس حەسیبە بابۆلی.. کرد.

لە دیدارێکدا بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح یاداشتێکی لە سەرۆکی شاندەکە کە لە (١٠) برگە پێکهاتبوو، سەبارەت چۆنیەتی پەرەپێدانی کاری ڕۆژنامەنووسانی مێینە، وەرگرت و بەڕێزیان بەڵێنی ئەوەی بە شاندەکەدا، کەوا بەپێی توانا هەوڵی جێبەجێکردنی برگەکانی یاداشتەکە دەدا و پیرۆزبایی دامەزراندنی لێژنەکەی لە ئامادەبوون کرد و جەختیشی لەسەر پشتیوانیکردنی ڕۆژنامەنووسانی مێینە



کردەوە. هەروەها خوازیاری ئەوەبوو، کە هەندی لە برگەکان بەشێوەی پرۆژە پێشکەش بە راوێژکاری راگەیاندن لە نووسینگەی جێگری سەرۆک بکرێن.

لە بەرامبەردا رۆژنامەنووس حەسیبە بابۆڵی سکرتێری لێژنەکە، سوپاسی د. بەرهەمی کرد و گوتی: ئێمە وەک لێژنەیەک لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەوڵی بێوەچان دەدەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژنامەنووسانی مێینە لە هەرێمی کوردستاندا. شایانی باسە، شاندەکە لە نوێنەرانی رۆژنامەکانی حیزبی و غەیرە حزبی و سەربەخۆ پێکهاتبوو.

❊ ❊ ❊

# سکرتێرو ئەندامانی لقی سلێمانی سەردانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم دەکەن

سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٨/١٠/١٦، سکرتێرو ئەندامانی لقی سلێمانی سەندیکا، سەردانی بەڕێز عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان لە شاری سلێمانی کرد.

لە دیدارێکدا ئەندامانی لق یاداشتێکیان پێشکەش کرد، کە تێیدا چەند داواکارییەک خرابوونەڕوو، لە نێوانیاندا.

١- دابەشکردنی پارچە زەوی نیشتەجێبوون بەسەر ئەندامانی سەندیکا.

٢- هاریکاریکردنی ئەندامان لە بواری پێکهێنانی هاوسەرگیری.

٣- ناردنی ئەندامان بۆ دەرەوەی عێراق، بەمەبەستی راهێنان.

٤- هاوکاریکردن بۆ کردنەوەی خولی راهێنان لە مەڵبەندی شاری سلێمانی دەوروبەرییدا.

٥- یارمەتیدانی ئەندامانی نەخۆش و ناردنە دەرەوەیان بۆ چارەسەرکردن.

٦- دابینکردنی بینایەک بۆ لقی سلێمانی.

٧- دابینکردنی کورسی خوێندن لە کۆلێژو پەیمانگاکاندا بۆ ئەندامانی سەندیکا.

## سکرتێری لقی هەولێر بەجیا سەردانی هەریەکە لە لازاریف و بەشی کوردی رادیۆی مۆسکۆ کرد

لە رۆژانی ١٤/١٨–١٠/٢٠٠٨ ئازاد حەمەدەمین سکرتێری لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە مۆسکۆی پایتەختی روسیا سەردانی هەریەکە لە د. بەشیر صبری سەرۆکی بەشی کوردی رادیۆی مۆسکۆ و رۆژهەڵاتناسی ناوداری روس (لازاریف) کرد، لەم دوو دیدارەدا باسی لە رەوشی رۆژنامەنووسانی کوردستان و بوونی هەماهەنگی لەگەڵ رۆژنامەنووسانی کوردستان کرا، هەروەها سکرتێری لق بەناوی لقی هەولێری سەندیکاوە دیارییەکی پێشکەش بە لازاریف کرد.

❊ ❊ ❊

## کۆبوونەوەیەک لە گەرمیاندا

سەرلەبەیانی ٢٣/١٠/٢٠٠٨ بە ئامادەبوونی (ئەنوەر حسێن) ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکاو سەرپەرشتیاری نوسینگەی گەرمیان، کۆبونەوەی ئەنجومەنی نووسنیگەی گەرمیان بەرێوەچوو.
لەکۆبوونەوەکەدا ئەنوەر حسێن بەوردی باسی لەئیش و کارەکانی سەندیکاو ئەو ئەرکانە کرد کە پێویستە سەندیکا بۆ رۆژنامەنوسانی گەرمیان و سنورەکە ئەنجامیان بدات و پێداچوونەوەش کرا بە کارەکانی رابردووی نوسینگەی گەرمیان و بەرنامەرێژیی بۆ کاری ئایندەش کرا.
لەبەشێکی تری کۆبونەوەکەشدا سکرتێرو ئەندامانی ئەنجومەنی نوسینگەی گەرمیان سەرنج و پێشنیارو راپۆرتی زارەکیان لەبارەی کارەکانی نوسینگەوە خستەروو.
بۆ باشتر بەرێوەچوونی ئیشوکارەکانیش کۆمەڵێک بریارو راسپاردە دران.

❊ ❊ ❊

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەوڵی تیرۆر کردنی رۆژنامەنووس «ئەحمەد میرە» مەحکوم دەکات

هەفتەنامەی هاووڵاتی لە ژمارە ٤٦٧ی خۆیدا کە لەسەر زاری سەرچاوەیەکی تایبەت بە ئاسایش وەریگرتووە هەواڵی دەستگیرکردنی تۆرێکی تیرۆریستی بڵاو کردۆتەوە کە پرۆژەی کوشتنی رۆژنامەنووس (ئەحمەد میرە)ی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین و ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی دارشتووەو بەپێی هەمان سەرچاوەی هەواڵ، ئاسایشی سلێمانی ئەو کارە تیرۆریستیەی پوچەڵ کردۆتەوەو توانیویشیەتی دارێژەرانی ئەو پرۆژەیە دەستگیر بکات.
ئێمە لەکاتێکدا بەناوی لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان ئەو هەوڵە ترسناک و دژە مرۆییە بە توندی مەحکوم دەکەین و داواش لە هێزی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

بەگشــتی و ئاسایشــی ســلێمانیش بەتایبەتی دەکەین کە توێژینەوەو بەدواداچوونی وردتر بکەن بۆ زیاتــر روونکردنەوە لەم بارەیەوەو هەروەهــا ئاشــکراکردن و دارێژەرانــی ئــەم هەوڵە. داواش دەکەین کە حکومەت زەمانەتی پاراستنی گیانی ئەو رۆژنامەنووسەو سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بخاتە ئەستۆی خــۆی، هەروەها بە ناوی لیژنەکەشــمان لەم بارەیەوە سوپاسی ئاسایشی سلێمانی دەکەین لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە نیشــتیمانیەیان و رێگرتن لە ئەنجامدانی ئەو کارە ترسناکە.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی**
**رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان**
**٢٠٠٨/١٠/٢٥**

* * *

# سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ دهۆک وریێکخراوا RTI ووركشوپەکا ئامادەکرنا ئافرەتا سەرکردە گێرا

ل پەیی بەرنامێ لقێ دهۆک یێ ســەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردســتانێ وژبزاڤێن لیژنا بەرەڤانیــێ ژمافێــن رۆژنامەڤانێــن مێینــە ل دهۆکــێ ب هەڤــکاری دگەل رێکخــراوا RTI ل دهۆکــێ ووركشــوپەکا تایبەتــا ئامادەکرنا ئافرەتا ســەرکردە ل هۆلا بێســرێ ل دهۆکێ هاتە رێکخستن و ٣٠ رۆژنامەڤانێن مێینە (**کچ**) ژگشت دام ودەزگەهێن راگەهاندنێ ل سنۆرێ پارێزگەها دهۆکێ تێدا پشکداربوون.

دووركشــوپێ دا کو ل رۆژا ٢٠٠٨/١٠/٢٦ دەســت پێکــری چەند پەیڤ ب ناڤێ لایەنێن پشــکدار هاتنــە خواندن وتێدا بــەرزی رۆلێ و٣٠ رۆژنامەڤانێــن مێینــە ل دهۆکــێ هاتــە ســەنگاندن وهیڤی خواســت کو ب باشــترین شێوە مفا ژێ بهێتە وەرگرتن، ددویڤدا برگێن ووركشــوپێ دەســت پێکرن وســمینارەک ب ناڤــێ (**ژن دراگەهاندنــێ دا – رۆل وگرنگی**) ژلایێ ماموستایێ ووركشوپێ خدر دوملی) ڤە هاتە پێشکێش کرن، وپشتی گەنگەشێ هەمان کورگێری ســمینارەکا دی ب ناڤــێ (**چەوانیا مفــا وەرگرتنــێ ژدەزگەهێــن راگەهاندنێ بۆ کێشەیێن ئافرەتان**) پێشکێش کر.

هــەر دڤێ ووركشــوپێ دا کــو ل بەرە بۆ دەمێ دوو رۆژان یا بەردەوام بیت ماموستایێ



ووركشوپێ (**محەمەد عەلی ئەترووشی**) دوو سمینار ب ناڤێن (**ساخلەتێن رۆژنامەڤانا کچ – ئارێشە وچارەسەری وجێندەر دراگەهاندنێ دا**) پێشکێش کرن وپاشان گەنگەشە ودان وستاندنەکا بەرفرەه ل ژلایێ رۆژنامەڤانێن پشکدار ڤە ل سەر هاتە کرن.

هەژی گوتنێ یە کو ل دوماهیا خۆلێ ژی باوەرنامە ل سەر پشکداران هاتنە بەلاڤکرن کو ژدەزگەهێن راگەهاندنێ تێلەڤزیونێن (**دهۆک – گەلی کوردستان دهۆک – یەکگرتو دهۆک – دەلال زاخو – ڤین**) ورادیوییێن (**دهۆک وبەهدینان ویەکگرتو دهۆک**) و رۆژنامێن (**ئەڤرو وبەهدینان ورەسەن وچاڤدێر**) کو ژمارا وان دبوونە (٣٠) کچ پشکداری تێدا کربوو.

* * *

# سەنتەری رۆشنبیری رواندز کۆڕێک بۆ نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سازدەکات



کاتژمێر ٣,٥ ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٩ لە هۆڵی رۆشنبیری لە شاری رواندز سەنتەری رۆشنبیری رواندز کۆڕێکی لەمەڕ یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان بۆ (فەرهاد عەونی) نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان سازکرد.

لە دەستپێکی کۆڕەکەدا رۆژنامەنووس (نوری بێخاڵی) بەرپرسی سەنتەری ناوبراو بەناوی خۆی ئەندامانی سەنتەرەکە و ئامادەبووان بەخێرهاتنی نەقیبی رۆژنامەنووسان و شاندی یاوەری کرد، دواتر نەقیبی رۆژنامەنووسان بەناوی ئەنجوومەنی سەندیکا سوپاس و پێزانینی ئاراستەی سەنتەری ناوبراو ئامادەبووان کرد و دواتر بە دوورودرێژی باسی لە هەنگاوەکانی گەڵاڵەکردن و ئامادەکردنی پرۆژەی یاسای رۆژنامەگەری لە کوردستان کرد، پاشان برگە و ماددەکانی یاساکەی شیکردەوە و بەگشتی یاساکەی پۆزەتیڤانە هەڵسەنگاند و بەدەستکەوتێکی نیشتمانی و مێژووی ناوزەد کرد بەتایبەتیش دوای لابردنی ئەو برگە و خاڵانەی کە پێشووتر بووە جێگەی نیگەرانی و نارەزایی رۆژنامەنووسان و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان.

پاشان ئامادەبووان بە چەندین پرسیارو سەرنج کۆڕەکەیان دەوڵەمەند کرد.

شیاوی باسە ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەر رۆژنامەنووس و رۆشنبیرانی رواندز و دەڤەری سۆران ئامادەی کۆڕەکە بوون.

# سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا لە سیمینارێک دەربارەی ڕاگەیاندنی عێراقی بەشدار دەبێت

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی لە (لەندەن) لەمانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا، سیمینارێکی دەربارەی ڕاگەیاندنی عێراقی و چۆنیەتی پەرەپێدانی ڕێکخست.

لەم سیمینارەدا هەڵبژاردەیەک لە میدیاکارانی عێراقی و عەرەب بەشداربوون و چوار وەرەقەی کارکردن: (باسێک دەربارەی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی لە عێراقدا، ڕاگەیاندنی عێراقی و کێشەکانی، ڕاگەیاندنی کوردستانی، ڕاگەیاندنی عەرەبی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دۆزی عێراقیدا) خرانەڕوو.

لە سەرەتا سیمینارەکەدا بەڕێوەبەری تۆڕی (مەرسەد)ی عێراقی کورتە باسێکی دەربارەی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی پێشکەشکرد هەروەها بەڕێزیان ئاماژەی بەوەکرد، کەوا ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ زانیاری و بەڵام دیاردەیەک خۆی بەسەر ئەم ڕاگەیاندنە سەپاندووە، ئەویش بڵاوکردنەوەی گوتاری ناو زراندن و تەشهیرکردنە.

پاشان ڕۆژنامەنووس (عەبدولمونعیم ئەعسەم) دەربارەی کێشەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی دوا و ئاماژەی بەوە کرد، کە ئەم ڕاگەیاندنە بە قۆناغێکی گرژ تێدەپەڕێت و بە فلمێکی بەڵگەنامەیی ئەم تەزویرانەی لە هەڵبژاردنی سەندیکا ڕۆژنامەنووسانی عێراقی کرابوون، خستەڕوو.

هەروەها بەڕێزیان جەختی لەسەر سەربەخۆیی ڕاگەیاندنی عێراقی کردەوە و گوتیشی سەرەتای پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ وا خەریکە گەڵاڵە دەبێت.

دواتر ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەندیکا، لە بارەی ڕاگەیاندنی کوردستان دواو باسی لە فراوانبوونی ئەم ڕاگەیاندنەی کرد و گوتیشی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ هەموو





ڕۆژنامەنووسانە بە جیاوازی بیروڕای سیاسی و نەتەوەیی و ئایینەوە، هەروەها ئاماژەی بە یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان کرد، کە مافی ڕۆژنامەنووسانی هێناوەتە دی.

هەروەها ئاماژەی بە سندوقی خانەنشینی ڕۆژنامەنووسانی داو بە پەیوەندییەکانی نێوان سەندیکای کوردستانی و عێراقی و سەندیکاکانی عەرەبی و ئەوروپی و فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، بە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ وەسف کرد. سەبارەت کێشەکانیش ڕۆژنامەنووس شێرکۆ گوتی: گرنگترین ئەم کێشانە بریتین لە نەبوونی شارەزایی و زانیاری لەلایەن هەندێ ڕۆژنامەنووسان لەمەڕ یاسا پەیڕەوکراوەکان.

پاشان ڕۆژنامەنووس (جەعفەر ئەلئەحمەر)، ئاماژەی بەوەکرد، کەوا ڕاگەیاندنی عەرەبی بێلایەن نییە و خوازیاری ئەوەبوو، ئاشتەواییەک لە نێوان ڕاگەیاندنی عەرەبی و عێراقی بێتەدی، لە سیمینارەکەدا چەند بیرۆکەیەکی گرنگ سەریان هەڵدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕاگەیاندنی عێراقی و پەرەپێدانی.. لە نێوایاندا:

١. بڵاوبوونەوەی دیاردەی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی و زێدەبوونی سایدی عێراقی.

٢. زیادبوونی گوتاری سیاسی، کە ڕۆژانە زێدەتر لە (٥٠) گوتار بڵاودەبێتەوە، هەندێ لەم گوتارانە ئاستی ڕۆشنبیری و سیاسییان نزمە.

٣. نزم بوونی ئاستی کاری سەندیکایی.

٤. نزمبوونی ڕادەی ئازادی ڕۆژنامەگەری.

٥. زێدەبوونی کەناڵە ئاسمانییەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن.

٦. دەرکەوتنی دەنگی سەربەخۆ.

٧. پێشکەوتنی کاری سەندیکایی لە کوردستاندا.

٨. دەرکەوتنی چەند حاڵەتێک لە زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستاندا.


٩. گرنگی پتەوکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان ڕۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستان.

١٠. بە یاساکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هۆیەکانی ڕاگەیاندندا.

١١. پێویستی کارکردن بۆ ئاشتەوایی لە نێوان ڕاگەیاندنی عەرەبی و عێراقیدا.

١٢. گرنگی پەرەپێدانی ڕەوشی ئەکادیمی و پیشەیی ڕاگەیاندنی عێراقی.

## مێژوونووسی ناوداری كورد د. كەمال مەزهەر سەردانی بارەگای سەندیكا دەكات



رۆژی (٢٠٠٨/١٠/٢٩)، مێژوونووسی ناوداری كورد د. كەمال مەزهەر ئەحمەد سەردانی بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان كردوو لەلایەن رۆژنامەنووسان حامید محەمەد عەلی سكرتێری سەندیكا و عەبدوڵڵا زەنگە سەرنووسەری گۆڤاری (**رۆژنامەنووس**) و خالید بەكر ئەییوب جێگری سەرنووسەر و ئازاد عوبێد سكرتێری نووسین و یوسف قەساب بەرێوەبەری كارگێری سەندیكا، پێشوازییەكی گەرم لە بەرێزیان كرا.

لە دیدارێكدا، باس لە رەوشی رووناكبیری بەگشتی و بواری رۆژنامەنووسی بەتایبەتی كرا.

هەروەها سكرتێری سەندیكا بەبۆنەی دەرچوونی دوا بەرهەمی دكتۆر بەناوونیشانی (**كورد و كوردستان لە بەڵگە نهێنییەكانی حكومەتی بەریتانیادا**)، كە لەم دواییەدا بە ناوەرۆكێكی دەوڵەمەند و چاپێكی قەشەنگ كەوتۆتە بەر دیدی خوێنەران، بەناوی سەندیكاوە پیرۆزباییەكی گەرمی پێشكەشكردو هیوای تەندروستی باشی بۆ خواست، بۆ ئەوەی بەردەوام كتێبخانەی كوردی بەم جۆرە بەرهەمە بەپێزانە دەوڵەمەند بكات.

لە كۆتایی دیدارەكەدا بەرێزیان زۆر بەگەرمی بەرێكرا.

❊ ❊ ❊

## سكرتێری نووسینگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا لە پەناگیریەک لەبەردەم باڵیۆزخانەی كۆماری عێراقی فیدراڵ بەشدار دەبێت

رۆژنامەنووس شێركۆ حەبیب سكرتێری نووسینگەی پەیوەندییەكانی دەرەوەی سەندیكا، لەگەڵ ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی عێراق لە شاری (**لەندەن**) لە (٢٠٠٨/١٠/٣٠)، بەشداری لە پەناگیریەكی ئاشتییانەی لەبەردەم باڵیۆزخانەی كۆماری عێراقی فیدراڵ كرد و پەناگیران داوای دەستگیركردنی بكوژانی شەهید (**كامیل شیاع**)



کە لە مانگی ئابدا لەلایەن تیرۆریستانەوە تیرۆرکرابوو کرد.

هەروەها داوایان لە حکومەتی مەرکەزی کرد بۆ ئەوەی گیانی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان بپارێزێت و بکوژانیش دەستگیر بکات و بەسزای عادیلانەیان بگەیەنێت. پەناگیرانیش یاداشتێکیان پێشکەش بە هەڵسووڕێنەری کاروبارەکانی باڵیۆزخانە کرد، کە ئاراستەی سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆک وەزیران و سەرۆک پەرلەمانی عێراق کرابوو، بەڕێز عەبدولمەهدی عریبی هەڵسوڕێنەری کاروبارەکان، بەڵێنی ئەوەیدا کە یاداشتەکە بەم بەڕێزانە بگەیەنێت.

شایانی باسە لە ماوەی رابردوودا، نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراقی (**شەهاب تەمیمی**) و ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانی کورد لەو ناوچانەی لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی مەرکەزیدان. تیرۆکراون، عێراقیش بە مەترسیدارترین شوێن بۆ رۆژنامەنووسان دەژمێردرێت.

❊ ❊ ❊

## سەندیکا پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسانی سریان و کلدان و ئاشووری دەکات

ئەنجوومەنی سەندیکا، خۆشحاڵە بەبۆنەی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی ئاشووری لە مێژوودا، پیرۆزبایی پێشکەش بە رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی سریان و کلدان و ئاشووری بکات لە روانگەی ئەمەوە، ئەم رۆژە رۆژێکی مێژوویی لە شارستانییەتی ئەم گەلە برایە.

دەرچوونی رۆژنامەی (**زهریری بەهرا**) لە ١٨٤٩/١١/١١ پێش (١٥٩) ساڵ، سەرەتایەک بوو، بۆ مێژووی پرشنگداری ئەم میللەتە برایە، کە رووبەرووی سەخترین رەوشی نالەبار بۆتەوە، ئەم گەلە بەشدارییەکی کارییگەر و دیاری لە دامەزراندنی شارستانییەتی مرۆییدا کردووە.

هیوامان وایە، پەیوەندی نێوان هەردوو گەلەکەمان هەر پتەو و بەهێزتر بێت و هەردوو لا شان بە شانی یەکتری لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلانی عێراقی بۆ دامەزراندنی عێراقێکی نوێ، عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ کە مافەکانی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت، هەنگاو بهاوێژن.

**ئەنجومەنی سەندیکای**
**رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/١٠/٣١**

# لێدوانێكی رۆژنامەنووسی

ئێمــە نوێنەرانی دەزگاكانی راگەیاندن و رۆشنبیری لەسەنتەری رۆشنبیری ئاشووری لەشــاری دهــۆك لــەرۆژی (٢٠٠٨/١١/١)، بــە بۆنەی تێپەڕ بوونی (١٥٩) ســاڵ بەســەر دەرچوونی یەكەم رۆژنامە بەزمانی سریانی، لە ئەڵقەیەكی گفتوگۆكردن كۆبووینەتەوە.

لەنێــو بابەتەكانــی ئەم ئەڵقەیــە: (رۆڵی راگەیاندن لە یەكگرتنەوەی گوتاری سیاســی و نەتەوەیــی، كاراكردنــی هــەردوو ماددەی (١٢٥-١٤٠) لە دەستووری عیراقدا. گفتوگۆیان دەربارە دەكرێت.

هەروەها نارەزاییش دەردەبڕین بەرامبەر ئــەم تاوانانەی دژی رۆڵەكانــی میللەتەكەمان لەشــاری موسڵ و ناوچەكانی دیكەی عیراقدا كــراون و داواكاریــن تاوانبــاران ئاشــكرا بكرێــن و بەســزای عادیلانــەی خۆیان بگەن و ئاوارەكانیــش بــۆ جێگە و شــوێنی خۆیان بگەڕێنەوە.

لایەنەكانی ئامادەبوو لەكۆبوونەوەكەدا:

١. گۆڤــاری (نجـم بیـث نهرین)/ ســەنتەری رۆشنبیری ئاشووری.

٢. گۆڤــاری (شــراغا)/ كۆمەڵەی رۆشــنبیری قووش.

٣. گۆڤاری (پانیپال)/ بەڕێوەبەرایەتی گشــتی رۆشنبیری سریانی.

٤. رۆژنامەی (بهرا)/ بزووتنەوەی دیموكراسی ئاشووری لقی دهۆك.

٥. گۆڤــاری (معلثــا)/ رابیتــەی نووســەران ئەدیبانی ئاشووری.

٦. رۆژنامــەی (میزلتــا)/ یەكێتــی قوتابیان و لاوانی كلد و ئاشووری.

٧. گۆڤاری (دیانا)/ رۆشنبیرانی دیانا.

٨. گۆڤــاری (نجــم تلســقف)/ ســەنتەری رۆشنبیری ئوجین منا.

* * *

# خوولی پەرەپێدانی رۆشنبیری بەكۆتا هات

پاش نیوەڕۆی رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ لە سەنتەری لاوانی میدیا كە ســەر بــە دەزگای (ئاراس)ە، خولی پەرەپێدانی بواری رۆشــنبیری كۆتایی هات، كە ماوەی (١٥) رۆژی خایاند، بەهاوكاری ســەندیكای رۆژنامەنووســانی كوردســتان بەڕێوە چوو، تێیدا پســپۆران و مامۆستایانی بــواری یاســاو رۆژنامەنووســی چەندیــن وانەی جۆراوجۆریان پێشــكەش كرد بۆ (٣٠)



ڕۆژنامەنووسی کوڕو کچی لاو، ڕێوڕەسمی کۆتایی بەوتەی بەخێرهاتن لەلایەن بەرپرسی خوولەکە دەستی پێکرد، پاشان فەرهاد عەونی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە وتەیەکدا باسی لە گرنگی ئەم جۆرە خوولانە کردەوە لە ژیانی ڕۆژنامەنووسانی گەنجدا، لەهەمان کاتیشدا ئامادەیی سەندیکای ڕاگەیاند بۆ بەشداری کردن و هەماهەنگی لەگەڵ ئەو سەنتەرو دەزگایانەی کە بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان کاردەکەن، پاشان بڕوانامەی خوولەکە لە لایەن حامد محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا و د. کەمال سەعدی ڕاگری کۆلێژی یاساو فەرهاد عەونی نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دابەشکرا.

❊ ❊ ❊

# لقی موسڵ.. خوولێک بۆ ڕۆژنامەنووسان ساز دەکات

لقی موسڵی سەندیکا، لە ڕۆژانی (٣-٥/١١/٢٠٠٨)، خوولێکی ڕۆژنامەگەریی ڕێکخست، لەم خوولەدا (٢٠) ڕۆژنامەنووس بەشدار بوون.

بابەتەکانی خوولەکە چەندین تەوەری لەخۆ گرتبوو، لەمیانیاندا: (جیاوازی نێوان ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتە هەواڵ، ئەخلاقیاتی کاری ڕۆژنامەنووسی، پرنسیپەکانی ڕۆژنامەگەری، جۆرەکانی ڕاپۆرتی تەلەفزیۆنی، هەواڵ و جۆرەکانی...).

لەکۆتایی خوولەکەدا بڕوانامەی بەشداربوون بەسەر ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو دابەشکرا.

❊ ❊ ❊

# فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان
# ئیدانەی زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسێک لە هەرێمی کوردستان دەکات

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس شوان داوودی سەرنووسەری هەفتەنامەی (هەواڵ) بۆ ماوەی مانگێک ئیدانەکرد، ئەم بڕیارەش لە دادگای سلێمانی لە هەرێمی کوردستانی عێراق لە ڕۆژی (٤)ی تشرینی دووەم دەرچووە، ئەویش بەهۆی بڵاوکردنەوەی گوتارێکی سەرنووسەری ناوبراو کە تێیدا ڕەخنەی لە دادگاکانی هەرێم گرتووە و دادوەرێک سکاڵای دژ بە داوودی تۆمار کردووە.

ئەمینداری گشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان (ئایدان وایت) گوتی: (**ئەمە بڕیارێکی توندە و پێشێنیەکی مەترسیدارە، کە لایەنی بەهێز دژی ڕاگەیاندن کە مافی چاودێری و لێپرسینەوەی هەیە بەکارهێناوە، ئێمە تووشی شۆک بووین کە ئەم بڕیارە دوای چەند هەفتەیەک لە پەسندکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، ئەم یاسایەی سنوورێک بۆ زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان دادەنێت).**

ڕۆژنامەنووس (**شوان داودی**)یشی کە بەبڕی (٣٠٠,٠٠٠) دیناری عێراقیش غەرامە کراوە، داوای ئیستیئنافی ئەم بڕیارە دەکات، کەوا چاوەڕوان دەکرێ لە هەفتەی داهاتوو یەکلایی بکرێتەوە.

هەروەها سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ئەم بڕیارەی ئیدانەکرد و بە پێشێلکاری یاسای ڕۆژنامەگەری کە لە مانگی ئەیلوول پەسندکراوە لەلایەن پەرلەمانەوە، لە قەڵەمدا. ئەم یاسایەی پرەنسیپەکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەچەسپێنێت و زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووسان قەدەغە دەکات.

دوای پەسندکردنی، فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان، پێشوازییەکی گەرمی لە یاسا تازەکە کرد و لە هەمان کاتیشدا هۆشداریدا لە خراپ بەکارهێنانی هەروەها فیدراسیۆن پشتگیری لە سەندیکای کوردستانی دەکات، لە نیگەرانییەکانی بەرامبەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە، کە بووە هۆی زیندانیکردنی ئەم ڕۆژنامەنووسە، ئەمەش بە پێچەوانەی یاسا تازەکەیە.

لە درێژی قسەکانیدا (ئایدان) گووتی: **(ئەمەش سەلماندنێکی دیکەیە، کە مەسەلەی پێشێلکاری میساقەکانی شەرەفی پیشەیی و ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕاگەیاندن، دۆزێکە پێویستە لە ناوەوەی کەرتی ڕاگەیاندن و لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئەم کەرتە، نەک لەلایەن لایەنی حکومییەوە، مامەڵەی لەگەڵ بکرێت).**

* * *

## سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زیندانیکردنی ڕۆژنامەنووس (شوان داوودی) بەکارێکی ناڕەوا دادەنێت

ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٤ لەلایەن دادگای (**جنح**)ی سلێمانییەوە سەرنووسەری هەفتەنامەی (**هەواڵ**) و ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا (**شوان داوودی**) بەمانگێک زیندانی و (٣٠٠) هەزار دینار، حوکم درا، ئەویش لەسەر ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی کە چەند ساڵێک لەمەوبەر بڵاوی کردۆتەوەو دادوەرێک داوای لەسەر تۆمار کردووە.. ئێمە وەکو ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان ئەم زیندانیکردنە بە پێشێل کردنی یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی دادەنێین، ئەو یاسایەی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ پەسەندکرا و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای کردووەو لەڕۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٠دا لە (**وەقایعی کوردستان**) بڵاوکراوەتەوە..

دەبوایە دادگا بەپێی ئەم یاسایە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس (**داوودی**) بکردایەو ئەو زیندانی کردنەی بەسەر نەسەپاندبایە، لەکاتێکدا دەتوانرا بە جەزا یان بە (**وقف التنفیذ**) بڕیارەکە دەربچوبایە، شایانی وتنە کە دادگا خۆی لایەنە (**طرف**) لەم مەسەلەیەدا..

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زۆر نیگەرانە لەبەکارهێنانی یاسا بەو توندییە بەرامبەر ئەندامێکی ئەنجوومەن و داوا دەکات کە دادگای پێداچوونەوە (**تمییز**) ئەو حوکمە هەڵبوەشێنێتەوە، هیواشمان وایە کەچیتر بەیاسای کۆن مامەڵە بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانی کودستان نەکرێت..

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**هەولێر ٢٠٠٨/١١/٥**

* * *

## میدیاکارانی دهۆک لە (Work Shop)ێک بەشدار دەبن

ڕێکخراوی (کوردس) بەهاوکاری پەیمانگەی ئەمریکی بۆ دیموکراسییەت (NDI)، لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١١/٥) لەشاری دهۆک (Work Shop)ێکی بۆ (٣٠) کارمەندی ڕاگەیاندن ڕێکخست. ئەم وۆرک شۆپە، بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانی میدیاکاران لەبواری هەڵبژاردن و دەنگدان، لە هۆڵی (کوربەند) ڕێکخرابوو...

موحازەرەکانی لە لایەن دکتۆر (فازل عومەر) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک و دکتۆر (ڕەعدی سولەیمان) مامۆستا لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی دهۆک بە شێوازێکی زانستی گوترانەوە کە دەربارەی هەڵبژاردن و جۆرەکانی و مێژووی دیموکراسییەت و دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقی و.. چەندین بابەتی بەپێزی دیکە بوو. لەکۆتاییدا ژمارەیەک لە بەشداربووان بە تێبینییەکان بابەتەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

# لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كوردستان پێكهێنرا



لەژێر ڕۆشنایی بڕیارەكانی كۆنگرە دووەمی سەندیكا و بە مەبەستی زیاتر ڕێكخستن و بەرەو پێش چوونی بزاڤی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی و خزمەت كردن بە توێژی ڕۆژنامەنووسان لەم بوارەدا و یەكخستنی ناوو دەستەواژەكانی لیژنەكانی سەندیكا، ڕۆژی چوار شەممە ڕێككەوتی ٢٠٠٨/١١/٥ ئەنجوومەنی سەندیكا كۆبوونەوەیەكی بۆ ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كە پاڵێوراوی سەرجەم دەزگا ڕۆژنامەنووسییەكانی كوردستان بوون، ئەنجامدا.

سەرەتای كۆبوونەوەكە «فەرهاد عەونی» نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی كوردستان ڕەهەندە بنچینەییەكانی ئامانجی ئەو كۆبوونەوەی خستە ڕوو، هەروەها بە ووردی باسی ئەو ڕۆڵەی كرد كە ئەمڕۆ ڕژنامەنووسی بە گشتی و ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بە تایبەتی لەسەر ئاستی جیهانی و ناوەوە دەیگێڕن هەروەها باسی ڕۆڵی كۆمەڵەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی كرد، كە پێشتر سەندیكا بۆ هەمان ئامانج دروستی كردبوو ڕۆڵیشیانی لە خزمەت كردن بە ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی بەرز نرخاند.

دوای گفتوگۆیەكی بابەتییانە و خستنەڕووی چەندین پێشنیار و سەرنج و پرۆژەی سوودمەند، ئەنجوومەنی سەندیكا هەر لەم كۆبوونەوەیەدا بڕیاری پێكهێنانی لیژنەیەكی دا بۆ سەرپەرشتی كردن و ڕێكخستنی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی لە كوردستان، كە بریتی بوون لەو ڕۆژنامەنووسانە:-

١. دڵشاد ئەحمەد حەمەد ئەمین
٢. جەلال پەرێشان
٣. زاگرۆس نانەكەلی
٤. ئامینە كەریم
٥. سەرهەنگ نەجمەدین
٦. فەرهاد ئەكرەم
٧. هۆگۆ حەمە تاهیر
٨. رفعەت محمد ئەحمەد
٩. سیروان سەعید ئەحمەد
١٠. بەسام عەبدولئەحەد
١١. توانا ئەنوەر كەمال

دواتر لیژنەكە لە یەكەمین كۆبوونەوەی خۆیدا ئیش و كاری ئەندامانی دابەش كرد و (**دڵشاد ئەحمەد حەمەد ئەمین**)یشی وەكو سكرتێر خۆی هەڵبژارد.

# ئەنجوومەن و لق و نووسینگەکانی سەندیکا هاریکاری خۆیان بۆ زیندانیانی رۆژنامەنووس لە جیهاندا دووپات دەکەنەوە



کاتژمێر ١٠ی سەر لە بەیانی رۆژی ٢٠٠٨/١١/٥ لە ژێر دروشمی (نا بۆ زیندانی کردنی رۆژنامەنووسان) و هاوکات لەگەڵ رۆژی هاریکاری زیندانیانی رۆژنامەنووس لە جیهاندا ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان و سەرجەم لق و نووسینگەکانی سەر بەسەندیکا لە کۆبوونەوەیەکی نارەزایدا لە بەردەم بارەگاکانیان هاریکاری و هاودەنگی خۆیان بۆ رۆژنامەنووسانی زیندانی لە جیهاندا دەربڕی لەم بارەیەوە رۆژنامەنووسان بۆ چەند خولەکێک بەمەبەستی دەربڕینی هاوسۆزی و هاریکاری لەگەڵ رۆژنامەنووسانی زیندانی لە جیهان لە بەردەم بارەگاکانیان وەستان و هەڵوێستی رۆژنامەنووسانی کوردستانیان دوپاتکردەوە هەر بەم بۆنەیەوە ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**ئازادی بۆ سەرجەم رۆژنامەنووسە زیندانییەکانی جیهان**

رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەمڕۆ ٢٠٠٨/١١/٥ لە بارەگای ئەنجوومەن لە





هەولێر و لە سەرجەم لقەکانی سەندیکا و نووسینگە و لیژنەکانی بۆ چەند خولەکێک بە مەبەستی هاوسۆزی و هاریکاری لەگەڵ سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی جیهان کە لە زینداندا بەندکراون لەبەردەم بارەگاکانیان ڕادەوەستن بۆ دووپات کردنەوەی هەڵوێستی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە پیادەکردنی دروشمی سەندیکاکەیان کە دەڵێ: **(لە پێناو چەسپاندنی ئازادی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەر کردنی ماف و گوزەرانی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان)** لە کاتێکدا دەتوانین لەم بۆنەیەدا ڕاشکاوانە ڕاییگەیەنین یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان کە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٩/٢٢ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە سزای زیندانی کردنی ڕۆژنامەنووسانی لە کوردستان یەکلا کردۆتەوە و نابێت ڕۆژنامەنووس زیندانی بکرێت، هیواداریـن لە سەرتاسەری وڵاتانی جیهانیش ئەم سزایە بە یاسا قەدەغە بکرێت. ئازادی بۆ ڕۆژنامەنووسە زیندانییەکانی جیهان.

**ئەنجوومەنی سەندیکای**
**ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**
**٢٠٠٨/١١/٥**

❊ ❊ ❊

## دەست درێژیکردن بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان بە توندی مەحکوم دەکەین

شەوی ڕابردوو لە کاتێکدا ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی کەناڵە جیاجیاکانی کوردستان خەریکی ئامادەکردەکردنی هەواڵ و ڕیپۆرتاژ بوون لەسەر چۆنییەتی ئاگرکەوتنەوەکەی ئەنتیکەخانەی قەڵای هەولێر، تیمێک لە ڕۆژنامەنووسانی تەلەفزیۆنی یەکگرتوو کەناڵی هەولێر کەوتنە بەر هەڵمەتی لێدان و کامێرا لێستاندن لەلایەن دەستەیەک لە ئاسایشی هەرێمی کوردستان. هەروەها تیمی کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستانیش هەر لەو شوێنەدا وێرای گوشار خستنە سەریان کامێرەکەشیان لێسەندرا.

ئێمە لە لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی ڕۆژنامەنووسی ئەو ڕەفتارو هەڵس و کەوتەی ئاسایش لە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان بە توندی مەحکوم دەکەین و داواش لە بەڕێوەبەرایەتی

هەواڵنامەی کتێب

ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەکەین کە دەست بەجێ لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە بکەن و دەستدرێژیکاران و پێشێلکارانی ئازادی رۆژنامەنووسی سزا بدەن و ئەرکی سەرشانی ئەو بەرێوەبەرایەتیەتشە کە قەرەبووی ماددی و مەعنەوی ئەو رۆژنامەنووسانە بکات هەروەها دەمانەوێت ئەوەش بەبیر هەمووڵایەک بهێنینەوە کەهەر جۆرە مامەڵە کردنێکی ناشارستانی و پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان رێزنەگرتنە لە یاسایی کاری رۆژنامەنووسی ئەو یاساییەی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان وەکو پێشکەوتوترین یاسا پەسەندی کردو بەرێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای لەسەر کرد..

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی**
**رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان**
**٢٠٠٨/١١/١٠**

* * *

# بە کۆتا هاتنی خولێک دەربارەی راگەیاندن و هەڵبژاردن

وەک دەسپێشخەرییەک لە لایەن لقی دهۆکی سەندیکاوە و بە هاوکاری رێکخراوی بادینان بۆ رۆژنامەگەری سەربەخۆ و نووسینگەی رێکخراوی (یۆنۆپس)ی نێودەوڵەتی لە پارێزگای دهۆک...

لەم دواییەدا خولێک بۆ (٢٥) رۆژنامەنووس لە شاری دهۆک کرایەوە. لەم خولەدا رۆژنامەنووس (خدر دۆمەلی) چەند موحازەرەیەکی زانستی گوتەوە، کە دابەش کرابوون بەسەر چوار تەوەر دا: (**بنچینەکانی هەڵبژاردن، دەنگدان و پرۆسەی هەڵبژاردن، دروستکردنی هەواڵ و ئامادەکردنی راپۆرتە هەواڵ، رۆڵی رۆژنامەنووسان لە دەزگاکانی راگەیاندندا**).

لە لایەن خۆیەوە، لێپرسراوی رێکخراوی بادینان بۆ رۆژنامەگەری ئازاد، رۆژنامەنووس (**ئەحمەد یاسین بەندی**) ئاماژەی بەوەکرد، کەوا نامیلکەیەک سەبارەت بە پرنسیپەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن و ئەخلاقیاتی کاری راگەیاندن چاپکرا و بەسەر بەشداربووان دابەش کرا.

* * *

# چالاکییەکانی سەنتەری هەولێر بۆ سەلامەتی پیشەیی

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی سەنتەری هەولێر بۆ سەلامەتی پیشەیی و بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، چەندین کۆڕ و سیمینار سەبارەت بە سەلامەتی پیشەیی و راگەیاندن و یاساناسی، بۆ رۆژنامەنووسانی پارێزگاکانی (**دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و موسڵ و ناوچەی سۆران**) سازدرا.

لەشاری دهۆک و لەرۆژانی (١٠-٢٠٠٨/١١/١١)، بە بەشدار بوونی کۆمەڵێ لە رۆژنامەنووسان، رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب، چەند موحازەرەیەکی دەربارەی سەلامەتی پیشەیی و فریاکەوتنی سەرەتایی و چۆنیەتی دووركەوتنەوە لە كێشە و گرفتەكان



و جێبەجێکردنی ئەرکە ڕۆژنامەنووسییەکان لە ناوچە کێشەدارەکاندا پێشکەشکرد.

لە موحازەرەکانیدا بەڕێزیان ئاماژەی بە فشارە یاسایی و ئابووری و سیاسییەکان کرد و سەبارەت بە کارە مەترسیدارەکان لە ڕۆژنامەگەریداو ئەرک و مافی ڕۆژنامەنووسان دوا. هەروەها جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، کەوا کاری ڕۆژنامەنووسی پێویستە بە ڕاستگۆیی ئەنجامبدرێت و ڕۆژنامەنووس دەست لە کاروباری تاکەکەسی وەرنەدات و نهێنییەکانیان ئاشکرا نەکات، مەگەر تەنها ئەنجامدانی ئەم کارە لە بەرژەوەندی گشتیدا بێت و ڕێز لەبیروڕای بەرامبەر بگرێت و دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئازادی سنووردارە و پێویستە ڕێز لە ئازادی کەسانی دیکەش بگیرێت.

لە شاری موسڵ و ناوچەی (سۆران)یش لە ڕۆژی (٢٠٠٨/١١/١٤) و لە شاری هەولێریش لە ڕۆژانی (٢٠٠٨/١١/١٧/١٦) و لەسلێمانیش لە ڕۆژانی (١٨-٢٠٠٨/١١/١٩)، ڕۆژی (٢٠٠٨/١١/٢٠)یش لەشاری کەرکووک، بەڕێزیان چەند موحازەرەیەکی پێشکەش کرد، تیایاندا باس لە ڕەوشە سەختەکانی ناوچە کێشەدارەکان و برگە یاساییەکانی پەیوەندیدار بە ڕۆژنامەگەری و چۆنیەتی دوورکەوتنەوەی ڕۆژنامەنووسان لە کێشەکان کرا.

لەکۆتایی سیمینار و موحازەرەکاندا بڕوانامە و نامیلکەیەک دەربارەی سەلامەتی پیشەیی و هەگبەی فریاکەتنی سەرەتایی بەسەر بەشداربوواندا دابەشکرا.

شایانی باسە سەنتەری هەولێر بۆ سەلامەتی پیشەیی لە ناوەڕاستی مانگی ئابی ئەمساڵدا دوای کۆبوونەوەیەک لەنێوان فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دامەزراوە و سەنتەرێکی دیکەی هاوچەشنیش لە بەغدا لە ساڵی ڕابردوودا دەست بەکاربووە.

وا چاوەڕوان دەکرێت سەنتەرێکی سێیەم لەشاری بەسرە یا شاری نەجەفی پیرۆز لەسەرەتای ساڵی داهاتوو دابمەزرێت.

ژمارە بەشداربووانیش لەم کۆر و سیمینارانەدا بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- لەشاری دهۆک: (٣٨) ڕۆژنامەنووس.
- لەشاری هەولێر: (٢٢) ڕۆژنامەنووس.
- لەشاری سلێمانی: (٦٠) ڕۆژنامەنووس.
- لەشاری کەرکووک: (٤٢) ڕۆژنامەنووس.
- لەشاری موسڵ: (١٠) ڕۆژنامەنووس.
- لەناوچەی سۆران: (١٠) ڕۆژنامەنووس.

شایانی باسە، نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و جێگری نەقیب و سکرتێری سەندیکا و ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەی چەند لایەنێکی ئەم کۆر و سیمینارانە بوون.

# خوولی
# «نووسینی دەقی رۆژنامەوانی» لە هەولێر

لقی هەولێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بە هەماهەنگی رێکخراوی کوردستان بۆ پەرەپێدانی مەدەنییەت Kocd و هەروەها بەهاوکاری سەنتەری میدیای سەربەخۆ Imck لەرۆژانی ١٥-٢٠٠٨/١١/١٧ لە بارەگای Kocd لە هەولێر خولێکی رۆژنامەگەری باڵای بەناوونیشانی (**چۆنیەتی Text Editing نووسینی دەقی رۆژنامەوانی**) بۆ (١٢) ئیرتەر واتە (محـرر)ی (١٢) میدیای نووسراوی دیاری کوردستان، ئەنجامدا کە خولەکە لەلایەن هەردوو راهێنەران Msjudit و خدر دومەل لە سەنتەری میدیای سەربەخۆ لە کوردستان Jmck بەڕێوەچوو، هەریەکە لە ئازاد حەمەدەمین سکرتێری لقی هەولێر و پشکۆ رەسول لە Kocd سەرپەرشتی خولەکەکرا، کە ئەم میدیایانە بەشداربوون:

١. رۆژنامەی خەبات
٢. کوردستانی نوێ
٣. الأتحاد
٤. کوردستان راپۆرت
٥. رێگای کوردستان
٦. رووداو
٧. هەفتەنامەی گوڵان
٨. هەولێر
٩. ستاندەر
١٠. تاو ((گۆڤار))
١١. کۆمەڵ
١٢. ئاڵای ئازادی

دوای ئەوەی خولەکە رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٧ بەکۆتا هات، بروانامەی خولەکە بەسەر دەرچووانـدا دابەشکرا، زۆرینەی ئەو رۆژنامەنووسانەی لە خولەکە بەشداربوون، بابەت و جۆری راهێنانەکەیان بە گرنگ و نوێ و پڕ زانیاری لەقەڵەمدا، و هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم جۆرە خولانە پێویستە بەردەوامبن و زیاتر پسپۆری و تایبەتمەندی لەبوارە جیاکانی کاری رۆژنامەگەری بەخۆوە بگرێت.



# بەکۆتا هاتنی خوولێکی رۆژنامەنووسی لە کەرکووک

لە رۆژانی (٢٠-٢٠٠٨/١١/٢٥)، خوولێکی پەرەپێدان بۆ رۆژنامەنووسانی مێیینە لە کەرکووک رێکخرا.

لەم خوولەدا، چەندین موحازەرە، بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکەش کران:

سەلامەتی پیشەیی/ رۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب.

ئازادی رۆژنامەگەری/ مامۆستا فاروق جەمیل.

ئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەگەری/ مامۆستا هندرێن ئەحمەد.

یاسای رۆژنامەگەری/ رۆژنامەنووس زیرەک کەمال.

پەیوەندییە گشتییەکان/ د. حەبیب کەرکووکی.

لەکۆتایی خوولەکەدا، بڕوانامەی رێزلێنان بەسەر بەشداربووواندا دابەشکرا.

* * *

# ل دهۆکێ .. لیژنا ئافرەتان یا سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ هاتە ڤەکرن

ب بریارا ئەنجومەنێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ و ب بەرهەڤبوونا ژمارەکا زۆرا ئافرەتان وسکرتێر وئەندامێن لقێ دهۆک دسەندیکایێ دا دوهی رۆژا سێشەمبێ ٢٠٠٨/١١/٢٥ لیژنا بەرەڤانیکرنێ ژمافێن رۆژنامەنڤیسێن مێینە دناڤا لقێ ناڤبری دا ل دهۆکێ هاتە ڤەکرن.

بەرپرسا لیژنێ خانم «ڤیان عەباس» ب ئاژانسا پەیامنێر راگەهاند کو لیژنا ناڤبری ژ (٧) ئەندامان پێک دهێت وهەمی لایەنێن سیاسی وجڤاکی یێن رۆژنامەڤانێن ئەندام دسەندیکایێ دا ڤەدگریت و گوت : ئارمانجا سەرەکی یا ڤێ لیژنێ دێ ژدوو خالێن بەرچاڤ پێکهێت، ئێک کاراکرنا شیانێن پیشەیی وهزری یێن رۆژنامەڤانا کچ و دوو بەرەڤانیکرن ژمافێن وێ وچارەکرنا وان گرفتێن دکەڤنە بەرامبەر کارێ وێ یێ رۆژانە.

هەر دڤان رێ ورەسمان دا چەند پەیڤ ژلایێ بەرپرسا لیژنا بەرەڤانیکرنێ ژمافێن رۆژنامەنڤیسێن مێینە ل دهۆکێ وسکرتێرێ لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ ونوینەرێ لقێ دهۆک دسەندیکایێ دا هاتنە خواندن وتێدا ئاماژە دا گرنگیا ڤێ پێنگاڤا ئەنجومەنێ سەندیکا رۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ وکاراکرنا شیان وهێزا ئافرەتا رۆژنامەڤان وبەرەڤانیکرنێ ژمافێن وێ یێن پیشەیی، ودەست ل پارێزگەرێ دهۆکێ بەرێز «تەمەر رەمەزان» هاتە کرن بۆ پشتەڤانیا دراڤی و ورەیی دگەل لقێ دهۆک یێ سەندیکایێ ولیژنا بەرەڤانیکرنێ ژمافێن رۆژنامەنڤیسێن مێینە دسەندیکا یێ دا.

هەژی گوتنێ یە کو لقێ دهۆک یێ سەندیکا رۆژنامەڤانێن کوردستانێ پتری (٥٣٠) ئەندامان هەنە کو ب تنێ (٥٤) ئەندام ژێ ئافرەتن وچاڤەرێ یە دخولا نوی یا وەرگرتنا ئەندامان دا ژمارەکا دی یا باش ژئافرەتێن رۆژنامەڤان بهێنە وەرگرتن.

* * *

هەوالنامەی کتێب

# راگەیاندراوێک لە لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٤ بە بریاری دادوەری کەتنی هەولێر، د. عادل حوسێن ئەندامی بەشداری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی لەسەر بڵاو کردنەوەی نوسینێک کە لە ئاداری ٢٠٠٧ لە هەفتەنامەی هاوڵاتی بڵاوی کردۆتەوە،بە پێی مادەی ٤٠٣ لە یاسایی سزاکانی عێراقی دەستگیرکراو بۆ ماوەی شەش مانگیش حکوم درا لیژنەی داکۆکی کردن لە ئازادی رۆژنامەووسی و مافی رۆژنامەنووسان نارەزایی بەرامبەر ئەو بریارەی دادوەر نیشان دەدات. چونکە پێچەوانەی ئازادی بیرو راو بنەماکانی یاسای کاری رۆژنامەگەری یە لەکوردستان کە لە ٢٠٠٨/٩/٢٢ لەلایەن پەرلەمان پەسند کراوەو هەروەها سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ئیمزای لەسەر کردووە، ئێمە سەرلەنوێ نیگەرانی قوڵی خۆمان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانە رادەگەیەنین کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێت. جێگای سەرسورمانیشە ئەو بریارەی دادوەر لەدوای بڵاوکردنەوەی یاسای کاری رۆژنامەگەری کەلە ٢٠٠٨/١٠/٢٠ لە وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە دراوە، چوونکە بنەماکانی ئەو یاسایە دەروازەیەکە رووەو چەسپاندنی ئازادی رۆژنامەنووسی نەک پێشێل کردنی مافی رۆژنامەنووسان.

**سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
**لیژنەی داکۆکی کردن لەئازادی**
**رۆژنامەنووسی ومافی رۆژنامەنووسان**
**٢٠٠٨/١١/٢٦**

* * *

# لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێیینە.. بەیاننامەیەک دەردەکات

لیژنەی پشتیوانی لە رۆژنامەنووسانی مێیینە لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، رۆژی (٢٠٠٨/١١/٢٥)، لە بەیاننامەیەکیدا هاریکاری خۆی لەگەڵ هەڵمەتی جیهانی بۆ رووبەرووبوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەربڕی و خوازیاری ئەوەش بوو، کەوا بکوژانی هەردوو رۆژنامەنووسی ئافرەت (بێگەرد حوسێن و سروە عوبدولوەهاب) ئاشکرا بکرێن بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.

لە بەیاننامەکەشدا هاتووە، رۆژنامەنووسانی ئافرەت توانای ئەوەیان هەیە، لە گەشە سەندنی کۆمەڵگای کوردستانی بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی بەشداربن و هەروەها بەیاننامەکە، داواکارە کەوا گشت دەزگاکانی راگەیاندن رێز لە میدیاکارانی مێیینە بگرن و نارەزاییشی بەرامبەر هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لەسەر ئاستی جیهاندا دەربڕی.

* * *

# لقی کەرکووک و خوولێکی رۆژنامەنووسی

بە مەبەستی بەهێز کردنی توانای رۆژنامەنووسان، لقی کەرکووکی سەندیکا لە رۆژانی (١٦-٢٧/١١/٢٠٠٧)، خوولێکی رۆژنامەنووسی بۆ رۆژنامەنووسانی شارەکە رێکخست.

لەرۆژی کردنەوەی خوولەکە و رۆژانی دواتر چەندین موحازەرە لەلایەن رۆژنامەنووسان و مامۆستایانی پسپۆر پێشکەش کران، لەنێوانیاندا:

لەتیف فاتح فەرەج/ سکرتێری لق

مامۆستا بەهائەدین ئەحمەد.

هەڵمەت هوشیار.

هەڤاڵ ئەبوبەکر.

شێرکۆ حەبیب.

فاروق جەمیل.

د. مەغدید سەپان.

حەبیب مالەللا.

لەرۆژی کۆتایی خوولەکەدا، فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، موحازەرەیەکی سەبارەت بە (هەنگاوەکانی ئامادەکردنی یاسای رۆژنامەگەری) پێشکەشکرد.

شایانی باسە (٤٤) رۆژنامەنووس لەم خوولەدا بەشدار بوون و لەکۆتایی خوولەکەشدا نەقیبی رۆژنامەونووسان بڕوانامەی رێزلێنانی بەسەر بەشدار بووواندا دابەشکرد.



❊ ❊ ❊

# لەمەودوا بە «سکرتێری نووسین»ی گۆڤارەکەمان دەڵێین: دوکتۆر...!

هاوکارمان رۆژنامەنووس (**ئازاد عوبێد**) ماوەی سێ ساڵ بوو بەدوای ئەم و ئەودا وێڵ بوو تا لەسەر مەعروف جیاووک زانیاریی نوێ دەست بخا، بە بەردەوامیش گۆڤار و رۆژنامە کۆنەکانی دەپشکنی و هەوڵی دەستخستنی سەرچاوەی نوێی دەدا، ئەوە خوایە بەڵکو نووسینێکی ئەوی تێدا بدۆزێتەوە، یان یەکێک لە بۆچوونەکانی نووسەر و رۆژنامەنووسانی رەت کرابێتەوە یان شاعیرێک پارچە شیعرێکی پێدا هەڵگوتبێ، تەنانەت ئاگامان لێیە هەرچەندە وەزارەتی خوێندنی باڵا مۆڵەتی تەنیا (٣) رۆژی دابوویێ و خەرجی تەنیا ئەو سێ رۆژەشیان بۆ دیار کردبوو تا بچێتە تورکیا و لە کتێبخانەکانی ئەوێ زانیاری لەسەر ناوبراو کۆبکاتەوە یا بابەتێکی دەست بخا کە لەرۆژنامەیەکی سەرەتای سەدەی بیستەم بەناوی (**میزان**) بڵاوکرابۆوە، بەڵام ئەو هەر کۆڵی نەداو لەسەر حیسابی خۆی سەفەرەکەی کرد، ئەوە بە چاوپۆشین لەوەی سەرپەرشتیکاری کارنامەکەی ئازاد کە د. کەمال مەزهەر بوو، بە درێژایی ئەو ماوەیە بۆ چارەسەری نەخۆشی لە لەندەن بوو، بەڵام دیسان ئاگامان لە هاوکارەکەمان بوو هەر کۆڵی نەدەدا، بەڵکو رۆژ لەدوای رۆژ لە بابەتەکەی شارەزاتر دەبوو، پەڕە دوای پەڕە زانیاری دەخستە سەریەک تاوەکو تێزێکی (٣٨١) لاپەڕەیی لە پێشەکییەک و چوار بەش و پوختەیەک و لیستی سەرچاوە و ژمارەیەک پاشکۆی پێویست و شایان، بە ناوونیشانی ((**رۆڵی سیاسیی و کارگێڕیی و رووناکبیریی مەعروف جیاووک ١٨٨٥-١٩٥٨**)) بە کوردییەکی جوان و پاراو ئامادەکرد و لە رۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٠دا چووە بەردەم لیژنەی گفتوگۆ. کە پێکهاتبوون لە بەڕێزان:

١. پ.د. حەسەن جاف – زانکۆی بەغدا – سەرۆکی لیژنە
٢. پ.د. جەبار قادر غەفوور– زانکۆی کۆیە– ئەندام
٣. پ.ی.د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس– ئەندام پەرلەمان– ئەندام
٤. پ.ی.د. نازم زاوی – زانکۆی دهۆک – ئەندام
٥. پ.ی.د. سەعدی عوسمان حوسێن– زانکۆی سەلاحەددین– ئەندام
٦. پ.د. کەمال مەزهەر – ئەندام و سەرپەرشتیار

ئەوەبوو تۆژەر ماوەی پتر لە (٥) سەعات رووبەڕووی یەک بە یەکی سەرنج و تێبینییەکانی ئەندامانی لیژنەکە بووەوە و وەڵامی پرسیار و بۆچوونەکانی دانەوە. ئەوەی شایانی باسە، هەرچەندە ئەو رۆژە بۆنەی ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ لەسلێمانی و کردنەوەی ئاژانسی کوردستان لە هەولێر و رێوڕەسمی هێنانەوەی ئێسک و پروسکی ئەنفالکراوانی گەرمیانیش لەئارادابوو و زۆربەی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسان چووبوونە ئەو شوێنانە، بەڵام خەڵکێکی زۆر لە مامۆستایان و قوتابیان و میوانانی دیکە لە نێوانیاندا هەردوو بەڕێزان فەرهاد عەونی نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و حامد محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئامادەی گفتوگۆکە بوون. بەرەبەری کۆتایی گفتوگۆکە کە هاوسەری سەرنووسەری (رۆژنامەنووس)مان لە هۆڵەکە دەچووە دەر و گوێمان لێیبوو دەیگووت: ((ئەیەڕۆ! هیچیان لەسەر ئازاد نەدۆزیوەتەوە ئەوەنەبێ بڵێن نەدەبوایە ئەوەندە شیعری لەسەر مەعروف جیاووک نووسراوە، بنووسێتەوە یان کەوانەی بۆ بۆچوونەکانی تۆژەرانی دیکە دانەناوە یان ناوی سەرچاوەکان زۆر دووبارەکراوەتەوە)) بەهەرحاڵ هەرچەندە دەزانن پلەی هاوکارمان ئەگەر زۆر باشەی باڵایە و هیچی وای لە نایاب کەمتر نییە. بەتایبەتی کە زۆر لە تۆژەرانی دیکەمان دیوە پلەیان نایاب بووە، بەڵام تاوەکو ئێستاکەش شتێکی نوێیان پێشکەش نەکردووە.

پیرۆزە و نوخشە لە رۆژنامەنووسانی دیکە بێت...


300 ژمارە 15 پاییزی 2008













# گۆڤاری



گۆڤاری (K21)، جارێکی دیکه به ژمارەیەکی ناوازەی جمکانه (٢-٣) ٢٠٠٨ له دوو توێی (٨٢٨) لاپەڕەی فولسکاب (A3) و بەچاپێکی ڕێک و پێک و جوان و بەرگێکی قەشەنگ و بەناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند و چەندین تەوەرەی جیاجیای سیاسی، مێژوویی، بەڵگەنامەیی، نەتەوەیی، گەشت و گوزار، دیداری کەسایەتییە ناسراوەکان، لەبارەی زمانی کوردییەوە، ئەدەبیاتی کوردی، کۆمەڵناسی، جووەکانی کوردستان، بابەتی گشتی، بیرەوەری، فایلی سەربەخۆ، فایلی پێشوازی بەزمانی کوردی و بەزمانی عەرەبیش (**في رحاب البطولة والشهادة، مسائل تأريخية قومية، كتابات خالدة، مسائل سياسية – عامة، مسائل ثقافية عامة متنوعة، ندوة سياسية، أخترنا لكم**)و چەندین بابەتی دیکەی جۆراوجۆر.

بێگومان گۆڤاری (K21) ئەرک و ماندووبوونێکی بێ ئەندازە و سەلیقەیەکی نەتەوەییانەی دڵسۆزانەی تێدا خەرج کراوە، کە بەهەق مایەی دەستخۆشییەکی زۆر گەرم و شانازییە بۆ مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی کە هێشتا دەروێشانی ڕۆژنامەوانی کوردی مەیدانیان چۆڵ نەکردووە و پڕ بەدڵ پیرۆزبایی گەرم لە (**مومتاز حەیدەری**)ی پشوودرێژ و قەڵەم بەبرشت و هەروەها خودانی دەرکردن: **زیلان حەیدەری** و سکرتێری نووسین: **ڕائیدە ئەحمەد بایز** دەکەین بەو هیوایەی پشتگیری ئەم پڕۆژە بەنرخە بگیرێ بۆ ئەوەی بەردەوام بێت چونکە کارێکی تا بڵێی دڵسۆزانە و لەخۆ بردووانەیە.

**ڕۆژنامەنووسێک**

# «٥» کتێب لە ساڵێکدا

(**نـەوزاد عەلـی ئەحمـەد**)ی هاوکارمان، لە سـاڵی ٢٠٠٨دا، پێنـج کتێبی خسـتۆتە کتێبخانەی ڕۆژنامەنووسیی کورد، خەرمان بەرەکەت و ئەمەش کتێبەکانە:

١. ڕۆژنامەگەریـی خوێندکارانـی کورد لـە ئەوروپا و ئەمریکادا، لـە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی پێوانە (١٧ × ٢٤) سم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، تیراژ ١٠٠٠ دانە.

٢. ئەرشـیفکردنی وێنـە لە بواری ڕاگەیانـدن و ڕۆژنامەگەریدا، لـە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشـنبیری/ بەڕێوەبەرایەتی خانـەی وەرگێڕان، زینجرە (١٩٩). چاپخانەی کاردۆ، سـلێمانی، پێوانە (١٢ × ١٦,٥) سم،.

٣. ڕۆژنامـە لـە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانـی بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، زنجیرە (٥٦٧)، چاپخانەی شڤان، تیراژ (٥٠٠) دانە، پێوانە (١٤,٥ × ٢٠) سم.

٤. خەبـات، ئۆرگانـی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، لە بڵاوکراوەکانی (بنکەی ژین)، شـوێنی چاپ: سـلێمانی، چاپخانەی شـڤان، کتێبەکە لە ژمارە (نیسانی ١٩٦٢ – کانوونی دووەم ١٩٦٤)ی لەخۆگرتووە.

٥. ئەسـتێرە، یەکەمیـن گۆڤـاری نهێنی بـۆ منداڵانی کـورد، ئەرکی چاپ: مەکتەبـی ناوەندی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک)، چاپ: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی/ کەرکووک، تیراژ (٧٥٠) دانە.





# مەرگ و ژین میسلی سێبەر و تاوە
# ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە

((حاجی قادری کۆیی))

پێموایە هەر رۆژنامەنووسێک کە بەدوای پیشەکەی خۆیدا بچێ، بەر لە هەر شت، دەبێ ویژدانی خۆی بکاتە مەحەک، هەتا بە نابێ بۆچوونی تاقە کەسێک یا لایەنێک واز بەهێنێ بەڵکو دەبێ بە بێ جیاوازی شەن و کەوی هەموو لاکان بکات.

وەکو بەبیرم دێتەوە خاوەنی ئەم وێنەیەی ئێرە ناوی (**حسێن فەیزوڵڵا جاف**)ە، لەساڵی (٢٠٠٠)دا لەنزیکەوە ناسیومە. پێشتریش لە بەغدا چەند ساڵێک بەدوای کتێبخانەکەی گەڕابووم و بەدوایدا وێڵ ببووم بەڵام هەر بۆم نەدۆزرابۆوە. چونکە من وام زانیبوو کتێبخانەکە خاوەنەکەی کوردە و کتێب و بڵاوکراوەی کوردیش دەفرۆشێ ناوی کتێبخانەی (**فەلەستین**)ە و کەوتۆتە شەقامی (**سەعدون**)، بەداخەوە دوای چەند ساڵێک کاتێ کتێبخانەکەم دۆزییەوە و خاوەنەکەیم لەنزیکەوە ناسی، ئەوسا زانیم کتێبخانەکەی ناوی (**بەدلیسی**)ە و لە شەقامی فەلەستینە بەهاری رۆشنبیری کوردیش لە بەغدا بەسەرچوو بوو، بەڵام بەر لە رووخانی رژێمی بەعس هەرجارەی بچووبامایە بەغدا بەردەوام سەردانی ئەو کتێبخانەم دەکرد، بەتایبەتی دواتر کە دەمبینی زۆر لە رۆشنبیرە کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە لەوێ دەبینرێن و ناسیاویشم لەگەڵییاندا پەیدا دەکرد، بەبیرمە یەکێک لەوانە خوالێخۆشبوو خەسرەو تۆفیق بوو، کە بەر لەکۆچی دوایی لەگەڵا ئەو زاتەی وا لێرەدا باسی دەکەین هاتبوونە لام لە سەندیکا و هەر لێرەش قەناعەتم پێی هێنابوو بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا.

هەندێ کەس هەن هەتا لەژیانن بوێری و هەڵوێستیان کەم بەدیار دەکەوێت، یەکێک لەوانە ئەو زاتەیە کە لێرەدا باسی دەکەین. ئەوەتا ئەمرۆ ٢٠٠٨/١٢/٢٢ د.کەمال مەزهەر لە بەغداوە تەلەفۆنی بۆکردووم، کە هەواڵێکی ناخۆشی پێیە و حەزیش ناکات پێم بڵێ نەبادا نیگەران بیت، کاتێ پێیم گوت: لە بەغدا و سلێمانییەوە تەلەفۆنیان بۆ کردووم دەزانم کێیە؟ وا خەریکم لە ووردەکارییەکانی ژیان و وێنەکەی دەگەڕێم بەڵام هێشتا لە کتێبخانەکەم بۆم نەدۆزراوەتەوە، یەکسەر گوتی: ((زەنگەنەی خۆشەویست. **من خۆم زۆر بە قەرزاری ئەو پیاوە دەزانم، ئایا زانیوتە لە ساڵی (١٩٧٤)دا و لەم بارودۆخە تەنگەدا ئەو پیاوە هەموو کتێبخانەکەمی لەماڵی خوشکی خۆی بۆ دانابووم و تا گەڕامەوە پاراستبوویان، تا ئێستا توێژەرانی مێژوو و مێژوو رۆژنامەنووسیی کوردی زۆر قەرزاری ئەو پیاوەن**)).

**عەبدوڵڵا زەنگەنە**

15

# ROZHNĀMANOOS

Aperiodical Magazine Specialized in Press
Issued by Kurdistan Journalist`s Syndicate

2008